# له روانگەی بیلبیلەکانەوە

## سیناریۆی ژیان لەکامێرای چاوانەوە

نووسینی
ئازادی کاک مستەفا

٢٠٢٠

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب : لە ڕوانگەی بیلبیلەکانەوە..
سیناریۆی ژیان لەکامێرای چاوانەوە
ناوی دانەر: ئازادی کاک مستەفا
بابەت : کۆمەڵە ووتار
دیزایین: خالد حەمە غەریب
چاپخانە: تاران
تیراژ : ٧٥٠ دانە
ساڵی چاپ : ٢٠٢٠
نۆبەتی چاپ : چاپی سێیەم
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٢٦٧٥ )ی
ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە
شوێنی چاپ : ئێران


هەواڵنامەی کتێب

پێشکەشە:

- بەهەموو ئەوانەی هەمیشە بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لەبەرەی میللەتدا بوون....
- ئەو کەسانەی کە هەمیشە شەهید و پێشمەرگەیان لەلا پیرۆزە....
- پێشکەشە بە فرمێسکە ڕەسەنەکانی برازای خۆشەویستم " ئاڤێستای" سیانزدە ساڵان....

هەواڵنامەی کێتێ

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کێژ

کانیی پیرۆزی تۆ جارییە ئاوی سازگاری

## باوکە..

هێندەی سامانی گەردوون، عەقڵت پێدا گوزەر پێکـردووم و لەڕوانگـەی جوانییەکانی ژیانی تۆدابوو.. ئـەوەتا ئێسـتا ئـەتوانم خـۆم لـەو فەزایـەدا کێش بکەم کە تەنێکی ئاسودەم لە پانتایی ژیاندا، بۆیە ئاسودە بـە، مـن هەر ئەو ئازادە بووم کە بە ئازادییەکانی ئەوساوە کایـەی بیروەرییـەکانی تۆم لەیاد نەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

کاک ئازادی کاک مستەفا لەسەر گڵکۆی هەردوو سەرکردەی هەمیشە زیندوو

هەڤاڵ مام جەلال – نەوشیروان مستەفا ئەمین





هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب



# هەڵوێستەیەک بۆ هەڵوێستێک

کاتێک کە ئەومەوێت سوپاس و پێزانینی خۆم بەرامبەر کاک خالیدحەمەغەریبی، خاوەن کتێبخانەی شەعب ئاراستە بکەم، بەبۆنەی ئەوەی لە کاتی ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا، بە دیزایینکردن و ڕێکخستنی بەرگ و تایپکردنی نوسینەکانەوە، ماندووبووە، ئەمە لە خۆشەویستی کاک خالیدەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها لەوەرگرتنی، بۆ هەموو ووشەیەکی جوان و لەئامێزگرتنی هەموو رستە بەپێزەکانی ئەدەب و مێژووی کورد.... تەنها بۆ ئەوەیە، هەموو شتە جوانەکان بە شێوە و ناوەڕۆکەوە بگەیەنێتە خوێنەری کورد... کە تەنها لەپێناو خزمەتکردندایە.. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە سوپاس و پێزانینی خۆمی پێدەگەیەنم. هیوادارم بوونی هاوشێوەی زۆربێت..

ئازادی کاک مستەفا

٢٠١٠/٩/٧

هەواڵنامەی کتێب

# شیزۆفرینیای نووسین

## ئازادی کاک مستەفا بۆچی دەنووسێت؟

فوئاد عەبدولڕەحمان
کەماردن - وێـڵـــــــز

١٤ی تەموزی ٢٠١١

## "کورتە پێشەکییەک بۆ چاپی دووەم"

هەڵبەت شارستانییەتەکان لەدایک دەبن‌و گەشە دەکـەن‌و پاشـان پیـر دەبن‌و دەپووکێنەوەو لەناو دەچن. بـەڵام ئـەوەی لـەناو نـەچووە، ئـەو وشـە تۆمـارکراوو نووسـراوانەن، کـە بـە هۆیانـەوە تـەوێڵی مێـژووی رابـردووی مرۆڤایەتیمان دەخوێنینەوە. وشە تۆمارکراوو نووسراوەکانیش میراتیی دیالۆگی هزریی مرۆڤن، کە بە درێژایـی مێـژوو، نـەوە لـە دوای نـەوە، لـە مێشـکی مرۆڤەوە هاتوونەتە بەرهەم .

دەکرێ بڵێین، ئەگەر نووسین لە مرۆڤ نەهاتایەتە بەرهەم، ئیدی مێـژوو نەدەخوێنرایەوەو شتێک نەدەبوو پێی بگوترێ مێژوو. لەبەر ئەوە، دەتوانم بڵێم نووسین ئەم جیهانەیە، کە مرۆڤایەتی هەیەتی. واتە، ئەگەر نووسین نەبووایە، مرۆڤ جیهانی نەدەبوو، چونکە نەیدەبینی، وەک چۆن ئاژەڵ جیهـانی خـۆی نابینێت. کەواتە، نووسین، بەر لـە هـەر شـتێک، رووحـی مێـژووی مرۆڤـە. هەروەها دیالۆگی مرۆڤە لەگەڵ خودی خـۆی‌و لەگـەڵ دەوروبەرەکـەی. بـە واتایەکی‌تر، نووسین دۆزینەوەی خودو ناسینەوەی خودو سەلماندنی خودە.

بە هۆی نووسینەوە، وەچـەکانی مرۆڤایـەتی بـوونی خۆیـان دەدۆزنـەوەو خۆیان دەناسنەوەو خۆیان دەسەلمێنن. نووسین پرۆسەی جستوجۆو گەڕانێکی مرۆڤایەتییانەی بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی خود. مـرۆڤ بـۆ ئـەوە دەنووسـێت،

چونکە هەمیشە، بێ وچان بیر دەکاتـەوە، کـە بگـات بـە حەقیقـەتی بـوونی خۆی.

کەواتە پرۆسەی نووسین، پرۆسەی رامانو پرسیارو گەڕانە بـۆ گەیشـتن بە حەقیقەت. هەرلەبەر ئەوەشـە، کـە نووسـین داهێنانـە، هەوێنەکـەی ئـەو ژانەیە، کە هۆش دەیبینێت، مێشکی مرۆڤی پێوە گێنگڵ دەدات .

سەبارەت بەوەی، کـە بـۆچی مـرۆڤ ئـارەزووی لـە نووسـین دەبێـت، چەندین ئەدیب، هەر یەکەیان بە جۆرێک وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتـەوە. رۆماننوسی بەرازیلی (جۆرج ئامادۆ) وتوویەتی" :ـ من بۆ ئەوە دەنووسم، کـە کەسانیتر بمخوێننەوە. بۆ ئەوەی کاریگەریم لەسەریان هەبێت. ئـەوجا لـەم رێگایەوە بتوانم بەشداربم لە گۆڕینی واقیعی وڵاتەکەمو پەیامی هیواو خەبات بەرز بکەمەوە." ئەدیبێکی چینی وتوویەتی: "ـ مـن بـۆ ئـەوە ئەنووسـم، کـە بتـوانم ژیـانی خـۆمو دەوروبەرەکـەمو جیهـانی بیرکردنـەوەمی پێبگـۆڕم." رۆماننوسی کۆڵۆمبی(گابرییال گارسییا مارکیز) وتوویـەتی" :ـــ مـن بـۆ ئـەوە دەنووسم، بۆ ئەوەی هاوڕێکانم زیاتر منیان خۆش بوێت." ئەدیبی بەناوبانگی میسری وتوویەتی: "ـ من تەنها بۆ یەک ئامـانج دەنووسـم، ئـەویش ئەوەیـە بتوانم خوێنەر هان بدەم بیر بکاتەوە." شاعیرێکی فەڵەستینی وتوویـەتی" :ـــ من لەبەر ئەوە دەنووسم، چونکە بێ ناسنامەم، بێخۆشەویستیم، بێ نیشتمانم، بێ ئازادیم." ئەدیبێکی چیکی، کە ناوی (یاروسلاڤ سایفرت)ە، وتوویەتی: "ـ من، کە دەنووسم، رەنگە ئارەزوویەکی شاراوە لە ناخمدا پاڵنەرم بێت، کـە شوێن پێیەک لە دوای مردنی خۆم جێ بهێڵم ".

ســاڵێک لەمەوبــەر، (ئــازادی کــاک مســتەفا)، کــە لــە ناوەڕاســتی حەفتاکانەوە یەکترمان ناسیوەو بووین بە هاوڕێی نزیکی یەکتر، دانەیەکی لـە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەی خۆی بە پۆست بۆ ناردم بۆ شاری کـەماردن لـە ناوچەی وێلز. لە راستیدا ئەم کتێبەی ئازادی کاک مستەفا کـۆکراوەی ئـەو

هەواڵنامەی کتێب

نووسینانەیەتی، کە لە ماوەی چەند ساڵێکی ڕابردوودا، لە چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی کوردیدا بڵاویکردوونەتەوە. من پێشتر لە لایەن خۆمەوە چەند جارێک هانم داوە ئەم کارە بکات.

بۆ ئەوەی خوێنەر ئاسانتر بتوانێت نووسینەکانی لە دووتوێی بەرگێکدا دەست بکەوێتو بیانخوێنێتەوە. جگەلەوە ببێتە ئارشیڤێکی مێژوویی، کە چ خوێنەرو چ لێکۆڵەر بتوانن ساناتر سوودی لێ ببینن .

ئەوەی ڕاستی بێت، من، لەگەڵ ئەوەی لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەیدا ژمارەیەکی بەرچاوم لە هەڵەی ڕێزمانیو ڕێنووسیو چاپیم بەدی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا، ناوەڕۆکی بابەتەکانی کتێبەکەم بە ڕادەیەکی زۆر بە پێزو سوودبەخش بەدیکرد. ئەفسووس، ئەو ژمارە هەڵەی ڕێزمانیو ڕێنووسیو چاپەی لە دووتوێی چاپی یەکەمی کتێبەکەدا بینیم، بە بۆچوونی من کاریگەریی نەگەتیڤی کردبووە سەر ڕووە هونەرییەکەی، بەڵام نەک دیوی ناوەوەی بابەتەکان. بە پێی ئەزموونی خۆشم لە شێوازی نووسینی ئاکادیمیو پۆلێنکردنی بابەتی نووسین، هەستم کرد، لە کاتی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنیاندا، کەمتر لەم ڕووەوە بایەخیان پێ دراوە. بۆیە، دیسانەوە هانی نووسەرەکەم دا، لە چاپی دووەمی کتێبەکەیدا، خۆی لە هەڵەکانی چاپی یەکەم بە دوور بگرێت .

لێرەدا لە لای من پرسیارێک دەورووژێت. ئەویش ئەوەیە: "

ئازادی کاک مستەفا بۆچی دەنووسێت؟ "مەبەستم لە وروژاندنی ئەم پرسیارە لێرەدا هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی مەبەستی کەسایەتییەکی وەک ئازادی کاک مستەفا، کە بۆچی دەنووسێت؟ چ پێویستی بە نووسین هەیە؟ ئاخۆ بە پیشە نووسەرە؟ یاخود تەنها وەک مرۆڤێکی بیرمەند ئەو هزرە لە مێشکیدا دەزێتو دەبزوێتو دەورووژێت، ناو بە ناو دەیەوێت بەتاڵی بکاتو بیخاتە سەر لاپەڕە؟

هەوالنامەی کتێب

من، لەو ڕەهەندەوەی، کە وەک وتم، ئـازادی کـاک مسـتەفا هـاوڕێی دێرینمە، دەزانم کاری نووسەرێتی لە لای ئەم پیشـەیی نـەبووە. واتـە تاقـە ئامانجێکی ئەم، بەتاڵکردنەوەی ئەو هزرانەیە، کە جار بـە جـار لـە مێشـکیدا ژان دەیانگرێتو لەدایک دەبنو دەیانەوێت بێنە دەر. ئـەوجا ئیتـر ئـارەزووی هەر خوێنەرێکـە، بـاکی هـەبێت ئـەم هـزرە لەدایکبووانـەی ئـەم نووسـەرە بخوێنێتەوە، یان فەرامۆشیان بکات !

هەڵبەت جوانیی نووسین لەوەدایە، کە دەربڕینی هزرێک بێت خۆرسکی بێت، نەک پیشەگەرایی. چونکە لە نووسـینی خۆرسـکیدا، وەک ئاوێنەیـەکی روون، مرۆڤ دەتوانێـت روخسـاری راسـتەقینەی هـۆش‌و هەسـتو نەسـتی نووسـەرەکەی تیـادا بـەدی بکـات. هـەر داهێنـانێکی تیـدا بـەدی بکرێـت، دەزانرێت، کە بە خۆرسک هاتۆتە بەرهەم، نەک بـە زۆر لـە خـۆکردن‌و بیـر داتاشین‌و زمان داتاشین‌و رۆشنبیری داتاشین .

کەواتە، من لێرەدا دووبارە دێمەوە سـەر هەڵوێسـتەکردن لەسـەر ئـەم پرسیارەی، کە ئایا مرۆڤ بۆچی دەنووسێت؟ ئایا بەو مەبەستە دەنووسێت، کە پێی بگوترێت رۆشنبیر؟ یان بۆ ئەوەیە ناوبانگ دەر بکات‌و سـەرنجو بایـەخی خەڵکی بە لای خۆیدا رابکێشێت؟ یان بۆ ئەوە دەنووسێت، کـە کـاتی پێـوە بکوژێتو وەک یاری خۆی پێوە خەریک بکات؟ یان بۆ ئەوەیە، کـە مـرۆڤ بتوانێت لێیەوە ئەوەی لە ناخیدایە، وەک خۆشی‌و ناخۆشی‌و گلـەیی‌و رەخنـەو گازندە، دەریببڕێت؟

مـن لـە جیهـانی نووسـینەکانی ئـازادی کـاک مسـتەفادا ئـەوەم بـۆ دەرکەوتووە، کە نووسینەکانی، نە بـۆ ئـەو مەبەسـتەن، کـە پێـی بگوترێـت نووسەرە، نە بۆ ناوبانگ پەیدا کردنێتی، نە بۆ ئەوەیە، کە قـامکی بـۆ ئامـاژە بکرێت، کە رۆشنبیرە، بەڵکو بۆ ئەوە دەنووسێت، کە خەم نیشان بدات. خەم لە نیشتمانەکەی بە وردو درشتییەوە. بۆ نموونە وەک خـەمی گـەورەی، لـە

چەندین شوێندا لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە نیشتمانەکەی چاکترە بە (کورد+ستان) ناو نەبرێت، بۆ ئەوەی ناوەکەی لەو جۆرە ناوانە نەچێت، کە نیشانەی دواکەوتوویی بن، کە لە وڵاتانی رۆژئاوادا ناویان زڕاوە، بەڵکو بە (کورد+لاند) ناو ببرێت، کە بە بەراورد لەو ناوانە بچێت، کە لە وڵاتی رۆژئاوایی پێشکەوتوودا دیارن. بە هەر حاڵ، ئەمە بیرو بۆچۆنی خۆیەتی .وەک خەمی بچووکیش، بیری بۆ ئەوە چووە، کە نەخشەیەکی شارستانی دابڕێژرێت بۆ سیستمی هاتوچۆی ئوتومبێل لە شەقامو کۆڵانەکانی شارەکەیداو ... هتد .

کەواتە خەم ـ نەک هۆکاریتر ـ بۆتە هەوێنی نووسینەکانی ئازادی کاک مستەفا. بە واتایەکیتر، ئەم خەمو خۆشەویستییەی بۆ نیشتمانەکەی ناچاری کردووە قەڵەم بخاتە سەر کاغەزو هزری خۆی تیادا دەربڕێت.

هەر وەکو شاعیری هەورامان (بێسارانی) دەڵێ:

خامە شەق وەردەن، دەم مەکەردەوە!

زار زار مەناڵۆ وە دەم دەردەوە!

لەمەوە دەتوانم بڵێم، ئەم نووسینانەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا بەدییان دەکەم، ڕەنگە بەرهەمگەلێک نەبن خاوەنەکەی بخاتە خانەی کەڵە نووسەرە پیشەییەکانەوە، بەڵام، بێگومان لەو جۆرە نووسینانەن، کە خاوەنەکەی دەکەنە مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر، کە لە پلەی یەکەمی نیشتمان پەروەریدا بێت. خەمخۆری خاکی نیشتمانەکەیو مرۆڤی نیشتمانەکەی بێت.

ئەوەی شایانی باسە، ئازادی کاک مستەفا لە نووسینەکانیدا، سێ جۆر لە هونەری نووسینی پەخشانیی تاقیکردۆتەوە: کورتە چیرۆک، کورتە بیرەوەری، کورتە بیرو بۆچوون. ئەمە بێگومان نیشانەیە بۆ ئەوەی، کە ئەم نووسەرە بۆتە خاوەنی ئەزموون لە هونەری نووسینی پەخشاندا.

بـەڵام، ئـەوەی ئـەم جیـا دەکاتـەوە لـە نووسـەرانیتر، ئەوەیـە، کـە نووسینەکانی خۆرسـکانەن. ڕەنگـە ئەمـە بەهایـەکی جـوانی بـەم بەرهەمـە بەخشی بێت.

ساڵێک بەو عەیام، لە سەردەمی ژیانی (ماو تسی تۆنگ)دا، لە وڵاتـی (چین)دا بیر لەوە کراوەتەوە خەڵاتی گەلی چین، کە ژمارەی لە یەک ملیـار مرۆڤ تێپەڕی کردووە، ببەخشرێت بە یەکێک لە نووسەرەکانی. لە ئەنجامـدا خەڵاتەکە بەخشراوە بە کەسـێک، ئەگـەرچی وەک نووسـەر هـیچ ناوبـانگی نـەبووە، بـەڵام، هـەر لەبـەر ئـەوەی کەسـێک بـووە هـەموو نووسـینەکانی خۆرسکانە بوون، خەڵاتەکەی پێ بەخشراوە .

نووسین ئەگەر خۆرسکانە بێـت، دەربـڕین تیایـدا ڕاسـتگۆیانە دەبێـت. لەبـەر ئەمـە، دەتـوانم بڵـێم، ئـەم کتێبـە چەپکـە هـزری خۆرسـکانەی نووسەرەکەیەتی، کە بـە ڕوانگەیـەکی ڕەخنـەیی سیاسـی ـ کۆمەڵایـەتی تێکەڵ بە ئەدەب دەربیبڕیوە. بایەخو گرنگیی ئـەم کتێبـە لەوەدایـە، کـە بـە ڕاستگۆیانە بووە بە تۆماری ناخی خودی نووسـەرەکە خـۆیو ئاوڕدانـەوە لـە چەند کێشەیەکی نیشتمانەکەیو چەند کەسایەتییەک، کە بەشێک بـوون لـە پێکهاتەی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگاکەی.

# لە بریی پێشەکی

## "عەتا قەرەداغی نووسیویەتی"

عەتا قەرەداغی

سلێمانی ٤ - ٨ - ٢٠١٠

هەڵبەت مێـژووی هەر گەل و نەتەوەیەک، کـۆی تۆمـاری بەسـەرهاتەو ڕووداوەکـانی ڕابردوویـەتی بـە سـەرجەم لایەنە پۆزەتیـفو نێگەتیڤەکانیـەوە. تۆمـارکردنی ئەو بەسـەرهاتەو ڕابردووانـەش بـایەخی گرنگـی بـۆ کـاری لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەبێت لە لایەن نەوەکانی، کە دواتر دێن.

لێرەدا ڕەنـگە یەکێـک لە خـاڵە لاوازەکـانی مێـژووی ئـێمە وەک کـورد ئەوەبێت، کە مێژینەی دوورو درێژمان بە شێوەیەکی پوختەو بە تێرو تەسـەل بـۆ تۆمـار نەکرابێـت. ئەوەی تۆمـاریش کـراوە، زۆر درەنـگ لە دوای ڕووداوەکانەوە بووە. ئەمە وای کردووە مێـژووی ئێمـە لە زۆر ڕووەوە وەک گێڕانەوەی حیکـایەت سـەیر بکرێـت، چـونکە زیـاتر پشـتی بە گێـڕانەوەوەی دەماودەم بەستووە، یان باشتر بڵێین بۆتە جۆرێک لە مێژووی زارەکی، لە بری ئەوەی تۆمـارکراوی مێـژووی بەسـەرهاتەو ڕووداوەکـان بێـت لە کـاتی ڕوودانیاندا .

ڕوویەکی‌تری مێـژووی نووسـراوی ئـێمە، ئەوەیە، کە لە بریـی ئـەوەی مێژووی ڕاستەو دروستی داکەوتی کۆمەڵگای کوردەواری بێت، بۆتە جۆرێـک لە هاوشێوەکردن لەگەڵ مێژووی گەل و نەتەوەکانی دەوروبەر، یان لەگەڵ ئەو نەتەوەو گەلانـەی، کـە کەمتـر تایبەتمەنـدییەکانی کۆمەڵگـای کـوردیی لەخۆگرتووە. ئەم دیاردەیـەش وایکـردووە، تـا ئەنـدازەیەکی ئـەوتۆ ڕوویەکـی تەمومژاوی سەبارەت بە ڕابردوومان پێشکەش بە نەوەکانی ئێستامان کرابێتو پێشکەش بە نەوەکانی داهاتوومان بکرێت. ئەمە جگە لەوەی، نووسـینەوەی

مێــژووی رابردوومــان، یــان لەلایەن نەیــارانی کــوردەوە، یــان لــە لایــەن نەشارەزایان لە مێژووی کوردو کۆمەڵگای کوردەواری نووســرابێتەوە. ئەمــەش بۆتە هۆی ئەوەی ئاڕاستەی نووسینەوەی مێژووی کورد بە ئاقاری نابابەتییانەدا ببرێت. لە بەرامبەر ئەم ئاڕاســتەیەدا، ئاڕاســتەیەکی‌تر لە نووســینەوەی مێــژووی کورددا کاریکردووەو هەوڵیداوە کورد زۆر لە بوون‌و لە ئامادەبوون‌و لە قەوارەی خۆی زیاترو گەورەتر نیشان بدات، کە ئەمەشیان هەرچەند جۆرێک لە هەســتی دڵسۆزی لەپشتەوە بووە. بەڵام دیسان ئەمیش لە رووی بابەتییەوە لاوازبــووە. لە ســەرووی هەمــوو ئەمانەشــەوە، زۆربەی ئەو بابەتــانەی بە نــاوی مێــژووی کوردەوە نووسراونەتەوە، سەر بە رێبازی مێژووی وەســفییەو کەمتــر ئاڕاســتەی مێژووی شیکاری لە نێوەندی نووسینەوەی مێژووی کــورددا کــاری پێکــراوە. واتە ئەوەندەی هەوڵی تۆمارکردنی رووداوو دیاردەکان دراوە، ئەوەندە بە دوای دۆزینەوەی هۆکاری روودانی رووداوو دیاردەکاندا نەگەڕاوە .

ئەم بابەتانەی، کە لە ماوەی رابردووی زۆر نزیکدا(ئازادی کاک مستەفا) نووســیونی‌و بڵاویکــردوونەتەوە، بە تــایبەتی ئەو بابەتــانەی، کە روویەکــی مێژووییان هەیەو بە تایبەتیش مێژووی تاکە کەسانێک، کە هەر یەکە لە کــات‌و سەردەمی خۆیــدا، لە رووبەری جوگرافیــای خۆیــدا، بە پێــی رووداوەکــانی ئەو قۆنــاغە رۆڵ‌و کــاریگەریی خۆیــان لەســەر ئەو تۆمارکردنــانە هەبــووەو دەبێــتە بەشێک لە تۆمارکردنی مێژووی ئەو قۆناغە. بەتایبەتیش ئازادی کاک مســتەفا هەوڵی داوە ژیان‌و مێژووی کەسانێک بنووسێتەوە، کە لە خەبــاتی کوردایەتیــدا بەشداریی بەرچاویان هەبووە. لەبەر هەر هۆیەکیش بێت، ناوەنــدی راگەیانــدن، تەنانەت یادەوەری‌و مێژووی ئەم پەنجا ساڵەی رابردووی ئێمە کەمتــر بــایەخی پێداون. بۆیە، ئەم کارەی ئازادی کاک مستەفا وەکو تۆمارکردنی رووبەرێکــی فەرامۆشــکراوو لەبیرکــراوی ئــێمە وایە، کە بەوەش خزمەتێکــی دیــاری لە تۆمــارکردنی بەشــێک لە رووداوەکــانی رابــردووی نزیکــی ئــێمەدا کــردووە.

هەروەک وتارو بابەتەکانی‌تریشی، کە هەریەکەیان لە کێشـەیەکو دیـاردەیەکی سەربەخۆ دەدوێن‌و لە هەمـان کاتـدا پێشـنیارو ڕێگاچـارەش بـۆ زۆرێـک لەو کێشانە پێشنیاز دەکات، ئەوانیش بایەخی خۆیانیان هەیە.

بەشێکی‌تری ئەم کتێبە نووسینی بابەتی ئەدەبیـیە، کە زیـاتر هەنـدێ لە چیرۆکەکانی  نوسەرەکەی لەخۆ گرتووە، ئەوانیش لە بـواری ئەدەبـدا بـایەخی خۆیان هەیە، چونکە بەرهەمی قۆناغێکی پڕ لە کێشـەو پێکـدانان‌و هەڵچـوون‌و داچـوونن لە مێـژووی میللەتەکەمانـدا. خـاڵێکی زۆر گـرنگیش، کە لە کـۆی بابەتەکاندا هەستی پێدەکرێت‌و دەبینرێت ئەو زمانە کوردییە دەوڵەمەندو سفت‌و بێگـرێیەیە، کە نووسـەر پێـی نووسـیوە، بە تـایبەتی بەشـێوازێک بابەتەکـانی داڕشتووە، کە شـێوازی نووسـینی کـوردییە. ئەمەش تەنیـا کاتێـک بە تەواوی بەدی دێت، کە نووسەر کـوردانەو بە کـوردی بیـر بکـاتەوە. دیـارە ئەمەش بە یەکێک لە خەسڵەتەکانی کوردی نووسینی سەرکەوتوو دادەنرێت .

لە کۆتاییـدا، دەستخۆشـی لە ئـازادی کـاک مسـتەفا دەکەم، هیـوادارم بەردەوام بێت بۆ ڕووناکی خستنەسـەر ژیـانی ئەو قارەمـانە گومنـاوانەی تـری نەتەوەکەمان، کە تاکو ئێستا لە هیچ ڕوویەکەوە مافی خۆیانیان پێنەدراوە .

هەواڵنامەی کتێب

# لە بریی نووسەر

خالیدحەمەغەریب

٢- ٩- ٢٠١٠

هەر کاتێک قەڵەم خوێنی پژا، لەدایکبوونێکی نوێ لە نووسیندا دێتە بوون، ئەدەب دەبێتە مەلۆتکەیەک‌و چڵ دەردەکات، سیاسەت دەبێتە ئاوازێک‌و مۆسیقای سەرکەوتن دەژەنێ، بیرەوەری دەبێتە مۆزەخانەیەک‌و نمایشی ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی سەربازە گومناوەکان لە خۆ دەگرێ، داهێنان دەبێتە سەکۆیەک‌و ئازادیی کۆمەڵگا رادەگەیەنێت، داواکارییەکان دەبنە دروشمێک‌و مافی میللەت دەسێنێ، هەڵوێست وەرگرتن دەبێتە تاقیکردنەوەیەک و ناخی خەڵکی بە ئەمەک‌و نیشتمانپەروەر دەبزوێنێ، ناساندنی کوردلاند دەبێتە بابەتێک‌و دوژمنان بەرەو هەڵدێری خۆ خواردنەوە دەنێرێ، بناری شاخی کوردلاند دەبێتە مەنزڵگەی ئازیزان‌و فرمێسکی دووری لە جۆگەلەی وشک هەڵاتووی دارستاندا بە تێرئاوی جۆش دەسێنێ .ئەگەر وشە نەبوایە.. ناخی مرۆڤ دەپووکایەوەو نەوەکانی پاش خۆی دەبووایە لە خاڵی سەرەتاوە دەستپێبکەنەوە.

بەڵام، کاتێک وشە دەبێتە رستەو رستەش دەبێتە پەرەگرافێک‌و پاشان کەڵەکە دەبێت و چەند لاپەرەیەک‌و کتێبێک لە بیرەوەری پێکدێنێت. ئەو کاتە، قەڵەمی نووسەرێک لەدایک دەبێت‌و گەشتی گێرانەوەی شتە نەبیستراو و نەبینراوەکان بە ئێمەی خوێنەر رادەگەیەنێت.

ئەوەی شایانی باسکردنە، نووسەر، لە ساڵی ١٩٨٢دا، کاتێک رژێمی بەعس کۆمەڵێک کادری رێکخستن دەگرێت، کەسانی وەک: کاک شێخ

هەوالنامەی کتێب

سدیق، مامۆستا محەمەد عەبدوللا، ئازادی کاک مستەفاش یەکێک بووە لەو دهستگیرکراوانەی لە ناو ئەو گیراوانەدا بووە.

ئازادی کاک مستەفا یەکێکە لەو نووسەرە کوردە چالاکانەی لە وڵاتی بریتانیا بوون بە پەنابەری سیاسی لە شاری لەندهندا، ساڵی ١٩٨٦ بۆتە ئەندامێکی (جێگرەوە)ی دیاری کۆمیتەی بەڕێوهبردنی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد، کە پێکهاتبوو: لە کەمال میراودهلی، کەمال مەحمود، سورهییا موحەمەد، شێرکۆ فەتحوڵا، موزهفەر شافیعی، عومەر بازرە حەمیدی، ئازادی کاک مستەفا، هۆشیار عەبدولڕهحمان، دکتۆر شەفیق قەزاز.

جگە لەوە، ئازادی کاک مستەفا بۆتە ئەندامی دهستەی نووسین لە نێو گۆڤاری (مەڵبەند)دا لەگەڵ پێشەوا تاڵەبانیو تاڵیب کاکەییو د. شێرکۆ فەتحوڵلاو د. کەمال میراودهلی.

ئازادی کاک مستەفا ژمارەیەک بەرهەمی نووسینی هەمە چەشنەی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە. ئەم بەرهەمانەی خستۆتە دوو تویێی ئەم کتێبە .

# سۆزێکی تر[١]



## دایکی میهرەبانو ئازام

دایکی ئازیز.. تۆ.. کە لە ١٤ی ٢ی ساڵی ٢٠٠١دا دڵە گەورە بەخشندەکەت لە لێدان کەوت، ماڵئاواییت لێکردین ..سوپاس بۆ یەزدان ئەو ساتەوەختەی پێبەخشیم تا دواهەناسەت چاوم ئاوێنەی دوانیگای ماڵئاواییت بێت، بۆنی هەناسەکەتم کردو چاوەکانت لێکنا .

[١] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٢٤١٠، دووشەممە، ٢٦-٣-٢٠٠١.

دایەگیان.. دەمەوێت باسێک لە گەورەییت بکەم، بەڵام، لە کوێوە دەست پێبکەم؟ باس لە تێکرای ژیانت بکەم، کە خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی تراژیدییە؟ خۆ ئەگەر مێژووی ژیانت‌و وردەکارییەکانی هەڵدەینەوە، دەیان داستانی وەک نێو ڕۆمانەکەی مەکسیم گۆرکی، کە (دایک)ە، لێ درووست دەبێت .

نازانم باسی ئازایەتی‌و قارەمانیت چۆن بگێڕمەوە؟ ئەو کاتانەی سەربازە بەعسییەکان لە راونانی کوڕەکانتدا بوون، تۆ نەفرەتت لە لوولەی تفەنگەکانیان دەکرد؟

ئەی ژیانی سیاسیت؟ هەتا پێت کرا، دریغیت لە تێکۆشان نەکرد. ئەوجا بوویتە پشت‌و پەناو حەشارگەی پێشمەرگەو هەندێ لە رێکخستنەکان‌و بەدواداچوون‌و سەردانی بەندیخانەکان! ئەی باس لە دڵە فراوانەکەت‌و میهرەبانەکەت بکەم، کە چۆن بەزەییت بە مرۆڤە هەژارەکان دەبووەوە؟

دایکی میهرەبانم.. لە وڵاتێکدا، کە رێز لە مرۆڤ بە ئەمەکانی خۆیان نەگرن، وەک عەکسی قەمەر وایە لە حەوزێکی لێخندا. واتە، دایکانی وەک تۆ، کە دەیان‌و سەدان چیرۆک‌و داستان‌و ئەفسانەیان لەسەر دەنوسرێت، کەچی لە وڵاتی ئێمەدا، دوای چەند چرکەیەک لە ماڵئاواییکردنیان، لە یاد دەکرێن‌و لە بیردەچنەوە .

من یادی دایکێک دەکەمەوە، کە بۆ چلەی کوڕی دووەمی کردووە، خودی خۆی بە هۆی گوللە تۆپێکەوە دەستێکی براوە، کەچی لە چلەی کوڕە شەهیدەکەیدا دەگریا. خەڵکی بە سەرسوڕمانەوە لێیان دەڕوانی، کە چۆن لەکاتی شەهیدبوونی کوڕەکەیدا نەگریا. بەڵام، لە چلەکەیدا گریا .لێیان پرسی تۆ بۆچی لە چلەی مردنی کوڕەکەتدا دەگریت، کەچی لە رۆژی شەهیدبوونیدا نەگریایت؟ ئەویش لە وەڵامدا پێی وتن :

ـ" من بۆ دەستی براوم دەگریم ".

وەڵامی ئەم دایکە، هێندەی دی خەڵکەکەی سەرسام کرد، کە چۆن بۆ پارچەیەک لە جگەری ناگری، بەڵام بۆ دەستێکی بڕاوی خۆی فرمێسک دەڕێژێ! دایکەکە پێی وتن: "ئێوە وا تێنەگەن من بۆ خۆم دەگریم، بەڵکو بۆ ئەو ڕۆژە دەگریم، کاتێ، کە کوردلاند رزگاری دەبێت، من ناتوانم بە یەک دەست دوو وێنەی هەردوو شەهیدەکەم هەڵبرم.

یادی دایکێکی‌تریش دەکەمەوە، کە ناوی (گەوهەرە تاج خانم) بوو، لە بەر چاویدا دوو کوڕیان شەهید کرد، بە چڕنووک، خوێنی لە ڕوومەتی خۆی هێناو بە پەنجە خوێناوەکانی دەموچاوی هەردوو کورەکەی بە خوێن نەخشاند. پێیان وت :

"تۆ بۆ وا دەکەیت؟ "

پێی وتن: "ـ وا دەکەم بۆ ئەوەی دوژمنەکان نەڵێن ئەم کەڵە مێرانە لە ترسا ڕەنگییان زەرد بووە. وا دەکەم بۆ ئەوەی ئەم دوو کوڕە شەهیدەم ڕەنگی روخساریان هەر بە گەشی بمێنێتەوە". دایەگیان.. دایکانی وەک ئەوانە و دایکانی وەکو تۆ هەرگیز لەچاو وون نابن، دایە گیان دڵنیابە..! دایە گیان دڵنیابە..!

بەئارامی لەبەهەشتدا چاو لێکنێ وبەڵێن دەدەم ئەو پەروەردەیەی تۆ و کاک مستەفا، ئەگەر بۆم بکرێت هەمیشە هەربەدڵی ئێوە دەبم.. ئاسودە و دڵنیابە..

هەوالنامەی کێنێر

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## بیرەوەری و سەروەری

(١) شەهید مولازم عەبدوڵڵا شێخ مەحمود:
ناسراو بە مولازم (عەبە ڕەش)

(٢) حەمەی سەی عەلی حافظ

(٣) ئەنوەری مەمەجید سوڵتان

*ڕوونکردنەوەیەک /
لەلایەن بنەماڵەی ئەنوەری مەجید سوڵتانەوە

(٤) تایەری عەلی والی بەگ

(٥) شەهید شوان (شامیل)

(٦) دوو ڕووداوی لەیەکچووی خەمناک

(٧) مەحمودی مەلا عێززەت

(٨) لەڕوانگەی بیلبیلەکانەوە

(٩) پەیڤێک بۆ حەمەجەزای هونەرمەندی پێشمەرگە

هەواڵنامەی کتێب

(١)

# شەهید مولازم عەبدوڵڵا شێخ مەحمود ناسراو بە مولازم عەبە رەش[٢]



[٢] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ١١٥، ئایاری ٢٠١٠.

شەو مۆتەکەی خەو یەخەی گرتبووم‌و خەوی لێ زڕاندم. ناچار هەڵساموو جگەرەیەکم کێشا. کەوتمە خوێندنەوەی چەند رستەیەک لەو نوسراوانەی، کەلەسەر مێزەکەمدا بڵاو بووبوونەوە.لە ناکاو چاوم چووەسەر وێنەی شەهید (عەبدوڵڵا شێخ مەحموود)، کە ناسراوە بە (مولازم عەبە رەش).

سەیر بوو. چاوم لێنەدەتروکان. زۆر بە تاسەوە سەیرم کرد. من کەمێک لەژیانی ئەو مرۆڤە بەئاگابووم. بە هۆی ئەوەی ناسیاویم هەبوو لەگەڵ خوشک‌و براکانی. مولازم عەبە رەش گەنجێک لە تەمەنی گەنجیدا شەهید بوو.

لە تەمەنێکدا، کە هێشتا تامی شیلەی ژینی نەچەشتبوو. کوڕی گەورەی خێزانێکی رەنجدەر بوو. لە ساڵی ١٩٣٨ لە گەڕەکی شێخانی شاری سلێمانی چاوی بەدونیا هەڵهێنا. کوڕی شێخ مەحمود شێخ محەمەدی گوڵانی بوو. هەر لە سەرەتای ژیانەوە خولیای خوێندن و خوێندنەوە بوو. پەرۆشیی ئەوەی هەبوو کەسایەتیی خۆی دروست بکات. مرۆڤێک بوو، کە هەمیشە بیری لە یەکسانبوونی مرۆڤ دەکردەوە. رقی کردبووە مەشخەڵ لە ناخی خۆیدا بۆ نەمانی چەوساندنەوەی مرۆڤ. رێزی هەژاران‌و رەنجدەرانی هەمیشە وەک مەدالیایەک لەسەر دڵ‌و سنگی خۆی دادەنا. بۆیە، بۆ نموونە لە تویێ لاپەڕەکانی دەفتەری رۆژانەکەیدا باسی لەوە کردووە، کە چۆن، کاتێک کەسێک دەبینێت سواڵ دەکات، خەم دەیگرێت‌و هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشێ. پرسیار لە خۆی دەکات‌و دەڵێ: "ـ دەبێ بۆچی مرۆڤ بژێوی ژیان وای لێبکات بەو شێوەیە لاوازو ملکەچییە بچێتە بەردەمی مرۆڤێکی‌ترو داوای یارمەتی لێبکات؟ بۆچی کەسانێک هەبن بە هەژاری بژین؟ یان بۆچی کەسانی‌تریش هەبن بە دەوڵەمەندی بژین؟

عەبە رەش دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هەمیشە مێشک‌و دەروونی هەژاندووە. هەر بۆیە لە یەکەم وەرگرتنی مووچەوە بۆ خوشک‌و براکانی لەناو

خێزانەکەیدا هەڵساوە بە کڕینی جلی جوان‌و پاسکیل‌و سەعاتی دەست‌و کۆمەڵێ شتی لەوبابەتانە، بێ ئەوەی خۆی تامێکی ئەو تۆی لەو مووچەیە چەشتبێ. دایکی گلەیی ئەو تەخشان‌و پەخشانەی لێ کردووە".

ئەمیش وەڵامی داوەتەوەو وتوویەتی :

"ـ توخوا دایە گیان، با تۆزێک لە حەزو ئارەزووەکانیان بهێنمە دی .

عەبە رەش هەرگیز تورەبوونی لێ نەبینراوە. مرۆڤێک بووە هەمیشە لەسەرخۆو ئارام بووە. لە نێو خێزانەکەیدا، لەگەڵ ئەوەی برای گەورە بوو، بەڵام هیچ داوایەکی تایبەتی وەک کەسی گەورە نەبوو .

لە ساڵی ١٩٦٠دا عەبە رەش بۆتە مولازمی ئیداری لە (عەینە)ی کەرکوک. پاشان گوازراوەتەوە بۆ هەولێرو ئیتر هەموو خێزانەکەی لەگەڵ خۆیدا بردووە بۆ ئەو شارە. لە گەڕەکی تەیراوا نیشتەجێ بوون. ساڵی ١٩٦٢ جارێکی‌تر گوستراوەتەوە بۆ کەرکوک .

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئامرەکەی بۆتە شەڕیان لەسەر ئەوەی ئامرەکەی جنێوی بە کوردو سەرکردەکانی کورد داوە. هاوڕێکانی ئامۆژگارییان کردووە. پێیانوتووە ئەم کابرایە زۆر پیسەو رقی لە کوردە. ئەگەر بێت‌و لێرە بمێنیتەوە، رەنگە شتێکت بۆ دروست بکات‌و خۆتی تێدا بچیت، بۆیە هەوڵ بدە بگوێزرێیتەوە بۆ شوێنێکی‌تر. بەڵام، عەبە رەش، لە بریی ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی‌تر، بیری لەوە کردۆتەوە روو بکاتە شاخ.

بۆیە، لە ساڵی ١٩٦٣دا، لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی خۆی، بە یاوەریی چەند ئەندامێکی خێزانەکەی، ڕوویانکردۆتە ناوچەی قەرەداغو گەرمیان‌و بۆتە ئامربەتالیۆن .

عەودالانەمەی کتێب

مـن بـۆ خـۆم لە نـاو ئەم ژیاننـامەیەی (عەبە رەش)دا بـووم، لە ناکـاو دەستێکی نەرمی فریشتە ئاسا لەسـەر شـانم دانـرا، کاتێـک سـەرم بـە لایـدا هەڵبڕی، بینیم ئەوە. وتی :

"ـ کاکە گیان، پێم ناڵێیت پـاش ئەم هەمـوو سـاڵە، کـە بەسـەرچووە، بـۆ واز لەرۆحم ناهێنیتو منت بەئاگا هێنایەوە؟ رۆژگارێکی دوورودرێژە ئاخر بۆ؟ "

وتم :

"ـ کاکە گیان ئێمە تەنها بە جەستە لە یەکتر دابڕاوین، رۆحیـانەتی پـاکی ئێـوە هەمیشە لەگەڵماندایە. ئێوە سەرچاوەی بیرکردنەوەمانن. من هـاتووم لە بەردەم پیرۆزیی ئێوەدا کڕنوش بەرم. پێتان بڵێم هاوڕێ زیندووەکانتان، میللەتەکەتـان قوتابی قوتابخانەکەی ئێوەن. ئێوە چرای رووناکیی سەرکەوتنی ئاواتەکانمـانن. ئاسودە بن. ئێوە هەرگیز لە یاد ناچن. بۆ نازانم تۆ پەرۆشـی شـتە جوانەکـان بوویـت؟ بەڵام مەخـابن، دڕنـدایەتیی دوژمـن وای لـێ کـردین رێـگەی بەرەنگاربوونەوەو گەییشتن بە هەموو شتە جوانەکان لە رێگەی تفەنگەوە بێـت! لەگەڵ تفەنگیشدا تۆ نەتدەویست خوێنی هیچ پێشمەرگەیەکی قارەمـان بە ئاسانی برژێت. هەر بۆیە لە شوێنی خۆتەوە بە نهێنی هاتیتەوە بۆ سـلێمانی لە ماڵی (کاکە حەمەی زێوەر) مایتەوە. پاشان رووت لە مەکتەبی سیاسـیی ئەو سەردەمە کرد بۆ ئەوەی بەزانستی سەربازی، هەروەها زانستیانە پێیـان بڵێیـت، کە ئەونـاوچەیەی ئێـوە تێیـدا پێشـمەرگەن نـاوچەیەکی زۆر لە بـار نییـە بـۆ بەرەنگـاربوونەوە، بەوەی، کەچەکەکانتـان لە ئاسـت چەکەکـانی دوژمنـدا زۆر لەخوارە، ژمارەی پێشمەرگە، لێزانین، هەڵکەوتنی سروشـتی نـاوچەکە.. هتـد . هەربـۆیە وات پێشـنیار کردبـوو، کە پێویسـتە بـۆ بەرەنگـاربوونەوە قـووڵترو زانسـتیانەتر بیـربکەینەوە. ئەگەر بەم حـاڵە بێـت، ئەمە دەبێـتە هـۆی بە هەڵە شەهیدبوونی پێشمەرگە. ئەمەش تاوانە. بەڵام، مەخابن، هەر لەوچـاوپێکەوتنەدا، کەسێک قسەیەکی زبر دەنێت بە دڵتەوە، بەوەی گوایە تۆ دەترسی، هەر بـۆیە

بەو دڵە برینـدارەتەوە بە هەمـان ڕێگـادا گەڕایـتەوە بـۆ ناوچەکـە ت. هەر بەو نازانستیی‌و هەڵەیەش بوو، زامێکی گەورە لە دڵی شۆڕشدا کرا ".

هەستم کرد دەستی عەبە رەش وردە وردە گرژ دەبێـت‌و تونـد دەبێـت لەسەرشـانم، سـەرم هەڵبـڕی. بینـیم دەموچـاوی گـڕی لـێ دەبـاری. وەک یەکەمجار نەبوو. وتم :

"ـ کاکە گیان ببورە، بەسەرهاتەکەم وەبیرهانیتەوە".

وتی :

"ـ بەڵێ بەسەرهاتێکی زۆر ناخۆشە ".

وتم :

"ـ شەڕەکە چۆن بوو؟ "

وتی:

"ــــ وەک تــۆ باســتکرد، لە ڕووی ســەربازیەوە نــاوچەکە ئەســتەم بــوو. بەرەنگاربوونەوەو بەدەستهێنانی سەرکەوتنی مەزن .ئێمە ژمارەمان، بەخۆشمەوە سی پێشمەرگە بووین. بەڵام، چەند پێشمەرگەیەکی هێزی بەرگریمان لەگەڵدا بوو. هەبوو، کەسایەتیی خەڵکی ناوچەکە بوون.

وەک: شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان‌و مستەفا بەگی جـاف‌و عەلی سەلیم بەگ‌و عەلی حاجی موشیر. دەنگوباسمان بـۆ هـات، کە ڕژێمـی بەغـدا بە تانـک‌و تـۆپ‌و سـەربازێکی زۆرەوە بە تەنیـا هێرشـێکی سـەربازی بەرفـراون بکـات بـۆ نـاوچەی گەرمیـان‌و دەوروبەری قـادر کەرەم .منـیش ئاگاداری هێزی بەرگریم کرد بۆ ئەوەی بەیەکەوە پلانێـک دابنێـین بـۆئەوەی بەرگری‌و بەرەنگاربوونەوەیەکی بەهێز دارێژین. کۆبوونەوە سـازکرا، جـادەکەی کفری قاتەکانی کفری کردبوو بەدووبەشەوە خـواروو سـەروو. بڕیـار وابـوو لە گەڕانەوەیاندا، بە هەردوولامان واتە پێشمەرگەو بەرگری پێکەوە لێیان بـدەین‌و دەستیان لێ بوەشێنین، تا بیانشکێنین. بەڵام، بەداخەوە، لە کاتی شەڕەکەدا لە

هەواڵنامەی کیبڕ

لای بەرگرییەوە شەڕ نەکراو تەقەی تێدا نەبوو. لە لای ئێمەشەوە شەڕ دەستیپێکرد. شەڕەکە قورس بوو. تا کار گەییشتە ئەوەی شەڕەکە بوو بە شەڕی دەستەویەخە. لەوەدا من رانم بریندار‌بوو. بەجامانەیەک بۆیان پێچام. زانیم، کە شەڕەکە لە کێشی ئێمەدا نییە. پێشمەرگەش شەهید دەبێت. خۆم نەمدەتوانی دەربازببم. بەڵام، هاوارم کرد:

"ـ کێ بۆی ئەکرێ با بکشێتەوە ".

خۆم لەبەر ئەوەی زامدارم، ناتوانم دەرباز ببم، لە راستیدا شەڕەکە بەجۆرێکی وا تێکەڵ بوو، کەس ئاگای لە کەس نەمابوو. پێشمەرگە بەرگری‌و شەڕێکی زۆر قارەمانانەیان دەکرد. لە ناو هەمووماندا دوو کەس دەربازبوون، کەسێک بە ناوی (کەمال ئەحمەد دۆڵپەمویی)و لەگەڵ قەتارچییەک. ئەوان کاتێک گەییشتبوونە لای هێزی بەرگری، وتبوویان ئێمە بۆیە تەقەمان نەکردووە، دەمانزانی وەک هێزی پێشمەرگەمان بەسەر دێ. خۆم‌و بیست‌و حەوت پێشمەرگە شەهید بووین. ئەوە بوو لە گڵەزەردە بەخاک سپێردراین. لەپاشدا، لە ساڵی ١٩٧٠ هێنایانینەوە بۆ گردی سەیوان لە شاری سلێمانی.

شەهیدبوونمان لە ٢٤ی ٩ی ساڵی ١٩٦٣ بوو. لەدواییدا هەستمکرد، کاکە عەبە، فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیسماوە. سەیر بوو .

لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا شەهید پێشمەرگە بوو. هەر ئەوە مابوو، بفەرموێ ئادەی تفەنگەکانمان بدەنەوە با بچین بۆ شەڕێکی دی. لە پاشدا وتی:

"ـ من کوڕە گەورەی خێزانێکی ڕەنجدەرو زەحمەتکێش بووم. تاقە سەرچاوە بووم بۆ خۆشیی ژیانی خێزانەکەم. بە شەهیدبوونی من، تروسکایی خۆشیی لەنێوخێزانەکەمدا نەما. ئەو کاتەی، کە گۆڕستانەکەمان لە گڵەزەردە بوو، هەفتانە دایک‌و باوک‌و خوشک‌و براکانم، ڕەش پۆش، چاو پڕ فرمێسک، دڵ بریندار، بەگریان‌و ناڵەوە لەسەر مەزارمان بوون. کاتێکیش هێنایانینەوە بۆ سلێمانی، بە هەمان شێوە باوک‌و دایک تا کۆچی دواییان کرد، دڵبریندارو

خەمبارو ڕەشپۆش، خوشکان تا شوویانکرد، ڕەشپۆش بوون. ئاهەنگی هاوسەرییان نەگێڕا. کاتی خۆی، مستەفا بارزانی ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێگەی نوێنەری خۆیەوە باوکمیان بەسەرکردۆتەوە. پارمەتیان بۆ ناردووە. بەڵام باوکم سەردانەکەی بەرز نرخاندووەو پارمەتییەکەی وەرنەگرتووە. بە نامەیەک سوپاسی بارزانی کردووەو داوای ئەوەی لێکردووە، کەخوێنی شەهیدان بە فیڕۆ نەچێتو بەرگری لە میللەت بکەن .

بەر لە ماڵئاوایی، شەهید دوو فرمێسکی ڕەنگ یاقووتی بە رووی پیرۆزیدا دەهاتنە خوارەوە. پاشان زیاتر سەرم هەڵبڕی. بینیم پەڵەهەورێکی سپی فریشتەیی لە شێوەی کۆشکێکی قەشەنگ لەگەڵ چەند فریشتەیەک وەک بڵێی چاوەڕوانی شەهید بوون، پاشان شەهید بە زەردەخەنەیەکی جوانو بێگەردەوە هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو ماڵئاوایی لێکردمو بەرەو پەڵە هەورەکە هەڵکشا.

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوە:

١-حەمە تاهیری برای شەهید مولازم عەبە رەش.

٢-کەمال ئەحمەد دۆڵپەمویی .

هەواڵنامەی کتێب

(٢)

# حەمەی سەی عەلی حافظ[٣]


هەواڵنامەی کتێب

---

[٣] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە **٢٥٦٤**،سێ شەممە**٢٩-٤-٢٠٠٨**.

"ئەو قارەمانەی پـێش ئەوەی بە چەکـی دوژمـن بپێکـرێ، بە چەکـی خـۆی دڵی خۆی پێکا"

حەمەی سەید عەلی حافظ لە ساڵی ١٩٣٧ لە گەڕەکی کانێسکان لە شاری سلێمانی چاوی بە دونیا هەڵهێناوە. قۆناغی خوێنـدنی تـا دوا ناوەنـدی هـەر لەشاری سلێمانی تەواوکردووە. هەر، کە قوتابی بووە، هەستی پیرۆزی بەرامبەر بە خاکو میللەتەکەی لە ناخدا سەوزبووە. ساڵی١٩٥٠ بەشداریی لـە مـانگرتنی قوتابیاندا کردووە. ساڵی ١٩٥٩خوێندنی لە کۆلیژی ئەفسەرانی پۆلیس لە بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلـولەوە کـردووەو کـراوە بەسەرلقی پێشمەرگە لە ناوچەی سیوەیلو ئەزمەڕو گۆیژەو قەیـوانو چوارتـا . هەر لەو کاتەوە چالاکیی حەمەی سەی عەلی وەک پێشمەرگە دیارو بەرچـاو بووە. ئەوسەردەمانە هەر رۆژەی لە لایەکەوە تەنگی بە دوژمن هەڵچنیـوە. بە بەرچاوی زۆر لە خەڵکی شاری سلێمانی، سوپا دڕندانەکەی (زەعیم سـدیق)ی بە هەموو هێزو چەکی قورسیەوە شکاندۆتەوە. ئەو کاتەی هێزەکەی (زەعـیم سدیق) هێرشێکی بەرفراوانیـان کردۆتـە سـەر چیـای ئەزمەڕ، حەمەی سـەی عەلی سەرکردەی هێزی پێشمەرگە بوو لەو ناوچەیە .پێشمەرگەکانی کـۆمەڵی لاوی هەڵکەوتووی شارەکەی بوون، کە بە پەنجەی دەست ژمێرراون .بەڵام، بەورەیەکی بەرز بەرەنگاری ئەو سوپا گەورەیەی (زەعیم سدیق) بوونەتەوە.
لە ئەنجامـدا ئـەوهێزە پـەلاماردەرەی زەعـیم سـدیقیان شـکاندۆتەوە، کـە بەسەرشۆڕی لە چیای ئەزمەڕەوە بەرەو ناو شار هەڵاتوون. لەو کاتەدا خەڵکی شـار لەسـەربانەکانیانەوە سـەیری ئەو شـەڕەیان کـردووە. کاتێـک هەڵاتنـی دوژمنیان بینیوە، کەوتوونەتە چەپڵەلێـدانو هەڵپەڕکـێ. رۆژێکـی مـەزنو پـڕ خۆشی بوو. بۆتۆڵە کردنەوەو لە کاردانەوەدا، ئەو سوپا بەزیـوە، وەک سـەگی هـار کەوتە گیـانی خەڵکـی شـار. شـایانی باسـە، ئـەو رووداوە، کـە لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا بووە، ناسرا بە رۆژی (مەنعەتەجەول).

حەمەی سـەی عـەلی حـافظ لە ڕۆژی ٤ی ئۆکتـۆبەری ١٩٦٤ کـراوە بەئەندامی لیژنەی سەرکردایەتی شۆڕش. لە هەمان ساڵدا بـووە، بـووە بەئامر بەتالیۆنی چوارتا. لەو کـاتەدا سـوپای عیـراق بـە فرمـانی سـەرۆک کۆمـاری عیراق(عەبـدول سـەلام عـارف) هێرشـێکی فراوانـی کـردە سـەر نـاوچەی (بەرواری بالا). لە بەرامبەردا، بەرابەرایەتیی بـارزانی حەمـەی سـەی عـەلی حافظ نێـرراوە بـۆ ئەو نـاوچەیە. بۆمـاوەی سـاڵێک لەوێـدا دەمێنێـتەوە. زۆر بەسەرکەوتووانە هاوبەشیی شەڕەکان دەکات. پاشان دەگەڕێتـەوە بـۆ نـاوچەی بەرزنجە. لەوێ بووە بە ئامر بەتالیۆنی (دە) لە ناوچەی پێنجوێن‌و شـارەزوور. ساڵی ١٩٦٨ بووە بە یاریدەدەری ئامرهێزی خەبات .ساڵی ١٩٦٩ بووە بە ئـامر هێزی قەرەداغ. ساڵی ١٩٧٤ بووە بـە ئـامرهێزی ئەزمەڕ. لە ٩ی ٣٣ی ١٩٧٥، هێزە داگیـرکەرەکەی بەعـس، هێرشـێکی بەرفـراوان‌و کتـوپڕی کـردە سـەر ناوچەی(سەید سادق).

حەمە سەی عەلی حافظ وەک ئامرهێزێکی بە توانا، سەرپەرشتیی هێـزی پێشمەرگەی کردووە. ئەو شـەڕە لە ڕووی چەکو ژمـارەی چەکدارییـەوە زۆر نـابەرامبەر بـووە. سـەرەڕای ئەوەش نـاوچەکە دەشـتایی بـووە. دوای شـەڕو پێکـدانانێکی زۆر، حەمەی سـەی عـەلی‌و چەنـد پێشـمەرگەیەک لـە گەڵیـدا لەگوندی (شـانەدەری) لـە لایـەن سـەربازە بەعسـییەکانەوە گەمـارۆ دراون. ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، عوسمانی ئامۆزای‌و غەفور ماياوایی‌و یوسف بـوون*. عوسمان شەهید بووە. غەفورو یوسف بریندار بوون. بـەلام، حەمـەی سـەی عەلی، کاتێک، کە دەبابەکانی دوژمی بینیوە، کە زۆر لێی نزیـک بوونەتـەوە، بە غەفوری وتووە :

"ـ فیشەکێک بنێ بە سەرمەوە"!

غەفور، کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی بووە، پێی وتووە :

"ـ چۆن دڵم دێت کاری وا بکەم؟ "

هەوالنامەی کێب

هەر لەو شەڕەدا، کە دکتۆر کەمال خۆشناو لە جێگایەکی‌تردا بریندار دەبێت، توانیویەتی رزگاری بێت .ئەنوەری مەجید سوڵتان ئەو کاتە جێبێکی پێئەبێت. لەناو شارەکەدا خۆی لێی دەخوڕێ. پێشمەرگەیەک، کە لە پشتی جێبەکەدا دەبێت، لە کاتی شەڕ و تەقەکردندا ، بریندار ئەبێت.



شەهیدی زیندوو ( یوسف ئەحمەد محمد )

ئەنوەر، کاتێک، کە پێچێکی زۆر خێرا بە جێبەکە دەکاتەوە، پێشمەرگەکە بە برینداربیەوە، لە پشتی جێبەکە خۆی بۆ ناگیرێ‌و بەرئەبێتەوەو شەهید دەکرێت. من بە داخەوە، نازانم ناوی پێشمەرگەکە*[٤] چییە.

---

[٤] * ئەو پێشمەرگەیەی لەپشتی پیکابەکەوە دەبێت ناوی:یوسف ئەحمەد محمد (پێشمەرگەی شەهیدی زیندوو): شایەنی باسە داستانی ئەم گەنجەش بەشێکە

هەر هـەمان کـات، دەبابەکـان‌و سـەربازەکان، کـە نزیـک بـوونەتەوە، حەمەی سەی عەلی حافظ تەواو هەست بەوە دەکات، کەوا ئاواتە گلاوەکەی

---

لەسەروەرییەکانی هێزی کوردستان کە دەکرێـت بـۆ گێڕانەوەی..هەڵوێـستەیەکی لەسەر بکرێت، کاکە یوسف بەم شێوەیە شەهیدبوونەکەی بەزیندوویی دەگێڕێتەوە: "شەوی ٢٣\٢٤-٠٢/١٩٧٥ "، هێزی داگیرکەری سوپای عێراق بـە ژمارەیـەکی زۆر تانـک و زرێپـۆش و جـاش و سـەبازەوە، هێرشـێکی بـەرفراوانیان بـۆ ناوچـەی شانەدەری سەر بە شارۆچکەی پێنجوین دەستپێکرد. ئەنجامی شـەڕەکە ئـەوەبوو، سوپای ڕژێـم بـەتۆپی فسفۆڕی شـەڕگەکەی بۆردومـان دەکـرد، مـن و چەنـد پێشمەرگەیەک بەرکەوتین و وایان لەقەڵەم دا کە ئێمە کوژراوین، من لەوشـەڕەدا هەموو گیانم سوتا و چاوەکانیشم بەرکەوتبوو، پاش کۆتایی شەڕەکە، لاشەکانمان برا بۆ ناو چاڵێکی گەورە و چادریان دا بەسەرماندا، ووتیان ئەمانە نەماوون، بەیانی فـەرمان دەرکرابـوو، بـۆ سـلێمانیمان بگوێزنـەوە، بـەڵام ئەفسـەری ئیسـتخبارات ووتبـووی بیانبـەن تەسـلیمی شـارەوانی سـلێمانیان بکـەن بـۆ ئـەوەی ئـەوان بیاننێژن..کە براینە ئەوێ دوای پشکنینمان بۆیان دەرکـەوت، کـە مـن و غـەفور مایاوایی ماوین، ئەوەبوو، ئێمەیان جیاکردەوە و بردیانین بۆ نەخۆشخانەی سەربازی لە حامیە.. پاش چارەسەرکردنم.. داوایان لێکردم ئیعتراف بکەم، بەڵام مـن دانـم پێدا- نەنا.. پاشان ڕەوانەی نەخۆشخانەی (هەیئەی کـەرکوک)یان کـردم، دوای ماوەیەک بردیانم بۆ بەردەم دادوەر.. شایانی باسـە هێـز و توانـای ئـەوەم نـەبوو، بەپێی خۆم بڕۆم ..منیان پێچابوو بە بەتانییەکـەوە، دادوەر ووتـی: ئـەم جەنازەیـە چییە بۆ هێناوتانە بۆ ئێرە؟.. بیبەن بۆ نەخۆشخانە.. ئەمـە دادگـایی نایگرێتـەوە، لەو دادگاییەدا ئەو کۆمەڵە کەسەی لەگـەڵ منـدا هێنایانن..هـەموویان لەسـێدارە دران..ئەوەبوو من بەرلێبوردنێکی سەربازی و مەدەنی کـەوتم و گەڕامـەوە بـۆ وەحدە سەربازییەکەم لە پارێزگای حللە.. لەم ماوەیەدا دووجار ڕووبەڕووی دادگایی کرامەوە، بەڵام هەموو جارێک ئازاد دەکـرام.. ئێسـتا مـن زینـدووم و لـە شـاری سلێمانی دەژیم و تەنانەت خێزانیشم پێکەوە ناوە .

دوژمن خەریکە دێتە دی بەوەی سەرکردەیەکی بەئەمەکو لێهاتوی کورد بکەوێتە ژێر دەستیانەوە. ئەمیش بۆ ئەوەی نەهێڵێت ئاواتە گڵاوەکانی دوژمنەکەی بێتەدی، نەهێڵێت بۆ تەنیا ساتێکیش بێت دوژمنە کەی دڵخۆش بێت، بزەی ژەهراوی بێتە میوانیان، بۆیە بڕیاری خۆشەهیدکردن دەدات. بە دەستی پیرۆزی خۆی، خۆی شەهید دەکات. ئیتر هەر لەو ڕووداوەوە حەمەی سەی عەلی بۆتە ویردی سەرزاری هەمووان، هەموو کەس بە شانازییەوە باسیان کردووەو باسی دەکەن. بۆیە من دەڵێم هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاکە حەمەو هاوڕێ پێشمەرگەکانی. ئەو پیاوە سەر بڵندەی، کە خۆی شەهید کرد، تەنها بۆئەوەی نەکەوێتە بەردەستی دوژمن .

شاعیری گەورەی کورد(شێرکۆ بێکەس) هەر لەگەڵ ئەم قارەمانێتیی شەهیدبوونەدا، لە شاری مەریوان، شیعرێکی شۆڕشگێڕانەی کردووە بەدیاری بۆ ئەم پیاوە تێکۆشەرو قارەمانە.


هەواڵنامەی کتێب

<u>سەرچاوە :</u>

١- ڕۆژنامەی برایەتی
٢- وێنەیەک لە لایەن (لانە)ی کچی شەهیدەوە.
٣- خۆم، کە ئەو کاتە لە نزیک ناوچەکەبووم.
٤- گێڕانەوەی هەندێ برادەر .
٥- هەندێ زانیاری سەبارەت بە کاکە یوسف ، لەدەمی خۆیەوە گێڕاوومانەتەوە، کەدەربارەی شەهیدبوونەکەیەتی.

## (٣)

# ئەنوەری مەجید سوڵتان[٥]




هەواڵنامەی کتێب

[٥] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ١٠٤، حوزەیرانی ٢٠٠٩.

خۆ حەز دەکەم زۆر بە شێنەیی بەرەو رۆحیانەتی پاکت هەنگاو بنێم. ئەگەر خودا ئازایەتیم پێ ببەخشێ، دەمەوێ لە خەوی شیرینت بە ئاگات بهێنمەوە. بەڵام، دەترسم رابچڵەکێیت. دەزانم، کە هاتو راچڵەکیت، هاوار دەکەیتو دەست بۆ چەکەکەت دەبەیتو پرسیاری دوژمن دەکەیت..نا. ئارامبە..من هاتووم میواندراریت بکەم ".

تۆ لە ساڵی ١٩٤٥ لە گەڕەکی گاورانی شاری سلێمانی لەدایکبوویت. لەگەڵ تۆدا ئەستێرەیەک لەدایک بوو .ئەستێرەکە رووناکی داو تاریکی راونا. مژدەی جوامێرێکی وەک تۆی پێ راگەیاندین .بەر لەوەی لەدایکبییت، چەوساندنەوە یەخەی پێگرتیت، بەوەی بابەو دایە لە یەک جیابوونەتەوە. دایکت چووبووە ماڵی باوکی (باثیرۆت). تۆش هەر لەوێ لەدایک بوویت. بە بیرت دێ، لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوویت، دەرنەچوویت. دایکت تووڕە بووە. پێی وتوویت :

"ـ ئەنوەر، دەبێ بچیت کرێکاری بکەیت ".

تۆش فەردەیەک ترۆزیت کڕیوە و لە گەڕەکی سابونکەران کەوتوویتەتە فرۆشتنی. ئا لەو کاتەدا باوکت تۆی بینیوە. نیگەران بووە. داوای گەڕانەوەی لێکردوویت بۆ ماڵەوە. تۆ رازی نەبوویت. لە لایەکی تریش، خاڵەکانت پێیان ناخۆش بووە تۆ ئەو کارەت کردووە. بەڵام، تۆ هەر کۆڵت نەداوە. چوویت تەرمۆزەیەکت کڕیوەو کەوتوویتەتە چلورە فرۆشتن. هەر لەو کاتەوە چرۆی یاخیبوونی کەسایەتیو بێ منەتیت چەکەرەی کردووە. هەر لە تەمەنی هەرزەکاریتەوە، کە قوتابی بوویت، ئازارەکانی میللەتەکەت باوەشی بۆ کردوویتەتەوەو کەوتویتە کاری سیاسی، بۆیە چەند جارێک لە ماڵی خوشکت خۆت حەشار داوە. خۆ کاتێک لە کۆلێژی کشتوکاڵی وەرگیراویت، بە دڵی خۆت نەبوو. بۆیە لەوێ وازت هێناوە. لە بیرێکیتردا بوویت. لە رێگەی یارمەتی خاڵتەوە چوویتەتە کۆلێژی سەربازی. خۆت وتەنی دەتووت :

"ـ ئـالەم کـاتەدا، کـورد زیـاتر پێویسـتی بە سـەرباز هەیە بـۆ پێشـمەرگایەتی، لەسەربازیشدا بەشە قورسـەکەی وەک تۆپخـانە، ئەبێـت شـارەزاییمان هەبێـت لەسەری."

ئەوە لە ساڵی ١٩٦٥ دا بوو. ئەوەت لە هاوڕێکانـت گەیانـدبوو، کە بـۆیە هاتوویتە کۆلێژی سەربازی، بۆ ئەوەی فێری زانیاری سـەربازی بیـتو لەشـی خۆت بەهێـز بکەیـت، چـونکە بڕیـارت دابـوو، لە دوای تەواوکردنـی کـۆلیژی سەربازی ببیتە (پێشمەرگە) بۆ ئەوەی بەرگەی ڕۆژانی سەختی ژیـان بگریـت، لەبەر ئەوەی نەک تەنها بۆ خۆت هەوڵت دەدا، هاوڕێکانیشـت بەو ئاڕاسـتەیەدا بەریـت. بـۆیە، هەمیشـە لە هەوڵـی ئەوەدا بوویـت، کە زیـاتر فێـری ڕێگـا زانستییەکانی هونەری سەربازی ببیت. زانیاری زیـاتر وەرگریـت. سـاڵی١٩٦٨ پلەی مولازمی دووەمـت پێبەخشـراوە. لە شـەڕەکانی فەلەسـتیندا بەشـداریت کردووە. کاتێک لە کتیبەی مەدفەعی(الکتيبة المدفعية– مقاومة الطـائرات)دا لە (H3) بوویـت، لەسـەرئەوەی، کە نائـب زابتێـک، کە کـورد بـووە، بۆتـە بەعسی، کێشەیەکت بۆ دروستبوو، گوازراویتەتەوە بۆ (بەسرە). لەوێ کێشەت لەگەڵ ئەفسەرێکی شۆفێنیستی پلەی (مقدم رکن)دا بۆ هاتۆتـە پـێش. کـە کاتی مشتومڕ لەگەڵیـدا، پـەلامارت داوە. ئـەنجام، بـۆ سـزادانت، (مەجلـس تەحقیق)یـان لەسـەر دروسـت کردوویـت. لـە کـاتی لێکۆڵینـەوە لەگـەڵتا، لێپرسراوی مەجلیسەکە پێی وتوویت :

"ـ ئێوە شاختان هەیە، ئەگەر ناتوانن لێرە بگونجێن، بچن بۆ ئەوێ "!

لە ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیت کردووە بە هێزی پێشـمەرگەوە. چوویـت بـۆ نێوهێزی خەبات. لەوێ کراویت بە فەرماندەی تۆبخانەی هێزەکـە. لە ژیـانی پێشمەرگایەتیتدا، ئەو کاتە ڕۆڵی قارەمانیـت لەبەرچـاو بـووە. لە دوا سـاتەکانی شۆڕشی ئەیلولـدا. چەنـد ڕۆژێـک بـەر لە(نسـکۆ). کـاتێ دوژمـن هێرشـی بەرفراوانی کردۆتە سەر هێزی پێشمەرگە لە دەشتی شارەزور، تـۆ لەو شـەڕەدا

ڕۆڵـی ئازایەتیـت نوانـدووە. خـەڵکی دەمـاودەم ئـەو ئازایەتییـەی تۆیـان گێڕاوەتەوە، کە چۆن دەربازبویت، حەمەی سەی عەلی حافزیش چۆن مەردانە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی دوژمن، خۆی شەهید کردووە. تۆ لە دوای نسکۆ دوورخراویتەتەوە بۆ باشووری عیراق بۆ شاری ناسریە .

لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیت کـردووە بـە شۆڕشـی نـوێی گەلەکەمانـەوە. بوویتـە پێشـمەرگەیەکی مەفـرەزە سـەرەتاییەکانی شـۆڕش. لە کارەسـاتی هەکاریـدا لەگەڵ چەنـد هاوڕێیەکـدا لە لایەن ڕژێمـی ئەو کاتـەی ئێـرانەوە دەستگیر دەکرێیت. لە(جەهروم) بەندت دەکەن. بە هەوڵـی مەردانەی خـۆت، خۆت دەبازدەکەیتو جـارێکیتر دەگەڕێیـتەوە نـاو شـۆڕش. لە دروسـتبوونی حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردسـتان دەبیـتە ئەنـدامی سـەرکردایەتیو لێپرسـراوی مەکتەبـی عەسـکەری. هەر لە سـەرەتاوە لە نـاو هاوڕێکانتـدا دیاربوویت. هەرچەندە بـاڵات بەرز نەبـوو، بەڵام لەشـێکی تـۆکمەو پـتەودارت هەبوو. ریشی لێهاتوو، گورجوگۆڵو بەویقار، هەڵگرتنی کلاشینکۆفی مەخـزەن (٧٥)یی بۆ ئەو کاتە دەگمەن بوو، وەک هاوڕێکانت پێت دەڵێن (گیڤارا) ئاسا بوویت. هەروەک دەشڵێن، ئێمە بە ئازایەتی ئەو نەگەییشتین ناوی نهێنـی نـاو شۆڕشـت (مـولازم سـەلام) بـوو. لە ڕووی بیروبـاوەڕەوە کـۆمەڵە بوویـت، خۆشەویست، ئازا، ڕێزی زۆر بۆ پێشمەرگەو جوتیارو خەڵکە سـادەکە. لە ڕووی ژیانەوە، نانخواردن شتی تایبەتی، پێڵاوە لاستیکەکەت، کە بە زستان بەکـارت دەهێنا. کاتێک دەگەییشتیتە گەرما، پێڵاوەکانت کون کون دەکرد، دەتکرد بە هاوینە.. کە لە ئاوی چەمەکانت دەدا، هەر بە جلەکانتەوە بوویت. تەنها ئەوەت لا گرنگ بوو چەکەکەت تەڕ نەبێت. لە کاتە دژوارەکاندا خۆت لە پێش هەموو پێشمەرگەکانەوە بوویت. هەموو توڕەبوونەکانت لەسـەر حەق بـوو. هەر چەنـدە زۆر لە هاوڕێکانت بە تووڕە دەیانناسیت، بەڵام ئەو کاتەی، کەتوڕە دەبوویـت، کەسێک داوای چاکبوونەوەی لێبکردیتایە ئەوا زۆر زوو دڵت چاک دەبـووەوە.

هەواڵنامەی کێبڕ

خۆ تۆ لە زانستی شەڕی پارتیزانیدا وەک هەموو هاوڕێکانت باست دەکەن، بە گیڤارای کوردت پێناسە دەکەن. زۆر بە شانازییەوە دەڵێن فێری کردین چۆن خۆت دەشاریتەوەو لە کوێ، چۆن خۆت دەردەخەیت، چۆن چالاکی دەکەیت، چۆن دەچیتە دێهاتەکانەوە، دەچیتە ماڵی کێ، ئەوەی میوانداریتیت ئەکا بۆ؟ هیچ کێشەیەکی هەیە لە دێیەکەدا، دووری و نزیکیت لە دوژمنەوە، پاسەوان دانان لە کوێ و کێن؟ تا ئەو کاتانەی، کە دەبوایە بچنە ناودێیەکەوە، بەڵێنت بە چەند کەسێک دەدا بۆ ئەوەی نان دروست بکەن. کاتێک دەچوویتە ناو دێ، پێشمەرگەکانت دەنارده ئەو ماڵانەی، کە خواردنیان بۆ دروستکردوویت. خۆشت بە بێ ئاگاداری، خۆت دەکرد بە ماڵێکی هەژاراو خودا چی بدایە دەتخوارد. لە لایەک ماڵە هەژارەکە پێی خۆش بوو، لە لایەکی تریشەوە پێخۆشحاڵ بووی پێشمەرگەکانی تر نانی باشتریان خواردووە .ئەمجا دەکەوتیتە باس وخواسی شۆڕش و کۆمەڵایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش و باسی رووخاندنی رژێمت بۆ ئەکردن، خۆ هاوڕێکانی ناو شارت هەمیشە لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵتا .

بە بیرت دێ، کاتێ، کە کاک نوری حەمە عەلی لە نسکۆدا چەکی شاردبووەوە لە ناوچەی شارباژێر، تۆ بە ناونیشان دۆزیتەوە؟ ئەی بیرت دێ سێسەد دینارت بۆ هاتبوو، گەییشتبووە دەستی کاک وەهاب، جوابت بۆ نارد وتت پێویستم بە یەک فلس نییە، بیدە بەو پێشمەرگانەی، کە خێزانیان هەیە. ئەویش وتبووی پێشمەرگەکانی لای خۆمان خێزانیان نییە، تۆش دوو کەست دەستنیشان کردبوو، کە خێزانیان هەیە. هەرچەندە لە حیزبێکی ترن، وتبووت ئەوانە رەنگە خۆیان هەڵەیان کردبێ. بەڵام منداڵەکانیان گوناهیان چییە؟ خۆ ئەو کاتەی هەستی مرۆڤایەتی و چەوسانەوە یەخەی دەگرتیت دەستت دەهێنا بە سمێڵتاو پەیتا پەیتا دەتخوارد. بۆچی رۆژێک بڕوات بە شەڕی ناوخۆ نەبوو؟ ئەی دوژمنت چۆن دەستنیشان کردبوو؟ بۆچی ترس چییە؟ بۆچی لە شەڕدا

هەورامانەی کتێب

چۆکت دادەدا؟ کوردستانت بە بێ جیاوازی دووری‌و نزیکی هەموویت بە سلێمانی نەدەزانی؟ بیرت دێ دۆشکەیەک لە (دێی بارێ) شاردرابۆوە چوویت بۆی، بێ لە شەهید (حەمە ئەمین ئاغا بارێ)، کەسێک پشتگیری نەکردی بۆ ئەو مەبەستە، هەرچەند زۆر تووڕە بوویت .بەڵام سوودی نەبوو، بۆ بەیانییەکەی (٣٠ هیلۆکۆپتەر) هاتن بەبێ ئەوەی خۆت تێک بدەیت بەدووربینەکەت سەیرتکردن‌و بە پێشمەرگەکانت ئەوت هیچ نییە، توانرا بچنە ناو دارستانەکەی پشت ئاواییەوە بەبرسی‌و تینوێتی بە بێ هیچ زیانێک.. بە بیرت دێ لە شەوێکدا تەنها خۆت هاوەنی (٦٠ ملم)و چەکە قورسەکانت بەکار ئەهێنا .

هەر لەبەر ئەوەی هەموو کوردت بەیەک چاو سەیر ئەکرد، بۆیە لە یەکێک لە شەڕەکانی (بانە)دا، لە ڕێگەی (بلەکێی) نێوان شەقامی بانەو مەریوان، بریندار بوویت هەر ئەو ڕۆژەش شەهید بوویت، ئەوە تۆ بوویت بە جلەکانتەوە، ڕاکشابوویت وەک لە خەوێکی خۆشی دوای ماندووبوونا بیت، هاوڕێکانت نەیانتوانی فرمێسک لە چاوەکانیان ڕاگرن، ئالوکاتەدا ئەو ئەستێرەیەی لەگەڵ تۆدا لەدایکبوو بوو، ئەویش کشاو سەری خۆی هەڵگرت...کاتێک گیرفانەکانی تۆ گەڕان، بۆئەوەی پارچە نامەیەکی وەسیەت بدۆزنەوە، بەڵام مەخابن جگە لە یەک تمەنی ئێرانی، کە نرخی نەبوو، لەگەڵ فلچەو دەرمانی ددان جەدوەلێکی هاوەنی (٦٠ ملم) ئەوە هەموو ماڵ‌و وەسیەتەکەت بوو .

ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٤ بوو ماڵئاواییەکەشت هەروەک لەدایکبوونەکت وابوو.. ئەمیش لە شوێنی خۆت بە خاک نەسپێراییت ئەوەبوو لە گوندی بلەکێی ئێران بە خاک سپێراییت. پاش ماوەیەک، بە هیمەتی بێستونی مەلا عومەری هاوڕێت هێنرایتەوە بۆ شاری هەڵمەت‌و قوربانی لە گردی سەیوان بە خاک سپێردراییت. کاک ئەنوەر: چۆن سەرەتا بە شێنەیی هاتمە خزمەت ڕۆحیانەتی پاک‌و پیرۆزت، ئێستاش ئەمەوێ بە هەمان شێوە بتخەمەوە شوێنی خۆت،

هەواڵنامەی کێبێ

دیارییەکم پێیە بۆت، ئەویش مەخزەنی کاڵاشینکۆفەکەتە، کە (٧٥)ییەو لە زێر دروستکراوە، هونەری زۆری تێدا بەکارهاتووە، بە هیلاکیو ماندووبوونی ئەو کەسانە دروستکراوە، هەر، کە باست دەکەن، دەستێکی زۆر بەهێز دەدەن بە رانی خۆیاندا، ئاهێکی پڕناسۆرت بۆ دەکەن، ئەیخەمە باوەشتەوە ئەوە کۆرپە ئازیزەکەی تۆیە..خۆ تۆی گەورە لەزەتی کۆرپە لەباوەش گرتنت بۆ نەبوو هەروەک مرۆڤێکی ئاسایی .

هەواڵنامەی کتێب

## تێبینیی لە لایەن بنەماڵەی شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتانەوە :

راستکردنەوەی چەند زانیارییەک لە ژیانی ئەنوەری مەجید سولتان. لە لاپەڕە (٤٤-ژمارە١٠٤٥)ی گۆڤارەکەمان لە نووسینێکی برای بەڕێز ئازادی کاک مستەفا لە بارەی ژیانی شەهید (ئەنوەری مەجیدی سوڵتان)، لە باسی هێنانەوەی تەرمەکەی شەهید ئەنوەردا، ئێمە ئەڵێین، کە لە پێشوازیی تەرمەکەیدا تەنیا ناهیدەخانی دایکی کاک سەلاحی مەجید سوڵتان و وەستا قادر باوکی سورکێو پێشوازیان لێکرد. بۆ یارمەتیدانی شەهیدیش بۆ کۆلیژی سەربازی، کاک ئازاد نووسیبوی، کە بە یارمەتیی و هەوڵی خاڵی چۆتە ئەو کۆلیژەو تەواوی کردووە، کەلە راستیدا بە یارمەتیی و هەوڵ و کۆشش و دڵسۆزیی مامی عەبدولحەمید سوڵتان کۆلیژی سەربازی تەواوکردووە. هەروەک روونکردنەوەیەک ئەم دوو زانیارییەمان نووسی، سوپاس بۆ گۆڤاری سلێمانی و کاک ئازادی کاک مستەفا.

کەوالنامەی کتێب

سەرچاوەی زانیاری:

١- بنەماڵەی شەهید.
٢- لیوا سەیف الله علی قادر.
٣- کاک وەهابی پێشمەرگە.
٤-

(٤)

# تایەری عەلی والی بەگ[٦]



[٦] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٩٧، تشرینی دووەمی ٢٠٠٨.

هەڵبەت، هەر میللەتێک ئاوڕ لە رابردووی خۆی نەداتەوەو هەڵسەنگاندنی بۆنەبێتو راستو هەڵە لەیەک جیانەکاتەوە، ترسی ئەوە هەیە هەنگاوەکانی داهاتووی روو لە هەڵدێر بنێت .هەمووان کەمو زۆر لە مێژووی میللەتەکەمان دەزانین، تەنها ژیانی هەر تاکێک بەسە بۆ تێگەییشتن لێی. بە داخەوە زۆر کەم خۆشی تێدابووە. بە داخەوە هەمیشە لە سەنگەری بەرامبەریو خۆپاراستندا بووین. زۆر کەم پەرژاوینەتە سەر ژیانی خۆ بەرەو پێشکەوتن .

لە رۆژگارە هەرە تاریکو دژوارەکاندا، کۆمەڵێک کەسی بە ئەمەکو لەخۆبردوو، رۆڵی مەردایەتیان بینیوە. وەک چۆن دەڵێن (پیاوی رۆژی تەنگانە)، هەڵوێستەکانیان لەبەرچاو بوو .

لێرەدا باس لە پیاوێکی دڵسۆزو بە ئەمەک دەکەین، کە لەو رۆژگارە تاریکو سەختانەدا خەباتیان کردووە. ئەویش شەهید (تایەری عەلی والی بەگ)ە. بێ لەخۆشی.. خێزانەکەشی چەندین شەهیدیان هەیە، بەو هیوایەی، کە رۆڵی هەریەکەیان لەبەرچاو بگیرێت .

تایەری عەلی والی لە ساڵی ١٩٣٩ لە سلێمانی لەدایکبووە. قۆناغەکانی خوێندنی هەر لە ناو شاردا تەواوکردووە. پاشان چۆتە کۆلیژی سەربازی. لە ساڵی ١٩٦٠ بە پلەی مولازم دەرچووە .یەکەم کاری لە رەواندوز بووە. لە رۆژی ١٩٦٧/٣/٢٤لە دەربەندی رایات خێزانی پێکهێناوە. خاوەنی دوو کوڕو سێ کچ بوو. زۆر حەزی لە خواردن بووە. ئەوانەی ئەم پیاوەیان ناسیوە دەڵێن رقی لەخۆ شتن بووە. زۆر بە بەزەیی بووە. حەزی لە خوێندنەوە بووە، بە تایبەتی رۆمانو سیاسەت. دەست بڵاو بووە، پارەشی بە لاوە هەموو شتێک نەبووە .

سەرەتای شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٤ ئامرهێزی سەفین بووە. ساڵی ١٩٦٦ ئامر هێزی قەرەداغ بووە. لە هەموو قۆناغەکاندا دەوری بەرچاوی هەبووە. لە لای خەڵکی بە پیاوێکی لەخۆبردووو

بێ مەرام ناسراوە، تەنها ئەرکەکانی شۆڕشــی بە لاوە گــرنگە بــووە. لە رووی هەڵسوکەوتەوە پیاوێکی سادەو ساکار بووە. من خۆم بە ڕێکەوت لە سـلێمانی لە(گەڕەکی گاوران) چـوومەتە مـاڵەکەی، کە زۆر سـادە بـووە، ئەتـوانم بڵـێم، سەرەڕای ئەوەی لێپرسراو بوو،کەسوکارێکی زۆریشی لەدەوربـوو، بەڵام خـۆی هەروەک هەموو کەسێکی ئاسایی هەڵسوکەتی لەگەڵماندا دەکرد، کە من ئەوەم زۆر بەلاوە خۆشبوو .

سالّی ١٩٧٢ ئامر فەوجی پاسـەوانی سـنور بـووە، هەمیشـە بە ئۆتـۆمبیلە تایبەتەکەی، کە (موسەلەحەیەک) بوو، رۆژانە هاوڕێکانی دەگەیاندە شـوێنەکانی خۆیان. لە دوای سـالّی ١٩٧٥ دوورخـرایەوە بـۆ (پارێزگـای عەمـارە). وەک فەرمانبەر لە شارەوانیدا بوو. ژیـانی ئەو رۆژگـارە زۆر سـەخت بـوو، دڵشـکاوو لاوازو دەربەدەر، هەرچی پێی بگوترایە تروسکایی تێیدا بەدی نەدەکرا، چـونکە نەدەزانرا ئایندەی میللەت چی بەسەر دێ. لە ناو ئەو کەش‌و هەوایەدا تایەر لە ناو هاوڕێکانیدا زۆر چالاکانەو بە ورەوە جموجـوڵی خـۆی دەکـرد. خەریکـی کاری رێکخسـتنی نهێنـی بـوو. دەکـرێ بڵێین کەسـی سـەرەکی بـوو. لە دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆشیالیستیدا لەگەڵ شەهید عەلی عەسکەری‌و شەهید دکتۆر خالید پەیوەندی سەرەکیی هەبوو. بـۆ بینینـی شـەهید سـاڵح یوسـفی سەردانی بەغدادی دەکرد. لەهەمـان کاتـدا کـۆمەکی کـۆدەکردەوە. جارێـک (پێنج سەد دینار)ی لەخوالێخۆشـبوو (رەشـید عـارف) وەرگرتبـوو، دڵـی زۆر پێخۆش بووبوو، دیارە ئەو برە پارەیە بۆ ئەو سەردەمە زۆربووە (رەشید عـارف دەوڵەمەندێکی کورد بوو، لەبەغداد نیشتەجێ بوو). ئەو کاتەی، کە بڕیاریدا روو لە شاخ بکات، داوا لەخێزانەکەی دەکات، کە ئاڵتونەکـانی بـۆ بفرۆشـێ، بەڵام، خێزانەکەی رازی نەبووە، چونکە دەیزانی دوای رۆیشتنی شەهید تـایەر، تەنهـا سەرچاوە بۆ بژێـوی منـداڵەکانی، تەنهـا ئەو ئاڵتونـانەیە. پاشـان داوای قەرزی کردبـوو، لەسـەر ئەوەش رازی نەبـوون، چـونکە خێـزانەکەی دەیزانـی، کە لە

پاشەرۆژدا سەرچاوەیەک نابێت هەتا قەرزەکەی پێبدەنەوە، لە پاشدا هەرچۆنێک بێت چەند سەد دینارێک لەبەردەستا بووە، ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بردووە، بەر لە رۆیشتنی نەشتەرگەری ریخۆڵە کوێرەی کردووە، بۆ ئەوەی نەکا لە شاخ تووشی ئەو نەخۆشییە بێتو نەگاتە شوێنی مەبەست، یاخود ئەگەر بشگات، ئاشکرابێتو بەردەست بکەوێت، بۆیە ئەو نەشتەرگەرییەی کردووە (بێ ئەوەی ئازاری بوو بێت.)

هەموو گۆشو هۆشی لە لای خەباتکردن بووە بۆ میللەتەکەیو هیچیتر. هەر بۆیە کوڕی یەکەمی، کە ناوی (میران)ەو لەدایکبوی سلێمانییە، پاش چوار ساڵی رەبەق، ئینجا بینیویەتییەوە. هەمیشە رقی لە گێرەشێوێنیو دووزمانی بووە. تەنها خۆشەویستی بۆ خەباتکردن بەلاوە گرنگ بووە، رۆژێک نەبووە بۆ خۆی ژیابێت، هەمیشە خۆشیو ناخۆشی ژیانی لەگەڵ میللەتەکەیدا بووە، سەرەتای دروستبوونی رێکخستنی پێشمەرگە لە هەرێمی یەک لە شاخ بە لێپرسراوی یەکەم دانراوە.

ئەم پیاوە مەزنو لەخۆبردووە لە بنەماڵەیەکی ئاغا بووە، لە هەمان کاتدا ئەفسەری سەربازی بوو، کەچی مۆرکی هیچیانی پێوە دیارنەبوو، بە پێچەوانەوە زۆر سادەو هێمنو لەسەرخۆ بووە، لە هەڵسوکەوتدا لە کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ خەڵکیدا جەنجاڵی بیرکردنەوە بووە، بێدەنگ قسەی نەکردووە تا سەرەی خۆی نەهاتبێ .قسەکردنەکانیشی لەسەر ئەو باسانە بووە، کە خۆی زانیاریی تەواوی لەسەریان هەبوو. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ بە ئەرکی پێشمەرگایەتی بۆ شۆڕش بۆ هێنانی چەک بەرەو سوریا چووە، یەکێک بووە لە بەرپرسەکانی هێزی پێشمەرگە. لەرێگادا توشی گیروگرفتی سەرماو بەفربارین دەبێتو هەر لەوێدا لە چەند لایەکەوە دوژمن بە هێلیکۆپتەرو پیادەی سەربازی هێرش دەکاتە سەریان، لەوشەڕەدا تایەر سەری بەسەختی بریندار دەبێت، لە لایەن

هەوراز نامەی کتێب

دکتۆر خالدەوە بەوکەرەستە کەمەی لەبەردەستدا دەبێت چارەسەری کـاتی بـۆ دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە برینداربیەکەی سەخت بووە. بەڵام تایەر بەهای پێـنەداوە. هەر لە دوای ئەوە کارەساتی‌تریان تووش ئەبێـتو کـاک تـایەر بە جـوامێرانە بەشداریی خۆی هەر ئەکاتو بەو برینەشەوە سڵ لە دوژمن ناکاتەوە. لە پاشـدا هاوڕێکانی بیر لەوە دەکەنەوە، کە بیگەیەننە شوێنێک بـۆ ئەوەی چارەسـەری بۆ بکەن، چونکە برینەکەی سەختو گران بوو. بۆ ئەوەش رازی نەبوو، چونکە نەیئەویست لە هاوڕێکانی دوور بکەوێتەوە .باوکی کاک تایەر بە فەرمی ئەگـاتە تورکیاو هەرچۆنێک ئەبێ خۆی ئەگەیەنێـتە لای کـاک تـایەرو هاوڕێکـانی. لە پاشدا رادیۆیەکیان ئەداتێ بە هۆی ئەو رادیۆیەوە ئاگـاداری دەنگوباسـی دونیـا ئەبن، کەبەر لەوە ئاگایان لە هیچ دەنگوباسێک نەبووە .

بەڵام مەخابن دوای ئەو هەموو ژیانو بەسەرهاتە سەختو تاڵی‌و سـاردو گەرمییە، لە ناو خەباتدا خۆی‌و چەند هاوڕێیەکی لە قەنـدیلەوە (کـۆنە لاجـان) ئەیانەوێـت بەرەو ئێـران بـڕۆن، بە داخێکـی زۆرەوە لە رێگـا بەفرێکـی زۆر ئەبارێتو هەموویانی تێدا رەق ئەبنەوەو شەهید ئەبن. لەمانگی ۱۲ سـاڵی ۱۹۸۲ لە گۆڕستانی (میرەدێ)ی سەربە دەربەندیخان بە خاک ئەسپێرێ‌و بۆ دواجـار هەموو ئاواتو ئامانجو هیواکانی لە کوردستاندا بەجێ ئەهێڵێ. ئەوەی لە پاشی کاک تایەر بەجێما، لە رووی داراییەوە تەنها (۳۵ دینارو ئەڵقەی ژنهێنـانەکەی‌و دەمانچەیەکو تەزبیحێکی ئەبڵەق بوو). ئەمـانەش هەتـا ئێسـتا لە لای مـاڵ‌و منداڵی پارێزراوە. خەباتو هەڵوێستی جوامێرانەی پاکو بە ئەمەکو سەربەرزی کـاک تـایەرو ئەوانەی وا کردارێکیـان کـردووە، جێگـای لە لـوتکەی پیـرۆزو نەمریدا هەیە. لەگەڵ سوپاسێکی زۆر بۆ خێزانەکەی (خاتوو منیـرە)، کەئێسـتا لەگەڵ منداڵەکانیدا لە شاری سلێمانی ئەژین .

سەرچاوە:

١- منیرە خانی خێزانی شەهید تایەر.
٢- لیوا سەیف الله عەلی بەگ.
٣- شێخ عەلی کەشکۆڵ.

هەواڵنامەی کتێب

## (٥)

# شەهید شوان ( شامیل )[٧]



هەواڵنامەی کتێب

[٧] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٨٣، تەموزی ٢٠٠٧.

ئەو کاتانەی فرمێسکە پەنگ خواردووەکەی باوک فرمێسکە بە خوڕەکەی دایک‌و ناڵەو هاواری پڕ لە سۆزی براو خوشک‌و هاوڕێ‌و ئازیزانی شەهید ئەبینێت لەلای خۆتەوە تەنها بەو روخسارە ئەبیتە سۆزێکی پڕ لە ژانی لەبیرنەچوونەوە.. ئەو ئازارو ژانە تەنها مرۆڤە هەستدارەکان باوەشی گەورەیی‌و پیرۆزی بۆئەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز هەر نابێتە ئەوەی ئەو ئازارو بیرکردنەوەی، کە لە ناخو دەرونیان گڕ ئەگرێ ئەو هەست‌و ئازارو ژانە هەر لە دەروونی ئەوانەدایە، کە بۆ شەهید ئەیچێژن. ئەی ئەکرێ لەیاد بکرێت؟ ئەی ئەبێت کەمێک لە چزی ئەو ژانە کەم بێتەوە؟ هەرگیز نەخێر. ئەوەتا پێنووسەکەی دەستم وەک کۆرپەیەکی ژان هەڵگرتوو گینگەڵ ئەخوات‌و منیش لە باوەشی خۆشەویستی ئەگرم، هەوڵی ئەوە ئەدا لە دەمی خۆیەوە بکەوێتە هەڵڕشتنی ئەو وشەو رستەیەی کەشایەنی شەهیدە‌و تابلۆیەکی جوان‌و رەسەنی لێ دروست بکات، بۆ ئەکرێ؟ نا.. خۆی لە خۆی رازی نییە. کاتێک گۆرانی شاعیر هۆنراوەیەک بۆ کیژێک ئەڵێ بەناونیشانی (لە درزی پەچەوە) دوای ئەو هەموو جوانکارییە. کەچی لە دواییدا ئەڵێت: (خوایە، هێزێک ئینشایەک) ئەوەتا ئێمەش چی بڵێین‌و بنووسین، کە بۆ گەورەیی‌و پیرۆزی شەهید بێت هەر بچکۆلەیە لەبەر ئەوە ئەبێت بڵێن (خوایە هێزێک ئینشایەک).

شەهید شوان ساڵی **١٩٥٧** لەدایکبووی سلێمانی بەرخانەقا، شیوی قازی. لەناو خێزانێکی چ لە باوکەوە، یاخود لە دایکەوە، هەمیشە لە بەرەی میللەت بوون، خاوەنی شەهیدی زۆرن. ساڵی **١٩٧٢** لە تەمەنی خوێندکاریدا بە هۆی بۆچوونە زانستییەکانییەوە، بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا نەوزاد هاشم سدیق، کە مامۆستا بووە، شەهید شوان متمانەی مامۆستاکەی لا دروست دەبێت، ئەمە کاریگەری لە بیری دەکات، کە لە پاشدا رۆڵی خۆی دەبینێت لە هاتنە ناو ریزی کۆمەڵەوە .مامۆستا نەوزاد هاشم لەدوای راپەڕین، لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا بەدەستی خۆی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

هەوالنامەی کەرکوک

شەهید شوان لە کاتی خەبات زۆر جوامێرانەماڵئاوایی کرد. ساڵی ١٩٧٦ بۆتە سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ساڵی١٩٧٧ بۆتە سەرکردایەتی هەرێمەکان لە ناو شاری سلێمانی ١٩٧٧/٩/١ لە دامێنی گردەسوری نزیک دێی قازانقایە لەگەڵ سێ هاوڕێی قارەمانیتریدا بە نارنجۆک دوو دوو خۆیان کۆتاییان بە ژیانی پڕسەروەریی خۆیان هێنا، کە هاوڕێکانی (سمکۆ عەبدوڵلا، ڕەفیق غەریب، بەهمەن)، دوو هاوڕێی قارەمانیتریش پێش ئەوان شەهید دەبن. مەلا ئەحمەدو جوامێر شەهید شوان .

ئەم قارەمانە، هەر لەسەرەتای منداڵییەوە وریایی پێوە دیاربووە. لەناوخێزان‌و گەڕەکو قوتابخانەو هاوڕێکانیدا، گورجوگۆڵی‌و لێهاتوویی لەبەرچاویدا بووە. بۆ خۆدروستکردن لە رووی فیکرەوە لە کتێبخانەکەی باوکییەوە دەستی پێکردووە. زۆر تێکەڵاوی خەڵکی بووە بە تایبەتی‌و هەژاران‌و ڕەنجدەران پاش ئەوەی پابەندبووە بە ڕێکخستنەوە کارەکانی زۆرتربووەو ئەرکەکانی قورستر دەبێت لە ڕێکخستنی کۆمەڵە. لەلایەن سەرکردایەتییەوە ئەرکی دروستکردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانی پێ سپێرراوە. بۆیە، وەک سکرتێرێک کاری تێداکردووەو کارەکانی بەکارامەیی بەڕێوە بردووە. هەمیشە بۆچوون‌و راستکردنەوەو ڕەخنەکانی لە شوێنی خۆیدا کردووە. هەمیشە ویستوویەتی پرنسیپەکانی کۆمەڵەو خوێندکاران لە بنەڕەتدا تۆکمەو بە توانا بێت‌و زۆر بۆ دوور روانیوێتی. هەمیشە پەیوەندی بە شەهید ئارامەوە بووە.

لە ڕێگەی نامەگۆڕینەوەو بۆچوونەکانییەوە. لە ناو ماڵی خۆیدا حەشارگەیەکی دروستکردووە، بۆ پاراستنی نهێنییەکان‌و بە وێنەیەکی سەرۆک کۆماری عێراق، کەهەڵیواسیوە بۆ چەواشەکردنی دوژمنان .

عەبدولڕەحمن کیبی

شەهید شوان لە ناو شاردا کارەکانی لەبەرچاو بووە. کاتێک قوتابی ئەبێت لەپەیمانگا میری هەوڵی گرتنیان ئەدا، ئەم توانی نەهێڵێت بەردەست بکەوێتو رووی کردە شاخ. لە پێشمەرگایەتیشدا بە هەمان شێوە لە ناو خەڵکدا خۆشەویستو یارمەتی رەنجدەرانو هەژاران ئەداتو بەردەوام خوێندنەوە بۆ بۆچوونەکانی هەبووە. لە ١٩٧٧/٩/١ لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە بەرەو دێی قازانقایە بەڕێدەکەون بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ شەهید ئارامو بەرپرساندا بۆ دانانی پلانی تازەو کۆمەڵێ کاری پێویست. ئەم دەستەیە زووتر ئەگەنە شوێنی مەبەست. لەبەر ماندووبوونو برسێتیو عارەقکردنەوەیەکی زۆر ئەچنە مزگەوت بۆخۆشۆردنو حەوانەوە. پیاوانی میری لە قەرەداغەوە بە دوایانەوە ئەبن. تائەگەنە نزیک دێی قازانقایە. لە رێگا سوارێک ئەبینن لێی ئەپرسن، کە هاوڕێکانیان لەکوێن؟ وا قسە ئەکەن، کە گوایە ئەوانیش پێشمەرگەن سوارەکەش شوێنەکەیان پێئەڵێت. ئەمانەیش زۆر بەئاگاوە بەرەو مزگەوت ئەچن تا بەتەواوەتی لێیان نزیک ئەبنەوە کاتێک هێرش ئەکەنە سەریان، پاسەوان تەنها فریای تەقە ئەکەوێت پێشمەرگەش لە خۆشتن ئەبن، شەڕێکی گەرم دەستپێئەکات، لە چوار لاوە گەمارۆ دراون شەهید جوامێر بەخەستی بریندارە، بەڵام داوایان لێئەکات، کە بەجێی بهێڵن ئەم لێرەوە تەقە لە دوژمن ئەکاتو ئێوەش لە ژێربالی تەقەکردندا دەربچن، بەڵام ئەو داوایەی شەهید جوامێر قبوڵ ناکەن نایانەوێت بەو بریندارییەوە بەجێی بهێڵنو بکەوێتە دەستی دوژمن، لە لایەکی تریشەوە شەهید مەلا ئەحمەد شەهید بووە، شەڕ گەرمە دوژمن بەو هەموو هێزەوە هاتوون. کاتێکیش شەڕ دەستی پێکردووە، زۆر بەناغافلانە بووە، ئەمانیش هەموو لە خۆشتن بوون، شەڕ خۆکۆکردنەوە بە تەڕی لەگەڵ ئەو هەموو شتانەدا، کە لەئارادا بووە. هەر نەبۆتە ئەوەی لە شەڕەکەدا بە ئاسانی بشکێن. لە قۆڵێکەوە، کە شەهید ئارامو ئەوان هاتوون، گوێیان لە تەقەی شەڕ ئەبێت. رێزێک فیشەک ئەتەقێنن. بۆ ئەوەی ئاگاداری

شەهید شوانو ئەوان بکەن، کە ئەمان لەم قـۆڵەوەن، بەڵام بەداخێکـی زۆرەوە شەهید شوانو ئەوان وا تێئەگەن، کە ئەو قۆڵەشیان لێگیراوە. بۆیە هەتا بۆیـان کرابێ شەڕ ئەکەن. بەڵام کاتێک هەست ئەکەن، دوژمن زۆر نزیک بوونەتەوە. هەرچواریان خۆیان، خۆیـان شـەهید ئەکەن. لەبەر ئەوە خۆیـان شـەهید کـرد هەتا نەکەونە دەست دوژمنو ئاواتە گڵاوەکانیان بێـتە دی.. بـۆیە هەر لایەک دوو دوو لە چاڵێکدا نارنجۆک ئەخەنە نێوانی خۆیانەوە بەخۆیانـدا ئەیتەقێنـنەوەو هەر چواریـان شـەهید ئەبـن، ئەوەی جێـی باسـە ئەم چـوار شـەهیدە ئەم قارەمانێتییە لەگردە سوور نزیک قازانقـایە ئەم سـەروەرییە تۆمـار ئەکەن. لەبەر زۆری پووشو پەڵاشی وشکەوەبووی ناوچەکەش بە هۆی گڕی فیشەکەوە لەو جێگەیەدا لاشـەکانیان ئەسـوتێن، لە پاشـادا، کاتێـک ئەچـنە سـەرتەرمەکانیان، سـووتاون، بـۆ ناسـینەوەیان بە هـۆی هەنـدێ ناونیشـانەوە لە یەکیـان جیـا ئەکەنەوە، ئەمـــانە ئەو ڕۆڵە بە ئەمەکو شۆڕشــگێڕو قارەمانـــانە بـــوون، کە بەکردەوەو شێوازی شەهیدبوونەکانیان ترسێکی زیاتریـان خسـتبووە نـاو دڵو دەرونی دوژمنانەوە. قوتابخانەیەکی پڕ لە سەروەرییان بۆ بیرو باوەڕو گەورەیی بەرەنگاربوونەوە بەجێهێشت.. هەزارەها سڵاو لەگیانی پاکتان.

تێبینــی: ئەم وتـارە بە کەمێـک دەسـکارییەوە، هەروەهـا لەگەڵ چـاککردنی هەندێ زانیاریدا، بۆ ئەم کتێبە ئامادە کراوەتەوە

.

## زانیارییەکان:

١- کتێبـــی ژیاننامەی شەهید:
٢- شوعلەخانی خوشک شەهید
٣- کاک پێشڕەو ئەحمەد.
٤- کاک شۆڕش عەلی برای شەهید .

هەواڵنامەی کتێب

(٦)

# دوو ڕووداوی لەیەکچووی خەمناک[٨]

ڕەنگە نووسین کتومت نەتوانێت بچێتە ناخی باسەکەوە، وەک ئەوەی ئەبینرێ. بەڵام گێڕانەوەی کارێکی باشەو مرۆڤی خاوەن هەست بەرەو ژینگەیەکی‌تر ئەبات‌و جۆرە خۆشەویستییەک دروست ئەکات. من لێرەدا بۆیە ئەم دوو ڕووداوە ئەنووسمەوە، وێڕای پیرۆزی بابەتەکان، لەیەکچوونیشیان تێدایە .

## ڕووداوی یەکەم:

شەوێک لەشەوەکان مەفرەزەیەکی پێشمەرگە هاتبوونە ناو شارەوە، کە (ئازادی مەلا محمد) یەکێک بوو لەو پێشمەرگانە ، بۆ بەیانی دەنگوباس وابڵاوبوو، کە پێشمەرگەیەک بە برینداری لە پەنا ماڵێکدا بەجێماوە، هەرچەندە هاواری کردووە، بەڵام هیچ کەس لە خەڵکی گەڕەکی ئیبراهیم پاشا نەیان توانیوە بەهانایاوە بێن، پاشان شەهید بووەو شارەوانی ناشتوویەتی .

دەنگوباسەکە وای گەیاند، کە ئەو شەهیدە (ئازادی مەلا)یە. بۆیە یەک دوو لە هاوڕێکانمان چوون بۆ لای ئەو کابرایەی، کە ناشتوویەتی بۆ گەییشتن بەڕاستیەکە، کابرا داوای وێنەی کاک ئازادی کردبوو، کاتێک بۆیان بردبوو، بەڵێ ڕاستە ئەو کەسە شەهید ئازادە، بۆیە هەموومان زۆر بەنهێنی لە ماڵێک لە گەڕەکی عەقاری کۆبووینەوە، ناردمان بە دوای باوکیدا بۆ ئەوەی پێی

---

[٨] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ١١٠، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩.

رابگەیەنین. بەڵێ کاکە حەمەی باوکی سەری کرد بە ژوورەکەدا بینی هەندێ لە خزمان‌و هەموو هاوڕێکانی کاک ئازاد بە ماتی‌و شێواوییەوە بێدەنگ یەکسەر کاکە حەمە شڵەژاو ڕەنگی زەرد بوو، یەکەم پرسیاری ئەوەبوو وتی :

"ـ دەنگوباسی ئازاد؟"

کەس وەڵامی نەدایەوە .

پاشان وتی: "ـ ئەی کوان وریاو هیوا؟ "

وتمان: "ـ ئەوەتان لەودیون".

وتی :

"ـ باش بوو ".

ئەمجا بە لێوێکی لەرزۆکەوە..

وتی :

"ـ کاکە گیان تکا لە هەمووتان ئەکەم با زۆر نەیکەین بە هەرا، خۆتان ئەزانن ئەم رژێمە چەند دڕندیە، با توخوا ئەو دووانەشم تێدانەچن. ئێوەش جیاوازیتان نییە، هەروەها تکاتان لێ ئەکەم زۆر هێمن‌و وریا بن".

پاشان وتی :

"ـ ئەی چۆن بە دایک‌و خوشکەکانی بڵێین، ئەترسم بیکەنە هاوارو رژێم-مان لێتێبگەیەنن، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین یەک دوو برادەر بەشێوەیەکی ژیرانە بتوانن بیانگەیەننە ئێرەو با هەموو بە یەکەوە بە بێدەنگی سەربنێین بە یەکەو ئەوئازارە گەورەیە هەڵگرین. بەڵێ هەروا کرا .

ئای لەو کاتەی باوک دایک‌و خوشک برا، هەمووو بە یەکەوە شەهیدبوونی کاک ئازادیان پێ وترا، ناکرێ‌و نابێ هاواربکەین ئەبێ ئازارەکانی دەروونت بتاسێنی، فرمێسکەکان لەچاو نەبڕێن‌و وشەیەک لەلێوەوە دەرنەچێت، هەموو با بەچاو لە یەکتری بڕوانین .

ئەرێ پێم نالێن کاکە حەمەی باوک بەو تەمەنەوە بەو لەشە لاوازەوە جگەرگۆشەیەکت بەو جۆرە شەهید بێت، چۆن، کە هاتیتە ژوورەوە تەنها بەدانیشتن‌و ماتەمینەوە یەکسەر هەواڵی کاک ئازادت پرسی؟ ئەی چۆن تێگەییشتیت، کە شەهیدبووە، ئەی چۆن ئەو دڵە مەزنە بەرگەی ئەو هەواڵەی گرت، تەنها ئەمەندەی ووت، وتی ئازاد گیان خێرت لەخۆت نەدی، بەرلە شەهیدبوونت بەهۆی کاری ڕێکخستنەوە هەمیشە لەدڵەڕاوکێدا بووی، پاشان بەندیخانەو ئەشکەنجەدان، ماڵئاوا .

تێبینی: شەهید ئازاد مەلا محمد، ناسراوە بە شەهید ئازادی مەلا، ٧-٨/٣/١٩٨٠ لە ئیبراهیم پاشا بریندار بوو، پاشان شەهید بوو .

هەواڵنامەی کتێب

## ڕووداوی دووەم:

بەر لە ماوەیەکی کورت کاکە هاوار جەلال، برای کاک ئیبراهیم جەلال لەناوزەنگ بوو، بۆ کاری تایبەتی خۆی سەردانی هەموو لایەکی کرد، بۆچەند ڕۆژێک پاشان گەڕایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی، لە پاش چەند ڕۆژێک هەواڵی شەهیدبوونی گەییشتە لامان .

ئای چەند ناخۆش بوو، سەرەڕای ئەوەش دڵمان لە لای کاک ئیبراهیمی براگەورەی بوو، ئەمانزانی بە بێ ئەوە لە چ بارێکی دەروونی ناخۆشدایە، هەوڵماندا جارێ کەس پێی نەڵێت، دەورماندا، نەمانهێشت ئەو هەواڵەی پێ بوترێ. لەپاشدا چار نەما بە کۆمەڵ سەردانی یەکەیەکەی مەقەرەکانمان ئەکرد هاوین بوو، لە دواجار لە مەقەری کاک ئەرسەلان بایز گیرساینەوە، لە یەکتریمان گەیاند باپێی بڵێین، بۆیە بە کاک ئەرسەلانمان وت با بە بەڕێز هەڤاڵ مام جەلال بڵێت، کە پێی بڵێین یان نا..؟

کەسێکمان هەڵبژارد، کە بە شێوەیەکی جوان هەواڵەکە بە کاک ئیبراهیمی  برا گەورەی بڵێت، ئەو کەسەش کاک رەفعەتی مەلا بوو، کاک رەفعەت کەوتە باسی شۆڕش و پێشمەرگە، بەوەی لەپێناو دەستکەوتەکانی میللەتدا ئەبێ شۆڕش چی بکات و پێشمەرگە چۆن لەپێناویدا ئەبێتە قوربانی، ئەم قسانە هەمووی ئاشنابوو بۆمان، بەڵام کاک رەفعەت، کە باسی ئەو شتانەی ئەکرد، هەر رووی لەکاک ئیبراهیم بوو، ئێمە هەموو ماتو بێدەنگ لە سەرەتادا کاک ئیبراهیم ئاسایی بوو، پاشان هەستی کرد ئەم قسانە بۆ ئەوە، چونکە کاک رەفعەت هەر ڕووی لەوبوو، پاشان بەخۆی هاتەوەو قومێکی قوڵی لە جگەرەکەیداو رەنگی تێکچووو شین هەڵگەڕاو کەوتە سەرچۆک وسەیرێکی هەمووومانی کردو رووی کردە کاک رەفعەت، ووتی تکاتان لێ ئەکەم چی روویداوە؟ لێم مەشارنەوە، جارێکی تر سەیری هەمووومانی کرد پەیتا پەیتا قوومی لەجگەرەکەی ئەدا، دەستەکانی رائەوەشان

ئەیوت: "ـ لێم مەشارنەوە، پێم بڵێن، ئێمە پێشمەرگەین خۆمان بۆ هەموو شتێک ئامادەکردووە".

پاشان کاک رەفعەت وتی :

"ـ کاک هاوار، وتی هاوار چی؟ دەموچاوی خەریکبوو لە پێستی خۆی ئەهاتە دەرەوە کۆنترۆڵی لەشی لەدەستدابوو، نەیئەزانی چیبکات. هاوار بکات، یان هێمن بێت، پاشان وتی:

"ـ بریندارە ".

وتی: توخوا بە راستی پێم بڵێن شەهید بووە، یان بریندار، کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەو بێدەنگییە پێی راگەیاند، کە شەهید بووە.

ئای لەو برایە چی لێهات، روویکردە ئاسمانو دەستیدا بە دەموچاویداو وتی: "ـ ئای کاکە هاوار تۆش ماڵئاواییت لێکردم، تۆش چوویتە لای شەهید

هەوارنامەی کتێب

خەلیلی برامان، خۆ رزگاری برامانو وکچەکەمو دایکی ئەوەتان لە زیندانی فاشیستەکاندا، تۆش رێگای شەهیدانت پیرۆز بێت .

لەراستیدا بە چاوی خۆت ئەو وێنەیە نەبینی، هەست ناکەیت چۆن ئازارێکەو گرەکەی چەندە بەسۆیە .


تێبینی: شەهید هاوار لەساڵی ١٩٨٢ لە سەنگەسەر ـ بەستەسێن، کەوتبووە بۆسەیەکەوە شەهیدبوو .

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

(٧)

# مەحمودی مەلا عیززەت[٩]




[٩] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٦٩٨ ساڵی چوارەم، چوار شەممە، ١٥-٦-٢٠٠٥.

بەر لە دوێنی مامۆستام بووی، دوێنێ بەڕێوەبەرم بووی، ئەمڕۆ هـاوڕێی.
وەک مامۆسـتا تونـدوتیژ وانەکـانی ئەوتـەوە. قسـەکانی وشـک، لە ترسـی قسەیەکی وانەکەمان باش ئەخوێندەوە، وەک بەڕێوەبەر هەمان دەستور ئەوسا کوڕو کچ لەوقوتابخانەیەدا پێکەوە دەمانخوێنـد، زۆر بەئاگـاوە قسـەمان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد. ڕۆژگار هاتوچوو، بەهـۆی ئەدەب و سیاسـەت و ناسـیاوییەوە لە یەکتر نزیکبوینەوە، تاکو بووینە هاوڕێ .

بە هەموو شتەکانی لە من گەورەتر بوو. ڕابردووم لە یاد چووبوو. هەستم نەدەکرد هاوڕێی تەمەنم نییە. لەو یەکتـری ئاشـکرابوونەدا بـۆم دەرکەوت ئەم پیاوە چەند گەورەیە. شەیدای وشەی کوردیی، لە ناخی دڵەوە شێت و شـەیدای مێژووی کوردبوو، هەوڵدانی نەپساوەی ساغکردنەوەی مێژووی ڕەسەنی کـورد بوو.

بۆ ماندوویی دەزانی؟ بۆ چاوەڕوانی یاداشتێک و ئافەرینێـک بـووی؟ ئەو کاتـانە، کەئەو عەوداڵی باسێکی وەها گرنگ بووی، هەر ئەو کاتە دەتزانی ئەو پیاوە چەند دڵسـۆزە، ئەو کـاتە دەتزانـی چـی لە مێشـک و دەرونیـدا هەیە بـۆ دوارۆژی میللەتەکەی .ئەوکاتە دەتزانی چـۆن دەیەوێـت میللەتەکەی بگەیەنێـتە ئاسـتی میللەتانی‌تری دونیا، بەرهەم و نووسینەکانی گەواهیی ئەوەی بۆ دەدەن.

لە نووسـینی (کـاروانی بـێ کۆتـایی)دا، زمـانی ڕەسـەنی خـۆی وەک جوانکـاری و ڕازانـدنەوەی وشـەی ناسـک و وردەکـاری بە سـەلیقە هەمـووی ڕەنگدەداتەوە .

پێم وت :

ـ "مامۆستا هەستم نەدەکرد ئەوەندە ڕۆمانسی و ناسک بیت "!

بە پێکەنینەوە وتی :

ـ "دەبێت هەر شتەو لە شوێنی خۆیدا بەکاربێت".

عەوالنامەی کتێب

کــاتو شــوێن کارەکەیــان دیــاری دەکــات، وەنەبێــت ئەم پیــاوە گەورەیە لەشتەکانی پێشووی خۆیدا دانــی بە هەڵەکانـدا نەنابێـت. بە پـێچەوانەوە، لەزۆر شتدا دەیوت :

"ـ ڕاستە، نەدەبوایە ئەوەندە وشکبوومایە لەگەڵتاندا، بەڵام بە بۆچوونی خــۆم ئەو کاتە وامدەزانی ئەوە باشە ".

لە شــتە سیاســیو ئیدارییەکانیشــدا پێــی لەســەر ئەو شــتانە دادەگــرت، کەبەباشی دەزانی .

پێش ماڵئاوایی، چوومە خزمەتی. وەک کەسێکی بەهێزو بە توانـا، لەگەڵ قسەکردندا خەریکی کۆمپیوتەرەکەی بوو .نەخۆشیی نەگریس وازی لەم پیـاوە گەورەیە بهێنــایە! ئێســتا بــۆ ئەم مامۆســتایە کــاتی بەدواداچــوونو دۆزیــنەوەو نووسینی بە کەڵک بوو. ئەوە بۆ دەبێت ئەم میللەتە ستەمدیدەیە لە کــاتی زۆر ناســکو پێویســتدا، مــرۆڤە بە هــیمەتو بلیمەتەکــانی هەریەکەو بە جۆرێــک لێبسەنێتەوە؟

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

(٨)

# لە ڕوانگەی بیلبیلەکانەوە[١٠]



هەواڵنامەی کتێب

[١٠] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە **٣٩٩٠**، هەینی، **٩-٦-٢٠٠٦**.

ئێوارەی ڕۆژێک بوو لە مانگی حوزەیرای ساڵی **١٩٦٣**. بۆ بەیانی تاقیکردنەوەی بەکالۆریای شەشەمی سەرەتایی بوو، دوو وانە مابوو، ئەو ئێوارەیە کۆمەڵێک زریپۆش‌و دەبابەو هەموو بابەتەکانی بەرەو حامییەی سلێمانی دەچوو، ئەو کات ماڵی ئەمیش لە نزیک (حامیە) بوو، هەموویان بە چاوێکی سەرسوڕمانەوە تێیان دەڕوانی، بە دڵ سافی‌و بێ ئاگاییەوە، دانە دانەیان ئەبژارد. کێ دەزانێ ئەم هەموو دڕندەیە چی ئەنجام ئەدەن؟ هەموو لە بەردەم دوکانی گەڕەکدا کۆبوونەوە، پاشان هەر کەسەو بۆ ماڵی خۆی دەیویست زوو بنوێت هەتا بەیانی زوو بەرەو تاقیکردنەوە بڕوات. هێشتا دونیا تاریک‌و ڕوون بوو. هەموو لەحەوشە نوستبووین. کەمێک دونیا ڕووناک بووبووەوە. دەنگێک دەگەڕێت زۆر تێناگەین. دراوسێکان لەسەربان‌و حەوشەدا. پرسیار لە سەرچاوەی دەنگەکە دەکرێت. نازانرێت. لە پڕ دەنگێک هات‌و وتی :

"ـ هاتوچۆ قەدەغەیە.." هەموو بە چاوی کەم خەوییەوە دۆشداماو نازانن چییە؟"

ئەم لای خۆیەوە بیر لەوە دەکاتەوە :

"ـ ئەی تاقیکردنەوەکان چی بەسەردێ؟ "

برا کەڕوڵاڵەکەی خێرا خێرا پرسیار دەکات:

"ـ چی ڕوویداوە؟ "

ناوماڵ زەخیرەیەکی ئەوتۆی تێدا نییە. دونیا ڕووناک دەبێتەوە. تەقە دەستپێکرد. دوورو نزیک. جارجارەش هاڕەی دەستڕێژی خەست لە نزیکەوە. هەر یەک خۆی دەخزێنێتە شوێنێک. بێدەنگی هەموو لایەکی داپۆشیبوو. لە پڕ دەنگی دراوسێیەک دەهات. پرسیار لەم دیوو لەو دیو. ئەو ڕۆژە بەو شێوەیە دەنگی دەبابەو دەستڕێژو هاواری جەندرمەکان‌و وڕەی ئۆتۆمبێل لە کۆڵانەکاندا. نانخواردنێکی پڕ لە ژان. دونیا بەرەو تاریک دەڕوات. هاتوچۆی دەبابەو مودەڕەعە ناوەستێ. نەک ناو حەوشە. بۆ ژوورەکە

هەموو النامەی کتێب

هەریەکەو لە پەنا دیوارێکدا پاڵدەکەوێت. دونیا کشوماتە. بێدەنگی وای لێکردبوون، دەنگی مێشولە هەراسانی دەکردن. شریخەی دەستڕێژ، دەنگی زنجیری دەبابە لە غەفڵەتدا. هەموو بە ئاگا دەهاتینەوە. بەم شێوەیە ڕۆژ بووەوە. پاش یەک دوو ڕۆژ دەنگی دراوسێ بەرز بووەوە. بە هاوارو پاڕانەوە. ئەوان بە کوردی. ئەوانیتر بەعەرەبی. دەنگ گەییشت. لێیان گیرا .دەنگی دەرگای ئەمان هات. بە خێرایی شەق تێهەڵدان‌و هاوار. باوک شڵەژا:

"ـ هەر خۆم دەچم "!

هەموو بە چاوی حەپەساوەوە. بە ترسەوە. خۆ لەیەک نزیککردنەوە. هەرچۆنێک بوو دەرگا کرایەوە. خودە بەسەر، ڕەش داگەڕاو، تەپو تۆزاوی‌و چڵکن. بە پەلەو بە چەکەکانیان‌و دەنگی ناسازی پۆستاڵەکانیانەوە خۆیان کرد بەماڵدا. پاڵی یەکەم نرا بە باوکەوە. باوک سوور هەڵگەڕا. خۆی گرتەوە، وەک ئەوەی بە دوای شتێکی زۆر گرنگ‌و قەدەغەکراودا بگەڕێن .ژوورەکان. شتێک نەبوو دیار نەبێ. هەرهەموویان بە سەر یەکدا شێلا. ڕوویانکردە ئاودەست، حەمام، سەرتوونی حەمام. شوێن نەما نەیپشکنن. خێزان هەموو لە شوێنێکدا گرمۆڵەبوون. واق وڕماو. ترس. پرسیار ئاودامانی گرتبوون. باوک بە شڵەژاوییەوە، پەیتا پەیتا ئەڵێت :

"ـ هیچ نییە. خوا کەریمە "..

لەپڕ ئەفسەری لێپرساو بە فیزێکەوە، بە دوو سەربازیترەوە خۆیان کرد بەژووردا. سەربازەکان سەلامی سەربازی خۆیان کردو لێی کۆبوونەوە. لە نێوان خۆیاندا کۆمەڵێ قسەیان کرد. کەس لێیان تێناگات. دایک بە پاڕانەوەو چاوی پڕفرمێسکەوە دەستەکانی بۆتە فرفرۆکە، ئیشارە بۆ هەموو خێزانەکە دەکات. دەستەکانی بۆ ئاسمان. ئەوانیش هەر قسەدەکەن، کەس تێناگات. لەپڕ دەستیان دایە دەستی باوک. بە پاڵ، بێئەوەی بهێڵن شتێک لە گەڵ خۆی بەرێت .هەموو بە جارێک بە گریان‌و بە هاوارەوە چوونە بەردەستیان.

هەوراز نامەی کتێب

نازانرێت شێوەی ئەم رووخسارانە ئەو فرمێسکانە چ تـابلۆیەکی غەمنـاکو پڕ لەچەوسانەوە بوو. لەپڕ وشەی (فەقیـر) چەنـد جارێـک دووبـارە بـووەوە. دەرگا کرایەوە رۆشتنە دەرەوە. ئەمیش فرسەتی هێناو چووە دەرەوە. بینی وا زیلێک لەبەر دەرگایە پیاوانی گەڕەکیان تێخزاندووە. پاش هێوربوونەوە، شتێک بخورێت. کووپەڵە ترخێنەکە بووە سەچاوەی خواردن. دەنگی تەقەو ئۆتۆمبیلو دەبابە بەردەوام بە یەک دەگەن. چەند رۆژێکی خایانـد. دەنگـی دراوسـێکان بەئەسپایی بە یەک دەگات. دەنگ بڵاوە، کەوا خەڵکی دەتـوانن بێـنە دەرێ. دەرگا کرایەوە، هەموو بۆ دوکانی گەڕەک بۆ کڕینـی هەنـدێ پێداویسـی. لەو کاتەدا بوو، هاڕەی دەسترێژ هات. هەریەک بە لایەکدا. کۆمەڵێک خۆیان کرد بە نێو ماڵدا. سەربازەکان خۆیان کرد بە ژووردا. کەسێک، کە میوان بوو، لەوە دەچوو پێشمەرگە بێت، لە نێودا بوو. سەربازێک بە تفەنگەوە بەرەو پیری چوو. دایک چووە بەردەمی. لولەی تفەنگەکەی خستە سـەر سـنگی. دایـک لـولەی تفەنگەکەی گرت. لەسەر سنگی لایدا. بە کوردی ئەیوت :

"ـ هیچ نییە، ئێمە هەموو دراوسێین، هیچ نەبووە".

سەربازەکان چوونە دەرەوە .لەپڕ دەنگێک هات وترا :

"ـ مام قادر کوژرا"..

مام قادر دوکاندار بوو .خۆیو خێزانەکەی، کە چەند کەسێک دەبوون. دەنگی هاتنە دەرەوە درا. روویکردە دەرەوە .شەقامەکان خوێنیـان لێـدەتکا. هەمـوو سەرسـوچەکان سـەربازو مـودەڕڕەعەی لێوەسـتاوە. بە هـۆی بـۆگەنکردنی شتومەکی نێو دوکانەکانەوە، نێو بـازاڕ بـۆنێکی زۆر ناخۆشـی لێـدەهات. لەپـڕ دەنگی تەقە دەستپێکردەوە. هەموو رایـانکرد. ئەمـیش لەگەڵیانـدا بە نـیمچە ڕاکردنو رۆییشتنەوە بەرەو ماڵەوە. بەڵام دەبوایە هەردوو دەستت بە ئاسمانەوە بووایە .بەکابرای وت :

"ـ خاڵە ئەوە چی بووە؟"

هەوارنامەی کتێب

وتی :

"ـ بێدەنگبەو بڕۆ، نازانم"!..

کاتێک نزیکبوونەوە لە ماڵەوە، هەرکەسە لە ماڵەکانیانەوە سەری دەرهێنـایەوە.

لە بەردەمی ماڵەوەدا دایک بە پەلەو گریان باوەشی پێداکردو وتی :

"ـ هەی سەرشین، بە کوێدا راتکردە دەرەوە؟ "

چەند رۆژێک هەروا رۆیشت. کاتی تاقیکردنەوەی بەکـالۆری ئەو وانـانە دیـاری کـرایەوە، چ تـاقیکردنەوەیەک بـوو؟ چ چوونێـک بـوو؟ دڵە لەرزێو بێـدەنگی. لەپـڕ، ئەو تەرمە بەسـتراوە بەداوی ئۆتـۆمبیلێکەوەو بە نێـو شـاردا دەیگەڕێـنن. ئەوە تەرمـی پێشـمەرگەیە بـۆ ترسـاندن. ئەمە خەڵکیـی زیـاتر تورەدەکرد. بۆ جارێکی تر لەبەردەرکی سەرادا چەند لاشـەیەک وەک قەقـنەس سووتان. ئەمانە پێشمەرگەن. خەڵکی شار هەموو خزێنراونەتە نێو ئەسـتەبڵەکانی نێو حامیە. کەس نازانێ بەندکراوەکان چییان لێکراوە. دەنگوباس هەیە لێیـان دەکوژرێ. هەر لەو کاتەدا (بەکرە کۆڵ) جاربەجارێک لە نێو بـازاڕدا کەسـێک لە میری دەکوژێت .سیخورێکیش بەچەقۆی (شێخ عوسـمان) سـەردەبڕرێت. ماڵەکان هەموویان دەرگایان لەسەرپشتە بۆ پێشمەرگە. پاش ماوەیەک دەنـگ هات، کە بەنـدکراوەکان لێیـان بەردەدرێـت. تـا وای لێهـات، بەنـدکراوەکان بەردەدەرێن. دەبووایە هەر هەموویان بەرەو بەردەرکی سەرا بڕۆن و کەسێکیش لە پێشەوە بێت و دژی پێشمەرگەو شۆڕش هـاوار بکـات. ئەوانـیش وەڵامیـان دەدایەوە. بەنـدکراوەکان رەنـگ هەڵبزڕکـاو، لاوازو چڵکـن، تادەگەییشـتنە بەردەرکی سەرا، دەبوایە هەموو بە دڵی میری هاوار بکەن و دژی شۆڕش بن.

پاش ئەوە، هەریەکە بەرەو ماڵ دەبرانەوە. زانرا کە ئەو مـاوەیەی لە نێـو (حامییە)دا بوون، چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە. کێ شەهید کراوە. چۆن چۆنی بووە. پـاش مـاوەیەک گفتوگـۆ دەسـتیپیکرد. رێگـا درا شـەهیدەکان

بدۆزرێنەوە. هەمـوو روویـانکردە (حـامییە)و دەوروبەری. کەوتـنە هەڵکەنـدنی زەوییەکە. لەپڕ دەنگێک بەرزدەبووەوە:

"ـ وەرن ئەو جلە دەرکەوت، گۆڕە بەکۆمەڵەکان دۆزرانەوە".

یەکەم هەنگاوی جینۆساید بەرامبەر بە کورد لەلایەن بەعسییانەوە لەو رۆژەوە دەستییپێکرد.

هەواڵنامەی کتێب

(٩)

# پەیڤێک بۆ حەمە جەزای هونەرمەندی پێشمەرگە[١١]



[١١] عەبدوڵڵا عوسمان عەلی، حەمە جەزا.. هونەرمەند و پێشمەرگە، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٩.

ئەمەی لێـــرەدا دەیڵـــێم، دڵـــۆپێکە لە دەریـــایەکی کـــاکە حەمە جەزا.
چـــارەنووس وای ڕەخســـاند کۆمەڵێـــک خێزانـــی بە ئەمەک و نیشـــتمانپەروەر لەگەڕەکێکدا یەکانگیر بـــووین. دیـــارە چەم بـــێ چەقەڵ نابێـــت .بەڵام زۆربەی هەرە زۆری لەو کەسانەبوون، کە دەتوانرێت لە ڕابردووو ئێستادا شانازییان پێوە بکرێت .

حەمە جەزا دەنگە خۆشـــەکەی هەر لەســـەرەتاوە بەدەرکەوت. لای ئـــێمە (حەمەی حاجی عەلی)، لە لای خەڵکی (حەمە جەزا.)

حاجی عەلی بـــاوکی، یەکێـــک بـــوو لە پیـــاوە ناودارەکـــانی شـــار. ڕێـــزو قورساییەکی خـــۆی هەبـــوو. هـــەر کـــاتێ لە گەڕەکـــدا دەرئەکەوت، ژن و پیـــاو، گەورەو بچوک دەبوایە ڕێزیان بۆ بنواندایە .

دەرکەوتن و خۆشەویستیی حەمە جەزا لە هونەرە جوانەکەیدا بوو. هەمـــوو گەڕەک ئاشنای بوون. کاتێکمان زانی، کاکە پێش ئەوەی گۆرانی بڵـــێ، بیـــرە دەخواتەوە. پرسیمان بۆ؟ بە زیرەکییەکەی خۆی ئەیوت :ئەمە بۆیە ئەخـــۆمەوە، لەبەر دەنگم، چونکە ئەم بیرەیە وەتەرەکانی قوڕگم پاک ئەکـــاتەوە، لەو کـــاتەدا حەمە جەزا لاسایی دەنگی گۆرانیبێژی ناوداری ئێرانی (ئیرەج)ی دەکردەوە .

پاش خواردنەوەی بیرەکە ئینجـــا دەیچریکانـــدو بە نـــاو کۆڵانەکـــانی گەڕەکـــدا دەنگی ئەلەراندەوە. خەڵکی ناوگەڕەک گشتیان بە حەمە جەزا ئاشنا بووبـــوون. دەنگی حەمە جەزایان پێخۆش بـــوو. لەولاوە بـــۆنی گوڵەکـــانی نـــاو بـــاخچەی گشتی لەم لاوە بۆن و بەرامەی یانەی فەرمانبەران، کۆڵانەکانمان پاکو خـــاوێن لەگەڵ دەنگی کاکەحەمەجەزا هەموویان پێکەوە تابلۆیەکی جوانیان ئەبەخشـــیو هەموو پێکەوە دڵشاد ئەبووین، ئەمە تەمەنی زۆر ســـەرەتاییمان بـــوو، بەڵام ٩ی حوزەیرانی ساڵی١٩٦٣ باڵی خۆی کێشا بەســـەر تەمەنـــی منـــداڵی و لاوێتیمانـــدا، هێشتا تامی شیلەی خۆشی گەنجێتیمان نەچەشـــتبوو، تەقەو کوشـــتن و گـــرتن و

خوێن‌و ترس باوەشی پێداکردین، لەنـاو ئەو کەش‌و هەوا نـاهەموارەدا، (کـاکە حەمە)ی ڕاچڵەکاندو هەستی بەرەنگاربوونەوەو بیرکردنەوەی چەکەرەی کرد .

حەمە جەزا گۆرانییەکانی ئیرەجـی گـۆڕی بە هـۆنراوە نیشـتمانییەکان، کە باسی لە هەژاری‌و چەرمەسـەری دەکـرد، کە باسـی لە هەژاری‌و چەرمەسـەری دەکـرد، وشـەی پێشـمەرگەو شـەهید زمـانی پژانـد، ئەمە یەکەم قوتابخـانەی پێگەیاندنی حەمەجەزا بوو. بیرم دێ، دایکی خوالێخۆشبووم دەیوت :

"ـ حەمە گیان وەرە لایە لایەکەم بۆ بڵێ".

دایکیشم هەردوو دەستی لە ئەژنۆی دەئالاندو بە دڵ گوێی لێ دەگرت‌و پەیتا پەیتـا فرمێسـکی ئەڕشـت. هەر هەمووموـان بە دەم دەنـگە خۆشـەکەی حەمە جەزاوە خەم دایدەگرتین.

بەڵێ، دەڵێن حەمە جەزا خواردنی خۆش لێئەنێ، تامێکی تـایبەتی هەیە. هەر لە هەمان کاتدا ماسی تووناى بۆ دەکڕین. هەر ئەو کـاتە جـۆرە تـامێکی تایبەتی هەبوو. لە دەست‌و پلدا، ئەوە تەنها ئەوە نییە، کە لێزان بێـت، بەڵکـو ڕۆحانییەتی دڵ‌و دەرونی پاکی دەوێـت. هەر کاتێـک، کە مـرۆڤ دڵ پـاک‌و دەست والا بوو، دیارە خواردنەکەشی هەر خۆش بەتەما دەبێت .

بەڵێ، کاکە حەمە حەزی بە هونەرو خۆشەویسـتی پـاک ئەکـرد، خـوێن‌و فیشەکی خـۆش نەئەویسـت، بەڵام دڕنـدایەتی دوژمـن وای لێکـرد، لە پێنـاو میللەت‌و هەژاراندا ڕوو لە تفەنگ بکات‌و بیکاتە شانی‌و لەباوەشی بگرێـت، هەر بۆیە کاکە حەمە تفەنـگ‌و هـونەری بە یەک ناسـاندو خۆشـی لەو پێنـاوەدا بەخشی. لەبەندیخانە بووە میوان، شاخ بووە جێگەی ژیانی .

کاتێک دەنگی دەسترێژو بۆردمانی دەبیسـت، لای خـۆیەوە ئـاوازێکی بۆدادەنا. کاتێک بەسەرهاتەکانیشی دەبینی .دەیکرد بە هۆنراوەیەک. ئینجا بە

دەنگی خۆی لەگەڵ منداڵەکانی دەیکردە گۆرانیو سروودو پێشکەشی دەکـرد، هەر بۆیە کاکەحەمە بە هونەرمەندی پێشمەرگە ناسراوە .

ئەوە بـوو، وەکـو وەفـادارییەک لەگەڵ (خەپە خـان)ی خێزانــی هــاتن بۆسەردانی (مالیک)ی برام. ئای لەو باوەشە گەرمو پیرۆزەی (کـاکە حەمە)، کەکردی بە باوەشی مالیکی برامدا. ماچی کردو پاشان خەمو رامان دایگرتو لە(مالیک)ی دەڕوانیو فرمێسکە گەرمەکانی، ناوچاوە رەشە جوانەکانی گـرتو پڕبوو لە وەفاو پیاوەتیو گەورەیی، وێنەکەی پڕبوو لە وەفـاداری .لە کۆتاییـدا تەمەن درێژو لەش ساغ بێت. هیوادارم زوو چاک بێتەوەو بگەڕێـتەوە ناومـان، هەتا پێی شادبینەوەو لە نزیکەوە بۆنو بەرامەی جاران بە یەکتردا بڕژێنین.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

## چیرۆک

(١) هەواڵەکانی هەموو رۆژەی شار
(٢) عەشقی حەمە شوان
(٣) عشق الراعي ... قصة، ترجمة: محمود عبدالرزاق
(٤) نهێنی دوا نامە
(٥) ناخم جێماهێڵێ
(٦) حەمە عەلی خان: سینەماکار-
(٧) سیناریۆی فیلمە سینەماییەکان بە ئاوازەیی چەکەرە دەکەن

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

(١)

# هەواڵەکانی هەموو ڕۆژەی شار[١٢]

هەواڵەکان تا دەهاتن گومانی زیاتریـان لە نێـو دڵـی خەڵکـی دەچانـد. هەرکەسە لای خۆیەوە بە دەفتەری بیروڕایدا دەچووەوەو لاپەڕەی ڕۆژەکـانی ڕابردووی پەڕە پەڕە دەکرد. یەک بە یەکی دانیشتووی کۆڕەکانی دەهێنـایەوە یـاد.. ئەم شـتانە مێشـکی خەڵکەکەیـان خواردبـوو .دەنگوباسـی درۆزنەکـان وایاندەگەیانـد نـاوی چەنـد کەسـێکی دیـکەش بەڕێـوەیە. هەرکەسـە لە لای خۆیەوە جۆرە پلانێکی بۆ خۆی دانابوو. جێگەو ڕێـگەی شـەوو ڕۆژی خۆیـان گۆڕیبوو .

ماوەیەکە چەند کەسـێک بێسـەرو شـوێنن. شـەوی هەینـی لە پێخەفـی خۆیان دەرکردوون و بە خێزانەکانیان وتووە پاش چەند سەعاتێکی دیکە دێنەوە بۆ لاتان. تەنها کارێکی خۆمانمان پێیان هەیە. ماڵ و منـداڵ خەو لە چاویـان تەقی. خەموپەژارە دۆش دایگرتبوون. چاوەڕوانی ئۆقرەی لەبەر هەڵگرتبـوون. تاوەکو بەیانی سرەوتیان نەبوو، دەنگوباسـی ئەمـانە شـاری تەنـی. هەر کەس لەلای خۆیەوە باسی دەکردن. دەفتەری کـۆن و تـازەی هەر یەکەیـان خـرایە بەرنـوکی نەشـتەری قسـەکەران. هەرچـی دۆسـت و ناسـیاویش هەبـوو لەگەڵ خێزانەکانیاندا کەوتنە پەلەقاژەی هەواڵزانین. کون نەما سـەری پێـدانەکرێ .. کەسێک نەما دامێنـی نەگیرێـت.. پـارەو پـولێکی زۆر لەبەرد درا. هەواڵەکـان هەمووی لە ئاسـتی خۆیانـدا تروسـکایی هیوایـان زینـدەبەچاڵ دەکـرد. کـار گەییشتە ئەوەی ڕوو لە مەلاو شێخی کۆلان و لادێکان بکرێت بـۆ ئەوەی ئەو

---

[١٢] ڕۆژنامەی ئەدەب وهونەری کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٧٩٩ پێنج شەممە، ٢٥-٥-٢٠٠٦.

هەواڵنامەی کتێب

داخەش لە مێشکو دڵی ئافرەتەکاندا نەهێڵێت. گشت ئەمانە گەڵای سیسی زەردهەڵگەڕاوی دەم زریان بوو. سێڵاوی مەرگو نەبینینەوەی جارێکیتری نیشان دەدا .

نهێنییەکان ئەوەتا لە گەرووی نەهەنگدان، کەسێک ناتوانێت توخنیان بکەوێت، تەلیسماوییە. ئەوەی نهێنی ئاشکرا بکات خوای شەڕ ئەیسوتێنێت، ئەوەی دەستکاری یاسای ئەم سەردەمە بکات، بە ماڵو منداڵەوە گەردەلوول لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێت !

شێوەی گرتنی ئەم کۆمەڵە خەڵکە، ڕەشبگیر بوو، کەسێک لەگەڵ ئەوەی دیکە لەیەکچوونێکی نەبوو. ئەمە زیاتر خەڵکەکەی چەواشە کردبوو. تەنها هەواڵێکی بچوک هەموو لایەکی دەبزواند. لەگەڵ ئەوەشدا بیروڕا ڕەگی خۆی لەدڵی هەریەکەیاندا داکووتابوو. لە چێشتەنگاوێکی گەرمدا، بروسکەیەک خۆی کرد بە ماڵی هەریەکەیاندا تێیدا نوسراوە، ئەتوانن بێن بۆ بەندیخانە بۆ چاوپێکەوتن. ئاشکرا بوو ئەو جۆرە بروسکانە چ مانا بەخشێکە، بۆیە هەموو بە جارێک قینو خەم لە چاویان دەتکا. دڵ ئارامی نەدەگرت، بورکانی خەم یەخەی خۆی دادڕی، داروبەردی ئەو شارە ئۆقرەی لەبەر بڕاو گڕی خەم تارای سوری خۆی لە گیانی مرۆڤە بە ئاگاکانەوە ئالان، سیرمەخۆرەکانیش ڕۆنی ئاغاکانیان لە دڵیاندا بەونیازەی یەکێک کەمتر چاکتر. بۆ کاتی ڕۆیشتن، هەموو ئامادەبوونو کەوتنەڕێ. بێدەنگیو ماتەمینی هەموو یەکێکیانی لە باوەش گرتبوو، دووکەڵی جگەرە نێو ئۆتۆمبیلەکەی قانگ دابوو. لەپڕ گریانی یەکێکیان هەموویانی ئەهێنایەوە هۆشو داخی دڵیان هەڵدەڕشتەوە. هەمووش دڵخۆشو شادبوون. ئەمانە خاوەنی ئەو ڕۆڵانەن، کە هەمیشە جێگای شانازیانن، هاوڕێی ئەو ڕۆڵەو نەبەزانەن، کە بە هێزی چەکو باوەڕ دڵی دوژمنیان هێناوەتە لەرزین. ڕێگا دوور بوو، ئافرەتەکان تەڕایی لە چاویان بڕابوو، پیاوەکان هەریەکەیان مووەکانی لەشیان بووبووە چەقۆیەکی تیژ،

منداڵەکان حەپەساوی‌و دۆشداماوی دایگرتبوون. جار بە جارێک یەکێکیان هەڵی دەدایەوەو دەیوت دایەگیان دەچین بۆ لای باوکم؟ ئۆخەی دەیبینمەو تێر ماچی دەکەم، پێی دەڵێم بیرت دەکەم، بابە گیان کەی جلەکانم بۆ دەکڕیت ئەوە جەژنە؟ یەکێکی‌تریان ئەیوت دەچین بۆ لای کاکە گیان، کە بینیم پێیدەڵێم ئیتر بێ حەیایی ناکەم بەس تۆ وەرەوە بۆ لامان، ئیتر من هەر دێم بۆ لای تۆ، پێی دەڵێم ئەم ڕوومەتەیانم ماچەکەی تۆیە نەمداوە بەکەس.. نایدەم بەکەس. بەمجۆرە قسانە قوڵپی گریان دەموچاوی هەریەکەی دەگرت‌و چاوی بێدەنگیان تێدەبڕین، کابرای شوفێر یەک لەسەر یەک مژی لە جگەرەکەی ئەداو بێدەنگ بووبوو، جاربەجارێکیش بە ئاگا دەهاتەوە وەک لە خەوێکی قورسدا بوویێت. بەم شێوەیە تاکو گەییشتنە بەندیخانە نەتدەزانی کێ ناناسیت هەموو خەڵکی شار ڕژاونەتە ئەوێ. سەربان‌و بنبانی ئەو دەوروبەرە بە پاسەوان‌و تانک دەوری دراوە. هەریەکەیان زامنی چەکەکانیان کردۆتەوەو پەنجە لەسەر پەلەپیتکەیە، تینوێتی زۆری بۆ خەڵکەکە هێنابوو، دەڵێی منداڵ‌و ژن‌و پیاو لە ئاوت هەڵکێشاون. کاتی چوونە ژوورەوە نزیک بووەوە. دەرگا کرایەوە. جەندرمەکان چاوێکیان کردبوو بە هەزار چاو، یەک بە دوای یەکدا خەڵکەکە کرانە ژوورەوە، خەڵکەکانیان لە بنی پێوە هەتا تەوقی سەر دەپشکنی. دەتوت بە دوای ئەسپێدا دەگەڕان. لە کۆتایی پشکنیندا سەرجەم دەرگاکان ئەڵقەڕێزکران‌و قفڵیان لێدرا. هەموو بێدەنگ وەستاون چاوەڕێی جەلادەکانن بڕیار بدەن هەتا چاویان بە گیراوەکانیان بکەوێت، ورتە لەدەمی کەسەوە نایەت، چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی بەندەکانن. بەندی یەکەم هاتەدەرەوە، بە ڕوویەکی خۆش‌و زەردەخەنەوە دەستێکی بۆ خەڵکەکە بەرزکردەوە. هەرکەسەو لە ئاستی خۆیەوە وەڵامی دایەوە. کۆمەڵێ خەڵک بەرەوڕووی چوون، فرمێسک‌و ماچ دەست لەملانێ بوون. بەم جۆرە یەک بە دوای یەکدا هاتنە دەرەوە هەریەکەیان خەندەو مەردایەتی بووبووە دیاری

دەستیان. وەکو شێری مەیدان پێشوازیان لە خەڵکەکە دەکرد، ڕەنگو رووو قسەکردنیان نەبەردیو جوامێرییان دەبەخشییەوە.. هەموو بە دەنگی زوڵاڵیان سروودی سەرکەوتنیان دەوت، وایان لە هەموو کەس کرد، کە تێکڕا شاییو زەماوەند ساز بکەن. دەتووت شاییەکەی بناویلکەیە، نەتدەزانی کێ برای زاوایە، بە جۆرێک هەڵدەپەڕین، هەستت بە دڵگرانی نەدەکرد، دەنگی لێدانی کەلەپچەو پێوەندەکانیان بووبووە تەپڵو مۆسیقا. دایکی شەهید سەرچۆپی دەگێڕێو خوشکو برا هەردوو بە جووتە گۆرانی دەبێژن. منداڵانو خوشکو برای شەهید ریزیان گرتووەو چەپڵە ڕێژانیانە، لەگەڵ ئەم شاییو هەڵپەڕکێیەدا هاوار دەکەن .سەرئەکەوین، سەرکەوتنمان ئەسێنین .

ئەمنەکان واقیان وڕمابوو، ترسو لەرز دایگرتبوون، لێوی خۆیان دەکرۆشت، وەک ئەوەی بڵێن ئێمە بەرگەی میللەتێکی ئاوا بەجەرگ ناگرین، ئەوەتا لەبەردەم مردندا شاییو زەماوەند دەگێڕن .هەندێکیان شەرمەزاری لە چاویان دەتکا. هەندێکی کەشیان لەگەڵ ئەو ترسو لەرزەدا رقو قین سەروکەللەی ئاوساندبوونو پێستیان زەرد هەڵگەرابوو، پەیتا پەیتا ئارەقەی ترسنۆکی خۆیان دەڕژاند. هەڵپەڕکێو گۆرانی گەرمە کەس نازانێت چۆن پێشوازی لەم دلێرانە بکات. ڕەنگە پاش چەند ساتێکیتر یان چەند رۆژێکیتر گەردانەی قنارە لە ملو گەردنیان بکرێت. بەڵام ئەو شتانەیان لە بیر خەڵکەکە بردۆتەوە. هێشتا گیانیان برینو زامی دوژمنانی پێوە دیارە، کەچی لێیان بۆتە نەخش بەگیانیانەوە وەک مەدالیا وایە، پێکەنین لە دەمیان نەبڕاوە، لە چاوەکانیاندا ئاسۆی سەرکەوتن بەدیدەکرا، هەردەم لەگەڵ وتەکانیاندا دەستەواژەی (کەم ژیانو کەڵ ژیان)یان دەووتەوە.. هەموو کەس لە ئاستی خۆیەوە وای بیردەکردەوە، چەوسانەوە وا لە مرۆڤ دەکات ببێتە ئەو پێشمەرگەیە، کە تەختو تاراجی زۆرداران لە بنو بێخ ریشەکێش بکاتو لە هەموو جیهاندا ئابرووی بەرێت، بۆیە هەموو بە یەک دەنگ سروودی با

برۆخێ زۆرداران‌و نەمری بۆ شەهیدایان دەوتەوە، داروبەردی بەندیخانەیان هێنابووە لەرزین، ئاسمانیش گڕی تەنوری خۆی داگیرساندبوو، ئەویش دڵی لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دەسووتا. دایک هاواری گیان فیداکاری رۆڵەکانی‌تریشی دەکرد. دڵدارەکان دڵدارییان لەگەڵ وشەی دەستگیرانەکانیاندا دەکرد. باوک‌و برا داوای چەکیان دەکرد. منداڵەکان هاواری زوو گەورەبوونیان دەکرد بۆ ئەوەی زوو بگەنە رێگای خەبات. ماوەی چاوپێکەوتن کۆتایی هات. هەموو وەک کورەهەنگ بەیەکدا دەهاتن‌و دەچوون، یەک لە یەک دەئاڵان، ماڵئاواییان لە یەکتر دەکرد، کەسێک نەما دەست نەکاتە ملی ئەوی دیکە.

بەدەم سروودەوە ماڵئاواییان کردو بەرەو ژووری مردن چوونەوە، تا دوائاوازی دەنگی خۆشیان گوێ هەڵخرا. ئەمجا خەڵکەکە بە تووڕەبوون‌و بێزارییەوە چوونەدەرەوە. هەر بۆ ئەو شەوە هەڵوی چیا سەرکەشەکان دەوروبەری شاریان گرت‌و رژانە ناو کۆڵان‌و شەقامەکانی شارەوە، بە دەم گۆرانی‌و سروودی شەهیدانەوە جێگا نەما نیشانەی گوللەی دەستی ئەوانی پێوە دیارنەبێت، دوژمنیش کونە مشکی لێ بووبوو بە قەیسەری.

عەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# سیناریۆی فیلمە سینەماییەکان
# بە ناوازەیی چەکەرە دەکەن

حەمە عەلی خان - سینەماکار

هەواڵنامەی کتێب

هەرچەندە درەنگ وەختانێک دەقەکەم بینی، نوسەرەکەشیم نەدەناسی، بەلام لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرپێیدا، لەناکاو چاوم خستەسەر دەقێکی سینەمایی، کە تا ئەو ڕۆژە زۆر بەکەمی دەقی ئاوا ناوازەم بۆ هەڵکەوتووە، دەقێکی پڕاوپڕ ئامادە بۆ فیلمێکی واقیعی.. چیرۆکی عەشقی حەمە شوان، کێوێکی سەختی ناخی کوردێکە بەوردی دەربڕی دۆخێکی کاریگەر و کارەساتباریی چمکێکی بەرگری خاک و مرۆڤ و تەنانەت بونەوەرە ئاژەڵییەکانیش بوار بۆ دوژمن نارەخسێنن تەنها بچوکترین زیانیش بەم خاکی کوردانە بگەیەنن. ئەم چیرۆکە سیناریۆیەکی ئامادەکراوە، سەرەڕای کەموکوڕی تەکنیکی کەچی دەقێکی گونجاوی بواری ئەدەبییە شان بەشانی کاری سینەمایی خۆی نمایش دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

## (٢)

# عەشقی حەمە شوان[١٣]

نهێنییەکـانی نێـو گەرووی ئەم زەمیـنەو پەیپێبردنـی سـەراپا نهێنیـیە نادیارەکانی ستەم، تا نەبنە گەڕۆکێک بیرو مێشکێک فراوان نەکەی‌و بەدویانـدا نەچی، هەندێکجار رووبەڕووی رووداوێک ئەبییەوە، کە خۆی لە خۆیدا گچکەیە، بەڵام لە نێـوەڕۆک و هەسـتدا گەورەیە. لە بەهـارێکی تەڕ و پـاراودا بـوو، کە سروشت خۆی بە گوڵ و گژوگیا رازاندبۆوە، لەگەڵ هاژەی ئاوی شین، بـۆنی خاکیش، حەزت دەکرد کونەکانی لووتت گەورەتربن.. تا زێدەتر بۆنی بـکەن. حەزت دەکرد سییەکانت گەورەتربن، بۆ هەڵمژینی هەوای پاکو بێگەرد.

حەزت دەکرد چاوەکانت لێکنەنێیت نەکا ئەو وێنـە دڵفڕێنـانەت لێـونبن، گوێکانت بە ئاگاو هەستیاربن..نەکا دەنگی باڵندەو هاژەی چەمو رووبارەکـانی لێبێبەش بن. ئا لەوساتانەدا لەگەڵ کۆمەڵێـک بـرادەردا بەنیـازی سـەیرانکردن بەڕووی ئەو دەشتو کێوانەدا بەڕێ کەوتین، بەڵام لە رێگا نەماندەزانی سـەیری چ دیمەنێـک بکەیـن.. هەمـووی جـوانی بـوو، سروشـت کراسـی سـەوزو سوور..دەنگی گۆرانی هەڵپەڕکێ‌و بزەی سەر لێـوی لاوان‌و کیـژان، دەنگـی تەپڵ‌و مۆسیقا، هەرهەموو بەیەکەوە جوانبوون، نەرمە گۆرانی‌و چەپڵەی خۆشمان میوانی هەست‌و نەستی خۆشەویسـتیمان بـوو، لەناکـاو ئۆتۆمبیلەکەمـان رووی لەوەستان کرد، تا وای لێهات لە کارکەوت‌و لە لاڕێ لە پاڵ چەمێکدا لاماندا. گرنگ نەبوو، چونکە هەموو شوێنەکان هەر جوان‌و رازاوە بوون. من لەو کاتەدا رووم لە چەمەکە کرد، هاژەو خوڕەی ئاوی چەمەکە ئەندێشەی فڕاندم، گوێشم لە ئاوازی شمشـاڵێک بـوو نەرم نەرم. دەسـت‌و دەموچـاوم لەئـاوی چەمەکەدا

---

[١٣] گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ، ژمارە ٤٢-٤٣، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.

شوشت، بە تاسەشەوە رووم لە ئاڕاستەی دەنگی شمشاڵەکەوە نا. لەدوورەوە روانیم شوانێک بە قەدپاڵێکەوە پاڵی بەدرەختێکەوە داوە وەهام هەست دەکرد ئەو دیمەنە لە نێو تابلۆیەکی یەکێک لە هۆنراوە جوانەکانی (گۆران)ی شاعیردایە وشەپەڕی(شێرکۆ بێکەس)یش پەپولە ئاسا بە دەوروایدا سەماو پەرۆشیی خۆیان بۆ دەنواند، سۆزی ئاەو نالەی دەنگی شمشاڵی(دەروێش عەبدوللا)ش میوانی رەسەنایەتیو گڕی دڵی پڕ لە خۆشەویستی بوو. ویستم لە شوانەکە نزیک ببمەوە. بەر لەوەی بگەمە ئاستی، دەنگی زەنگۆڵانی نێوملی رانەمەڕ سەرنجی راکێشام، کە لە نێو سەوزی قەرسیلەدا دەیلەوەڕاندن، جوانی قیت دانیشتنی سەگی شوانیش لەولاوە، کە چاوەکانیشی بەم لاو بەو لادا دەگێڕا، هەردوو گوێکانیشی قووت کردبۆوە، بۆمنی دەڕوانی. منیش بەنەرمە رۆییشتنو سەیرکردن لە شاخو هەردان، کە بە ئاوی باران شۆرابوونەوەو خۆیان لەسەوزاییەکی دڵفرێندا هەڵکێشابوو، کە گەییشتمە ئاستی شوانەکە پێم وت :

"ـ سلاّو لالە گیان ".

ئەویش هەستایە سەرپێو سلاّوەکەی منی سەندەوەو فەرمووی دانیشتنی لێکردم. سوپاسم کرد. سوێندمداو داوای ئەوەم لێکرد دەست لە لێدانی شمشاڵەکە بەرنەدا، بە گوێی کردم، منیش بە بێ دەنگ دانیشتمو هەموو هەستم لەسۆزی دەنگی شمشاڵەکە تێکەڵکرد.! ئای چەندم هەست بە خۆشی کرد، وام هەستکرد چەند پەرییەک هاتنو منیان خستە سەر کەژاوەیەکی رەنگاو رەنگو بە ئاسمانی شینو بێگەرددا بەرزو باڵایان زۆر بە هێمنی منیان سوڕاندەوە. پاش تۆزێک شوانەکە پەنجەکانی لەسەر شمشاڵەکە بەرداو وتی :

"ـ بەخێر بێی برا "!

منیش سوپاسێکم کردو دەستخۆشیم لێکرد وپێم وت:

"ـ خاڵۆ گیان دەزانم خوێندنگایەک نەبووە بۆ فێرکردنی ئەم هـونەرەت، بەڵام کاتێک شمشاڵەکەت دەژەنی، گۆڕانی روخسارت لەگەڵ هەموو بەرزیو نزمیو نەرمیو توندی خۆی ئازاری ناخت دەردەبـڕن. خـۆ جـووڵەی لەشـتو پێڵـوو داخسـتنو کـردنەوەی چـرچ بـوونی نێوچاوانـتو بزەیەکـی چکۆلانەشـت، هەرهەمـــوو خـــۆی لە خۆیـــدا پیـــرۆزییەک دەبەخشـــێت، کە لە گەرووی شمشاڵەکەتەوە دێنە دەر"!.

وتم:

"ـ بەر لەوەی وەرامم بدەیتەوە، حەز دەکەم بزانم ناوت چییە..؟ "

وتی :

"ـ حەمە "

هەرکە گـوتی حەمە، یەکسـەر چیرۆکـی (حەمە شـوان)م هـاتەوە بیـر. زۆر دڵخۆش بووم. گوتم :

"ـ لالە حەمە چیرۆکی حەمە شوان دەزانیت..؟ "

وتی :

"ـ بەڵێ "

وتم:

ـ دەزانـی لەبەر پیـرۆزی تـامو چێـژی خۆشەویسـتی حەمە شـوان قـۆزترینو نازدارترین کوڕی ئەم شارەی ئێمە ناوی حەمە شوانی لێدەنرا".

وتی:

ـ وایە، بەڵام چیرۆکەکەی من هەرخۆشەویستییە، بەڵام لەو بابەتە ناچێت"!..

بە بزەیەکی کاڵەوە گوتی:

ـ خۆشەویستی سنوری نییە، پاکییە، بێگەردییە، راسـتگۆییە، ناشـاردرێتەوە. ئەو کەسەش بیەوێت بە دەموزار خۆشەویستی بفرۆشێ، ناکرێت ئەو تـامو چێـژەی لە خۆشەویستیدا هەیە، بە خۆشیو ناخۆشـیەوە لە هـیچ شـتێکی ئەم دونیـایەدا

هەوالنامەی کتێب

بەدی ناکرێت، هەستو ویژدان بەرز دەنرخێنێـت .بە هەر حـاڵ، هەمـوو شـتە جوانو پیرۆزو گەورەکان لە دایکبوونیـان لە خۆشەویسـتییەوەیە، بـۆیە هەرگیـز نامرێت، من پێی دەڵێم عیشق، پڕترو پڕ ماناترە لە لام".

وتم:

"ـ لالە حەمە.. ئەوە چۆن تۆ ئەم هەموو وشەو رستە جوان جوانە دەزانیت.؟"

بە نەرمە نیگایەکو تێڕوانینێک گوتی: "دەمزانی وا دەڵێیت. ئەی پـێم نەوتـی خۆشەویستی سنوری بۆ نییە، هەمـوو چێژەکـان لە خۆشەویسـتییەوە سـەریان هەڵداوە، بۆ هەر کەسێکی هەست ناسکە.؟ "

وتم:

ــ لالەگیـان، بە راسـتی لە هەر وشـەیەکدا. مووەکـانی لەشـم راسـتبوونەوە.!

یەکسەر وتی:

ـ کەواتە تۆش هەست ناسکیتو هاوڕێی خۆشەویستیت. من رادیـۆ هـاوڕێمەو لەتەنهایم، لەم کەژو کێوەدا گوێی لێـدەگرم، زۆریـش گـوێم لە حیکایەتەکـانی گرتووە، خۆشم عاشقی شتە جوانەکانیم، بۆیە فێری دەبم وتم:

"ـ لالە گیان توو ئەو عیشقە پیرۆزە چیرۆکەکەم بۆ بگێڕەرەوە"!..

بە بەزەییەکەوە وتی:

ـ ئاخر دەبێت گوێ بگریت .وەک پێم گوتی چیرۆکەکەی مـن تـایبەتە، ئەوە نییە ئێوە بیستوتانە، ئەگەر چـی عیشـقیش هەرعیشـقە تـام وچێـژی تـایبەتی هەیە ".

هەر، کە ئەمەی وت، بیرو هۆشـمی بە لای زۆر شـتدا بـرد، لەو کـاتەدا بـوو، یەکێک لە هاوڕێکـانم هـاواری دواکەوتنـی لێبەرزبـۆوە، وەلامـم دایەوە داواو لێکرد بەرەو لای منو شوانەکە بێت، کاتێک گەییشتە لامان، پێم وت:

هەوڵنامەی کتێب

ـ بە مۆبایلیلەکەت بە برادەران بڵێ کەی ئۆتۆمبیلەکە چاک بۆوە، یـان بڕیـاری دانیشتنیان‌دا، هەر لەو شوێنە پێمان بڵێن بـا دانیشـین، گـوێ لە حەمە شـوان بگرین، لە چیرۆکەکەی‌و شمشاڵەکەی ".

بە ئەسپاییش چرپانم بە گوێی هاوڕێکەمدا وتم:

ـ ئەمە رۆحیانەتی وەلی دێوانەیە لە حەمە شواندا کۆبۆتەوە. هەرچەنـدە دەڵێـت چیرۆکەکەی من باسی عیشقە بەڵام باسی ئەو عیشقە نییە، کە ئێوە دەیزانن.!

رووم کردە لالە حەمەو وتم:

ــ توخـوا بەرلەوەی دەسـت بـکەی بە گێـڕانەوەی چیـرۆکەکەت یەک تـۆز شمشاڵی‌ترمان بۆ لێبدە.

وتی:

ـ بە چاوان."

ئای لەو هەناسە قووڵ‌و پڕحەسرەتەی هەڵیکێشا. زمانێکی تەڕی بە لێوەکانیـدا هێناو شمشاڵەکەی پاککردەوەو نای بە لێوەکانییەوە .

لە سەرەتادا زۆر بە نەرمی، سات لە دوای سات بەرزترو بە سۆزتر دەبوو، بە ئاشکرا هەستم بە ئازارو سۆزی دەکـرد، ئەو سـاتانەی سـەری پەنجەیەکـی لەسەر کونێکی شمشاڵەکە توند دەکرد، هەستم دەکرد دەیویست کەسێ لە نێو بەرێ. کاتێ سـەری پەنجەیەکی‌تـری لەسـەر کـونێکی‌تر دادەنـا، بە جـووڵەی پەنجەیدا دیاربوو رۆحیانەتێکی پاک دەیەوێ لە کونی شمشاڵەکەوە قوتار بـێ. خـۆ لەرانەوەی لەشـی حەمە شـوانیش گیـان‌و قوربـان‌و عەشـقی پیـرۆزی لێـدەباری. کە تەواوبـوو مـن‌و هـاوڕێکەی تەنیشـتم دەستخۆشـیمان لێکـرد.

هاوڕێکەم وتی:

ـ ئەمە چییە بۆ خاتری خوا، شتی وا هەیە.؟!

ئەوجا لالە حەمە هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە دەوری خۆیدا رووانی‌و بە سەیرەوە تەماشایەکی کردین، وتی:

ـ سالآنێ، بەر لە ئێستا، هەر وەک هەمان وەرز بوو، هەرواش دونیا تەڕو پاراو بوو. من هەر شوان بوومو دەمە دەمی ئێوارە رانە مەڕم بە جادەدا دەپەڕاندەوە. لەکاتی پەڕینەوەدا گەنجێکی بێ ئاگا لە دونیا، لە دونیایەکی جەنجاڵی ژیانی هەرزەکاریدا دەژیا. بە تیژی کردی بە ناو رانەمەڕدا، خورپەیەکی خەمناک هات بە دڵمدا بۆ زۆر شت.. بۆ گەنجێتی ئەو گەنجەو ترسی لە نێو چوونی، بۆ زیانی نێو رانەمەڕەکە. وێنەیەکی دڵتەزێن دروست بوو، خوێن رشتنو کەلەپاچەبوونی مالآت دەنگو هاواری بەزەییو زۆر شت.. زۆر شت.. لە نێو لێدراوەکاندا، مەڕێکی ئاوس لە بەردەممدا بوو، لەوە دەچوو خەریک بێ مردار بێتەوە، منیش چەقۆم دەرهانیو فریای چەقۆم خست.. نازانم چۆن بە مێشکمدا هات، کە هەوڵی ئەوە بدەم بەرخەکەی سکی رزگار بکەم، بەراستی زۆرم بەزەیی بەو مەڕە دووگیانەدا هاتەوە .

کەوتمە هەڵدڕینی سکی مەڕەکە، خواکردە بەرخ ساغو زیندووبوو، دەرمهێناو نووساندم بە خۆمەوە، کەوتمە هاوارو پاڕانەوە لە خوای گەورە. فرمێسک بواری نەدەدام. زۆرم لە لاخۆش بوو ئەو بەرخەم رزگارکردووە. سوپاسی خوام کرد، سەیر بوو وام دەزانی کۆرپەی خۆمە. ئا لەو کاتەدا بوو، کە خەڵکیم لێ کۆبوونەوە، منیش بە هاوارو بەگریانو پاڕانەوە بووم .بەرخەم بە خۆمەوە نووساندبوو. تاگەڕاینەوە بۆ نێو دێ، ئیتر خێرا هەوڵی پەیداکردنی شیرم بۆ دا. شەو لای خۆم هێشتمەوە. شەو نیوە شەو جارنەجارێ هەڵدەسام بۆ دڵنیایی، نەبا برسیبێ. تابەرخەکە بەو نازو خۆشەویستییەوە بەرەو گەورە بوون چوو، زەنگۆڵەی جوانم پێوەکرد. هەردەم لەگەڵ خۆم بوو، لە کەژان لێم جیانەدەبۆوە، کاتێ تێری دەخوارد خوێ تێهەڵدەسووم، وام هەست دەکرد بەدوای سۆزی دایکایەتیدا بگەڕێ، هەمیشە دەستم بەسەر گوێ وملیدا دەهێنا، تاوای لێبهات بووە شەکێکی گەورە. ناوبانگی دەرکرد، شۆقەکانی زۆر بەهێز بوون.. لە بەرخیدا خۆشەویستیی جوانیو هەڵبەزینو دابەزینی هەبوو، لە

هەوارنامەی کتێب

گەورەییدا گەورەیی‌و قەڵەویی‌و ئازایەتی‌و خۆشەویستی هەبوو. سەیربوو .جاری وا هەبوو، کە لە یەکتردادەبڕاین بۆ ماوەیەک‌و دووبارە بەیەک دەگەییشتینەوە دابڕانەکەی لە منی پێوە دیاربوو. منیش هەروەها بووم "!.

لەپڕ حەمە شوان دەموچاوی تێکچوو، فرمێسک چاوەکانی گرت‌و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. زۆر بەخەستی لە من‌و هاوڕێکەمی روانی. بۆ ساتێ وەستا. بەراستی ئێمە چووبووینە ناوباسەکەیەوە، کە چاوەڕوانی شتی ترمان دەکرد. بێدەنگی هەمووماانی داگرت. ئەوجا بەلێویکی ووشکەوە سەیری کردین. وەک کارەساتەکەی دەیگێڕایەوە لە ئێستاو بە راستی روودەدا .

من بە لای خۆمەوە وا بیرم دەکردەوە:

"ـ تۆ بڵێی ئەم شەکەش وەک ئەوەی بەسەر دایکیدا هات، ئۆتۆمبیل لێی بدا..؟ ئەی تۆ بڵێی حەمە شوان شتێکی لەدەست دەرچووبێ‌و کوشتبێتی..؟ نازانم".

پاش کەمێ، حەمە شوانم بینی هاتەوە سەرخۆ. وتی:

"ــ کاتێکی درەنگ بوو. شەو ساردبوو. لە دەرگای ژوورەکەم درا. بە دەنگێکی نیمچە زمانی کوردی بانگیان لێکردم دەرگا بکەمەوە. دەرگام کردەوە، بینیم چەند زەلامێکە. یەکێکیان بەزەردەخەنەوە وتی:

"ـ حەمە شوان دڵت هیچ نەکات هاتوین بۆ کارێکی پێویست. منیش هەرچەندە سەرم هێناو سەرم برد، دەبێ چ کارێ هەبێ من بتوانم بۆیان بکەم، خودایە؟ "

وتم :

"ـ فەرموو بەسەرچاو".

یەکێکیان وتی :



هەموالنامەی کیرە

"ـ هاتوین جەنابی گەورەمان پێویستی بەمەڕێ هەیە میوانێکی زۆری هـاتووە، پێویستمانە." منیش گوتم :

"ـ بەسەرچاو، بەڵام خۆتان دەزانن من خاوەنی هیچیان نـیم، دەبـێ خـاوەنی هەرکامێکیان بێ رازی بێ ".

یەکێکی تریان پێکەنی وتی :

"ـ حەمە شوان خۆزگە خۆت لەوێ دەبوی، کە جەنـابی بەڕێـز چـۆن بە بـاڵاو قەڵەوی‌و جوانی بەرانەکەی تۆیدا هەڵیداوە".

وتم :

"ـ چۆن..؟"

وتی :

"ـ بەرانەکەی حەمە شوان".

هەر کەوای گوت، نازانم چۆن خودا گیـانی دەرنەهێنـام. کـاس بـووم. وەک ئەوە وابووە، داوای کوڕێکم بکەن‌و بیبەن بۆ هەڵواسین. وتم :

"ـ کـاکی بـرا، ئەوە وەک جەرگـم وایە، چـۆن دەیـدەم، هەمـوو سـەروەت‌و خۆشەویستیم لەمدایە".

یەکێکی تریان وتی :

"ـ حەمە شوان ئەوە دەڵێی چی..؟ ئەمشەو ئێمەو خۆشت تووشی پەنـێ مەکە. خەمت نەبێ پارەکەی چەندە دەتدەینێ".

وتم :

"ـ کاکە مەسەلەکە پارە نیە، تۆ تێناگەی".

کابرا گرژبوو. وتی :

"ـ ئەوە بەرانەکەیە بـڕۆن بیهێـنن. بڕواتـان بـێ وامزانـی ئەوە جەرگ‌و دڵـمە دەیبەن، کە دەستیان دایە بەران‌و بیبەن، خوزگە لەوێ دەبوون. چـۆن بەرانەکە خۆی رادەپسـکان‌و هەرچـوار پەلـی لە ئەرزەکە گیرکردبـوو. خـۆ، کە ئـاوڕی

هەواڵنامەی کتێب

دایەوەو سەیری منی دەکرد، هەمووی پاڕانەوە بوو، داوای یارمەتی لە من دەرکرد، سەیربوو بەلایەوە من وا بێدەنگ راوەستابووم، قەت ئەوەی بە خۆیەوە نەدیبوو، بۆ لەوە پێش چ قورەت بوو یەکێک دەستی بۆ بەرێت، نەک رایکێشن .بەرانەکە لەبەر قەڵەوی‌و خۆ بە دەستەوە نەدانی، نەیانتوانی هەروا بیبەن، ناچاربوون بەهەموویان دەستیان دایێ‌و خستیانە پشتی ئۆتومبیلەکەوە. زۆر پاڕامەوە بێسوود بوو .لە پاشدا پاڵێکیشیان بە خۆمەوەنا، کەوتم. بەرانەکەشم لە پاشی ئۆتۆمبیلەکەدا کەوت .هەردووکمان سەیری یەکترمان دەکرد. بەڵام، چ سەیرکردنێ، چ نارەحەتییەک؟ ئاسمان بە ناڵە ناڵی هەوروو لێزمەی باران هاوبەشی لەیەکدابڕانی من‌و ئەوی کرد. تا بە تەواوی لە چاوم ونبوو. منیش لەبەر لێزمەی باراندا هەموو گیانم تەڕبوو، فرمێسکو باران تێکەڵ بوو. رووم کردەوە نێو ژووری تەنیاییم، نەمدەزانی چی بکەم، ئەوە تاقە خۆشەویستی من بوو، لەو رۆژەوە سات بە سات زیاترم خۆشدەوێ، لەبەرچاوم ون نابێ. لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە تێڕوانینەکان‌و خۆبەدەستەوەدانەکەی دێتەوە بەرچاوم. زیاتر خەم دامدەگرێ.

ئەم شمشاڵەش کاتێ رەسەن بوو لام ، کە ئەو عیشقە لە گیانمدا روا ".

بە راستی حەمە شوان وای دەگێڕایەوە نەتدەزانی لە چ دڵێکی زامدارەوە وشەکان دەردەچێ. ئێمەش لە دونیاو سۆزی حەمە شواندا بووین. حەمە شوان فرمێسک تەنگی بە چاوی هێنابوو. ئێمەش وامانەدەزانی لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە لێبۆتەوە. بێدەنگی دایگرتبووین. لەپڕ وتی :

"ـ پاش ئەوە دەچووم بۆ هەرشوێنێ‌و هەر پەنا بەردێ‌و هەر دارو ئاوێ‌و هەرکەسێکم دەبینی یادگاری شەکی منیان تێدابوو. بۆیە بڕیارمدا روو لەناوچەیەکی‌تر بکەم. ماوەیەک دوورکەوتمەوە. سەیرم کرد لە جیاتی ئەوەی غەمەکەم لە کۆڵ کەوێ، کەچی بوو بە دوو. من لەم ناوچەیە لەدایکبووم،

هەواڵنامەی کتێب

هەموو یادەوەرییەکانم لەم ناوچەیە بوون، کەواتە دڵم بە هیچ شوێنێکی‌تر ناکرێتەوە .ئەمجارەیان، بڕیارم داو گوتم :

"ـ باعیشقی ئەم کێوو دۆڵو چیایەشم لەکیس نەچێ. ڕوومکردەوە ئێرەو ئەوەتا شمشاڵ بۆ ئەم کەژو کێوە جوانە لێدەدەم".

گریان لە چاوی هەرسێکماندا بوو، وتم :

"ـ لالە حەمە، بە ڕاستی ڕاستت کرد ئەوە عیشقە، عیشقی ڕەسەنیش لای مرۆڤی ڕەسەنی وەک تۆیە ".

لە پاشان یەکپارچە شمشاڵی بە سۆزی پڕ لە عیشقی بۆ ژەنین، ئاگری لەدڵی هەر هەستیارێ بەردەدا. لە دواییشدا بە باوەشێکی پڕ لە خۆشەویستی ماڵئاواییمان لێکردو بەڵێنی سەردانێکی تایبەتمان پێداو منو هاوڕێکەشم بێدەنگی دایگرتینو بەرەو لای هاوڕێکانی‌ترمان ملمان نا..

هەواڵنامەی کتێب

(٣)

# عشق الراعي ..قصة[١٤]

## ترجمة : محمود عبدالرزاق

هەواڵنامەی کتێب

إن من المستحيل على المرء أن يسير أغوار ما تخفيه هذه الأرض وما يكتمه من عليها من أسرار وخبايا، إلا أن يجعل من نفسه سائحاً ، ليس بالمعنى الحركي فحسب ، ولكن عليه أن يطلق لروحه العنان كي تحلق في الأجواء وتغوص في أعماق الأمور، وأن يوسع مداركه الفكرية ويقتصى ما أستتر. إنک قد تصادف، أحياناً، بعض المجريات الصغيرة في مظهرها وكبيرة في محتواها وذات تأثير فائق على أحاسيسک، كان ربيعاً ممطراً ، إنسابت مياهه من كل نبع وعين فإختلط ما نزل من السماء مع ما تفجرت به الأرض وفاضت به ثنايا الصخور، وقد إكتسبت الأرض حلةً قشيبة من مروج خضراء زانتها ورود وأزهار حتى غدت منظرا يأخذ بمجاميع القلوب والأبصار، وكأنما هي سجادة قد نسجها أنامل فتيات "فارس" أو حاكتها أصابع قيان "الصين" ، ومن أباطرتها، أمتزجت رائحة ثرى الندى بما فاح من هذا الحشد المتدافع من متكلم الأوراد والأزاهير والرياحين وكل مشموم عبق، بعد أن أصبح مرايا من على أديم الأرض أو على أغصان الأشجار وتلافيف الشجيرات وثنايا الأحراش، إنسابت أصوات الطيور لتكمل سمفونية

---

[١٤] مجلة گەلاوێژی نوێ العربية، العددان ١٨-١٩، لسنه ٢٠٠٨.

إلهية لا تجارى. أنک تتمنى لو كان لک منخران أوسع ورئتان أضخم حتى تعب من تلک الروائح العطرة وتملأ رئتيک من عبير هواء الربيع الندى، أن تكون أذناک أكبر لكي لا تفوتک زقزقه أو تغريدة. إنک تود أن تطبق جفنيک على هذا المشهد الأخاذ لتحفظه وتحتفظ به كي تعود حاملا إياه الى منطلقک، ولكنک تخشى هذه الأطباقة مخافة أن يفوتک النظر الى فراشة مرفرفة فوق الأزهار أو عصفور غريد ينطلق مارا بأسفل غيمة بيضاء ثلجية أو من تحت قوس قزح قد إنتصب كحسام هندي، قد إمتشقه مارد غير مرئي من الوادي نحو الجبل.

في هذا الربيع الجميل خرجت مع بعض أصحابي ميما، عبر السهول، صوب "الجبال الشم أوكار النسور" ومرامنا قضاء يوم من نزهة نروح بها من أنفسنا من عناء حياة المدينة الرتيبة والمفتقرة الى الأحاسيس المرهفة. في الطريق، كنا في حيرة من أمرنا، ننظر ذات اليمين وذات الشمال، محاولين أن نطبع في مخيلاتنا تلک اللوحات الطبيعية الرائعة كما راحت تطبعها في داخلها آلاتنا التصويرية، ومن هنا وهناک كانت تأتينا أصوات الأغاني والموسيقى لتضبط إيقاع دبكات الشبان والشابات في ملابسهم الزاهية، التي تلوح عن بعد كالأعلام والأشرعة الملونة، والإبتسامات تطفح على الوجوه. وعندما كانت سيارتنا تمر بجماعة منهم، كنا نشارک، وبلا وعي، أولئک الراقصين، بالغناء والتصفيق لنحاكي إيقاع طبل قد شد إليه أذهان وأحاسيس الراقصين بينما راحت أقدامهم تهز الأرض لكي يعلم الربيع أنهم حاضرون معه، لقد أثار كل ذلک لدينا أجمل الأحاسيس ومنحنا شعورا منعما بالبهجة والسرور. أخذنا نرتقي الطريق المتعرج الصاعد في الجبل، وعند أحد

هەولاتامەدى كتێب

المنعطفات، تعطلت سيارتنا فجأة، وتركتنا في حيرة من أمرنا أوقفنا السيارة في فسحة على طرف الطريق وبدأ كل منا يدلو بدلوه في محاولة لإصلاح العطل، وبعد أن باءت جميع محاولاتنا بالفشل ركنا إلى جهاز الهاتف النقال لنتصل بمن يأتي لإصلاحها من ذوي خبرة والكفاءة.

كان هناک جدول صغير، مياهه تجري بسرعة طفل يهبط منحدرا دون أن يتمكن من السيطرة على إنطلاقه، وهذا الجدول كان في إقترابه تارة و إبتعاده تارة أخرى عن الطريق مثل فتى مراهق يعاكس صبية من عمره، وكان هذه المياه كانت تقصد في جريانها أن تدرک أسفل السفح لتسيح بعد ذلک منتشرة تروي خضرة السهول.

توجهت نحوه وتركت مسألة إصلاح السيارة على عاتق أصدقائي الذين وقفوا الى جانبها بإنتظار من يأتي لإصلاحها. وبينما أنا سائر صوب الجدول، وإذا بصوت تدفق الماء، في نزوله من صخرة إلى أخرى بين حافتيه، قد إختلط بأنين ناي آت من مسافة ليست بالبعيدة. رفعت ناظري لأستطلع مصدر العزف الحزين، وعلى مصب النبع لاح الخيال راعي. كان هذا الراعي يستند بظهره الى جذع شجرة سنديان ضخمة وارفة الظلال والناي على شفتيه وكأنير به يبث روحه زفرات عبر ذلک الناي الصغير. شعرت أن هذا المنظر المرئي المسموع إنما يخط قطعة شعرية جميلة للشاعر " گۆران " أو مقطعا من قصيدة للشاعر" شێرکۆ بێکەس" تدور حولها وتتراقص كالفراشات أنات وآهات الناي " دەروێش عەبدوڵڵا. جرتني عذوبة اللحن الشجي نحو ذلک الراعي، يدفعني شعور غامر بأن لابد لي من معرفة السر هذه النغمة الحزينة المنبعثة من نايه في يوم ربيعي بهيج مثل هذا. وما أن دنوت منه

هەوڵنامەی کتێب

حتى غدا صوت الناي وقد خالطته أصوات الأجراس المتدلية من رقاب اغنامه، في إيقاع رؤوسها وهي تقضم العشب الندى على ذلك السفح. كان كلبه مستلقيا، وذراعاه مبسوطتان أمامه على الحشائش النظرة، بإسترخاء ودعة، وما أن أحس بمقدمي حتى إنتصبت أذناه وتوجه بنظره نحوي بكسل من خدرته أشعة شمس الربيع الدافئة وأنعسه أنين الناي. سرت متمهلا، حتى دنوت من مكان جلوس الراعي، فسلمت عليه. نهض مرحبا رادا تحيتي بأحسن منها، ودعاني للجلوس، فشكرته ورجوته، مقتربا، أن يتابع عزفه على الناي، فأستجاب لطلبـي مبتسما. جلست صامتا وقد تخللت عذوبة صوت الناي مشاعري وغاصت في أحاسيسي ، فشعرت بالبهجة تغمرني وأحسست بإعتلاج داخلي وكأني بباقة من الحوريات قد جئن ليحملنني في هودج مزركش، لا لكي يغصن بي في الأعماق وإنما ليحلقن بي على أجنحة من السعادة والحبور في سماء زرقاء تحاكي البحر لونا وتبزه عمقا وغورا. بعد برهة رفع أصابعه عن الناي ومال صوبي برأسه مخاطبا: " بەخێرهاتیت کاکە" مقدمك خير يا أخي.

شكرته بأدب وأبديت له إستحساني لعزفه، وقلت: يا خالي العزيز، إني متيقن من أن لم تتعلم ، العزف هذه، في مدرسة أو معهد موسيقي، فكيف تسنى لک إجادة هذا الفن؟.. كما إني قد لمست تغيرا في قسمات وجهک أثناء العزف وكأنما نفذاتک خلال الناي تجسيد لآلام تعتمل في أعماق وجدانک ويعتلج بها قلبک وبين جوانحک نار متأججة تتصارع من أجل الظهور وأنت تجاهد كي تبقيها دفينة في جنبات صدرک فتأبى إلا أن

هەولێرنامەی کتێب

تخرج من ثقوب الناي أنين زفرات. ثم إستدركت قائلا: ولكن قبل أن تجيبني ، هل لي أن أعرف إسمك؟

قال مبتسما بلطف ورضى: "إسمي : حەمە ".

عند ذلك برزت في ذاكرتي قصة " حەمە شوان "، فبان السرور على وجهي وقلت له: يا أخ " حەمە " هل تعرف حكاية " حەمە شوان "؟

قال : بلى.

قلت: أتدري مقدار الحب الذي كان يملأ قلب" حەمە شوان "؟ كان حبه جميلا مما جعل الناس يصفون كل شاب لطيف في المدينة بأنه "حەمە شوان".

قال: نعم كنت أعرف كل ذلك، ولكن ، أنا أيضا، لي قصة حب، إنما قصة حب هذه ليست كغيرها من قصص الحب والغرام. أنها قصة عشق من نوع خاص، كلها نقاء وطهر وصدق وأحاسيس وهو وله بإخلاص دون رياء ومكشوف دون إخفاء، لأن من يبتغي أن يبيع الحب لسانا، لايفلح مهما بذل. إن في الحب شيئا ليس له في هذه الدنيا شبيه أو نظير، وسواء أكان ذلك عند الشعور بالسعادة أو عندما ينتاب المحب الهم والحزن. وعلى كل حال، يمكننا أن نقول: " أن كل ما هو جميل" وقدسي وعظيم ، مصدره حب كبير ومنبعه قلب ولهان، وهذه أمور خالدات لا فناء لها. إني أسمي مثل هذا الحب"عشق" لأن العشق أكثر دلالة وأعمق غورا وأصدق تعبيرا من سائر أشكال الحب الأخرى.

قلت: أخي "حەمە" من أين لك هذه الكلمات الحلوة والتعابير الجميلة؟

هەواڵنامەی کێشە

رنا إلى بناظريه وفي طرفيهما تتراقص بسمة خفيفة، وقال" كنت متأكداً إنک سوف تقول ذلک، ألم أقول أن لا أستار تحجب شيئا عن الحب، وإن الحب لا حدود له وهو ينبوع كل حب جميل ومبعث كل إحساس لذيذ وملاذ ومنهل لكل ذي حس مرهف.

قلت: كفى يا خالي العزيز، إنک تكاد تقول شعرا. لقد جعلت قلبـي يرتجف تأثرا وحتى أن شعر جسمي قد إنتصب على أصوله، ومع كل كلمة تتفوه بها وعبارة تلقيها، ينتابني شعور غريب وتسري في أوصالي رعشة لذيذة تشعرني بسعادة غامرة.

فرد ضاحكا: إذن أنت مرهف الإحساس ومن مريدي الحب وعشاق أخباره.

قلت: وقد إعتراني طيف من خجل طفولي، لقد أصبت الهدف ياعزيزي وما ظنني إلا ان لک مع العشق حكاية ومع الحب رواية، فإستحلفک بحق قدسية العشق وسمو الحب ألا إسمعتني أياها.

علت وجهه إبتسامة حزينة ثم أردف: ولكن لي شرط.

قلت: وأنا أعتدل في جلستي وأشد أنفسي لأسمع شرطک.

قال: عليک أن تسمع لحكايتي بإنتباه ولا تحكم عليها إلا بعد أن أنتهي منها، وإحذر فإن قصة عشقي هي بي وليست من نوع قصص الغرام المعهودة والتي تسمعونها دوما، ولو ان لجميع أشكال الحب والعشق قواسم مشتركة ، إلا أن لكل منها طعمه الخاص وتفرده.

عند قوله هذا طار بأفكاري وحلقت شطر أمور وأمور شرد ذهني، وإذا بصوت أحد رفاقي يعيدني إلى أرض الواقع ، عندما صاح من قرب السيارة،

هەولێرنامەی کتێب

سوف يحضر من يقوم بإصلاح السيارة، فهلم ننطلق لتناول الغذاء، فقد تأخرنا.

أشرت إليه أن يوافني حيث أنا، وما أن إقترب حتى قلت له: إسمع، إتصل بباقي أصحابنا عند السيارة، من هاتفک النقال، وأطلب منهم أن يجدوا مكانا ملائما نجلس فيه لتناول الغذاء ثم يعلموننا بذلک ونلحق بهم. إني أريد أن يتسنى لنا الوقت لسماع "حەمە" الراعي وهو يروي لنا قصته وينشف أسماعنا بأنغام عذاب من نايه الصغير. ثم همست في أذن صاحبي، في غفلة عن الراعي"حەمە"، الذي إنشغل عنا غارقا في ذكرياته ومداعبا لأحلامه وهو يستجمع خيوط ماض دفين تاقت رغبتي لسماعه لكي توقظه من سبات اراده له هذا الراعي الوهان، بينما لاحت أنامله تداعب الناي في حب وحنان: إسمع، يخال لي أن روحانية" وەلی دێوانە" تتجسد في هذا الراعي "حەمە" وبالرغم من قوله أن حكايته تروي قصة حب، ولكنه حب في لون آخر وطعم لم نعهده من قبل.

إلتفت الى الراعي " حەمە " قائلا بإحترام: بالله عليک هلا إسمعتنا شيئا من عزفک الشجي على هذا الناي.

قال: على الرحب والسعة، ثم تنهد بعمق وحسرة رطب شفتيه بلسانه، وبعد أن دعک رأس الناي بين أصابعه رفعه الى فمه. كان عزفه، في البداية ، على مهل ثم راحت صوت الناي يرتفع رويدا رويدا كلما غرق معه في ذكريات، ليود، قطعا، علو ينساها ولا ينساها ، وزاد صوت الناي عذوبة وشجوا. حين كان يضغط بأحد أصابعه على ثقب من ثقوب الناي، يخال للمرء أنه يريد أن يقضي على شخص ما، غير مرئي، ويزيله من مخيلته،

هەواڵنامەی ڤێتێر

وعندما يرفع أصبعا على ثقب آخر، إن أصـابعه تبـدو وكأنهـا، فـي حركتهـا، تطلق وجدانية طاهرة نقية كانت، كمارد قمقم، حبيسة داخل الناي وتتوق الى إنعتاق. راح جسده يتمايل مع اللحن، والذكريات تعتصره، ويوحي للناظر إليـه وكأن شعلة عشق مقدس تضطرم فـي داخلـه تـؤجج نـارا تأكـل كـل قلبـه وأحشائه. بعد برهة تلاشى اللحن في حزن وحسرة وتوقـف الراعـي "حەمـە" عن العزف وقد إعتلى وجهه وجوم وغشـته مسـحة حـزن، لابـد أن هنـاک ذكرى أليمة شقت طريقها مع اللحن الى ظاهر أسـاريره. شـكرته وصـديقي على عزفه الجميل، وهو شارد البال.

همس صاحبـي: بالله عليک هل شاهدت أو سمعت أحدا آخر يعزف مثل هذا؟

بعد ذلک تنهد أخ "حەمە" عميقا ورفع عينيها، خضبتهما الدموع، لينظر الى ما حوله، وكأنه قد إستيقظ للتو من سبات عميق، ثم نظر إلينا بتعجب وقال: أما زلتم تريدون سماع حكايتي؟

أ لديكم بضع دقائق لذلک، قبل لحاقكم بأصحابكم؟

أجبناه بصوت واحد: بلى والله، وليتک تتكرم علينا بذلک، فعلت وجهه إبتسامة رضى، وقال: بعد أن أعدل من جلسته وإتكأ جيدا الى الشجرة، قبل سنوات طويلة مر علينا ربيع جميل شبيه بهذا، وفي أحد المساء وكانت الشمس قد مالت لتودع الوديان وتعانق قمم الجبال، بعد زيارة قصيرة لها إذ كان الجو مطرا ً، طيلة ذلک النهار وكانت شمسه تصارع الغيوم طوال الوقت وتتدافع معها لتسطع تارة وتحتجب أخرى.

هەوالنامەی کتێب

وبينما كنت أقود قطيعي عائدا به الى مراحه قرب كوخي عند طرف القرية وعند إجتيازي طريق العام عند أحد المنعطفات وإذ بسيارة مسرعة، قد ظهرت فجأة، يقودها شاب في مقتبل العمر، ولما كانت الطريق زلقة، فإن السائق لم يتمكن من تفادي الأمر، وصدمت سيارته قطيع الغنم .

غاص قلبـي بين أضلعي وأشتد وجه هلعا على حياة الشاب وإحتمال ضياع عمره من جهة ومن الجهة الأخرى خوفا على خسارة القطيع، وكما تعلمون إني راع.. والقطيع ملک لأصحابه الذين أرعى لهم. سلم الشاب ولكن ما هذا؟ ماذا أرى.

لقد تناثرت أشلاء العديد من الخراف والنعاج على قارعة الطريق وانقذف قسم منها إلى جانبيه وتلطخت الأرض بدمائهمها التي راحت تسيل مختلطة بمياه المطر الذي عاد ليهطل من جديد. لفتت نظري نعجة مسكينة كانت في أواخر مراحل حملها وقد أثقلها الجنين الذي في بطنها ولم تقو على الهرب، قبل فوات الأوان. كانت تجود بأنفاسها الأخيرة، فغسللت خنجري وذبحتها قبل أن تموت. بريقت في رأسي فكرة، لاأدري من أين أتت، وكأن هاتفا يصيح بي: أنقذ الجنين الذي في بطنها. فسارعت وشققت عنه واخرجته فوجدته حيا ً، فنظفته بما تجمع من ماء المطر في برک صغيرة على جانب الطريق ثم لفقته ببجيبتي لأقيه برد المساء وتساقط المطر وألصقته بصدري لأدفئه لسان حالي يلهج بالدعاء والشكر الى الله المحيي والمميت وسرت أكرر ذلک والدموع تنحدر من عيني وتختلط بقطرات المطر النازلة من رأسي وعلى وجهي. شعرت بالغبطة لإنقاذي ذلک الحمل الوليد، وعجبا، لقد بدأ لي وكأنه أحد أطفالي وأنا أحنو عليه. في ذلک الوقت كان

ئەوڵاتامەی کتێب

قد تجمع بعض الناس حولي وأنا أصيح ناديا ما حل بقطيعي وأشهق بالبكاء بين عبارات الدعاء والشكر وأنا أحتضن ذلك الصغير. سقت باقي القطيع وأنا أحمله بيد بينما رحت أجرجر أمه الذبيحة باليد الأخرى. يا للمفارقة، يد تحمل الحياة والأخرى تسحب الموت، وأنا صاحب كلتا اليدين. في البيت قمت بحلب أحدى النعاج ، والتي كانت قد ولدت صغيرها قبل أيام، وبعد أن صنعت ما يشبه رضاعة الطفل قمت بأسقائه من حليبها حتى شبع وأرتوى. لقد كنت استيقظت في منتصف الليل كي أطعمه جرعة مشبعة من حليب تلك النعجة، خوفا من أن يكون قد جاع.

سرح " حەمە" في ذكرياته وقد ظننا أن الحكاية قد إنتهت عند ذلك الحد، لكنه بعد برهة إلتفت إلينا وأستطرد: وهكذا ربيته في محبة وحنان يوازي ما تكنه أم رؤوم لوليدها الوحيد. وضعت لها جرسا مميزا حول رقبته، فأعرف من صوته مكانه وهل هو جاثم أم يتحرك. لقد أعتاد على مرافقتي أينما ذهبت ويلازمني ولا يبتعد عني حتى حينما يكون شبعانا ريا، وإذا ما جلست في المرعى أو البيت فتراه يجثم ملاصقا لي وكأنه كلب عندما كنت نائما ليلا فكأنه يأبى مرافقتي ويطول و يعلو غثائه حتى يرق له قلبي فأسمح له بدخول مكان نومي والإستلقاء قرب فراشي لينام هانئا مطمئن البال. إستمر الحال هكذا حتى كبر وصار كبشا كبيرا إشتهر أمره بين أهالي القرية لضخامة جسمه وكبر قرونه، التي كانت لا ترحم كبش آخر يتجاسر ويجرأ على محاولة مناطحته. ولما كنت لا ابخل عليه بالطعام ليل نهار فقط أكتنز لحما وطبق شحما وصار مضربا للأمثال. كان كلانا لا يحتمل فراق صاحبه أو الإبتعاد عنه، فقد غدا، بالنسبة لي، بمثابة إبني الذي لم أرزق به

هەولێرنامەی کتێب

بعد، كوني كنت ولا أزال عازبا، وفلذة كبدي التي لا تفارق عيني. اما هو فقد وجد بي عطف وحنان ومحبة الأم التي يرعاها، تصوروا إنه كان يعتقد فعلا بأني أمه، بأني نعجة. عند ذلك ضحک الراعي، " حەمە" ضحكة قصيرة، ثم فجأة تغير تقاسم وجهه، وبعد ان كان سارحا بخياله في ذكرياته مع ذلک الحمل الذي بات كبشا، وإحتقنت مآقيه بالدموع وشهق بحسرة عميقة وتفرس، شارد الفكر، في وجهي و وجه صاحبـي وسكت برهة. كنا قد شاركناه، دون إرادة، في ذكرياته وعشنا معه في إسترجاع مامر عليه من أحداث، وقد سارعت عدوى مشاعره فينا، وكنا ننتظر بلهفة أن يكمل لنا الحكاية، فجلسنا صامتين وهو ينظر إلينا، وإني واثق من أنه لم يكن يرانا. كنت أفكر وأتسال مع نفسي، هل كان مصير هذا الكبش مثل أمه، راح ضحية سيارة مسرعة وسائق غير منتبه؟ أم أن " حەمە" هذا قد تسبب في هلاكه بطريقة ما؟ بعد فترة لا أدري أطالت أم قصرت، عاد الراعي" حەمە " الى وعيه وإنتبه إلينا قائلا: في ساعة متأخرة من ليلة شتاء باردة، سمعت طرقا متكررا على باب كوخي، وناداني شخص ما، من خارج بلغة كوردية ركيكة طالبا مني أن أفتح الباب قمت من فراشي على عجل وفتحت الباب، فشاهدت أمامي مجموعة من الأشخاص، لا أعرفهم.

نظرت في وجههم بإستغراب وتساؤل، فقال لي أحدهم ، وكان يقف في المقدمة، وشبح إبتسامة ساخرة على وجهه، أنت، " حەمە " الراعي، أليس كذلک؟

ولما كانت الدهشة ومفاجئة إيقاظي من النوم في مثل هذه الساعة من بهيم الليل، قد علقت لساني ولم أحر جوابا قال لي مطمئنا : لا تخف، لقد

هەواڵنامەی ژیٚنێ

جئناک في أمر مهم وضروري ولا نظن أن ترفض ما جئناک من أجله وتزاحمت الأفكار في رأسي وتلاطمت، وتسارعت دقات قلبـي، وقلت في نفسي: إلهي، ياترى أي أمر مهم هذا الذي يقصدونني به، وأنا الراعي الفقير المسكين ، في مثل هذا الوقت من ليلة ممطرة وجو قارس البرودة؟

إنتبهت على صوت ذلک الشخص يقول، لي بنبرة فيها شيء من الخشونة: ما هذا؟ هل ستتركنا واقفين، خارج كوخک الوضيع، في البرد والمطر؟ أعادني صوته الى أرض الواقع، فقلت متلعثما، بشيء من المجاملة : تفضلوا على الرحب والسعة. بعد دخولهم سألتهم الغرض من هذه الزيارة غير المتوقعة، فضحكوا جميعا وعلت قهقهاتهم، وقال لي فرد آخر منهم إسمع: لقد حضر هذا المساء عدد من الضيوف عند مسؤولنا، وبعد أن قضوا مساءهم في سمر وخمر ودارت كؤوس بالرؤوس، جاعت البطون وطلبت الطعام ، قال أحدهم أنه يستطيع، من جوعه أن يأكل خروفا كاملا، فضحک مسؤولنا وضحک عليه، انک لا تقدر، لكن بما أنک ذكرت ذلک فلن يكون إلا ما أشتهيت. أما الخروف الذي سوف تأكل منه ، فإنک لن تستطيع أن تأكل ولا عشر معشاره. عند ذلک قال له ضيوفه: وأي خروف هذا الذي تتكلم عنه؟ أخروف أم بعير؟ نحن جياع ولن يشبعنا كلامک ولا تملأ بطوننا وعودک.

فرد مسؤولنا: على مهلكم، دعوني أكمل، أن حديثكم عن أكل الخراف الكاملة، قد ذكرني بالخروف معين، عفوا، أنه ليس خروف، أنه كبش مهول يشبع عشيرة. قالوا بصوت واحد، ضاحكين، ومن أين لک بمثل هذا الكبش الذي يشبع عشيرة، فرد عليهم بكل ثقة: أنه موجود، أنه عند الراعي،" حەمە" فقد رأيته مرارا وودت ان تكون على مائدتي ولكن أنى لي بمن يأكله معي؟

کتێبی هەولێرنامە

ثم أردف الرجل قائلا، وها نحن أولا جئناک طالبين منک کبشک هذا لتسعد به مسؤولنا وتشبع ضيوفه.

مادت الأرض تحت قدمي وكدت أن أسقط على الأرض، وبصعوبة تمالكت نفسي وقلت: بصوت مخنوق ومتقطع: ليت ذلک بمقدوري، فكما تعلمون، ما أنا إلا راعي وجميع ما معي من أغنام هي ملک لأصحابها الذين أرعى لهم، فنهرني الأول وقال : أ تهزى بنا بقولک هذا؟! إننا نعرف قصة هذا الكبش وأنه لک بعد أن إستخرجته من بطن أمه عندما صدمتها سيارة، إكتف عن هذا الهراء، أم تريد أن يجوع ضيوف مسؤولنا، فتثير غضبه، وأنت أدرى بما يمكن إن يحصل لو غضب، لا سمح الله، أو حتى مجرد إستاء مسؤولنا هذا؟ لذا فنحن آخذيه، إن شئت ذلک أم أبيت ولن نعود بدونه.

توسلت إليهم أن لا يفعلوا، وحتى إني عرضت عليهم أن يأخذوا خروفا أو خروفين غيره، ولكنهم أصروا على طلبهم. قلت لهم: يا أخوان إن هذا الكبش، ومنذ أن انقذته، وبعد أن ربيته أشهر كثيرة أصبح بالنسبة لي بمثابة إبني وفلذة كبدي. عند سماعهم قولي ذاک إنفجروا ضاحكين بإستهزاء قائلين:إذا ماذا يجب أن نكنيک؟ أ..نناديک أبا خروف أم أبا كبش؟ عد الى رشدک يا رجل وكف عن هذا الكلام الفارغ. كاد روحي أن تخرج من بين أضلعي وأنا أراهم، واليأس قد ملئني وإعتصر قلبي وشل حركتي، وهم يسحبونه عنوة لإخراجه من الكوخ، وهو يقاوم ويصيح وكأنما يستنجد بي وينظر إلي بعيون رأيت فيها توسلا وإستغاثة تحطم القلوب وتفتت الأكباد. لم أتمالک نفسي وحاولت أن أخلصه من أيديهم، فدفعوني جانبا ً وسقطت

هەواڵنامەی کتێب

على الأرض، وقال لي أحدهم : لاتخف، فإن مسؤولنا رجل سخي ولن يبخل عليک بثمنه وأكثر حتى يرضيک.

وضحک آخر وهو يقول لأصحابه بما يشبه الهمس: وهل مسؤولنا يدفع من جيبه؟

قلت لهم يائسا: إن المسألة ليست مسألة الثمن، إنكم وكأنكم تأخذون إبني إلى الإعدام. أفلا تفهمون ما أشعر به. عند ذلک أكفر وجه من كان يترأسهم وصاح بي غاضبا: أ تريد أن نصطحبک معه في مؤخرة سيارتنا لترفض أمر مسؤولنا في وجهه وتخجله أمام ضيوفه؟ قلنا لک تعال في الصباح وخذ ثمنه. ثم وجه كلامه الى جماعته وطلب منهم الإسراع في وضع الكبش في السيارة. إستمروا في سحبهم الكبش الى الخارج، وما أن أصبحوا خارج الكوخ حتى قام المسكين بغرز أرجله الأمامية في وحل الطريق، وعبثا حاولوا جره نحو سيارتهم، فما أجبرهم على التعاون، ساخطين شاتمين، على رفعه بأيديهم ووضعه في مؤخرة سيارتهم ذات حمولة(طن واحد). سقط كبشي في حوض السيارة وسقطت أنا على أرض الكوخ أن في قنوط وقله حيلة تكاد روحي معه أن تصعد الى بارئها وذهب اليأس بعقلي فصرت كمن أصابه مس من جنون، ومع تلاشي صوت المحرک وهي منطلق نحو مكان وليمة مسؤولهم، تلاشت قواي وإرتخت مفاصلي وطار مع إبتعاد السيارة عقلي وبقيت في مكاني لا أقوى على الحراک حتى إنبلاج الصباح تمنيت أن لا أراه. حاولت النهوض فلم تقو على حمل رجلاي وخارت قواي تماما وأحسست بعجزي يطغى ليس على نفسي فقط وإنما على أوصالي ودواخلي وكأنما كبدي قد إجتث من أحشائي وقلبي قد إنتزع

هەولاتامەی کتێب

من صدري وتحشرج النفس في جوانبي حشرجة إحتضار مرير. أسودت الدنيا في عيني ولم أدر بما حولي ومنظر كبشي المغتصب وتلك النظرة المستنجدة التي رأيتها في عينيه هما كل ما مثل أمامي ولم أر غيره. لقد كان ينظر إلي متوسلا ومستعجبا، في آن واحد، ولم يكن ليفقه كيف طاوعتني نفسي أن أتركهم يذهبون به ولم أذود عنه؟ وكيف إرتضيت فراقه بخنوع ؟ تساؤلات من لا يعرف معنى القهر والإضطهاد.

سكت الراعي "حەمە" وراح في شبه غيبوبة وهو يستعيد تلك الأحداث مع نفسه ونسى وجودنا، فإستعجلته قائلا: ياخال" حەمە" وماذا بعد ذلک؟ إنتهى الأمر عند ذلک الحد؟ هل ذهبت في اليوم التالي لإستلام ثمن الكبش؟ عند ذلک إنتفض وكأنما ثعبان لسعه أو عقرب صحراء لدغه، وقال بصوت فيه رنة غضب مغموسة بمرارة قاسية، ولكن يحجب غضبه وإستيائه مما قلت، حسن أدبه وجميل تأدبه: ماذا دهاک؟ هل أقبض ثمن دم من أصبح بمكانة ولدي؟ أ يبيع المرء إبنه ؟ إن كل مال الدنيا يصبح كل ذي قيمة إذا كان ثمناً لحياة من قد أضحى أعز مخلوق عرفته.

عندها إعتذرت منه وقلت: لقد تعمدت إثارتک لكي أخرجک من فرارک الى الذكريات الأليمة وتُكمل لنا الحكاية.

سرعان مازال إنفعاله وعاد إلى سابق طبعه الطيب وقال: في ذلک الصباح المشؤوم كان المطر ينهمر بغزارة والريح عاصفةً هوجاء وقد إمتلت السماء بأسهم البرق، وبالرغم من المحاولة اليائسة للضوء أن يخترق حجب الغيوم السوداء التي غطت السماء، وسدت الآذان من قصف الرعد وكأن الطبيعة قد أقامت مأتماً تحت جيمة عزاء كحيلة قاتمة، معلنة غضبها

هەواڵنامەی کتێب

بسيوف البرق الممشوقة طعاناً ، ودموع السماء تنزل مطراً وزمجرة الريح وصوت الرعد عويل أم ثكلى أو إبنة يتيمة مات عنها والدها. مأتماً تشاركني، فيه عوامل الطبيعة، غضبي، ولكنها لم ولا تقدر أن تشاطرني يأسي وقنوطي وتحمل عني بعض همي ولوعتي فهي لي وحدي خالصة بين جدران كوخي وفوق أرضه وتحت سقفه . تلك الحيطان والأرض والسقف التي غدت وكأنها تابوت أو لحداً في قبر موحش وأنا فيه حبيس أحزاني. لم يتبق لي في هذه الدنيا من أنيس أو ونيس، فلا أهل ولا صاحبة ولا ولد لكي أسلو ما فقدته ويعوض علي ما أفتقدته. تمالكت نفسي وتحاملت وخرجت أروم أصحاب الإغنام التي بعهدتي، وردت الى كل واحد منهم ماله عندي من خراف ونعاج، وعدت الى كوخي فرزمت ملابسي وبعض أغراضي وخرجت مغلقا باب الكوخ ورائي الذي كانت في داخله كل ذكرياتي وحملت همي في قلبي وملابسي وأغراضي في يدي وعلى كتفي. همت على وجهي ولا أدري إلى أين تقودني قدماي، أسير ودموعي تخضب وجهي طول الوقت وأنا غارق في ذكرياتي مع كبشي ذاك. تركت المنطقة برمتها، لأن ما فيها يذكرني بفجيعتي يوقظ همومي وأحزاني، وإنتقلت الى مكان آخر، في محاولة يائسة لكي أنسى أو أتناسى مصيبتي ومصابي. بعد ردح من الزمن، أخذ ينتابني حنين الى مسقط رأسي ومربع صباي مرتع شبابي وتاقت نفسي الى تلك الجبال السامقات والوديان الظليلة، إلى مساقط الماء المتحدر من القمم قافزاً من صخرة الى صخرة ليلتقي جداولا ثم نهران ويحط رحاله بين جنبات النهر أسفل الوادي الكبير. ما إن عدت الى هذه الجنة على الأرض حتى غمرني شعور غريب من الطمأنينة وسكون النفس ولفني

مەولانامەی کتێب

هدوء عجيب تسرب الى وجداني وإنساني أو كاد ما قاسيته من لوعة فقدان ذلک الكبش.

عدت الى سابق عهدي أرعى أغنام الناس بدلا عنهم، فأجلس متكأ على جذع شجرة أخرج ناي من حزامي وأبدأ بالعزف، بينما أغنامي ترعى بسلام على المنحدرات وكلبي ساهر يراقبها ديدانا حتى لو شرد ذهني ولم أنتبه لها فهو حارس يدفع عنها كل غائلة ويعيد من تشرد منها إلى مكان باقي القطيع. تنهد ثانية ثم عاد ليقول: ها قد سمعنا حكايتي مع الكبش، فهل لي الآن أن أستضيفكم على شيء من لبن النعاج . فليس لدي هنا غيره والقرية بعيدة.

شكرناه وقلنا له: إن طعامنا في السيارة، فهل يتفضل بمشاركتنا الأكل منه؟

إعتذرت بأدب قائلا: لقد سبقتكم وأكلت، والحمدلله قبل وصولكم بقليل.

عند ذلک سمعنا أحد أصحابنا ينادي إن المكان جاهز والطعام معد.

ودعنا" حەمە" الراعي قائلين بأننا نعطيه وعدا بتكرار زيارتنا له في هذه الأنحاء، لكي نراه أولا، ونسمع جميل عزفه وقد نتمنى عليه أن يتحفنا بحكاية أخرى تهز مشاعر وتلهب الوجدان مثل حكايته مع الكبش. قام يعانقنا مودعا ً وهو يقول: قد لا يطول بي العمر لا أراكم في الربيع القادم.

عند قوله هذا، جاشت بثلاثتنا العواطف وغمرتنا المشاعر ففاضت مآقينا وتنادت مدامعنا بعد أن توحدت أحاسيسنا.

قلت له، وهو يرافقنا لبضع خطوات من الطريق : يا أخ" حەمە " إن ما قلتهعن العشق الأصيل هو عين الصواب ولاتجد نظيرا له إلا لدى الإنسان الأصيل والوفي مثلک.

أستند، بعد أن غادرناه، الى جذع شجرة وودعنا بعزف مقطوعة شجية على نايه الصغير، كان لحنا يؤجج نارا في قلب كل ذي شعور مرهف. سرت وصاحبـي نحو باقي الرفاق وقد لف كلينا صمت ثقيل وكل منا لا يزال سارحا مع الراعي" حەمە "ونايه وغنمه. منهمكا ً في إصلاح عطلها، فطلبنا منه أن يوافنا في الأسفل حال إنتهائه من التصليح. جلسنا في مقهى على جانب الطريق، بالقرب من جدول ماء رقراق، وحتى أن رفاقنا الذين لم يجالسوا الراعي" حەمە " قالوا لنا مازحين: بما أنكما قد إستمتعما بعزف ناي الراعي، وسماع حكايته، فإننا بدورنا سنقوم بتبريد أرجلنا في ماء الجدول البارد وإياكما مشاركتنا، فقد نلتما نصيبكما من الترويح عن النفس وجاء دورنا. بعد أن شرب كل واحد من المجموعة قدحين من الشاي، وصل الميكانيكي جالبا السيارة، فأستقللناها وتوجهنا شطر المدينة، وقد مالت الشمس نحو المغيب. في الطريق كنت غارقا في بحر أفكاري مع الراعي "حەمە" وحكايته، وفجأة لكزني صديقي، الذي جالسني عند الراعي "حەمە" ثم قال: ماذا بک؟ لماذا أنت واجم هكذا؟

هەواڵنامەی کتێب

قلت: والله يا أخي، أن الراعي" حەمە" قد شدني بإثار عواطفه الجياشة التي طفحت بها حكايته.

ضحک صاحبـي وقال: طبعا، الست شاعرا ؟ ثم إستدرک : عذرا انک لست شاعرا فقط، وإنما أنت من أشد من عرفتهم عشقا للشعر وسحره، وفي كلام الراعي" حەمە " هناک شاعرية وسحرا داعبا أوتار قلبک وآثار مكامن وجدانيتک ورهيف أحاسيسک. إما أنا وكما تعلم، إنسان عملي وراسخ في واقعيتي.

قلت متسائلا: ماذا ترمي من وراء كلامك هذا؟ أتعني إني خيالي وعاطفي وأنت عملي وواقعي؟ قال: بلى ولا .

قلت: أهي أحجية؟ فأما أن يكون جوابك بنعم، أو لا، ضحك ثانية قال: بلى نحن الإثنان كما وصفت ووصفت . إما لا، فإني لم أقصد بها إننا غير ما نحن عليه، وإن مارميت إليه هو إن أسالك أو لنقل أسترعى إنتباهك إلى أمر في غاية جدية. قلت: إفصح، فلست في مزاج يسمح لي بالإستماع إلى أحاجي والألغاز.

قال: ما أريد قوله أن هو ما أشبه الأمس باليوم.

قلت: لم أفهم شيئا أوضح.

قال: ما أشبه ما سمعناه اليوم بما كان قد حصل في الماضي. وأي ماضٍ؟ ذلك الماضي القديم الضارب في أعماق التأريخ.

تبسمت وقلت: ماذا؟ هل ستقودني الى متاهاة فلسفية؟

قال: كلا، وإنما خطر على بالي أمر. إن الراعي اليوم له قصة جذرها مع جذور قصة راع ثان كان يعيش ويرعى غنمه في المرتفعات المحيطة بمدينة (روما) القديمة. كان إسم ذلك الراعي ليس" حەمە" "بل قيصر" وقد أسماه أبواه بذلك الإسم تيمنا بإسم بطلهم وحاكمهم (يوليوس قيصر). كان ذلك الراعي (قيصر) يرعى أغنامه على تلك المنحدرات وإذا بأحدى نعاجه تنزلق لتسقط من علو وترتطم بالصخور الناتئة. هبط إليها فوجدها في الرمق الأخير، ولما كانت حبلى في أواخر أيام حملها، فقد قفزت إلى ذهنه فكرة أو قل جاءه إلهام، فقام وسحب سكينه ليبقر بطنها ويشق عن جنينها ويخرجه حيا ثم يرعاه ويغذيه. هكذا تمكن من إنقاذ ذلك الجنين من الموت

هەواڵنامەی کتێب

المحتم. ومنذ ذلك الوقت أنقذت عمليات الولادة (القيصرية) في كل عام، الألوف من الأطفال وأمهاتهم من نهاية مفجعة وموت محتوم، بعد تعسر الولادة الطبيعية.

إستمعت له بهدوء، وأنا أقول في نفسي، يا لها من مصادفة غريبـة ، راع ينقذ حملا في جبالنا، وقد سبقه، بزمن طويل راع آخر قام بالشيء ذاتـه فـي (روما) البعيدة زمانا ومكانا.

هەواڵنامەی کتێب

## (٤)

# نهێنیی دوا نامە [١٥]

لە مێژ بوو بیرم لە دەرفەتێک دەکردەوە، کە بتوانم مام ڕەشید لە نزیکەوە بدوێنم. سەری دەزوولەی گلۆڵەی ئەو ئازارانەی بدۆزمەوە، کە لە ژێر لۆچی دەموچاوە هەڵقرچاوەکەیدا حەشار درابوو .دەموویست نهێنیی ئەو ژیانە بزانم، کە ئەو پیاوەی بەو شێوەیە بە ئێمەی ناساندبوو، ملم وەبەرناو چوومە ژووری. کرپارەکەی بەرێکرد. بە دەستێکی ئاماژەی بۆ کورسییەکەی تەنیشت قەرەوێڵەکەی کرد، کە بە شەوانە لە سەری دەنووست. لەوە دەچوو مام ڕەشید سووسەی شتێکی کردبێت. بێ پێشەکی هاتە قسە :

"ـ ها عەودالّی چیت؟ من دەمێکە هەستم بەوە کردووە شتێک لە دڵتایەو ئەتەوێت بیدرکێنیت. من پیاوێکی کەم دووو وشک نیم. هەرچییەکت لەدڵایە بیڵێ. سێودووی لێ مەکە".

چاوەکانم برییە برژۆڵە سپیو دەموچاوە چرچۆڵەکانی، کە پڕ حەسرەتو خەم بوون.

وتی :

"ـ چییە کوڕم، بۆ بێدەنگی، شەرم مەکە، دەتەوێت لە چ شتێک بزانیت؟ ئامادەم هەر شتێکت بوێت، بۆت باس بکەم".

وتم :

---

[١٥] ڕۆژنامەی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٨٩٠، ١٧-٦-٢٠٠٤.

"ـ مام ڕەشید.. دەمێکە هەندێ پرسیار ناخم دەوروژێنن، دەمەوێ بزانم تۆ کێی؟ لە کوێوە هاتوویت؟ چۆن لەم دوکانەدا ژیان بەسەر دەبەیت؟ ئەی تۆ کەست نییە؟ "

هێند بە پەرۆشەوە پرسیارەکانم دەکرد، چی لە دەروونمدا گینگڵی دەدا هەڵمرشت. ئاگام لە مام ڕەشید بڕابوو. مام رەشید لە سەر خۆ ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو سەرنجێکی دامێ‌و سەری داخستەوە. پاش کەمێک بە لەپی دەستەکانی ناوچەوانە شەقار شەقارەکەی سڕی‌و رووی تێکردمو وتی :

"ـ چی برا.. تۆ چ پێویستییەکەت بە زانینی نهێنی ئەو ژیانەی من هەیە؟ دەبوایە تۆ لە دەموچاوە ژەنگاوی‌و شێوەی ژیانەکەمدا وەڵامی پرسیارەکانی خۆتت دەستبکەوتایە. ئەی نابینیت خەم وەکو چەمە هاوێنەی گەرمیان برژاندوومی؟"

من دوا بەشی وەڵامەکەیم لێوەرگرتەوە.

وتم:

"ـ مام ڕەشید.. من بە راستی عەوداڵی زانینی هۆی ئەو خەمو پەژارە پڕ بێدەنگییەتم ".

چەند کڕیارێک هاتن .مام ڕەشید بە دەنگیانەوە چوو. جگەرەیەکی پێکردو مژێکی قووڵی پڕ بە سییەکانی لێدا .لە شەربەکەی ژێر مێزەکەیدا قومێک ئاوی خواردەوە، دیسانەوە مژێکی‌تری لە جگەرەکەی دایەوە. وتی:

"ـ من ئەم دوکانە دواماڵ‌و مەنزڵگەو کەسوکارمە".

بروسکەیەک هەژاندمی‌و لێم پرسی :

"ـ چۆن؟"

وتی:

"ـ خۆت دەزانیت من خەڵکی دێهاتم. تەمەنی منداڵیو هاوکاری کەسوکارم لەکشتوکاڵیو ئاودێریو ماڵات بەخێوکردن، بەهەشتێکی هەرزەکاری بۆ دروستکردم. دڵو هۆشو چاوم چووە سەرکێژێکی ئاوایی ".

لەم ساتەدا مژێکی هێندە توندی لە جگەرەکەیدا. کۆکەیەکی توند گرتیو کەمێک ڕەش داگەڕا. پاشان ئاسایی بۆوە. بەڵام هەموو گیانی بووە ئارەق. چاوە کزەکانی فرمێسکیان تیادا تێزا .

وتی:

"ـ خونچە دڵو نانو ئاوو ژیانو ماڵم بوو. خوازبێنیان بۆ کردمو بوو بە هاوسەرم. خودا کوڕێکی پێ بەخشین. لە خۆشەویستیی باوکم ناوم نا (قادر). ساڵێکی بەسەرداچوو لە گەڵ لەدایکبوونی (مەحمود) پرسەی خونچەم گێڕا. ماڵئاوایی لێکردم. خەڵکی ئاوایی هەوڵی زۆریان لەگەڵدام ژنێکیتر بخوازم. بەڵام من چرۆی بەختەوەریم لەگەڵ خونچەدا کوژاندەوە. بووم بە باوکو دایک بۆ (قالەو خولە). پێشمەرگە، کە دەهاتنە ئاوایی، دەمبینی چۆن هۆگریان دەبوون. قالەو خولەش چۆن خۆیان لەچەکەکانیان هەڵدەئەسوون. دەمگوت دەبێت کەی ئەمانیش گەورە ببن، ببنە پێشمەرگە. تا چەند لەو دیمەنانەی پاشەڕۆژی (قالە وخولە) دڵیان خۆش دەکرم ".

مام ڕەشید ئەمجارەیان مژی جگەرەکەی فلتەرەکەشی لەگەڵ خۆیدا سووتاند، توڕی هەڵداو زۆر بە قووڵی چاوی بڕییە بەر پێی خۆیو پەنجەکانی بەیەکدا هێنا. سەری هەڵبڕیو سەیرێکی کردم .

وتی:

ـ خۆ ئەو کاتەش دوژمن پیرو جوانو گەورەو بچوکو لاوازو بێهێزی نەدەزانی، کە دەکەوتنە لێدانی منو خەڵکی ئاوایی، هەردوو کوڕەکەم خۆیان دەخزاندە بن دەستمەوە".

من بە قسەکانیدا چەخماخەیەکی رقو تۆڵەم لە چاوەکانیدا بەدی دەکرد. جگەرەیەکی دیی پێکردەوە .جامێک لە ئاوی شەربەکەی دایە دەستم. بێدەنگی هەردووکمانی داگرت. پەیتا پەیتا دڵۆپە فرمێسکە بێدەنگەکانی ئەسڕییەوە، کە چاوەکانی سوور هەڵگەڕاندبوو. ساتە وەختێک لێی روانیم وەکو ئەوەی شانی دابێتە بەر باسێکی زۆر قورسو بۆی نەبزوابێت، کۆتایی هەناسەیەکی قووڵ

وتی:

ـ ئای لەو رۆژەی پیاوانی رژێم، خۆیانکرد بە ئاواییداو هەموو گوندەکەیان کۆکردەوە، ئەفسەرێک بە دەنگێکی پڕ لە قینو تووڕەیی پێی گوتین بە پێی بڕیاری سەرۆکمان بۆ ئەوەی لەم شوێنە دواکەوتوە رزگارتان بکەینو نزیک شارتان بکەینەوە، لێرە ئەتانگوێزینەوە، ئۆردوگامان بۆ دروستکردوون. کۆمەڵێ قسەی هەڵەقومەڵەقی کرد. ئێمەش واقمان وڕمابوو".

مام رەشید درێژەی بە قسەکانیداو وتی:

"ـ حاجی عەزیز، کە هەموو ژیانی پڕبوو لە سەروەریو نیشتمانپەرستی، تا بڵێیت پیاوێکی بە هەیبەتو رێزدارو گەورە بوو، هەڵیدایەو پێی گوتن ئێوە بڕیاری ئەوەتان داوە یەکجاری لەم دێیەی خۆمان هەڵمان کەنن، یاخود جارێکی دی ئەمانگێڕنەوە بۆ ئێرە؟ ئەفسەرەکە بە سەر بادانێکی پڕ لەقینەوە نەخێرێکی لەدەم هاتە دەرێ. ئەمجا وتی بە خەویش ناگەڕێنەوە. حاجی عەزیز وەک بڵێی ئازارێکی تیژ ناوسکی هەڵتەکێنێ، گرژبوو، رەش داگەڕا چەمایەوە خۆی دایە پاڵ دارێکو سەری پێوەنا. پاش چەند ساتێک گیانی سپارد. دەمو دەست خەمەکان بە سەر یەکدا ترشان. کار لە فرمێسکدا نەما. دارو بەردی ئەو ناوچەیە لە پرسەی هەموو شتەکاندا بوو. چ کارەساتێک رووی تێکردووین. لەوەوبەر وامئەزانی لەمردنی خونچە ناخۆشتر نییە، بەڵام ئێستا هەتا بێت خەمەکان.. ئازارەکان گەورەترو بە سۆتر ئەبن .ئای لەو پیاوە پێش

هەوڵنامەی کتێب

ئەوەی گیانی لەدەست بدا چۆن چاوەکـانی بە ماڵەکـان بە هەمـوو نـاوچەکەو بەخەڵکەکەدا ئەگەڕانـد، تووڕەبـوون و تۆڵەشـی دابـاران بەسـەر دوژمنـدا، پـاش تەقاندنەوەی ماڵ بە ماڵ ئینجا بە شۆفڵ ئەو دیوارەی خۆی بە پێوە ڕاگرتبـوو رووخاندنیان. داروبەردیـان هەڵکەنـد، سـەرچاوەی ئاوەکانیـان داپۆشـی ئەوان پێکەنینی سەرکەوتن و ئێمەش بێدەسەڵاتی و خەم و پەژارەو بێـدەنگی و هەسـتم بە ئازاری ئاسمان و خاک ئەکـرد. ئەی خـودایە ئـێمەش بـۆچی وەک حـاجی عەزیزمان لێنایەت، مەرگ باشترین خەڵات بوو بۆمان. لە ئۆردوگا بۆ بژێـوی و بەخێوکردنی قالەو خولە دوکانێکم دانا".

نێوچەوانی مام ڕەشید هێندە گرژ بووبوون، چاوەکـانی بە ئاسـتەم مـابوونەوە. تینێکم دایە خۆم و وتم :

"ـ مام ڕەشید زۆر ماندووبویت. با لێگەڕێین. بمبورە قەتمـاغەی ئەو برینـانەم پێهەڵدایتەوە".

نیگایەکی پڕ لە پاڕانەوەی تێگرتم و وتی:

"ـ ئەزیزم، قفڵی ژەنگگرتـووی دەرگـاکەت پێکـردمەوە. سـەرجەم برینەکانـت هەڵدامەوە. ئێستەش دەتەوێت لێبگەڕێم؟ نەخێر من دەمێکە دەمەوێت گلۆڵەی ئەم ئازارانە بۆ کەسێک بـکەمەوە ڕەنـگە خۆشـم پێویسـتم بەوە هەبێـت چـی لەدەروونمایە هەڵیـرێژم. دەشێ بە هەڵڕشتنی خەمەکانم جـۆرە فەرامۆشـییەک بێت".

کڕیارێک پاکەتێک جگەرەی هەڵگرت و مام ڕەشید پارەی لێسەندو باقییەکەی دایەوە. بە دەنگێک، کە بە ئاستەم دەبیسترا، وتی :

"ـ خولە مـاوەیەک بـوو هەڵسـوکەوتی گۆڕابـوو. پیـاوانی ڕژێـم لە خشـتەیان بردبوو. وای لێهاتبوو زۆر بێشەرمانە هەڵسوکەوت و قسـەی لەگەڵ مـن و قـالەدا ئەکرد. بووبووە جێگەی شەرمەزاری و سەرشـۆڕی لە لای مـن و قـالە. قـالەش هێندە مەنگ و بێدەنگ بوو، بە دەگمەن ورتەی لە دەم ئەهاتە دەرەوە. ئێسـتا

هەواڵنامەی کێبڕ

غەمی گەورەی منو قالە، هەڵوێستی خولەیە. ئازارەکانیترم هەموو لەبیرچوو بۆوە. ڕۆژێکیان قالە پاش چەند کاتژمێرێک شەرمو چاوەڕوانی نهێنییەکەی لادرکاندم. وتی بابە من لەئازارەکانی تۆدا ئەژیم، ئەزانم چۆن بیریئەکەیتەوە، ئەزانم ئاواتی تۆ بۆ منو خولە پاش ئەو هەموو چەرمەسەرییە چیبوو. ئەوەتا خولە لەباری برد .جا من ئەمەوێت ئەمەت پێ بڵێم تکات لێئەکەم قبووڵی بکەو خۆڕاگریش بە. دڵنیام لەوە، بابە گیان من لە مێژە کاری نهێنی نیشتمانپەروەری ئەکەم. کردەوەکانی خولە وای لێکردم دەستوبرد بکەم بەوەی چی زووترە رووبکەمە شاخو لەگەڵ هاوڕێکانمدا بژیم، لە ڕاستیدا لە لایەک زۆرم پێخۆش بوو، وتم ئەوە نیوەی ئاواتەکەم هاتەدی، لە لایەکی تریشەوە ئەمزانی بە هۆی خولەوە چیم بەسەردێت, لە لایەن ڕژێمەوە. قالەم گرتە باوەشو هەردووکمان زۆر بە توندی لە یەک ئالاین. بە بێدەنگی تەنها فرمێسک لە نێوانماندا ئەدوا ".

ئای بۆ من چ کاتێک بوو مام ڕەشید لە کاتی گێڕانەوەیدا بە هەمان شێوە فرمێسکەکانی بە هێمنی بە چاویدا ئەهاتە خوارێ. مژی جگەرەو گرژبوونی هەموو جەستەی منی سڕ کردبوو. نەمئەزانی ئەم وێنەو قسەکردنانە چین. بۆ وا بەڕاستیو بە کوڵ باسی لێوە ئەکات. سەیربوو. وەک ئەوە وابوو، ئەوەتا قالە لەباوەشیدایە، لەو بڕوایەدابووم منی لەبیر چووبێتەوە .ئەمجا وتی:

"ـ پاش چەند سائێک لە باوەشگرتنی، قالە دەستەکانمی ماچ کردو منیش ڕوومەتو سەریم ماچکردو هیوای سەرکەوتنم بۆ خواستو ماڵئاوایی لێکردم. ڕۆژان تێپەڕینو بەو هەوایە دەژیام، کە لە لای قالەوە دەهات. تا ئەو ڕۆژەی خولە لە خشتەبراو باوکایەتیو برایەتیو شەرەفو وڵاتی لەژێر پێ نابوو. هەر بۆیە بە خۆیو دەستەیەکەوە ئەو لە پێش هەموویانەوە هەڵی کوتایە سەرمو چی خوا پێی ناخۆش بوو پێی کردمو بەرەو مۆڵگاکەی خۆیانی بردم. داوای ئەوەیان لێکردم کەبچم قالە بهێنمەوە. پاش چەند مانگێک. لە سپێدەیەکی



هەوارنامەی کێڕ

زوودا چەند کەسێک هاتنە لامو وتیان، لێپرسراوی ئێمە جەنابتی دەوێت. دڵـم داخورپاو وتم دەبێت بۆچی منیان بوێ؟ تـۆ بڵێـی لەبەر قـالە بێـت؟ کاتێـک گەییشتمە مەقەرەکەیـان قەرەبـاڵغییەکم بەدی کـرد. بێـدەنگییەک ئەو نـاوەی داپۆشـیبوو، بە بـێ ئەوەی دەرفـەتێک هەبێـت لە بێـدەنگیی ژوورەکە بـگەم، لێپرسراوەکە رووی تێکردم وتی مام رەشید.. دوێنێ شەو کـوڕە پـاڵەوانەکەتو دەستەیەک لە برادەرەکانی، کەوتنە بۆسەیەکی دوژمنەوە پاش هەڵپژانێکـی زۆر کاک مەحمودی قارەمانی کوڕت شەهید بوو. چەند یاخیبوویەکیش بریندارببوو، ئەو زەرفەی بەردەمت بڕێک پارەی تێدایە، بۆ پرسەکەی لەگەڵ ئەو برادەرانەدا بڕۆ، بۆ وەرگرتنی لاشەکەی ".

مام رەشید، کە ئەم قسانەی دەکـرد زۆر دڵتەنـگ بـوو. لە دەوروبەری خۆی دەڕوانیو مژی قووڵو بە پەلەی لە جگەرەکەی ئەدا. کەمێـک بێـدەنگ بوو. نێولەپی هەردوو دەستەکانی بە ئەژنۆکانیدا کێشا .لە دڵـی خۆمـدا گـوتم رەنـگە چیـرۆکەکەی کۆتـایی هاتبێـت. بـۆیە منـیش جگەرەیەکـم پێکـردوو هەردووکمـان بێـدەنگ بـووین. لاچـاوێکم دایە، ئەم جارەیـان لە هەمـوو جارەکانی دی پتر تێکچوو بوو، چاوەکـانی سـووربووبوونەوە، رووی تێکـردمو وتی :

"ـ پاش چەنـد رۆژێـک لاوێـک بە بیـانووی شـت کـڕینەوە خـۆی کـرد بە دوکانەکەمدا. لێی پرسیم تۆ باوکی کاکە قـالەی؟ مـن بە رامـانو دوودڵـیەوە وتم بەڵی! لە پـزوی شـەڕواڵەکەیدا چـوکلێتە نـامەیەکی دەرهێنـاو لەوەدا بـوو بمداتێ، وتم کوڕم ئێرە جێگای ئەوە نییە. دووربکەوە تا بچیـنە مـاڵەوە لەوێ نانێکیش ئەخۆینو نامەکەشم بۆ بخوێنەوە. من خوێندەوار نیم، ناشتوانم بیدەم بەکەس .لە دڵی خۆمدا ئەم وت ئەوە قالە کوشتنی خولەی بیستووەو دڵنەوایی من ئەکات ".

مام ڕەشید وەک بینی ئاو دەلەرزی. هەموو گیانی کەوتبووە جووڵەو نەیدەزانی دەستەکانی لە کوێ دابنێت .پاشان وتی :

"ـ بەرەو ماڵەوە ڕۆییشتین .کوڕە نامەکەی دەرهێناو سەرەتا بە بێدەنگی بۆ خۆی خوێندەوە. ڕەنگی هەڵبزرکاو رووی تێکردمو وتی :

"ـ مامە گیان ئەمە نامەی برادەرانی هاوڕێ قادرە. با بۆت بخوێنمەوە. بەڕێز باوکی هاوڕێ قادری پێشمەرگەو تێکۆشەرو هاوسەنگەرمان، سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە: ئێمە دڵنیاین لەوەی، کە ئەو ڕۆژەی ماڵئاواییت لە هاوڕێ قادری جگەر گۆشەت کرد، دەتزانی، کە ڕێگای شەرەفی هەڵبژاردووە .ئەو ڕێگایەش بە گوڵو ڕێحانە نەچێنراوە، بەڵکو ڕێگایەکی سەختەو ڕۆڵەکانی ئەو ڕێبازە ناوی خۆیان بەخۆیانەوەیە. پێشمەرگە ئامادەی گیانفیداییین لەپێناوی ئازادی کوردو کوردستاندا ".

هەستم کرد مام ڕەشید، کە دەقی نامەکەی لەبەر بۆ ئەخوێندمەوە دیاربوو ئەوەندەیان بۆ خوێندبۆوە، وشە بە وشەی لەبەر بوو. ساتەوەختێک بێدەنگ بوو. ئەمجا وتی برا ساتێک بوو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، لەو سەرەتایەدا دەمزانی چ ڕووداوێک ئاگری لە ئاواتی خەرمانم بەرداوە . دەستێکی بە ئەژنۆیدا کێشاو وتی کوڕە لاوەکە لە خوێندنەوەی نامەکە بەردەوام بوو. ئەو شەوەی هەواڵی کوشتنی خولەت پێگەییشت هەرهەمان شەو ئەو دەستە پێشمەرگە چالاکەمان بەفەرماندەیی هاوڕێ قادر بۆسەیەکیان بۆ جاشو جەیش دانابوو، لەو تێکهەڵپژانەدا بە داخێکی گرانەوە هاوڕێ قادری دلێرو جوامێر شەهید بوو. بەڵام نەمانویست هەمان شەو هەواڵەکەت پێبگەیەنین. ڕاستە خولە جاش بوو، بە داخێکی زۆرەوە سەنگەری دوژمنی هەڵبژاردبوو، بەڵام، هەرچۆنێک بێت کوڕی تۆو برای کاکە قالە بوو. دیارە خۆشت دەزانی، کە چارەنووسی پیاوخراپان بەو دەردە دەچێت. ناوهێنانیان شەرمەزارییە. بەڵام شەهیدبوونی کاکەقالە تاجە گوڵینەیەک بوو، ئیلهام بەخش

بوو، بۆ تێکۆشەرانی هاوسەنگەری، بۆ خۆشت مایەی شانازییە تۆ ئێستا باوکی شەهیدی".

مام رەشید هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی :

"ـــ برا لە نامەکەدا ئەوەش باسکرابوو، کە ئەو دەستەیە چ پاڵەوانێتیو چ قارەمانێتییەکیان پیشانداوەو چەند کەسیان لە دوژمن کوشتووە و چەندیشیان بەدیل گرتووە. بەڵام بە داخەوە، بە تەرمی پیرۆزی کاکەقالەوە گەڕانەوە. دڵنیابە هەمیشە لە دڵمانایەو هەرگیز لە بیرمان ناچێ .رۆژێک دادێ لە ئازادی کوردستاندا لە سەرووی هەمووانەوە شەهیدانمان دائەنێین".

دواجار هەناسەیەکی‌تری هەڵکێشاو

وتی :ـ برادەری ئەزیز. ئیتر دوای ئەو کارەساتە ماڵم پێچایەوەو هاتمە شارو ئەمەوێ دووربم لەو شوێنەی،کە هەموو شتێکی یادگاری قالەم بیرئەخاتەوە. ئەوەتا لێرە کەسێکی وەک تۆ تێمگەییشتووە، کە چ خەمێکی قووڵ لە ناخمدا هەمیشە ئەمهەژێنێ "!

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## (٥)

# ناخم جێمناهێڵێ[١٦]

وەک زۆربەی بەیانییانی پێشوو، لێدانی دەرگا بە ئاگای هێنامەوە:

"ـ سیروانە؟"

بە بەیانی باشێک‌و توانجێک وتم :

"ـ شەو خەوم لێ زڕابوو "!

رابردووو ئێستا لە یەکتر ئاڵابوون. گرێکوێرەی زۆری تێدا دروست بـوو بوو، بۆم لە یەکتر جیا نەدەکرانەوە .لە نێوانیاندا بەسەرهاتێک یەخەی گرتبووم، لـێم نەدەبـووەوە. وێنەکـانی، وتەکـان .بەسـەرهاتەکە زۆر ئـازاری دەدام. (سیروان)یش چاوی لێ نەدەتروکانم. دەیزانی چ جۆرە بەسـەرهاتێک یەخەم دەگرێت. خۆشی لەو جۆرەبوو. پێشمەرگەی کـۆنە. خەمخـۆرو بە هەڵوێسـتە . کـاتی خـۆی لە شـەڕێکدا هێلیکـۆپتەر دەیپێکـێ‌و لە چەنـد لایەکەوە زامـدار دەبێت‌و دوژمن گەمـارۆی دەدەن. شـەڕە تەقەو جنێـو لە نێوانیانـدا دروسـت دەبێـت. هێلیکـۆپتەریش لە ئاسـمان تەقە دەکـات. خوێنچـۆڕانی زامەکـانی‌و ئازاری بەئاگابوونی دەوری خۆی، هەموو رژابووە نێـو دەرونیـیەوە. لە هەمـان کاتدا دوژمن داوای لێدەکەن خۆی بەدەستەوە بدات .تەنها یەک تفەنگ بڕنەو لە پشتەوە بەرگری لێدەکات، کە ئەویش (حەمە بەساقە)یە. لەو کـاتە دژوارەدا بیر لەوەدەکاتەوە بۆ دواجار تەنها یەک فیشەک بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی خۆی پێ شەهید بکات. بەڵام، خواکردە، هێلیکۆپتەر شەڕگەکە جێدەهێڵێ‌و ترسنۆکەکانی

---

١٦

هەواڵنامەی کێتێ

دەوروبەریشی پاشەکشە دەکەن. (سیروان)یش رزگاری دەبێت. لەیەکترمان دەڕوانی. وتی :

"ـ ئێستا چایەک خراپ نییە؟"

وتم:

"ـ باشە "!

ئینجا بە زەردەخەنەیەکەوە وتی :

"ـ ئێ؟ چی بووە؟ چیت بیرکەوتۆتەوە؟

وتم :

"ـ زۆر شت.. بەڵام ئەمەیان زۆر ئازاری دام"!

وتی :

"ـ وەک چی؟ تۆ زۆر شت هەیە ئازارت دەدا؟"!

وتم :

"ـ کاتی خۆی، ساڵەکانی (١٩٩٤-١٩٩٥)، وڵات زۆر ناخۆش بوو. برسێتییەکی زۆر دژوار. خەڵکی دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکانیان دەفرۆشت، گرانییەکی زۆر. بێئاوی. بێ کارەبایی. هەر چواردەورمان گیرابوو. یەک تەنەکە نەوت، یان رۆن نەدەهات بەم دیودا. هەر خۆمان و ئاسمان مابووینەوە. لەو لاشەوە شەڕ هەبوو. خواردنی پێشمەرگە ناوساجیو هێلکەی کوڵاو بوو .ئەوەش زۆربەی خەڵکی دەیکردو لەدەمی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دەگرتەوە. نەخۆشخانەکان دەرمان و جێگای نەخۆشیان نەبوو. ئەو نەخۆشانەی زۆر پێویست بوون، دەبوایە بچن بۆ بەغدادو لەخاڵی پشکنیندا چەند رۆژێک بمانایەتەوە. پاش ئەوەی پارەیان دەدا بەپاسەوانەکان و لێیان دەپارانەوە، سەرەڕای ئەوەش جنێودان پێیان. رووشکاندن و گاڵتەپێکردن. بە چاوێکی زۆر سووک سەیری ئەو خەڵکە دەکرا، تا رێگەیان بدەن بڕۆن .کاتێک، کە رێگەیان پێدەدرا، کە بڕۆن، دەبوایە سواری عەرەبانەی دەستی بوونایە. بە پاڵ، هەتا دەگەییشتنە ئەوبەر.

جا ئەو نەخۆشە نەخۆشییەکەی کوشندە بووایە، یاخود پیرو منداڵ بوونایە، گوێیان پێنەدەدا. لەم شارەدا کامەی بە دەرامەت بوو، پێڵاوو جلەکانی دڕاوو پینەکراو بوو. هەموو سیماکان هیلاکو شتەک بوون. کەس نەبوو میوانداریەک بکات. ئەو کەسەشی بیکردایە، زۆری لەخۆی دەکرد. پشتو پەناگە رێکخراوە بیانییەکان بوون. ئەوانیش هەر یەکەو بەمەبەستێک دەیانکرد، یاخود ئەو پارانە بوو، کە خەڵکی لە هاندەرانەوە دەیان ناردەوە بۆ کەسوکاری خۆیان. خەڵکی گوندەکان بێ نانو جێگاو رێگا بوون. گوندەکان هێشتا ئاوەدان نەکرابوونەوە. منیش لەماڵەوە دایکێکی پیرو برایەکی کەڕولاڵو بە تەمەنم هەبوو، لەگەڵ خوشکێکی تووشبوو بە نەخۆشیی شێرپەنجە، کە بە چەند منداڵێکیەوە لە لامان بوون. خۆشم لێرە تەنیاو منداڵەکانم لەدەرەوەی وڵات. تەلەفۆنکردنیش زۆر گران بوو. ئەو کات لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووم، کارم دەکرد. رۆژانە دۆستو ناسیاو دەهاتن بۆ یارمەتی ژیان.. تەنیا بۆ نانخواردن. رۆژێک (شۆڕش)، کە گەنجێکی بە هیمەتو دەم بە پێکەنین، خاوەن هەستێکی ناسک، لە هاندەران گەڕابووەوە. رۆشنبیرێکی بە ئاگا بوو. لە بەشێکی تری مەکتەبی پەیوەندییەکان کاری دەکرد، هاتو چرپانی بە گوێمدا. وتی :

"ـ کارێکی تایبەتم پێتە .بەڵام ئێستا نا"!

بە هەر حاڵ شەوم بەڕێ کرد .بۆ بەیانی، کە بینینمەوە، بە پێکەنینەوە وتی:

"ـ با کاتت هەبێت"!

وتم :

"ـ پێویست ناکات. وتنەکەی دوێنێت زۆر مانای بەخشی، دەزانم باسەکەی خۆش نییە".

فایلێکی پێبوو. چەند بەڵگەنامەیەکی نەخۆشخانەی تێدابوو. رووی تێکردمو دەموچاوی گرژبوو. وتی:

"ـ باشە هەر ئێستا. ئەمەی پیشـانت دەدەم نهێنییەکـی پـارێزراوەو دەمەوێـت لەنێوان خۆماندا بێت. منیش بەڵێنم دایێو داوام لێکرد، کە خـاوەنی فایلەکـە ببینین. بۆ بەیانی خانمێک بە تەمەن گەنج، بەڵام بـە روخسـار مانـدوو، بـە ئاسپایی بەرەو ژوورەکەم هات. هاتە ژوورەوەو لەسەر کورسـییەک دانیشـت. ساتێک چاوەکانی بڕییە بەردەمـی خـۆیو زۆر بە حەسـرەتەوە دەسـتەکانی بە یەکدا دەهێناو ئێمەش بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشاو پاشان بە هەناسـەیەکی قووڵەوە سەری هەڵبڕیو وتی :

"ـ بە تکایەکی زۆرەوە داوای نهێنی پۆشینی ئەم باسەتان لێدەکەم ".

چاوە ماندووەکانی هەڵهێناو هەڵوێسـتەیەکی بـۆ کـرد. کاتێـک دەنگـی لێنەهات وەک سەمفۆنیایەکی پڕ لە خەمو ماتەم لە هەمان کاتـدا بە دەنگێکـی پڕ لە بڕوا بەخۆبوونەوە دەستیپێکرد بە قسەکردن .

وتی :

"ــ مـن پـێش راپەڕیـن، وەک هەر مرۆڤێکـی خـاوەن هەسـت بە ئەرکـی نەتەوایەتی لەرێکخستنە نهێنییەکـانی شـاردا کـارم دەکـرد .ڕۆژگارێـک هـات دەستگیرکرام. لەبەندیخانە، لە بەردەم هەموو زەبرو زەنگـی دڕنـدانەی ڕژێمـدا خۆم ڕاگرت. نەیانتوانی چۆکم پێ دابدەن. ئەشکەنجەکان چەندە بەهێزبوونایە، من ورەم بەهێزتر دەبوو، چونکە دەمزانی مـن بـۆ میللەتێـک خەبـات دەکەم خۆبەخشینی زۆری دەوێت. لە ڕاستیشدا هەسـتم دەکـرد بە خـۆڕاگریم، ئەوان شەرمەزارترو ترسنۆکتر دەبوون ".

مـن بە تینـی بلێسـەداری، لەگەڵ هەر وشـەیەکیدا ڕۆدەچـوومو خـۆم لەدیمەنێکیتردا دەبینیـیەوە. لەگەڵ قسـەکردنیدا دڵـوپی فرمێسـک بەرچـاوی گرتو جەستەی نائارامکردو لێوەکانی کەوتە لەرزین .پاش چەند جارێـک تـف قوتدانو چاوگێران، بە زمانێکی لەنگو قوڕگ گیرانی پڕ لە شەرمەوە وتی :

"ـ بەڵام.. مافیان لێ زەوت کـردم. لە بەردەم ئەو دڕنـدانەدا بـێ دەسـەڵات بووم".

ئەمەی وتو گریـانێکی بێـدەنگو بە کـوڵی گـرتە ئـامێز. پـاش ئـاهێکی پڕلەحەسرەت، سەری هەڵبڕیو وتی:

"ـ راپەڕین زۆر پیرۆز بوو، زۆر مەزن بوو، ئاوات بوو بـۆ هەموومـان، بەڵام بـۆ من ئەو تامەم لێنەچێشت. یەکسەر برام بۆ نەخۆشخانە. جەستەم تێـکو پێـک شکێنرابوو. پێویستم بە چارەسەر هەبوو. لە نەخۆشخانە چاودێری زۆرم بۆ کرا. خەڵکیش زۆر بە تەنگمەوە بوون. لە نێو کارمەندەکانی نەخۆشخانەدا کـوڕێکی گەنج زۆر بەپەرۆشەوە، وەک پەپولەو خەمخۆرێکی بە هەستو خاوەن ویژدانو بیروباوەڕ زۆر هاوکاریی کردم. لە هەموو روویەکەوە. ئای.. چی بۆ نەکردم".

لە کاتی ئەو قسانەیدا من پانتایی تاریکەکـانم رادەمـاڵیو رووم لە ئاسـۆیەکی رووناک دەکرد بۆی .

کچە گەنجەکە لە قسەکانی بەردەوام بوو، وتی:

"ـ لە بەردەمیدا زمانم لە یەک پژاو گرێی دڵم بۆ کردەوە. هەموو نهێنییەکانی خۆمم بۆ درکاند. هەستمکرد ئەو لە مـن بە ئـازارتر بـووە. ئاشـکرایکرد، کـە ئەویـش ئەنـدامی کـۆمەڵەی رەنجـدەرانی کوردسـتانە .تروسـکایی ژیـانی پێبەخشـیم، لە پاشـدا داوای هاوسـەرێتی لێکـردمو بڕیارمانـدا هاوسـەرگیری بکەین، بەڵێ، ئێستا هاوسەرمەو خۆشم دەوێت. زۆر پیرۆزو گەورەیە لام ".

کچەکە پەیتا پەیتا دەستی رادەوەشاندو رستەکانی لە دەم دەهاتـە دەر. بـە دەم قسـەکردنەوە دڵـۆپی فرمێسـکی گەرم بە چاوەکانیـدا دەهـاتنە خـوارێ، دڵێکی بەهێزی دەویست بەرگەی ئەم دیمەنە بگرێـت. قسـەکانی ئەوەنـدە بە گەرمیو پڕ لەخۆشەویستی دەکـرد، حەزت دەکـرد دانە دانە ماچیـان بکەیـت. ئارامی لێبڕابوو. بە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵـی ئەوەی دەدا تێمبگەیەنێـت، کە چەند خۆشی دەوێتو چەند گەورەیە لای، ئەمیش چەند بە وەفایە بۆی. وتی:

"ـ ئێستا خۆشەویستی ئەو وای لێکردووم منیش بیرێکی هۆشمەندانەو پڕ لە خۆشەویستی لەو بکەمەوە".

بە ئاخێکی پڕ لە حەسرەتەوە، کەمێک دۆشداماو وتی :

"ـ ئەشکەنجەدانم لە زینداندا بۆتە هۆی ئەوەی منداڵم نەبێت ".

ئەو ئاخەکەی پڕ بوو لە ئازار، لە لایەک بۆ خۆیو لە لایەکی تر بۆخۆشەویستەکەی. منیش لە لای خۆمەوە ئەو چەند خۆی لە روحیدا دەبینییەوە، من سەد ئەوەندە ئەوم بەرەو لووتکەی مەردایەتی ئەبرد. بەردەوام بوو لەگێڕانەوە. وتی :

"ـ من ئەزانم ئەو چاوی لەو لەزەتو خۆشەویستییە پۆشیوە، کە لەداهاتوودا خاوەنی منداڵ بێت، ئەی من چۆن بەمەو بە چ یاسایەک قبووڵی بکەم؟ ئەو مرۆڤە گەورەیە پاش ئەو هەموو فیداکارییە لە منداڵ بێبەش بێت! ئەمە بۆ خۆم بەرەوای نازانم، لە لایەکی ترەوە، باوکو دایکو خێزانەکەیان بە گشتی، ئەوانیش جەرگیانەو خۆشیان دەوێو دەیانەوێت کوڕەکەیان ژیانێکی خۆشی هەبێتو منداڵی هەبێت. مافی خۆشیانە. کەسوکارو دەوروبەر رۆژانە تیرو توانجمان لێدەدەن. ئەم هۆیانە وایان لێکردووم جارێکیتر ژیانم لێ بێتەوە بە دۆزەخ، نازانم ئەو هەموو ئازارە هەمیشەییانە چۆن هەڵگرم بۆ ئەوەی ژیانی ئەو مرۆڤە گەورەیە دڵخۆش بکەم، نامەوێت خۆم باسی لا بکەم. نازانم چی بکەم؟"

لە پاشدا منو شۆڕش بڕیارماندا هەوڵ بدەین هاوسەرەکەی بناسینو ببینین. کە بینیمان، بۆمان دەرکەوت، لە ئەم لە خێزانەکەی بە هەڵوێستترو بەپەرۆشتر بوو. وتی :

"ـ ئەوانەی وتراوەو دەوترێ من هەمووی بەلاوە دەنێم، گرنگ ئەوەیە من مرۆڤێکی پیرۆزو بە هەڵوێست هاوسەرمە. ئەم هاوسەرێتییە مێژووە، بیروباوەڕە، ویژدانە، مرۆڤایەتییە، هەموو پیرۆزییەکانی لەخۆ گرتووە".

هەواڵنامەی کتێب

من، کە ئەمەم گوێ لێ بوو، سەرم خستە نێو هەردوو لەپی دەستم‌و لە خۆمم پرسی :

"ـ بەڵام، ئەی تۆ بڵێی ئەنجامی ئەم بەسەرهاتە چیرۆکە بەچی بگات؟

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# مانای نوسینی هاوچەرخ [17]

ئارەزووەکانی نوسین، زادەی ئەو هەلقولاندنەیە کە نوسەر بەبێ خواستی خۆی ناتوانێت دەربڕێکی پرۆفیشناڵ بێت، میکانیزمی ئەو بڕیارە پەلەیەی لێناوەشێتەوە.. فڕۆکەیەک چۆن دەفڕێ بەبێ کابتن، دەریایەک چۆن شەپۆل دەدات بەبێ هێزی کێشکردن.. چۆن هەژارێک بەرگەی نەبوونی سامانێک دەگرێت، بەهەمان شێوە دەوڵەمەندێک بەرگەی نەبوونی ئەو سامانە ناگرێت.. خوێندنەوەیەک نەبێتە مایەی لەدایکبوونێکی نوێ، واتە نوسەرەکەی لەدایک نەبووە، مەعریفەیەک لۆژیکی نەبێت، واتە فەلسەفەی بەرهەم نەهێناوە، مۆسیکای دەروون بە ئاوازی ساز دەگەشێتەوە، کەچی بە ئاوازی ناساز، گرژ دەبێتەوە.. لێرەوە.. ساناترین نوسین وات لێ دەکات، سەرسوڕمان بەرهەم بهێنیت.. پشت بکەیتە دیوی دەرەوە و لەناوەوە مەستبوونی خۆت بەم نوسینانە بەیان کەیت.. ئەمەیە سیناریۆ ڕاستەقینەکان، کە ناتوانیت فەرامۆشیان کەیت.

---

[17] أساري فلاح حسن، اللغة والمعنى دراسة في فلسفة لودفيغ فتغنشتاين المتأخرة، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ٢٠١١.

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

## بیرو بۆچوون


| | |
|---|---|
| ١ | (١) لەزاری کەرکوکەوە |
| ٢ | (٢) کەرکوک لەڕوانگەی هاوپەیمانانەوە |
| ٣ | (٣) خانەقین و بۆچوونەکەی چەرچل |
| ٤ | (٤) تورکیا.. وانەیەک بۆ لە خۆتێگەییشتن |
| ٥ | (٥) با لە ئێستاوە لە ئامادەباشیدا بین |
| ٦ | (٦) تا کەی.. ئەم هەرێمە وابێت!؟ |
| ٧ | (٧) زەنگێکی ترسناک |
| ٨ | (٨) چەند وشەیەکی قەتیسماو لە گەرووی شارەوە |
| ٩ | (٩) با منیش ئەم خەنجەرە ..لە کا بدەم |
| ١٠ | (١٠) کورتە پێداچوونەوەیەک |
| ١١ | (١١) هەندێ لە بزوتنەوە نیشتمانی و ڕووناکبیرییەکانی سەردەمانێکی شار |
| ١٢ | (١٢) پیاوێکی خەڵکی ئەم شارە چەند پێشنیارێکی هەیە |
| ١٣ | (١٣) بەرێز .. سەرنوسەری گۆڤاری سلێمانی |
| ١٤ | (١٤) تیشکێک لەسەر بانگەوازێ |
| ١٥ | (١٥) ئەو نامانەی تا ئێستا گوڵاویان لێ ئەچۆڕێ |
| ١٦ | ئۆفیسەکەی گۆڤاری سلێمانی و دوکانی بەکر و دوو قاڵب سابون |
| ١٧ | (١٦) خۆزگەی ئەمجارە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | (١٧) | قسه هەزاره .. دووانی بەکاره |
| ١٩ | (١٨) | کاری پێویست |
| ٢٠ | (١٩) | هەلوێستێک لەسەر داوای چاککردنی موچه |
| ٢١ | (٢٠) | پرچی ئایشێ و فاتمەی سەر شاری سلێمانی |
| ٢٢ | (٢١) | نامەیەکی کراوە: بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ناوشاری سلێمانی |
| ٢٣ | (٢٢) | چەند دێڕێکی ژانگرتوو |
| ٢٤ | (٢٣) | جوانی سلێمانی |
| ٢٥ | (٢٤) | ناوچەی ناوزەنگ لەگۆزاری ناوزەنگدا |
| ٢٦ | (٢٥) | لەناخەوە |
| ٢٧ | (٢٦) | ڕوونکردنەوەی مەسەلەیەک وەک حەقیقەتێک |
| ٢٨ | (٢٧) | قل کوردلاندا ولا تقل کردستان |
| ٢٩ | | خالید قەشتینی و مەسەلەی کۆردلاند |
| ٣٠ | (٢٨) | السليمانية: واحد، إثنين، ثلاثة، أربعة |
| ٣١ | (٢٩) | قاورمەی گۆشت |
| ٣٢ | (٣٠) | وەرەوە |
| ٣٣ | (٣١) | |


هەولێرنامەی کتێب

# (١)

# لە زاری کەرکوکەوە[١٨]



هەوالنامەی کتێب

[١٨] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە **٤٥٥٨**، سێ شەممە، **٢٩-٤-٢٠٠٨**.

ئەو کاتانەی لە نێو خۆماندا دەکەوینە دەردەدڵو رادەربڕین، مانای دوژمنایەتیو دژایەتی، نارازیبوون نییە، بە پێچەوانەوە دڵسۆزیو بەتەنگەوە هاتن وات لێدەکات زمانت بپژێت وبکەوێتە گۆ، من دەزانم سەرنەگرتنی گفتوگۆکانی کورد لەگەڵ دوژمن لەسەر من بووە، کورد داوای مافی خۆی کردووەو بەرەوای زانیوە، بەڵام بە پێچەوانەوە دوژمن هەمیشە ئەم ڕاستییەی شاردۆتەوە ، من لە رووی پێشکەوتنو شارستانێتیو ژینگەوە لە پێشەوە نیم لە ناوچەکەدا تا دوژمنو چاوبرسییەکان عاشق بن، رەنگە پێچەوانەکەشی بێت تەنها لەبەر ئەو (زێڕە رەشە)یە، کە لەناو جەرگمەوە هەڵدەقوڵێت، میللەتەکەم بە گشتیو دانیشتوانی ناوخۆشم بەتایبەتی تامیان لێ نەبینیوە، ئەمەش بە پێچەوانەوە بۆتە هۆی وێرانکاریو چەوسانەوەی منو دوژمنانیش ورگی خۆیان پێ پڕ کردووە، بە هۆی ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوتی من بەدەستیان دەهێناو دەیهێنن .

مێژوو شاهیدە، کە بەشێکی گرنگم لە نەخشەی کوردستان (کوردلاند) نەک دوژمنانی ئەم بەشەی خۆمان بەرابەردووو ئێستاوە دەستم لێهەڵناگرن، ئەوەتا دەوروبەرەکەشم هەمان هەڵوێستیان هەیە، لە رووی چاوتێبڕینەوە .

ئێستا ئێوە لە ململانێیەکی دژوارو مێژوویدان هەوڵی ئەوە دەدەن بمگەڕێننەوە، بەڵێ بمگەڕێننەوە سەرنەخشەو خاک وماڵی خۆم، بەڵام رێگریمان زۆر لەبەردەمە! باشە ئەی ئێوە پێم ناڵێن قودسی کوردستان، دەمەوێت پڕ بە پڕی ناوەکە مامەڵەم لەگەڵ بکەن، ئەوەتا قودسی خۆیانو دۆستەکانی لە دوورو نزیک چی بۆ ناکەن؟ یاخود پێم ئەڵێن دڵی کوردلاند، ئەی کاتێک دڵ توشی گرفتێک دەبێت خاوەنو بە تەنگەوەهاتنی دڵ چی بۆ ناکەن بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی جەستە لەئازارو ژانو ترسی لەناوچوون رزگار بکەن؟ من نامەوێت ژینگەی گفتوگۆ تێکبدەنو ئەم ئەزمونەی ئێستا بشێوێنم، نا. ئێستا هەست بە تەنهایی دەکەم وادێتە بەرچاوم تەنها خۆمو دانیشتوانەکەی خۆم وحکومەتی

هەرێمو لیژنەی تایبەت بەمنەوە سەرقاڵن. مـن دەمەوێـت هەمـوو بە یەکەوە لەگەڵ ئازارەکاندا بـژین ، کاتێـک بـاس لە مـن دەکرێـت دەبێـت مەهابـادو دیـاربەکرو قامیشـلیو هەمـوو کـوردانی دەرەوەی وڵاتو دهـۆکو هەولێـرو سلێمانی بەهەڵوێستی نـاڕازیبوون بەهەمـوو شـێوەکانی رادەربـڕین بە دونیـای بگەیەنن.

کـۆکردنەوەی ئەو رادەربڕینـانە گەورەتـرینو بەهێزتـرین شـت دەبێـت لەگفتوگۆکاندا. رادەربڕینی خەڵک بەری لێناگیرێتو بە زۆریش نابێـت هەمـوو میللەتێک مافی خۆیەتی هەڵوێستی هەبێتو دەنگی بەرزبکاتەوە بـۆ مافەکـانی خۆی.

بینینی من لە رووی دواکەوتوویی شارستانییەوە ئەوە بە دونیا دەسـەلەمێنێت، کەخۆمو دانیشتوانەکەم لە ژێر باڵی چەوساندنەوەیەکداین .

هەوڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## (٢)

# کەرکوک لەڕوانگەی هاوپەیمانانەوە[١٩]

بۆ مێژووی کەرکوک دەیان پرۆفیسۆرو شارەزاو لێهاتوومان هەیە با لێی گەڕێم بۆ ئەو بەرێزانە. هەر دوێنێ باس دەکەم. ساڵانی حەفتا، کەبۆ ماوەی چوارساڵ ماوە هەبوو بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی١٩٧٠، لەو کاتەوە حکومەتی بەعس کەوتە گۆڕینی سیمای کەرکوک بەهێنانی عەرەب بۆی‌و نەهێشتنی کڕینی موڵک لە لایەن کوردەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوەمان پێ دەڵێ، کە کورد لەنەتەوەکانی‌تر زۆرتر بووە. ئەگەر وا نەبوایە، ئەوان زۆرایەتی بوونایە، ئەوا پێویستی بەو کارە نەدەکرد .

چۆن، بۆ گرتنی کوێت، کڵاو کرایە سەری بەعس. دوای گەلەکۆمەکییەکی باش، دەتوانم بڵێم جیهانیی، بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت‌و لێدانی.

ئەوە بوو لێدراو زۆر زەرەرمەندبوو. کار گەییشتە ئەوەی سوپای عێراق گەمارۆ درا. بە سوپای کۆماریشەوە داوای ئەوەیان لێکردن. کە بە بێ چەک دەتوانن بڕۆن. کاتێک زانرا، لە خوارووی عێراق شیعە کەوتنە گرتنی شوێنەکان. هەر یەک بە مەرامی خۆی بە وەی شیعە دەیەوێت عێراق بگرێت‌و بە یارمەتیی دەرودراوسێ حوکمی خۆی دانێ. کوردستانیش دەیەوێت جیابێتەوەو بەیداخی خۆی هەڵکا. بۆ ئەمە هاوپەیمانان ڕێگایان دایە عێراق بێتەوە بە ڕێگەدانی فڕۆکەی هێلیکۆپتەر لەناوەوە. ئەوە بوو، سوپا بە چەکەکانیەوەو فڕۆکەش ئەوەی کردیان کردیان. ڕەو لەلای ئێمەو لە باشووریش وێرانکردن .

---

[١٩] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٤٧٩، چوار شەممە، ٢٢-٩-٢٠٠٤.

بۆ ئەم مەبەستە، لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە بـۆ کـورد هێڵـی (٣٦) دامەزرا. بەوەی کورد لە هەڕەشەی کوشتن‌و ڕەوکردن بپارێزرێن. لەو کـاتەدا دۆسـتی بەرواڵەت‌و دوژمنی کورد هاواریان لێهەڵساو وتیان: کورد پیـاوی هاوپەیمانـانە. تاهێڵی (٣٢) ش دانرا بۆ خواروو. بەڵام ئەوەی ئێمەیان هەر بەرەوا نەزانی .

لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا کەرکوک لە دەستی کوردا بوو. لە دەرەوەی وڵات حکـومەت داوای گفتوگـۆی کـرد. بەڵام بە داخەوە، کـورد لە نـاو خۆیـدا ڕێکنەکەوتن‌و ئەو هەلە باشەش لە دەست چـوو. ئەویـش مێـژوو باسـی لێـوە دەکات.

پاش ئەوەی کورد لە شوێنی خۆی‌و حکومەتی عێراق لە شوێنی خـۆی. هەرتازە بە تازە کورد دەیوت: گرتنەوەی کەرکوک زۆر ئاسانە.

لەو کاتەدا هاوپەیمانان بە کوردیان وت: ئەگەر بێـت‌و ئێـوە دەستپێشـخەر بن لە لێدانی حکومەتی عێراق، عێراق چیتان لەگەڵدا بکـات بە کیمیاییشـەوە، ئەوە ئێمە لەسەرتان هەڵنادەینێ. ئەمە مایەوە تـا گەییشـتە ئەوەی حکـومەتی عێراق زۆرچاک لە کەرکوک دامەزرا. ئەو کاتە هاوپەیمانان زانییـان هیچمـان پێناکرێ. ڕێگەیاندا نەک بە کورد، بەڵکـو بە هەمـوو ئۆپۆزسـیۆن بە یـارمەتیی خۆشی، کە بچن کەرکوک بگـرن. ئەوە بـوو سـاڵی (١٩٩٥) هەوڵـی گرتنـی کەرکوک دراو هیچمان پێنەکرا. هاوپەیمانان تێیان گەیانـدین، کە ئەوان نەبـن ئێمە ناتوانین هیچ بکەین .

هەموو هەوڵێکی جدییشیان لە پێنـاوی وەسـتاندنی شـەڕی نـاوخۆدا دا بۆئەوەی ناوچەکە ئارام بێت‌و خۆشـیان بتـوانن کارەکـانی خۆیـان بە ئەنجـام بگەیەنن .

ئەوەی مەبەستمە، ئەمەیە، کـە بە ڕای مـن، ئەگەر دابەشـکردنی عێـراق بێـت لەسەر دانانی ئەو هـێڵانە، ئەوەیە سـەروو هێڵـی(٣٦) خـواروی هێڵـی (٣٢) بۆچی ئێمە (٣٦) لەبەر ئەوەی کەرکوک بەرنەکەوێت. خۆ سـلێمانی هـیچ ئەم

لاو ئەو لای تێدا نییە، بە خاکو میللەتییەوە کوردە کەچی تا دوکان هێڵەکە بڕی کردووە. خۆ ئەگەر بێتە خوارەوە بۆ سلێمانی، ئەوا کەرکوکیش دەگرێتەوە. کەواتە ئێمەی کورد دەبێ چاک لەوە بگەین هەر لە سەرەتاوە هاوپەیمانان چۆن بیر لە کەرکوک دەکەنەوە .

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## (٣)

# خانەقین و بۆچوونەکەی چەرچڵ[٢٠]



[٢٠] ڕۆژنامەی کوردستانای نوێ، ژمارە ٤٦٦٧، چوار شەممە، ٣-٩-٢٠٠٨.

نەخشەی خاکی هەرێمی کوردستان لە نێو وڵاتی عێراقدا ئەگەر لای عەرەب ئاشکرا نەبێت، خۆ لای ئێمەی کورد روون وئاشکرایە، حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق لە مێژەوە هەوڵی سەرکوتکردنی خەڵکی سڤیلی کوردستانیان داوە، هەر شارە بە بیانوویەک جا ئابوری بووبێت، یاخود ستراتیجی، سەرهەڵدانی فیکرو رۆشنیری.. هتد، یەکێک لەو شارانەی بە بێ ئەوەی بۆنی نەوتی لێهاتبێت، بەڵام ناوەندی بەرهەڵستی بووەو لە روویەکی‌تریشەوە بزاوتی رۆشنبیریو شۆڕشگێڕی تیادا بەردەوام بووە. کەواتە هەر شارێک لە کوردستاندا سیمای گەورەبوونو دیارکەوتنی تیادا بەدی کرابێت، حکومەتە ناوەندییەکانی عێراق هەوڵی لەناوبردنیان داوە بەشێوەیەک لە شێوەکان، یاخود دەستبەسەراگرتنو سیما گۆڕینیان کردووە بۆی، لەم کاتەدا هەوڵی ئەوە دەدرێت کەرکوک لە کوردستان دابڕێت، خانەقین هەوڵی پەلاماردانی دەدرێت، بەمەرجێک ئەم شارە لە یەکەم رۆژی پرۆسەی ئازادییەوە ئارامییو سەقامگیریی بەخۆیەوە بینیوە، کێشەیەک نییە لە نێوانیاندا، دڵخۆشن، تەنها ماوەتەوە سەر ئەوەی یارمەتییەکی زۆرتریان بدەن بۆ ئەوەی ئاوەدانکردنەوەو پێداویستییەکانی ژیان خۆشتربکرێت، پێویستە حکومەتی عێراقو هاوپەیمانان پشتگیریی هەمەجۆرەی ئەم ناوچانە بکەن بۆئەوەی ناوچەکانی‌تری عێراق لەم شێوانە بن بۆ هەموو لایەک سوودبەخش دەبێت، کەچی ئێستا بەمەبەست ئاژاوەی تێدا دروست دەکرێت، ئەمە بۆ؟ لای ئێمە ئاشکرایە، هەر، کە زانرا ماددەی (١٤٠) بۆ کەرکوک کەوتە ناوانەوە پشتگیرییەکی زۆری لێدەکرێتو هەموو دامودەزگاکان، بەتایبەت میدیاکان، پشتگیریکردنی هەموو کورد بۆی، هاتن لەم کاتەدا خانەقینو ناوچەکانی دەوروبەریان هەڵتۆقاند، بۆ ئەوەی بەبەردێک دوو چۆلەکە بکوژن لەلایەک کەرکوک لە بیرخەڵکیو دونیا بەرنەوە لەلایەکی‌تر ئەو سەقامگیرییەی لە خانەقینو دەوروبەری هەیە نەیهێڵن، لێرەدا پێویستە کوردیش زیرەکانەتر

هەموو موشکیلەکان واتە کەرکوک خانەقین بەیەکەوە گرێدات‌و داکۆکی تەواو جدیتر بەهەوڵی کوردو دۆستەکانییەوە بگەیەنرێتە جێگای مەبەست، هەتا دەنگی خەڵک زۆرتر بێت لەداواکانی خۆی ئەوە زیاتر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەئاگا دەهێنێتەوە بۆ چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی، دەبێت ئەوەمان لە بیرنەچێت کاتی دروستکردنی عێراق، چەرچڵ سەرۆک وەزیرانی ئەوسای بریتانیا، بۆچوونی ئەوەی هەبووە، کە کوردستان نەخرێتە سەر عێراق، چونکە دوای راپرسین لەناوچەکەدا کوردەکان پێیان خۆش نییە لە چوارچێوەی عێراقدا بن، دەکرێت کورد لە ژێر دەسەڵاتی خۆماندا بێت سوودی زۆرتر دەبێت، بۆ هەموو لایەک، ئەوە بوو، پێشنیارەکەی چەرچڵ سەری نەگرت. بەڵام بەر لەلێدانی سەدام لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ لێدانی عێراق دەنگوباس‌و قسەکردن هاتەوە گۆڕێ لەسەر بۆچوونەکەی ئەوسای چەرچڵ، وا باس دەکرا ئەگەر بهاتایە بە بۆچوونەکەی چەرچڵ کاربکرایە، ئێستا ئەمان تووشی ئەو زەحمەتە نەدەبوون لەگەڵ عێراقداو کوردیش ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەردا نەدەهات‌و ئەوانیش پێگەی خۆیان لە ناوچەکەدا دەبوو، دووبارەی دەکەمەوە ئەمە بۆیە دەکرێت بۆ ئەوەیە کەرکوک لەبیر بچێتەوە.

هەوارنامەی کێبڵ

هەواڵنامەی کتێب

## (٤)

# تورکیا.. وانەیەک بۆ لە خۆ تێگەییشتن[٢١]



[٢١] ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە ٥٦٨، دووشەممە، ٥-١١-٢٠٠٧.

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێ هەیە نەزانێت، کە تورکیا یەکەم بنکەو دۆستو هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریکاو ئەوروپا بووە. هەمیشە نازدار و تاقانەیان بووە. لە کاتێکدا، کە شەڕی ساردو گەرم هەبووە، لە نێوان هەردوو زلهێزی دونیادا، هەمیشە پشتو پەنای بوون. لە ڕووی سیاسی سەربازیی ئابوریی کۆمەکی پارە پێدان لەو کاتانەدا هەندێک شتی شاراوە هەبووە، کە پێویست بووە تورکیا چارەسەری بکات. بەڵام بێدەنگی لێکراوە، چونکە کاتی نەبووە .لە دوای ڕووخانی ڕووسیای یەکگرتووەوە، ئەمریکا دەستی واڵا بووە. لە ئەفغانستانەوە دەستی پێکرد. لە شەڕی ئێرانو عێراقدا، کە ماوەیەکی زۆری خایاند هەرچەندە ڕووسیای یەکگرتوو مابوو. بەڵام ئەمریکا توانی جێ پێی خۆی تا ڕادەیەک بکاتەوە بەوەی ئێرانو عێراق لاواز بوون. بە داگیرکردنی عێراق، ئەمریکاو ئەوروپا بە تەواوەتی هاتنە ناوچەکەوە لە کاتی داگیرکردنی عێراق، تورکیا ڕێگای سەربازی بە هاوپەیمانان نەدایەوە خاڵێکی ڕەش بوو بۆ تورکیا. دیارە ئەمانەو زۆر شتیتر تورکیا ئەو نرخەی جارانی نەماوە. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەمریکا پشتی تەواوی تێبکات، چ بۆ پێویستی خۆیو هاوپەیمانەکانی چ وەکو وەفایەک بۆی، کە لە کاتی پێویستدا هاوپەیمانی بووە .سەرقاڵبوونی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەوەدا نییە، ئەفغانستان، عێراق، لوبنان، فەلەستین، ئیسرائیل، ئێران، سودان، سۆماڵ، کۆریای باکورو زۆر شوێنیتر. تورکیا لەگەڵ هیندستان لەناوچەکەدا یەکەم دەوڵەتە هاوپەیمانیی ئیسرائیل بێت. ئەوە ئەمریکاو ئەوروپا لەولاوە بوەستێت. ئەم هەموو بەرژەوەندییە، کە تورکیا هەیەتی لەم لاوە. لەلایەک دەیەوێت بچێتە ناو بازاڕی ئەوروپییەوە. گرفتە شاراوەکانی زوو، ئێستا سەری هەڵداوە، تورکیا پێویستە بیکات بۆ ئەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ڕووسوور بن، کارەکانی خۆیان بە خێراترو جێگیرتر بکەن. سێ کاری سەرەکی هەیە، کە پێویستە تورکیا گوێڕایەڵی بێت، ئەویش داننانە بەوەی، کە کاتی خۆی

هەرواڵنامەی کیبر

ئەرمەنییەکانیان بە کوشتن‌و بڕین چی بەسەر هێناوە، هەروەها قوبرس ئینجا دانان بە بوونی کوردو چارەسەری ئەو گرفتە بکات، دیارە تورکیا هیچیان ناکات سەرەڕای ئاگادارکردنەوەش. ئەم هەموو شتانە ئەگەر تورکیا گوێڕایەڵ نەبێت لەکیسی دەچێت. سەیر لەوەدایە. لە ناو تورکیاشدا گرفت هەیە، لە نێوان حکومەت‌و بەشی سەربازی‌و میللەت، ئەمانە هەمووی کۆبۆتەوە، ئێستا تورکیا لەجیاتی ڕێگا دۆزینەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بیر لەوە ئەکاتەوە بەرێگای سەربازی چارەسەری بکات، هەروەک ئەزانرێت ئەمە یەکەم جاری نییە. ئەوە بۆ بیست‌و چوار جار سەربازیی کردو سەرکەوتوو نەبوو. دیارە ئەمەش سەرکەوتوو نابێت. ئێستا زۆر جیاوازترە لە ڕابردوو، ڕەنگ بوو بۆ کاتی خۆی لەبار بێت، بەڵام بۆ ئێستا لەبار نییە، چونکە ئەو پەکەکەی جاران نییە، چ لەرووی سیاسییەوە چ لەڕووی تەکنیکەوە، هەموو مەسەلەکان زۆر گۆڕاوە وزیاتر بۆ لای پەکەکە دەچێت، چونکە ئێستا گوێ دەگرن‌و ئەم ڕێگایەیان بە دڵی زۆربەی خەڵکە، ئەوە بێ لەو کەش‌و هەوایەی ئێستا هەیە، کە ئەویش دیموکراسییە.

ئەی باشە گوژمی ئەمجارەی تورکیا بۆ بەکارهێنانی ڕێگای سەربازی چی لەدواوەیە؟

هەمووی وامان پێدەڵێت، ئەمە دەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە. ئایا ئەمە چاوبڕینە لە ویلایەتی موسڵی جاران؟ ئەوە سەرکەوتوو نابێت، ئەوە مەبەست حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەوەی نەهێڵێت ئەم پێشکەتن‌و سەرکەوتنەی بەخۆیەوە دیووە، دۆست پێی خۆشە ودوژمنیش لە داخا ڕۆژبەڕۆژ بە ناخی ئەرزا دەڕوات؟ دیارە لەمەشدا سەرکەوتوو نابێت. ئەی گرفتە ناوخۆییەکانی خۆی پێ چارەسەر دەکات؟ لەوەشدا بڕوا ناکەم، چونکە تێچوونی پارەیەکی زۆر بۆ شەڕو سەرنەکەوتنی کارەکەیان زیاتر کێشەکەیان ئاڵۆزتر دەکات. ئەی ئەم گوژمە چییە؟ تۆ بڵێی لە پشت پەردەوە شتی زۆر سەیرتر هەبێت‌و کەس پێی

هەموالنامەی کتێب

نەزانێــت؟ ئەمریکـــاو هاوپەیمانەکـــانی رازینیـــین. تورکیـــاو بە ئەمریکـــاو هاوپەیمانەکانییەوە ماوە؟
لە کۆتاییدا دەڵێم ئەمە دەرسێکە تورکیا لـووتی پێـدا دەچزێـتو خـۆی لەخـۆی دەگـاتو پاشـان دێـتە سـەرئەوەی، کە رێـگەی دیـالۆگ بگـرێتەبەر، چارەسەری هەموو شتەکانیش بکات .

هەواڵنامەی کتێب

## (٥)

# با لە ئێستاوە لە ئامادەباشیدا بین[٢٢]

ئاشکرایە بەر لە رووخانی بلۆکی سۆشیالیستی، رۆژانە میللەتانی لاوازو بێهێزی دونیا لە نێوان ململانێی زلهێزەکان دەهاڕدرا. دیارە پشکی شێری بەر کورد کەوتووە لەو چەوساوانە لەلایەک دابەشکراوە لە هەموو بەشەکانیش مافی ژیانی مرۆڤی ئاسایی نەبوو لەوەی کە نەتوانرێ زمانی خۆی بەئازادی بەکاربهێنێ لێرەوە دەستپێبکە، تاوەکو ئەوەی نەتوانێت کیانێکی بچوکی خۆی هەبێت .

پاش ئەم کرانەوەیە، کە ئێستا هەموو دونیای گرتۆتەوە، خۆشبەختانە پرسی کورد هاتۆتە پێشەوە، بەجۆرێک هاتۆتە پێشەوە، کە ناتوانرێت پرسی کورد پشتگوێ بخرێت، لە عێراقدا پرسی کورد چۆتە ناو پارسەنگەوە، واتە کورد قورساییەکی خۆی هەیە بە تایبەتی، لای ولاتانی زلهێز ئەوانەی لە ناوەوەو لەدەرەوەش، سەرەڕای بوونی دوژمنێکی زۆر لەدەرەوەی ئەوبازنەیەدا . رۆژانە هەوڵی لەبیرچوونەوەو لێدانی کورد دەدرێت بە هەموو شێوەیەک لەشێوەکان !

گەورەترین ژمارەی کورد لەدابەشکردندا بەرتورکیا کەوتوون، ئەم بەشە لەهەموو روویەکی ژیانیشەوە زۆر لەدواوەیەو داننان بە بوونی کورددا، لەو وولاتە ئەوە هەرمەحاڵ بوو، سەرەڕای بوونی شۆڕش‌و رێکخستنی کوردیی، بەلام ئەوانە زۆر لەوەش گەورەترکاریگەری ئەوتۆی نەبوو گرفتەکە لەتورکیادا بۆ پرسی کورد تەنیا لەلای حکومەتەکانی تورکیا نییە، بەلکو لای میللەتی

[٢٢] رۆژنامەی رۆژنامە، ژمارە ٥٦٢ ، سێ شەممە، ٢٩-١٢-٢٠٠٩.

تورکیشە، چونکە تاکەتاکەی ئەوانیش بڕوایان بەبوونی کورد نییە.. دیارە هەرلەسەرەتاوە وایەروەردە کراوەو گۆشکراوە (کاتی خۆی لە هەشتاکاندا ئینستیتیووتی کورد لەپاریس دامەزراو سەفیری تورکی لەو وڵاتە داوای لەبەرپرسانی فرەنسا کرد، کەئەو ئینستووتە دابخرێتو رێگەی پێ نەدرێت، فرەنسا پرسیاری لێکرد، کە ئەوە تایبەتە بە کورد، ئایا چ پەیوەندییەکی بە ئێوەوە هەیە؟ بۆچی کورد لای ئێوە هەیە؟ لەبەرئەوەی تورکیا نەڵێت بەڵێ، کورد هەیە لای ئێمە، دەمکوتی لێکردو وازی لێهێنا، تەنها بۆ ئەوەی نەڵێت بەڵی لای ئێمە کورد هەیە.)

تورکیا هەموو هەوڵەکانی بۆ نەبوونی کورد پیادەکردووە، هەرلەحاشاکردنەوە هەتا کاری سەربازیو دیارە ئەمانە هەمووی کاریگەری خۆی بۆ سەر کورد هەبووە، ئەمەش بۆ ماوەیەکی ئێجگار دوورو درێژ، بەڵام ئەوەی لە بەردەم کورددا مابوو، تەنیا بەرگری بوو لە بوونی خۆی لە رێگەی شۆڕشەوە، خۆڕێکخستنو دەستبەردارنەبوون بوو لە هەوڵەکانی خۆی تەنیا بۆ مانەوەو پرسی کورد .

ئەم کەشو هەوایەی، کە پێیدەوترێت دونیای کراوەو مافی مرۆڤو عەدالەت لە دونیادا تورکیاشی گرتۆتەوە، کەواتە چاری ناچارە دەبێت باس لەم پرسە بکات. دیارە ئەمە زۆر عاقڵانەیە تورکیا دەزانێت، کەچیتر نە بەو شێوەیەی جاران دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کورددا بکات، نە بۆی دەکرێت بیخاتە ژێرلێوەوەو بە نهێنی بیهێڵێتەوە. دیارە ئەمە ئازایەتییەکی دەوێت حکومەتی تورکیا بیکات. وەک باسمکرد ئەو هەموو پەروەردەکردنو گۆشکردنەی تورک بەرامبەر بەکورد وابەئاسانی میللەتیان بۆ پەشیمان ناکرێتەوە. ئەوەتا ورد ورد هەنگاو دەنێن بۆ ئاشنابوونی پرسی کورد لە ناوخۆدا. گرنگ ئەوەیە باس لەوەدەکەن، کە کورد هەیە ئێستا ئەندام پارلەمان هەیە، (TV)هەیە، رۆژنامە، حیزب، هتد. ئەگەر چی زۆر کەمە، کەواتە پرسی

کورد دونیای لێ بەئاگایە،  ئەی چۆن چارەسەر دەکرێت و چی بۆ دەکرێت؟ کەی؟ ئەمانە هەموو زۆر دەخایەنێت. ڕەنگە پرسیارێک بکرێت‌و بوترێت: ئەی بۆچی هەتا ئێستا کاری سەربازی رانەگیراوەو تازەش دەکرێتەوە، بەڵام ئەوە راستە، بەڵام ئەوە بۆ دەمکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن‌و نەیارەکانی کورد چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی تورکیا .

مەبەستی سەرەکیم لەم خاڵەی کۆتاییدایە، ئەویش ئەوەم بەبیردا هات کەکاتی خۆی بۆچوونێک هەبوو، کە بریتی بوو لەوەی بەشی عێراق‌و تورکیای کوردستان (کوردلاند) یەک بخرێت، واتە بەشی کوردستانی عێراق بخرێتە سەرتورکیا. ئەمە بۆ؟

لە لایەک ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دڵی تورکیا رازی دەکەن، کە کێشەی موسڵیان بۆ چارەسەرکردو پانتایی ووڵاتەکەیان بۆ زیادکردو هەموو لایەنە دارایی و ئابورییەکانی بۆ چارەسەردەکات، ئەمە بێ لەوەی مەبەستی سەرەکی بۆ تورکیا هەنگاوێکی گرنگە، کە بچێتە ناو بازاڕی ئەوروپاوەو پەیوەندییە سیاسی وئابورییەکانی لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەدا بەهێزتر دەبێت‌و گەشە دەکات، لەپاشدا پێگەیەکی بەهێزی دەبێت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە ئەمریکاو هاوپەیمانانی بیانەوێت کورد لەدەستی حکومەتەکانی عەرەب‌و فارس رزگار بکەن، لەلایان ئاشکرایە ئەمەندەی حکومەتی تورک دڵسۆزە بۆیان، ئەوەندە عەرەب‌و فارس دڵسۆزو گوێ رایەڵ نین بۆیان. ئەگەر هاتوو ئەم ئەگەری یەککرتنەوەی دوو بەشی کوردلاندە روویدا، دەبێت بەشەکەی عێراق بۆکەوتنەوەی چەند گیروگرفتێک خۆی ئامادە بکات، دیارە هەردوو بەشەکە لەژێرباڵی سیستمی جیاوازدا ژیاون‌و کولتووریان لە یەکتر جیاوازە، پاشان بەشەکەی عێراق لەچاو ئەواندا ماوەیەکی زۆرە خەریکی رێکخستنی ماڵی خۆیەتی بە بێ دەستێوەردانی حکومەتی ناوەندی. بە هەر حاڵ جیاوازی زۆرە لەرووی ژمارەوە، ئەوان زۆر زیاترن،

هەواڵنامەی کتێب

بچووکترین شتێکیش جۆری نووسین‌و ئاخاوتنە. کەرەنگە ئەوە گرفتێکی گەورە دروست بکات، پاشان لەهەموو روویەکەوە ئابوری زۆر جیاوازی هەیە، بۆیە دەڵێم:دەبێت هەرلەئێستاوە هەرێم ئەو ئەگەرە بەجدیی بگرێتە بەرچاو.

هەواڵنامەی کتێب

(٦)

# تاکەی ئەم هەرێمە وابێت؟[٢٣]

با ئەو قیرتاوانە واز لێبهێنین، کە چەند کاتی دەوێـت تـا تەواو دەبێـت. کەچی پاش ماوەیەکی کورت وەک بەتانی لوول دەبێتو ڕۆییشتن بە سەریدا زۆر گران دەبێت. ئەم شێوەیە هەمیشە دووبارە دەبێتەوەو تائێستا چارەسـەری بنەڕەتی بۆ نەکراوە .

هەڵکەندنی شەقامو کۆڵانەکان بە بەردەوامی لە لایەن تۆڕی تەلەفۆناتو ئاوو ئاوەڕۆوە، کە لە یەک شوێندا پێکەوە هەندێکجار ئەو هەڵکەنـدنە دووبـارە دەکەنەوە، ئەمە بێ لەپارە خەرجکردنە زیادەکەی، قیرتاوو چیمەنتۆکانی کۆڵانو شەقامەکانیش ناشیرین دەکات .

بۆ ڕێنمایی هـاتوچۆ بە بۆیـاخکردنی شـەقامو کۆڵانەکـان، لەبەر ئەوەی کواڵیتی بۆیاخەکە باش نییە، بۆیە پاش مـاوەیەکی کـورت دەچێـتەوە. ئەمەش هەر بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. بۆ ئەم کاتە کەمە بۆیاخەکە بـاش نـیـە، بـۆیە پاشماوەیەکی کورت دووبارە دەبێتەوە .ئەوە خـۆی لە خۆیـدا پێمـان دەڵێـت جۆری بۆیاخەکە باش نییە .

نەبوونی کارەبا لە ڕێگا سەرەکییەکانی دەرەوەی شـارەکان بـۆتە هـۆی سەرلێشێواوی ئۆتۆمبیلەکان لە کاتی شەودا، دیـارە ئەوەش دەزانرێـت کەچـی ڕوودەدات. با ئەمانەی سەرەوە بمێنێـت، ئەی باشـە سـیمای شـارەکان کەی سیمای مەدەنییەتی لێدەنیشـێت؟ هەمـوو شـارەکان لە سـەربازگە دەچێـت، لە وڵاتی شەڕ دەچێت بەوەی زۆربەی شـەقامو کۆڵانەکـانی نـاو گەڕەکەکـان بە

---

[٢٣] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٨٠، ساڵی حەڤدەهەم، پێنج شەممە، ١٨-٩-٢٠٠٨.



کوردنامەی کتێب

بۆدیگاردو کۆشکی پاسەوان پارککردنی زۆری ئۆتۆمبیلەکانی ئەو کۆمپانیا بیانیو لێپرسراوانەوە تەنراوە هەندێک جاریش ڕێگاکان دادەخەنو هاتوچۆی تێدا نابێت، هەموو دەوروبەرەکانی هیچ جۆرە ئازادییەکیان نییە بێ لەوەش هەمیشە واچاوەڕواندەکرێت، کە شتێکی سامناک ڕوودەدات. ئەی ناکرێت ئەوانە لەناو شار دووربخرێنەوە؟ بۆ ئەوەی خۆشیانو خەڵکیش ئاسوودەبن. چیتر خەڵکی، چەکی لەبەرچاو نەمێنێتو هەمیشە شەڕی لەبەرچاو نەبێت، با لە کاتی شەڕدا چەک نەک لەبەرچاوبێت بابێتە شانو باوەشەوە، بەڵام ئێستا نا، کاتی شەڕ !

ئەمە بێ لەوەی ئازادیی خەڵک زەوتکراوە بەوەی ناتوانێت ئازادانە لە ناو ماڵی خۆیدا هەڵسوکەوت بکات، هاتوچۆکانیان ئازاد نییە، لە لایەکیترەوە، ترسێکیان دروستکردووە لە لای خەڵکی، کە نەوێرن باس لەوە بکەن، کە بێزاربوون لەمشتانە. لە ڕێگەی میدیاکانەوە بە دونیا دەڵێن ئێمە لە وڵاتی خۆماندا ئازادو پێشکەوتووو شارستانین .ئەی چۆن کاتێک بیانییەک سەردانی وڵاتمان دەکات ئەم شێوازە دەبینێت. بە ئومێدم لە بەیانییەوە هەوڵی لەناوچوونی ئەم شێوازە بدرێتو وڵات سیمای ئازادییو جوانی پێ بدرێت .

## (٧)

# زەنگێکی ترسناک[٢٤]

کاتی خۆی نووسێنێکم لەم ڕۆژنامەیەدا لە ژێر ناونیشانی (سلاّو دیموکراسی)دا بلاّوکردەوە، باسم لە هاتنی دیموکراسی کردبوو، کە لەئێستادا دەبینرێت .

ڕاپەڕین ڕوویدا وسەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێنا، زۆر جار حیزبەکان ڕاپەڕین تەنها بەکاری خۆیان دەزانن، هەرچەندە ڕاستیەک هەیە ئەویش بەوەی کە ئامادەباشیو پلاندانانێکی تۆکمە داڕێژرابوو بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین لە لایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانەوە. خۆ ئەگەر جەماوەری گەلەکەمان ئەو کەرەستە ڕەسەنە نەبوایەو ئامادەیی نیشتمانپەروەرییان تێدا نەبوایە، ئەوا ڕاپەڕین بەوشێوەیە سەرکەوتوو نەدەبوو، لە لایەکی تریشەوە جەماوەریش باس لەوەدەکەن کە گوایە حیزبەکان ئاگایان لێنەبووەو جەماوەر خۆی ڕاپەڕیوە، هەردوو بۆچوونەکە ڕاستییەکان دەشێوێنێتو زیان بە میللەتی کورد دەگەیەنێت، چونکە هیچ کاتێک حیزب وجەماوەر لەیەکتر جیانەبوونەتەوە، ئەوانەی لەناو حیزبەکاندا بوون، هەر ڕۆڵەی ئەم گەلە بوون، ئەگەر چی جەماوەریش لەناو ڕێکخستنەکاندا نەبووبن، شۆڕشو حیزبی بەخۆی زانیوە، بۆیە هەمیشە پاڵپشتی بووەو خزمەتی کردووە، کەواتە دروستکردنی ئەو بۆشاییو جیاوازییە خزمەت بە کەس ناکات .

لە پاش ڕاپەڕین بەهۆی کەمبوونەوەی ترس لە دوژمن وردە وردە جەماوەر هەندێ کەسیش لە ناو حیزبو حکومەتدا، زمانی ڕەخنەو هەندێ جاریش توندڕەویان پڕا، ئەم بارە ڕووی لە زیادبوون دەکرد، هەتا وای لێهات،

---

[٢٤] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٢٦٢، سێ شەممە، ٨-٥-٢٠٠٧.

تورەبوونەکـان بەرەو نـاو مـاڵو خوێنـدنگاو زانکـۆو بـازاڕو تەنـانەت نـاو حکومەتیشی گرتەوە، لە ژێر پەردەی ئەم کەشو هەوایەدا، قسەی زۆر وتراوەو دەوترێت بەبێ هیچ سنوورێک، باشە ئەوە باس لە حیزبو حکومەت دەکرێت، جاری وا هەبوو ئەوەی ماندووبوو، سەد جار ئاواتەخوازی ئەوە بوو، کە هەرگیـز ماندووبوونەکەی نەکردایە، ئەگەرچی ئەو ماندووبوونانەی ڕۆژانی سەختی خەبات خۆی لە خۆیدا پیرۆزییەکی گەورەی هەیە. ئەمـانە هەمـووی وایـانکرد، کە بە هــیچ جۆرێــک ئاگامــان لە داهــاتووی خۆمــانو دەوروبەررمــان نەبێــت، دووژمنەکانمـان لەبیرکردبـوو، لەبەرململانێـی ناتەندروسـتی نـاوخۆیی، وامـان لێهاتبوو، بە تەنها لە ناو بازنەی خۆماندا بسوڕێنەوە، ئەمانەش لە شوێنی خۆیـدا بوەستێ، کە زۆر باسـیان لێـوەکراوە، ئەوەی دەمەوێـت لێـرەدا باسـی بـکەم ئەوەیە، هەموو سنورەکان، زۆرو کەم لە ناو مـاڵو خوێنـدنگاو بـازاڕو شـوێنی کار.. هتد بەزێنراون .

باس لەوە دەکرێت، کە گوایە میللەتی کوردمیللەت نییە، بە کەڵکی هـیچ نایەو پێویست ناکات خزمەتی بکەیـت، جارجارەش دەوتـرێ، کە مـن کـورد نیمو دەمەوێت ئێرە بەجێبهێڵمو هەرگیز باسی کورد نەکەم .

من دەپرسـم ئایـا ئەمە دیموکراسـییەتە؟ خـۆ ئەگەر ئەم نەوەیەو نەوەی داهاتوو بەم شێوەیە مێشکیان پاراو بکرێتو بەم جۆرە پەروەردە بکـرێن، ئەی هەستی نیشتمانپەروەری چی بەسـەر دێـت؟ خـۆ ئەگەر وا بێـت ئەوا هەرچـی هەستی نیشتمانپەروەریو خۆشەویستییە ماندووبوونو گیـان بەخشـین)بەرامبەر بەخاکو میللەت هەمووی لەبـار دەچێـت. لەبەر ئەوە دەنگـی ئەم زەنـگە زۆر ترسناکە، پەسەندمان دەکرد قسەیەک بە حکومەتو حیزبو شۆڕش دەوترێت، بەڵام ئەمەیان، کە خۆت بە میللەتی خۆت نەزانیـتو تـانەو تەشـەری نـارەوای ئاراستە بکەیت، کەئەمەیان مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئاینـدەی گەلو نیشـتمان، تێناگەم ئەم دیاردەیە بۆو لە کوێوە سەریهەڵداوەو بەرەو کوێ دەچێت؟

## (٨)

# چەند وشەیەکی قەتیسماو لە گەرووی شارەوە[25]

ئەمجارە قەڵەمەکەی ئازاد لە رابردووەکانی شار دەدوێ‌و تک تک خوێناوی لێ دەتکێ. سلێمانی‌و ئازاد کەوتوونەتە رازو نیاز. ئازاد ئەڵێت :

"ـــ سەد مەخابن، کە خامە لاوازەکەی رۆڵەکەت هاتە گۆ رۆڵەیەکی بێدەسەڵات‌و بێ پشت‌و پەنا، بێ پلەو پایە، بێ پارەو پوول. گوێم بە ناخی دڵتەوە ناوە، ئەی شاری هەڵمەت‌و قوربانی، کە قرچەقرچی سووتانێکی قەقنەسی تیابەدی ئەکەم.. کەناڵەی هەڵقوڵانی گڕکانێکە خۆی ئەخواتەوە، ئارامییەکەت تیژڕوانینێکە لەداهاتووی رۆڵەکانت، ناشزانی، کە ئەم چاوەڕوانییە دوورودرێژە بەرەو کوێت ئەبات، چونکە زۆرت لە هەڵدێرو نشێوی بەسەرهاتووە، بۆیە سڵ ناکەیتەوە، پرسیارێکت لێ ئەکەم‌و ئەڵێم بەرەو کوێ سەرت هەڵگرتووە؟ پێمان ئەڵێی :رۆڵەکانم ئاگاتان لە خۆتان بێت‌و رێگەتان لێ تێکنەچێ. چونکە ئێوە لە باوەشی خۆشەویستیی مندا لەدایکبوون، دەچاوی ماندووبوونتان بگەڕێننەوە دواوە، رەنگە خۆتان تەزووی ترس بتانگرێ، ئەو کات بڕوائەکەن خۆتان کێن‌و چیتان کردووە. ئەوە هەرخۆتانن؟ ئارام بگرن، چونکە ئەگەر ئارام. ئارمتان لێ ببڕێ ئێوە گڕدەگرن، رۆڵەکانم. دەخیلتان بەم نەکەن بۆ ئاو.. بۆ کارەبا. بپاڕێنەوە، چونکە ئێوە بۆ خۆتان دەسەڵاتن. بەبیرتان دێ هێشتا ماندوویەتی هەوار گواستنەوەتان لە(قەڵا چوالان)ەوە لە جەستەدا دەرنەچووبوو. (رەشەبا) چی پێنەکردن، ئیمارەتەکەی بابان چی بۆ نەکردن‌و چی لێنەکرا؟ بۆ چ بەردی بناغە هەیە، جێدەستی ئێوەی پێوە

هەواڵنامەی کتێب

---

[25] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٧٩، شوبات – ئازاری ٢٠٠٧.

دیارنییە؟ هەر لێرەدا نەبوو، وشە لەدایکبوو، کە ئەو وشەیە بوو بە رستە، رستە بوو بە هۆنراوەو نووسین، نووسین بوو بە کۆبوونەوەو خۆسازدان، خۆسازدان بوو بە رێکخستن، رێکخستن بوو بە شۆڕش، شۆڕش بوو بەشەهید، شەهیدانیش بوونە مایەی سەرکەوتن؟

دە، خاوەن خامە ئازاکان، دە، پیاوە هەڵوێست جوامێرەکان، دە،تفەنگە گەورەکان، دە، سەرکردە قارەمانەکان، هۆزو عەشیرەتەکان، هەرهەمووتان هەموو کوردستان، کە من ناوم لێناوە بە (کوردلاند) لەئامێزدا گیرابوون، کێ هەیە کێ هەبوو تامی شیلەی خۆشەویستی نەچێشتبێ؟ کێ هەیە ئێوەی بە قوتابخانەی پێگەیاندن‌و تێگەیاندن نەناسیبێ؟ پایتەختبوونی من لەخۆڕا نەبوو، مێژوو کردە.. شاری هەڵمەت‌و قوربانی، گورزی کوشندە لەدوژمن‌و خۆبەخشین، یەکەم فڕۆکەی بۆمب هاوێژ لێرەدا خۆی تاقیکردەوە. فیلمەکان شاهیدن، کە ئەڵێن شارەکەی شێخ، شێخی شێر ئاسا بەرەورووی دوژمن بووەو کڵاوو مشکییەکەی لە دادگا گرتە دادوەر. بەردە قارەمان‌و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشەکانی‌تردا شاهیدن. ڕووناکبیران. شاعیران. خامەو نووسینەکان هاوسەنگەربوون لەگەڵ تفەنگدا، زیندانەکان شاهیدن، ناودارەکان، بازرگانەکان، شێخو مەلاو چەوساوەکان هەرهەموویان سەرقافڵەی بەرەنگاربوونەوە بوون. دوژمنەکان یەک لەدوای یەک هەمیشە لە هەوڵ‌و پلانداناندا بوون، بۆ لە نێوبردنم‌و سڕینەوەم

لەسەر نەخشە، رقە چەپەڵەکانی دوژمن شاهید وەرن سەیرکەن چواردەورا. ئەوە ئەشکەوتی هەزارمێردە، کە باس لەهەزارانساڵەی دێرینم دەکا، (قەرەداغ)م باس لە رۆشنبیرم ئەکا، (شارەزوور)م باس لە پیت‌وبەرەکەت‌و رەسەنایەتی‌و شەهیدبونی شاری ئەکا، ئەوە شارباژێرم لەپێشکەوتن‌و بازرگانی، گۆیژەو ئەزمەڕ سەرکەوتن‌و هەڵاتنی دوژمن، بالیسان‌و دۆڵی جافایەتی باس

لەخۆڕاگری، بازیان شێخو بەردەقارەمان، مێژوویەکی پڕ لە شکۆ. سەر لە نـوێ ئەنووسنەوە .

دە، گوێ بگرن، ئەوا سلێمانی پێمـان دەڵـێ: گـڕی دایکـی ڕەسـەن دەگـرم، چـۆن دوو ژن خۆیـان کردبـووە خـاوەن کـۆرپەیەک، ناوبژیکـاران نەیانئەزانی کامیـان دایکـی ڕاسـتەقینەی ئەو کـۆرپەیەیە، بەڵام کـاتێ بڕیـاری لەناوبردنی کۆرپەکەیاندا.

بینییان چۆن دایکی ڕەسەن بە دڵسووتانێکی گەرمەوە پڵنگئاسا هەڵـمەت بۆ کۆرپەکەی دەبات و لە نێو دەستی سەندەوەو پێی سەلماندن کە ئەو دایکی ڕەسەنە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# خەنجەرێک .. خواستی من و تۆ بێت!

منێک بۆ دەخوێنم هەتا بتوانم فێربم.. تۆیەک بۆ شۆڕش دەکەیت.. هەتا سەربەخۆیی نیشتمان دەستەبەر بکەیت.. ئەوی تر بۆ بیرەکاتەوە.. هەتا داهێنانەکان بەرجەستە بکات، سەرکردە کێ دروستی دەکات.. خۆی یان نەتەوە.. میللەتانی دونیا.. بە کاکڵە گوێز و سەمونی گەرم نەبوون بە خاوەنی خۆیان، هەوڵ و تەقەلایان داوە، سەرکردەکانیان گوێیان لەداهێنەرانیان گرتووە، ئێمەی کوردیش یەکەمجار بە لەناوبردنی داهێنەرەکانمان دەستمان پێکردووە، بەدرێژایی خەبات و تێکۆشانمان، هەر سەرکردەیەک هەستی بە مەترسی خاوەن قەڵەمێک و ڕایەکی سەربەخۆ و کاریگەر کردبێت، لەدۆخێکی جیاوازدا، وا هەستی کردووە، ئەمە چەکێکە و بەرامبەر بەو سەرکردەیە قوت بۆتەوە، هەرگیز نەمدی، لەنوسینێکدا شێخ مەحمود بەقسەی مونەوەرێکی سەردەمی خۆی، لەگەڵ داگیرکارانی کورددا بچێتە مەیدانی باسوخواسەکانی چارەنوسی نەتەوەکەیەوە، ڕۆشنبیرانی کورد لەسالآنی١٩٣٠هەتا کۆتایی ١٩٩٠ ناکۆکبوون لەگەڵ سەرکردەکانماندا، دوای ڕاپەڕینیش، هیچ سەرکردەیەک بۆ هیچ باس وخواسێک لە ڕوانگەی دێرێک نوسینی خاوەن قەڵەمێکی بەئەمەکەوە، هەڵوێستەیەکی نەکردووە، سەرکردە دەوڵەت دروست دەکات، بەڵام کەی ..؟ ئەو کاتەی ڕووناکبیران و بیریاران و ڕۆشنبیران، دەبنە خامەی سەرکردە و ئەویش دەیکاتە صەکی

دانوستانی سەربەخۆیی، نەمدیووە، سەرکردەی وڵاتێکی دونیا خۆی فیزیا دابنێت و لەخوێندنگەکانی وڵاتدا بکرێتە پرۆگرام، نەمدی سەرکردەیەک داهێنانێک بکات و داهێنەرانیش چاوی لێبکەن، تەنها لە ئیسلامدا نەبێت، پرۆگرامی ئایینی زاڵێتی خۆی بەسەر نەتەوە جیاوازەکاندا سەپاند و قوڕی کرد بەسەر پێشکەوتن و بیرکردنەوەی هەموو زاناکانیدا، کوردیش لەم ڕووەوە، کەمتەرخەم نەبووە، پێوەری ئیسلامی کردۆتە پێوەر بۆ خۆی و گوێی بە پرۆگرامی زانستی و بابەتی نەداوە، بۆیە نەمانتوانیوە، خواستی سەرکردە ناحاڵییەکانی خۆمان بپێکین و بیانخەینە ئەمری واقیعەوە، بۆیە، کاتێک ئازادی کاک مستەفا، خەنجەر لەکا دەدات، دەزانێت لەم وڵاتەدا سەرکردە بەخواستی ئەم نایەت، بێئومێدی کۆڵی پێنادات. بەردەوام بەو خەنجەرەوە کای وڵاتەکەی شەنوکەو دەکات، ئێ بەڵکو ئەمێ ڕۆژێ گوێیەک هەڵبخرێ و موسیکاکەی کاکە ئازاد لەگوێی ئەوانەدا بزرنگێتەوە، پاشانیش خەنجەرەکە دڵی دوژمن دەربێنێت و کای بەردەم هەوارەکەش ببێتە هەوێنی سەربەخۆیی و سواغی لەبری سەربان دیواری بەردەم دوژمنانمان بەو کایە بدەین و ئێمەش وەک هەموو کولتورێک شانازی بەمەوە بکەین، خۆزگە خەنجەرەکە ترس دڵەڕاوکیی لای سەرکردەکانی کورد دروست بکردایە و مشوری ناواخنی کاکە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بەبا نەچێت.

## (٩)

# با منیش ئەم خەنجەرە لە کا بدەم[٢٦]

لە کۆی ئەو ململانێ نارەوایانەی لە نێوان زۆرایەتیو کەمایەتی، زۆردارو بێدەسەڵات، سەرمایەدارو کرێکار، پشدارو بێ پشت، پێشکەوتووو دواکەوتوو.. هتد. بەتایبەتی لەدوای شەڕە گەورەکانی یەکەمو دووەمی جیهانی وای لە خەڵکانی هەست پیرۆزو بە ئاگا کرد بکەونە ئەوەی بیرۆکەیەک بخەملێنن بۆبەرگری لەماف، بەتایبەتی مافی مرۆڤ. ئەم مافە باڵای کردو بووە مافی چارەنوسی میللەتان، هەرمیللەتێک بۆی هەبێت، بڕیار لەسەر مافی چارەنوسی خۆی بدات، زۆربەی میللەتانی جیهان گەییشتن بەو قۆناغەی خاوەنی نیشتمانی خۆیان بن. کەچی میللەتی کورد هەتا ئێستا دوودڵە لەئاستی ئەم دوایەدا، ئەمڕۆش کەباس لەدەسەڵاتی فیدراڵییەت دەکرێت دوژمنانمان ئەمەش بەرەوا نازانن بۆی، ئەگەر چی فیدراڵییەت ئەوەندە مەزن نییە بۆ میللەتێکی وەکو کورد، هەرچەندە فیدراڵییەت مافی بوونی سەربازیو پەیوەندی دەرەوەو دارایی‌و فرۆشتنی نەوتی سەربەخۆ، واتە خاڵە گرنگەکانی بڕوا بەخۆ بوونی تێدا نییە. بە ئاشکرا زۆر لەلایەنە دژەکانی دەرەوەو ناوەوەی وڵات زۆر بەتوندی هەڵوێستی دژیان هەیە، ئاشکرایە هەرشتێک لەم دونیایەدا ئەگەر بێتو بە قۆناغە سروشتییەکانی خۆیدا تێپەڕنەبێت، لەدایکبوونەکەی ئیفلیج دەبێت، بێن باس لە نموونەیەک بکەین، ئەوروپا یەک خاکو خێزانو کلتوورە، پاش دابەشبوونی بەسەر ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا، هەردوولای بەهەمان کات ژیانیان بردە سەر، ڕۆژئاوا دوای ململانێیەکی زۆر لەنێوان خۆیاندا

---

[٢٦] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٧٣١، هەینی، ٢١-١١-٢٠٠٨.

هەولێرنامەی کتێب

گەشەکردنێکی زۆری بەخۆیەوە دی لە هەموو رووپەکی ژیانەوە. لەبەرئەوەی هەر یەکەیان دەوڵەتی خۆیان هەبوو، لە پاشدا ئێستاش ئەوەتا یەک دراو بەکاردەهێنن، سنووری گومرگو هاتوچۆ لە نێویاندا تا رادەیەک نەماوە، هەموو تاکێکی ئەوروپی دەتوانێت لە هەر وڵاتێکی ئەوروپی بیوەێت، دەتوانێت بژی، هەموو مافێکی هەیە، چەکی سەربازی بەیەکەوە ئەنجام دەدەن، شتە زانستییەکان بەیەکەوە ئەنجام دەدەن، لەسەر هەموو رووداوەکانی جیهان یەک هەڵوێستن، لەپێناو بەرژەوەندی ئەوروپی.. هتد. کەچی ئەوروپای رۆژهەڵات بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەی بە زۆری زۆردارەکی لە ژێر باڵی رژێمێکدا قەتیس مابوون، بەبیانوی ئەوەی دونیا هەموو وەک یەک وایە، دەبێت هەمووی یەک بێت نەک پارچە پارچە، بەڵام هەر بە رووخاندنی ئەم رژێمە باڵادەستە هەموو میللەتەکان بەپەلە کەوتنە داوای جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، دەشبینین ئەو پێشکەوتنەیان پێوە دیار نییە، لە زۆر رووەوە وەک رۆژئاوان ئەمە بۆ؟ لەبەر ئەوەی رۆژهەڵات بەقۆناغە سروشتییەکانی خۆیاندا تێنەپەڕیون، دیارە کوردیش ئەگەر بە قۆناغە سروشتییەکانی خۆیدا تێپەڕنەبێت، هەر بەدەردی ئەورپای رۆژهەڵاتی لێ دێت، ئەوە چەندین ساڵە نەک لە ژێر دەستیداین، بەڵکو لە بەردەم هەڕەشەی نەماندا بووین، هەر کاتێک کورد هەستی بە بوونی خۆی کرد وەک دەوڵەت بە قۆناغە سروشتییەکانی خۆیدا رۆییشتن، دیارە ئەو کات پێویستی بە هاوکاری میللەتانو دەوڵەتانی دونیاش دەبێت، بەڵام بەم شێوازەی ئێستا هەموو شتێک ئیفلیج دەبێت. ئا لێرەدا دەمەوێت ئەم خەنجەرە لە کا، بدەمو بڵێم دەبێت داوای سەربەخۆیی خۆمان بکەین، بوونی ئەمریکاو هاوپەیمانانیو دونیا لەسەر ئەرزی واقیع هیچیان لێشاراوە نییە، هەموو واقیع بەچاوی خۆیانو گوێچکەی خۆیان بە راستو دروست دەبینن‌و دەبیستن.

ئەم داوایەش داوای میللەتە داوا بکەین. یان نا، لەبەرچاوی دوژمنـان هەروەک یەک وایە، هەرچەندە من لەو بڕوایەدا نیم، کە هێزی ئەمریکـاو هاوپەیمانـانی، وڵات بەجـێ بهـێڵن. بەڵام ئەگەر هـاتوو بەجێیـان هێشـتین، داوای مافمـان کردبێت یان نا، دوژمنان لە دەرەوەو نـاوەوە پەڕوباڵمـان دەبەن بەئاسـماندا .

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## (١٠)

# کورتە پێداچوونەوەیەک[٢٧]

سەرەتایەک: کاتێک خەونە دێرینەکان روو لە لێژی ئەنێن و ئاسۆی هیوات کزو تاریک ئەبێت. کاتێک کڵپەی گڕی ئەوەی پێی دەڵێن سەرکەوتن خامۆش دەبێت و تروسکەی ئومێد لە تەمو مژدا ون ئەبێت. ئەو کاتانە، تەنیا ئەو کاتانە شەهیدەکان، خاوەن شەهیدەکان، ئاوارەکان، دڵسۆزو خۆنەویستەکان. ئازار ئەچێژن و خەموپەژارەی ساکاری بێ سنوور سەرتۆپی هۆشیان دەگرێت. بەفیرۆدانی دەستکەوتەکانی خەباتی سەختی چەند ساڵە، بیرکردنەوەو بیرکردنەوەی تاڵ و تفت ئەکاتە پیشەی هەموو ساتێکی ئەو کەسە دەستنیشانکراوانە .

چوونە ناو باس :راستییەک، دیاردەیەک، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و رۆشنبیری لە ناو مێژووی نەتەوەی کورددا هەیە، کە پێویستی بە دیراسەکردن و سەرنجدان هەیە. لەوەتەی گەلی کورد هەیەو هەبووە، هەڵگری چ بیرو بۆچوون و ئایدیایەک بووبێت، دڵسۆزو وەفاداربووە بۆی، لە کۆتاییشدا مایە پووچ و قوربانی دەستی هەمان بیرو بۆچوون بووە .

با بڕوانینە هاوپەیوەندی گەلی کوردو دیانەتی ئیسلام، لەو کاتەوەی کەوتووینەتە مەسەلەی بڕوابوون بە ئایینی ئیسلام. ئێمە، مەبەستم باپیرە گەورەکانی ئێمەیە، بە پاکی و دڵسۆزی و لەخۆبووردنەوە بڕوایەکی پتەویان بەدینی ئیسلام هەبووەو خزمەتیان کردووە. لە پرۆسەی تێگەییشتنی ئەو

---

[٢٧] گۆڤاری مەڵبەند، ژمارە ٧٩، مارتی ١٩٩٧ بەرامبەر رێبەندان، خاکەلێوەی ٢٦٠٨-٢٦٠٩، گۆڤارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی گشتییە، لیژنەی رۆشنبیری کوردی لە لەندەن دەریدەکات.

دیانەتە تازەیە، وایانتێگەیەنرا، کە هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان هیچ مرۆڤێکی دونیا، تەنیا بەخوا پەرستیو تەقوا نەبێت. کورد لە دیانەتی ئیسلامدا ئەوەی بۆ هەڵکرێنرا، کەرەنگی پێستو جیاوازی نەتەوە نابنە هۆی جیاوازیکردن لە نێوان گەلانو خەڵکانی سەربەئوومەتی ئیسلامین، هەر لەو ڕوانگەیەوەبووە کە خەڵکانی کورد زۆر بەپەرۆشییەوە، بەدڵسۆزییەوە خزمەتی ئەو بیرو دیانەتەی کرد. هەڵبەتە سەلاحەدینی ئەیوبی، کە خاکی پیرۆزی (قودس)ی لە دەست خاچپەرستەکان رزگارکرد، نە یەکەم رۆڵەی کوردو نە دوایینیان بوو، بۆ خزمەتو پاراستنی دیانەتی ئیسلام. ئەو زاتە گەورەیەو سەدانی وەک ئەو بەو پاکیە بەوقارەمانێتییە، بێگوێدانە کوردبوون، ئالای ئیسلامو بیروباوەڕەکەیان پاراست، سەرسەختو بەرزو بڵندیان کرد. کورد سەرکەوتنی ئیسلامیی بەسەرفیرازی خۆی دەزانی، بەرزی ئیسلامی بەنەمانی چەوساندنەوە تێگەییشتبوو، بەڵام مەخابن ئەو بۆچوونە لەواقیعی مێژوویدا نەبووە، وا دەرنەچووەو هەڵەبووە .لەکاتی شایی لۆغانی مارکسییەتیشدا، کورد دیسان دڵسۆزو بە وەفاو خەباتکاری ناوەڕاستی کارەکە بووە، کورد بۆ ئەمەش بەپەلە، بێ دووربینییەکی زانستییانە باوەشە والاکەی بۆ ئەمیش والاتر کردووە. لاوان و توێژی رۆشنبیری کورد وا بەدڵسۆزییەوە بەرەو پیری ئەم بیرە نوێیە چوون، کە گەییشتە چەقی ڕێگایەکی پڕ هەڵەتو دەرنەچووی: خۆلەبیرکردن، واتا میللەتی کورد لەبیرکردن. هەوڵی رزگارکردنی چەوساوەکانی هەموو دونیا .

لە دیدی بۆچوونی یۆتۆبی ئاسا زۆربەی توێژی رۆشنبیرمان بۆ گەییشتن بەدواقۆناغی رزگارکردنی چەوساوانی هەموو دونیا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان رەش‌وسپی، سنورەکانی دەوڵەتان نەما. ئێمەی بە ناو رۆشنبیری کورد رەدووکەوتین. مرۆڤی گەورەمان تیادا هەڵکەوت، بوونە پێشڕەو بەرزترین میدالو نیشانەی ئەو بیروباوەڕەیان وەرگرت. وای لێهات پێچەوانەی ئەم بۆچوونە، بە گێل، نەزان، دواکەوتوو، خائینو پیاوی ئیستعمار ناودەبرا. لەوەش

زیاتر وای لێهات هیچ حیزبو ڕێکخراوێکمان نەما، کە هەڵگری ئەو مۆرکو بۆچوونە نەبێت. بەڵام، هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانو چەکەرەکردنی ئەو بیرو بۆچوونە تا داتەپینو ڕووخانی سیستمە دەوڵەتییەکەی، چاوەڕوانکردووە، دۆشداماو، دۆڕاو، زەرەرمەند، چەوساوەو بێبەش هەرگەلی کورد بووە!. ئەوبیروبۆچوونە بە ناو قەڵای رزگارکردنی گەلانی چەوساوە بووە، کەچی بۆ کورد ببووە قەڵای گەمارۆدانو سنوری وەستانو مەیینو کۆتی پاشکۆ بوونی ئەمو ئەو، بەهەر حاڵ هەردوو فەلسەفەکە، یان مەزهەبەکە، بەو شێوەیەی، کە بینرا ڕەچاوکرا (واقیعێنرا)، لەخەمو پەژارە زیاتر چیتری بۆ خەڵکانی دڵسۆزو بەوەفای خۆی بەجێنەهێشت. ئەمەوێ بڵێم لە دۆڕانو بێبەشی دواکەوتن زیاتر، چییەکی‌تری بۆ دوا ئاکامی نەتەوەی کورد بەجێنەهێشت .

دوا قۆناغ:

ئێستاش باو، باوی دیموکراسییە؛ دیموکراسییەتی ڕۆژئاوا! ئێمەش بە عادەتی جارانمان بە پەلە، بێ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ، لە پێش هەمووشمانەوە سەرکردەکانمان، باوەشمان بۆ ئەمیش کردۆتەوە. ئەمیش مەعازەللا هەر لەسەرەتاوە لێڵ ڕەش دیارە. هەڵبەتە هەر شتێک بە پەلە باوەشی بۆ بکرێتەوە بەپەلە پشتی لێدەکرێت. لەمەشدا گەلانێکی لە ئێمە زیرەکتر بواریان قۆستەوەو پرۆسەکەیان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەی خۆیان بەکار هێنا. ئێمەش با وانە لەوانەکانی پێشوو وەربگرین، هەڵەکانی مێژوومان بخوێنینەوە. پلانی لەسەر دابنێین، کرداری ئێستامان با لە سەرچاوەی بیرکردنەوەی قوڵمانەوە بێت، با، لەمەشدا نەبینە سووری بەرلەشکرو لە پاشانیشدا مایە پووچو دەست بەتاڵ.

با لەمەشدا، کە پرۆسەی دیموکراسییەتە، دیموکراسییەت بە مانای وەدیهێنانی مافی مرۆڤ چ بە تاک چ بەکۆمەڵ، چ خۆمانو چ وڵاتەکەمان نەکەینە چەقی وێرانی، مەکۆی نەگبەتی، مەیدانی شەڕ، کورەی دۆزەخ، کێڵگەی بێبەرو مایەپووچی بەخت مردوو .

عەوالنامەی کتێب

ئەمە دەقی ئەو بۆچوونەیە، کە کاک ئازاد وەکو رەخنەیەک دەربارەی ئەو بانگەوازە رەوانەی مەڵبەندی کردووە. بانگەوازەکە لە ژمارە ٤٥ی بڵاوکراوەکەماندا پەخشکرابوو. هەڵبەتە نووسەر خۆی لێپرسراوی بۆچوونەکانێتی، برادەرانی بانگەوازیش گەر پێیان چاک بێت مافی وەڵامدانەوەی نوسەری ئەم وتارەیان هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

# (١١)

# هەندێ لە بزووتنەوە نیشتمانیو ڕووناکبیرییەکانی سەردەمانێکی شار[٢٨]



کاک فوئادعەبدولڕەحمان – کاک حەسەن همزە

[٢٨] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٩١، مانگی ئایاری ٢٠٠٨.

بیستن‌و خوێندنەوە لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی شۆڕش‌و دامەزرانـدنی حکومەتی شێخ مەحمودی نەمرو قازی موحەمەدو شۆڕشی سمکۆی شکاک بە گشـتی پـێکەوە تـا رادەیەک میللەتـی کـوردی بە ئاگـا هێنـایەوە، هەنـدێ بیرکردنەوەو پلاندانانی نوێی خولقانـد، بـوونی حیزبـی شـیوعی لە ناومانـدا لە رووی تیۆرییەوە رۆڵێکی گرنگی هەبوو، بەوەی خەڵکی هانـدا بـۆ خوێنـدنەوە وتێگەییشـتنی تیـۆری‌و زانسـتی‌و مێـژووی دیالیکتێـک‌و ناسـینی بەرەی سۆشیالیستی‌و سەرمایەداری مافی میللەتان‌و چینایەتی.. هتد .

لە هەناوی ئەو کاتەدا شۆڕشی کورد بەرپا بوو، تارادەیەک مێشکی تاکی کورد لەم بەشەدا کرایەوە، بەوەی خوێندەواری زۆرتر سـەرکردایەتییان ئەکـرد، جیاوازی بیروباوەڕو هەڵوێست دروسـتبوو، بـۆململانێ‌و جیـابوونەوە، گۆڤـاری رزگاری، کە لەسلێمانی دەردەچوو، لەکۆتـایی شەسـتەکاندا لە نـاو لاوانـی ئەو کاتەدا رۆڵێکی کاریگەری هەبوو، لە بواری شیکردنەوەی چینـایەتی‌و شـۆڕش‌و ململانێکانی خودی چەپەکان .

یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بارودۆخێکی خولقاند. دەکرێـت بەدەروازەی هاتنە ئاراوەی قۆناغێکی نـوێ‌و پرشـنگدار لە مێژووی ئەم هەرێـمەو شـاری سلێمانی بەتایبەتی لە قەڵەم بدرێت. گفتوگۆی ساڵی ١٩٧٠ بۆ تەمەنـی نەوەی ئێمە، کەلاوانی ئەو سەردەمە بووین، ببووە وەرزی بەهارێکی تەڕو پڕی ژیـانی سیاسی‌و رۆشنبیری پڕ لە جموجۆڵ‌و چالاکی‌و خۆئامـادەکردن، بـۆیە ئەکـرێ رووناکبیران‌و مێژوونووسانی کورد ئەگەر وەک تۆمارکردنی یـادەوەریش بێـت ئاوڕێکی بەویژدانانەو لێپرسراوانە لەو زەمەنەو جموجۆڵەکانی بدەنەوە .

ئەو کات جۆرێک لە ئازادی‌و بەرقەراری خستنە بەردەم شەقامی کوردی، بۆیە دەرەنجام لە نێوەندی شارەکانی هەرێمدا بە گشتی‌و سلێمانی بە تـایبەتی کۆمەڵێک چالاکی‌و جموجۆڵی رووناکبیری‌و سیاسـی‌و ئایـدیۆلۆجی‌و ئەدەبـی خولقا، لەوانە گەشەپێدانی چـالاکی رێکخراوەیـی‌و تەنزیمـی‌و رێکخسـتنەکانی

(قیادەمەرکەزی حیزبی شیوعی)و ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینیو جموجۆڵی کاژیک، لە پاڵ ئەم تەوژمە ئاڵو واڵایانەی کاری ڕێکخراوەیی حیزبی بەرەی ئایدیۆلۆجیانەدا، ڕەوتێکی نوێ لە بواری ئەدەبو روناکبیریدا بێ خۆ لە قاڵبدانی حیزبیو ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو. بەس تەنها ڕەوتێک بەستراتیژی نوێبوونەوە یاخی بوونو گۆڕانکاری لە بواری ئەدەبو روناکبیری باودا، کە بە ناوی بزوتنەوەی ئەدەبی نوێخوازی هاتە ئاراوە پێشەنگەکەشیان نوسەرانی (روانگە) بوون، ئێمەی لاوانی ئەو سەردەمە زیاتر ئەوانەی لێپرسراوێتی مێژوویيو نەتەوەیی ئاستی زرنگیو وشیاری پاڵی پێوەناین، کەخۆمان هەڵدەینە نێوەندی ئەو تەیارو شەپۆلە فیکریو ئەدەبیو سیاسییانەوە، بەوهیوایەی هەڵچوونو گەنجایەتی خۆمانی یەکەم تێدا فەراهەم بێتو دواتر بتوانین رۆڵی تەمەنی لاوێتیمان لەبەرامبەر لێپرسراوێتی مێژوویی بخەینە ئاستی ڕەزامەندیو قبوڵکردنەوە، بۆیە وەک دەستەو گروپی لاوی تینوو لە پێدەشتی گەرمیو عەوداڵیو گەڕاندا خۆمان دەخستە رۆخی شەپۆلەکانەوە، وەک مەلەوانێک بە هەر چوارلادا پەلمان دەکوتا. بۆیە، تارادەیەکی باش توانیمان لەوکاتەدا بکەوینە ناوپرۆسەیەکی قووڵی خوێندنەوە وخۆ پەروەردەکردنەوە .

دەتوانم بڵێم لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارو بەیاننامەو نامیلکەی ئەدەبی حیزبیو ناحیزبی نەما لە ئامێزیان نەگرینو نەیانخوێنینەوە، سەرەڕای ئەوەی لە پشووی هاویندا سەردانی بەغدامان دەکردو خەرجی خۆمانمان ئەبرد تا لەوێ باوەشێک کتێبی فیکری لەگەڵ خۆماندا بهێنینەوە، لەبواری ئەدەبیو فیکری سۆشیالیزمو ناسۆشیالیزمو فەلسەفەوە، دواتر بە حوکمی ئاستی ئیلتزام لەسەر وتەو گوفتارەکانمانو بە حوکمی ترس بڕوا بە خۆ نەبوونیش کەمتر لامان لەبڵاوکردنەوەو نووسینی خۆمان ئەدایە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە.

بەڵام، حەزی دەربڕینمان لە نێوەندی بڵاوکراوەی سەر دیواری قوتابخانەکان‌و گۆڤاری مانگانەی دەستنوسدا دائەمرکانەوە، بۆیە لێرەو لەوێ بڵاوکراوەی جدی‌و قەشەنگ‌و گۆڤاری دەستنوس هاتە نێوەندی شەقامی رووناکبیری کوردییەوە.

ئێمە خوێندکارانی ئامادەیی بازرگانی تێکەڵاوی سلێمانی ئەو سەردەمە بڵاوکراوەیەکی تێروتەسەلی مانگانەی سەردیواری قوتابخانەکەمان بە گەورەیی دەرئەکرد بە ناوی (تروسکە)وە، کە دەستەی نوسەرانی پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک برادەر لەوانە: محمد کەمال، حەسەن هەمزە، عەبدوڵڵا مەحمود یونس (خولە کۆمەڵە)، شەونمی مەلا مەحمود، حەمەساڵح هاوڕێ، ئازادی مەحمودی پاقلە، شیرین عەبدوڵڵا، کبری عەباس، عەبدولکەریم، بەندە (ئازادی کاک مستەفا)، گروپێکی‌تر، کە ئەتوت لەگەڵ ئێمەدا لە یەک قوتابخانەی فیکری‌و ئەدەبییەوە سەریان هەڵداوە لەقوتابخانەی ئامادەیی کشتوکاڵی سلێمانی لە بەکرەجۆ، ئەوانیش بڵاوکراوەیەکیان دەرئەکرد بە ناوی (دەنگی دەروون). نووسەرە دیارەکانی ئەوبرادەرانە: هەمزە عەلی دەدە، ئەکرەمی مام عەلی چاپیچی بوو. لە رێگەی ئەو دوو بڵاوکراوەیە برادەرانی ئێمەو ئەوان زیاتر پەیوەندی هاوڕێیەتی‌و رووناکبیریمان بەهێز بوو، بەردەوام هاوتوچۆی یەکترمان ئەکردو بیروڕاو نوسینەکانمان بۆ یەکتر ئەخوێندەوەو هەردوولاش لە نێوەندی قوتابیانی قوتابخانەی ئەدەبی نوێخوازی خۆمان دەبینییەوە، بەر لە نووسینەکانی (تروسکە) بنووسرێتەوە، دەبوایە مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو، هەم نووسەرو رووناکبیرو بە دەسەڵات بوو، دەبوایە یەک بەیەک نوسینەکانی هەڵسەنگاندایە لە هەموو روویەکەوە، واتە ناوەڕۆک‌و شێوەو رێزمان ئەوکات بڵاودەبووەوە. هەرچەندە لەگەڵیدا جیاوازیمان هەبوو .بەڵام کارەکان ئەڕۆی بەڕێوە، لە لایەکی‌ترەوە نووسەری ناسراو فوئاد موحەمەد ئەمین سەراج رۆڵێکی کاریگەری دەبینی

هەوارنامەی کتێب

بەوەی وەک خەمخـــۆرێکی نەتەوەیـــی‌و رووناکبیرێـــک هەوڵـــی زیـــاتر پەروەردەکردنـــی دەدا بەوەی هەمیشـــە لە کتێبخـــانە تێـــرو تەســـەلە دەوڵەمەندەکەی، کە هەیبوو، چەندەها کتێبـــی پـــێ ئەدایـن‌و دەمانخوێنـدەوە. جێگای سوپاسە، کە برادەرێکی وەک حەسەن هەمـزە بەئاشـکرا ئەڵـێ: مـن کتێبخانەکەی فوئاد بەتەواوەتی بە بیری سۆشیالیزم‌و ناسۆشـیالیزمی ناسـاندم. جێی باسە، بڵاوکراوەکەی ئامادەیی بازرگانی مشتومڕو گفتوگـۆیەکی سـەیری خســـتە نێوەنـــدی ڕێکخراوەکـــانی ئەو ســـەردەمەی قوتابیـــان‌و لاوان‌و دەسەڵاتدارانی سەرکردایەتی کوردی لەو سەردەمەدا لەنێو شاری سلێمانی، ئێمە گەییشـتینە ئەو بـڕوایەی، کە زیـاتر بڕوامـان بە خۆمـان بێـت‌و دواتـریش بە سەربەستی لە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خۆماندا نەبێت ناتوانین بانگەشـەکانمان بدەین بەگوێی شەقامی کوردیدا، بۆیە موحەمەد کەمال عەلی‌و حەسەن هەمزەو بەنـدە، لەگەڵ دووهـاوڕێی کچـی ڕۆشـنبیرو خەمخـۆری‌تر، کە هـاوڕێی بەردەوامان بوون. ئەوانـیش رووخـۆش حـاجی فەرەج، کە ئێسـتا لەیەکێتـی ئافرەتانی کوردستانە، تابان کەمال عەلـی بـاپیر، کە لە نەرویـج دەژی، بـووینە پێـنج کەس، بڕیارمانـدا، ڕێکخراوێـک دروسـت بکەیـن بە نـاوی (کۆمەڵەی نوێخوازانی کورد).

لەدوو ڕۆژدا بیروبۆچوونەکانمـان‌و هێڵـی گشـتی کارەکانمـان داڕشـت‌و ئەرکی نووسینەوەی پەیڕەوی کارکردنیشمان ئاراستەی حەسەن هەمـزە کـرد. لە دوای تەواوکردنی نووسینەوەی پەیڕەویکـار، هەریەکەمـان لە مـاڵەوە چەنـد نوسخەیەکی بەکاربۆن کۆپیکردو نزیکەی سی کۆپیمان کۆپیمـان ئامـادەکردو کەوتینە بڵاوکردنەوەی. لەوانەی، کە بۆمـان نـاردن، شـاعیری گەورە شـێرکۆ بێکەس‌و جەلال میرزا کەریـم بـوون. بـۆ ئەوەبـوو، کە نووسـەرانی گۆڤـاری "ڕوانگە" ئاگاداربن لێمان، پوختەی پەیڕەوو ستراتیژی کارکردنمان لەم شـەش خاڵدا خۆی دەبینییەوە:

١ـ خەبات بکەیـن بـۆ هێنـانەدیی مـافی چارەنووسـی کـورد لە سەرتاسـەری کوردستانی دابەشکراودا.

٢ـ بۆ هێنـانەدیی عەدالەتـی کـۆمەڵایەتی لە نێـو چینەکـانی کۆمەڵدا خەبـات بکەین.

٣ـ بۆ هێنانەدیی سەربەستی تەواوی بێ قەیـدو شـەرتی ئافرەتـان لە سـەرجەم قۆناغەکانی ژیاندا خەبات بکەین.

٤ــ لە پێناو برەودان بە ئەدەبی نوێخوازی خەبات بکەین.

٥ـ خەبات بکەین بۆ کردنەوەی دەروازەی فیکرو رووناکبیری ئەورووپی لەسـەر رووناکبیری نەتەوەکەمان لە رێگەی چالاکی وەرگێڕانـی سـەرچاوە مەعـریفییە گەورەکانی خۆرئاوا.

٦ـ خەبات بکەین خوێنەران وەک نووسەران مانـدووبن. بڕیارمانـدا سـەرەتای کارکردنمـان بە نهێنـی بـێ‌و بـۆ زیـاتر خۆناسـاندنمان بە لایەن‌و شـەقامی روونـاکبیری کـوردی ئـێمە بچیـنە نـاو ئەو حیزبـانەی، کە لە بیروبۆچـوونی نەتەوەییمانەوە نزیکین. بۆیە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارمانـدا، کە مـن بچـمە ناو کاژیکەوە، بۆئەوەی لەوێدا بە بۆچوونی خۆمان نەتەوەییەکان هەڵبژێرین .

لە لای دەسـەڵاتدارانەوە کەوتـنە گومـانەوە. بە وەهمـی خۆیـان ئـێمە بووینەتە مینبەرێ. بەڵام نەیاندەزانی بڵێن بۆ کێ بـۆ روانـگە، کـۆمەڵە، قیـادە مەرکەزی کاژیک؟ ئەوەبوو، هەر بۆ دەرخستنی ئەو راستییە، لە لایەن یەکێتـی قوتابیانی کوردستانەوە مەحکەمەیەکیان دروستکرد بۆ حەسەن هەمـزە، محـمەد کەمال، عەبدوڵڵا محەمەد یونس، بە پشتیوانیی یەک دوو کادێری حیزبـی تـا بە تەواوی ناسنامەی جموجۆڵ‌و فیکریمان بۆ دەرکەوێ.

ئـێمە لای خۆمـانەوە هەرجـارە کەسـێک باسـێکی دەنووسـییەوەو لەکۆبوونەوەدا تاوتوێ دەکراو پـوختە ئەکـرا، ئەمجـا ئەچـووینە نـاو خەڵـکەوە، هەرکەس بە تەنهـا بـاس وخواسـتمان لەسـەر دروسـت دەکـرد.

هەواڵنامەو کتێب

ساڵی ١٩٧٤ لە نێوان حکومەتو شۆڕشدا شەڕ دەستیپێکردەوە، خولە کۆمەڵەو بەندە رووماان لە شاخ کرد. بەڵام مەخابن رەوتی مێژوو نسکۆی ١٩٧٥ لەسەروو تواناو ئیرادەی ئێمەی لاوەوە بوو، بۆیە لەگەڵ کۆتاییهاتنی نسکۆدا چالاکیو جموجۆڵی (کۆمەڵەی نوێخوازانی کوردی)ش کۆتایی هات، دیارە دەبێت دان بەوەدا بنێین رادەی لووت شکاندنەوەی خۆمانو بڕوا بە خۆ نەبوونمان، هۆکارێکی بنەڕەتی بەردەوام نەبوونی کۆمەڵەبوو. دیارە نسکۆ نەک تەنها کۆتایی بەئەندامانی کۆمەڵەی نوێخوازانی کورد هێنا، کە ئێمە کۆمەڵێ لاو بووین، بەڵکو کۆتایی بە جموجۆڵی گەلێ لایەنو رەوتی فیکری و ئەدەبی تریش هێنا کە لێرەدا شیاوی باسکردن نییە.

ساڵی ١٩٧٦ محمەد کەمال عەلی باپیرو حەسەن هەمزە لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێیترمان لەدەرەوەی کاری سیاسی، گروپێکی فیکرییان پێکەوەنا، کە زیاتر لەئەڵقەیەکی رووناکبیری دەچوو، کە دواتر ناونرا (گروپی وجودییەکان)، کە ئەم برادەرانەی لە خۆ گرتبوو:"محمەد کەمال، حەسەن هەمزە، فوئادعەبدولڕەحمان، کامەران شەوقی، سەروەت ئەنوەر سەوز، تەیب جەبار، ئەمجەد سەعید،ئازاد موستەفا(ئێستا پزیشکە لە لەندەن) قەیس ئەحمەد رۆستەم، نەهرۆ شەوقی، عوسمان عەبدولکەریم .

ساڵی ١٩٧٦ جموجۆڵ دەستی پێکرد، ئەمانەش بوونی خۆیان سەپاند، ئێمەش هەمیشە یەکترمان ئەبینی،لە پاشدا بۆیان دەرکەوت عەبدوللا محەمەد یونس، بەندە، تەیب جەبار، ئازاد موستەفا پەیوەندیمان بە کۆمەڵەوەی رەنجدەرانی کوردستانەوە هەیە .

ئەمە بوو رەوتی رووناکبیریو فیکری ئەو ساڵانەی لاوانو خوێندکارانی کورد لەم شارەدا، کە هەمیشە لە خەمی گەلو وڵاتەکەیاندا بوون. بەڵام بە داخەوە ئەمڕۆ لەم حوکمەی کوردستاندا، ئەو رەوتە رووناکبیرییەو ئەو خەمە نیشتمانییەیان لەبواری سیاسەتو فیکرو رووناکبیریدا نەماوە.

هەواڵنامەی کتێب

# (١٢)

# پیاوێکی خەڵکی ئەم شارە چەند پێشنیارێکی هەیە..[٢٩]

## گۆڤاری سلێمانی

ئازادی کاک مستەفا ساڵی ١٩٥٢لەدایکبووی ئەم شارەیە ، لە پاش چەندین ساڵ لە ژیانی سیاسیی و دژ بەحوکمی بەعسی رووخاو ژیانی پێشمەرگایەتی لەریزی شۆڕشی نوێی کوردستاندا لەساڵی ١٩٨٤دا وەک پەنابەرێکی سیاسی رووئەکاتە وڵاتی بریتانیاو لە شاری لەندەن لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا ئەژی، لەسەرەتای راپەڕینیشدا گەڕاوەتەوە کوردستان ئەم پیاوە، کە بەشداریی شۆڕشی ئەیلولیشی کردووە، ئێستا ئەندامی مەکتەبی مافی مرۆڤە لە رێکخراوەکانی (ی.ن.ک)دا، کەپیاوێکی رووناکبیرو خوێندەوارە، چەند ساڵێکە، چەند بیرۆکەیەک لە مێشکیدا پەنگی خواردۆتەوەو لە زۆر بواردا ئەو بیرو بۆچوونانەی دەربڕیوە، هەندێک لایەنگیریان کردووو هەندێکیش بەرپەرچیان داوەتەوە، بەڵام ئەم وەک کەسێک، کەچەندین ساڵە لە وڵاتێکی ئەورووپی ژیاوەو تێکەڵ بەکەسانێکی رووناکبیرو شارەزاو پسپۆڕ بووە ئەو بیروبۆچوونانە لە دەروونیدا کۆمەڵ بووە، وا ئەمجارە لەرێی گۆڤاری سلێمانییەوە وەک پێشنیاز دەریان دەبڕێ. بۆیە لەسەرخواستی ئێمەو حەزکردنی خۆی لە دانیشتنێکدا ئەو بیرۆکەو بۆچوونانەیمان لێپرسیو ئەویش وەڵامی داینەوە .

---

[٢٩] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٤٦، مانگی مایسی ٢٠٠٤.

ئێمە لە کاتێکدا ئەم بیرۆکەو بۆچوونانەی کاک ئازاد بڵاوئەکەینەوە، مەرج نییە لەگەڵ بۆچوونەکانیدا بین .بەڵام، بە پێی ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ کوردستانی تێدا ئەژی و هەموو کەسێک بۆی هەیە بیروڕا لە مەسەلەکانی ژیاندا دەربڕێ، هەر بەوپێیە ئەم چاوپێکەتنەمان لەگەڵدا ساز کرد .

کاک ئازاد بەم جۆرە پێشنیازەکانی خۆی دەربڕی:

هەروەک نیشتمانپەروەری و خواپەرستی شوێن وکاتیان بۆ نییەو پیاو ئەتوانێت لە ناو ماڵەکەی خۆیەوە نیشتمانپەروەرو خواپەرست بێتو ئەرکەکانی سەرشانی بەجێبهێنێت، هەر بەوپێیەش ئەتوانێت ئەو بیرۆکە و بۆچوونانەش دەربڕێت، جا ئەگەر لێم وەرگیرا، ئەوا شانازییان پێوە ئەکەمو ئەگەر وەریشنەگیرا، ئەوا بیروباوەڕی خۆمن و لێیان پەشیمان نیم. ئینجا گوتی: با چاو لە وڵاتی ژاپۆن بکەین، کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا وڵاتەکەیان کاول و وێران بوو، شەڕی جینۆسایدیان لە دژ کرا، ناکازاکی و هێرۆشیمایان بەر بۆمبی ئەتۆمی کەوت و بەهەزارانیان لێکوژرا، وەک گەلی کورد، بەڵام لە دوای ئەو جەنگە وێرانکارییە گەلی یابان بۆجارێکی تر کەوتەوە سەر پێ و ئاوەدان کرایەوە، بووە یەکێک لەوڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان، بەڵام ئەم وڵاتە پیشەسازییە زۆر پێشکەوتووە، نەیویست دوژمنایەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بکات و نەیویست بۆمبی ئەتۆم دروست بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دۆستایەتیشی لەگەڵیاندا دروستکرد، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا وەڵامدانەوەیەکی زیرەکانە بوو بەرامبەر بەو دوژمنانەی سەردەمی جەنگ و دۆستانی سەردەمی ئاشتی، لەمەشدا ئەوی سەرکەوتنی بەدەست هێنا گەلی ژاپۆن بوو .

ئەو شتە جوانانەی لە وڵاتانی ئەوروپادا هەن و بینیومن، گوڵبژێرم کردوون بەومەبەستەی رۆژێک لە رۆژان لە پاش رزگاری گەل و وڵاتەکەم بەمەبەستی سوود و کەڵک وەرگرتن. لەوانە مەسەلەی ژمارە دانانی کۆڵان وشەقامەکانی ناو شار، کە بەعەرەبی پێی ئەگوترێ (ترقیم) کە دیاردەیەکی

شارستانییانەیە لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا کاری پێئەکرێتو کەسیش لاریی لەو دیاردەیە نییە. ئەوەبوو لە ساڵی **١٩٩٤ – ١٩٩٥** ئەم پێشنیازەم کرد بە یارمەتی هەڤاڵ مامجەلالو برایانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک) پشتگیرییەکی باشیان لەوپێشنیازە کردو لە ڕێگەی پارێزگاری سلێمانی لەو کاتەدا حاکم قادر، کە پارێزگار بوو، لیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە پێکهات کە بەندەشی تێدا بوو، توانرا لەچەند گەڕەکێکدا ئەو ژمارانە دابکوترێن، هەر لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیازی دروستکردنی دەلیلێکی ڕەنگاو ڕەنگم بۆ پێناسەی شاری سلێمانی کرد، کە ئێستا ئەو دەلیلە ئامادەو چاپکراوە. هەرچەندە من حەزم دەکرد ئەو ژمارانە نەبوونایە بۆ کوچەو کۆڵانەکان، بەڵام بەداخەوە ئەوە نەکرا .

ئاڵای کوردستان

## کاک ئازاد بۆ ئاڵای کوردستان ئەڵێ:

ئەوەی بەلای منەوە مەبەستە، ئەوەیە، کە ئێستا لە سایەی راپەڕینو رزگاری عێراقدا، کوردستان هەنگاو دەنێ بەرەو چوونە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وشارستانییەتو دونیای عەولەمەوە، ئەوەندەش، کە من تێیگەییشتووم، کە ئەو کۆمەڵگایەش پێویستی بە تەعریفەو ناسینەوە هەیە، کە سیفەتێکی گرنگە بۆ ژیانی سەردەم، ئێستا، کە دروستکردنی ئاڵایەکی نوێ بۆ عێراق لە ئارادایە لە لایەن ئەنجومەنی حوکمڕانی لە عێراقدا، ئەبێ ئێمەش خەمی ئاڵایەک بۆ کوردستان بخۆین، کە لە ئاڵای وڵاتانی عەرەبیو رۆژهەڵاتو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیا بێت، کە هەموو ئاڵاکان لە جۆری ڕەنگەکانیاندا لەیەکتر دەچنو بۆ جیاکردنەوەشیان لەیەکتری زۆر پێویستمان بەسەرنجدانی ورد دەبێت، بە ئاڵای کۆنی عێراقیشەوە. بۆیە لای من وا پەسەندە، کە ئێمەی کورد ئاڵایەکی جیاوازمان هەبێ لە وڕەنگانە، کە بە

هەواڵنامەی کتێب

ئاسانی بناسرێنەوە، نەک ئەو ئاڵایەی ئێستای کوردستان، کە ئـاڵایەکی کـۆنە. وەک ئەوەی کە ئاڵایەک بێت [سپی سادەی شیری: کە هێمایە بۆ ئاشتی، لە ناو ئەو سپییە شیرییەدا: چوار شاخی تێدا بێت، کە هێمـایە بـۆ هەر چوارپـارچە دابەشـکراوەکەی کوردسـتان، شـاخیش بە درێژایـی شۆڕشـە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستانەوە پشتو پەناو شوێنی سـەختی بەردەوامـی ئەو شۆڕشـانە بووە، لەلایەکی‌تریشـەوە هەر ئەو شـاخانە تـۆقێنەری دوژمنەکانمـان بـووە، لە ئێستاشدا.. با ڕەنگی ئەو چوار چیایەش سوور بن، کەهێمایە بۆ خوێنی گەشی سـەدان هەزار شـەهیدی کـوردو کوردسـتان]. مـن ئەم پێشـنیارە دەخەمە بەردەستی کەسانی ڕووناکبیرو شارەزاو دڵسۆزانی کورد، کە ئەشزانم کەسـانێک هەن ئەڵێن، ئێمە لەدەیان ساڵەوە ئاڵای کوردستانمان هەبووە، شاردوومانەتەوە، ئەوا بۆ چەند ساڵێک ئەچێ ئاشکرامان کردووەو ساڵێکیشە بەبەرچاوی دۆستو دوژمنانەوە ئەو ئاڵایەمان ئەشەکێنەوە، کەچی ئێستا ئەم کـابرایە دەیەوێـت ئەو دروشمە مێژووییە بەدەستی خۆمان بگۆڕین بە ئاڵایەک، کەجگە لەو لەمێشـکی کەسێکی‌تردا نییە، ئەوانە ئازادنو بۆیان هەیە لە جیاتی جارێک، دەیانـجار ئەوە بڵێنو منیش هەر ئازادمو چی بە باش بزانم دەیڵێم.

بۆ نمونە ئاڵای عێراق لەسەردەمی پاشایەتیدا..جۆرێک بـوو، بـەڵام لـە ماوەی دەسەڵاتی "عەبدولکەریم قاسم"دا جۆرێکیتر بـوو، هـەروەها لـەماوەی دەسەڵاتی سەددام حوسێندا بـەجۆرێکی تـری شـۆفێنیانە ئاڵاکـەی گـۆڕی.. ئێستاش جۆرە گۆڕانێک بەسـیمای ئـاڵای عێراقـەوە دیارە..لـەو بڕوایەشـدام گۆڕانێکی تریشـی بەسـەردێ..ئەی بـۆ ئێمـە بـەپێی ئێویسـتی پێشـکەوتنە جیهانییەکان ئاڵایەکی دیار بـۆ خۆمـان هەڵنـەبژێرین کـە دروشـم بێـت بـۆ کوردلاندە سەربەخۆکەی داهاتوومان کـە پێویسـتە لـەڕێ دەنگـی خەڵکـەوە ئەمە پەسەند بکرێت.

# ناوی کوردلاند

ئازادی کاک مستەفا دەیەوێت ناوی کوردلاندیش بگۆڕین، کە هەزاران ساڵە کوردستانەو کورد لە پێناوی کوردستانەکەیدا چەندین رووبار خـوێنی بەخشـیوە، ئەمە چەند ساڵێکە ناوی کەوتۆتە سەر زاری خەڵکی بێگانەو تەنانەت دوژمنـانی گەلـیش. کەچـی ئەم ئەڵـێ: زۆر بەداخەوە کە هەمـوو ئەو وڵاتـانەی، کە بە (ستان -stan)کۆتایی دێت بە لای کۆمەڵگا شارسـتانییەکانەوە ئەو وڵاتـانەن، کە گیرۆدەی دواکەوتن، شەڕو شۆڕ، کوشتو کوشتار، وێرانکاریو هەژارین . بۆیە ئەو (سـتانـە) وای لە کوردستانەکەی ئێمەش کردووە، کە هەر بەو چـاوە سەیربکرێ .

بۆیە من پێشنیاز دەکەم، کە کوردستان بکرێت بە(کوردلاند- Kurdland)، وەک هۆلاند، ئایرلاند، کە ئەمەش هەرچەنـدە بەلای کەسـانێکەوە زۆرگـرانو زەحمەتو ئەستەمیشە .بەڵام، من وای بە پەسەند دەزانـم وئەو پێشنیازەشـی بۆ ئەکەم .

هەواڵنامەی کتێب

## هێمایەک بۆ وولاتی کوردلاند:(Kurdland)

کاک ئازاد ئەڵێ: لە دونیای شارسـتانیو نوێـدا، هەر وڵاتێـک هێمـایەکی تایبەتی بە خۆی هەیە، لەوانە کەلووی ئیڤڵ لە فەرەنسا، تاوەر بریج لە بریتانیا، پەیکەری ئازادی لە ئەمریکا، مەیـدانی ئـازادی لە ئێـران. لەگەڵ وڵاتـانیتری جیهانیشدا ئەوشوێنانە هەنو بـوون بە هێمـای بـۆ وڵاتەکانیـان. بـۆیە دەبـێ ئێمەش هێمایەکمان هەبێ بۆ کوردلاندی نیشتمان، ناونانی ئەو هێمایەش بـۆ پسپۆڕو شارەزایانی ئەوبوارە جێدەهێڵم .

لە دوا پێشنیارو بیروڕاکانی کاک ئازاددا، ئەو خواستەیەتی، کە داوا لەپارێزەرانی (کوردلاند) دەکات، کە با تایبەتمەندیو پسپۆڕایەتییان جیابکرێتەوە. بەلای هەموو کارەکاندا نەڕۆنو بە راستی ببنە پشتیوانو پارێزەرانی کۆمەلانی خەڵک لە بوارە پسپۆڕییەکاندا. با کەسانێک تایبەتمەندبن بە کێشەکانی ماڵومولڵک، کەسانێک بۆ بەدواداچوونی باری خێزانی، کەسانێک بۆ بەدواداچوونی باری تاوانو بەم جۆرە. واتە من داوام لە خوشکو برا پارێزەرەکان ئەوەیە با هەریەکەو مەسەلەیەکی یاسایی بکا بە کارو پسپۆرایەتی خۆی. بەمەش لە لایەکەوە هاولاتی مافی دەپارێزرێ. لە لایەکی تریشەوە یاسا بەرپا دەبێ. لە لای سێیەمیشەوە، ئەو کەسانە دەبنە دەم راستی ئەو کارو کێشانەی دەخرێنە بەردەمیان .

کاتێک پارێزەرێک هەڵدەستێ بەکارێکی تایبەت بۆ هاولاتییەک، ئەو کاتە پارێزەرەکە لەڕووی یاساییەوە لەهەموو ئەو کارانە بەرپرسە کە دەیگرێتە ئەستۆ، پارێزەرەکە ڕاپەڕێنەری هەموو کارەکە دەبێت، بەمەش ئەو فشار وجەنجاڵییەی ناو فەرمانگەکان کەمدەبێتەوە، هاولاتییانیش توشی هیچ هەڵەیەک نابن.

هەوالنامەی کێژ

( ١٣ )

# بەڕێز سەرنووسەری گۆڤاری سلێمانی:[٣٠]
# بۆ ژمارە (١٠٠)ی گۆڤاری سلێمانی

لە ژێر پەردەی ئەم کەش‌و هەوایەدا، کە بۆ کورد ڕەخساوە، من بەشبەحاڵی خۆم هەموو پیرۆزباییەکانی ماچ دەکەم، بەوەی، کە توانراوە پەرلەمان‌و هەڵکردنی ئاڵاو ئەنجومەنی وەزیران.. هتد، دروست بکەین، کەم‌وکورتییەکانیش بەهیمەتی خەڵکانی بەهیممەت نەهێڵرێن، لەخوار ئەمانەشەوە دەرچوونی گۆڤارێک وەک گۆڤاری سلێمانی یەکێکە لەشتە پیرۆزەکانی، بەوەی بەتوانای کارمەندان‌و نووسەران‌و دڵسۆزانی نیشتمان توانراوە بکرێتە کەشکۆڵێک یاخود سەرچاوەیەکی بەتام‌و بە لەزەت‌و مێژوویەکی پڕ سەروەری شاری هەڵمەت‌و قوربانی لەخۆبگرێت، ئەوەتا دڵسۆزانی ئەم شارە هەموو ئەو دۆکۆمێنت‌و وێنەو بەسەرهاتانەی لەڕۆژانی بەرەنگاربوونەوەدا قەدەغەبوون، باس بکرێن یاخود ببینرێن، کە بەدڵ وبەگیان ئەم کون‌و ئەو کونیان پێ کردوون، تا لەنەمان ڕزگاری بکەن، ئەوەتا ڕۆژ بە ڕۆژی هەموویان ئازادبوون‌و دەگەنە گۆڤاری سلێمانی‌و بڵاودەبنەوە، خۆئەگەر ئەم کاتە نەبووایە ڕەنگە هەر هەمووی لەناو بچوونایەو ئەو خەڵکانەش نەمانایە، کە لەناو خودی بەسەرهاتەکاندا بوون. بۆیە من پڕ بە دڵ دەستخۆشی‌و هیوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەخوازم.

---

[٣٠] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ١٠٠، مانگی شوبات، ٢٠٠٩.

هەواڵنامەی کتێب

( ١٤ )

# تیشکێک لەسەر بانگەوازێ[٣١]

تیشکێک لەسەر بانگەوازی کۆمەڵێک یاسازان و ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن، بۆ سەرکردایەتی سیاسی حکومەتی خوراوی کوردستان .

پێشەکی: گومانم لە دڵسۆزی و بەتەنگەوە هاتنی ئەو خوشک و برایانە نییە. ئومێدەوارم ئەم بۆچوونەی منیش بخرێتە پاڵ هەوڵی ئەوان. دیارە مەرجی هەرسەرکەوتن و بە پەرۆشبوونی تیۆرانی واقیعبینانەیە. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە پەنجە دەخەمە سەر هەندێ خاڵ. لەبەشی دووەمی خاڵی دەهەمدا هاتووە و دەڵێ: کە بەجێهێشتنی وڵات لە لایەن هەزاران لاوو خوێندەوارەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو سیاسەتە نادروستەی حیزبایەتی و پەیوەندی خێڵایەتی. هەڵبەتە ئەوە ڕاستییەکی تاڵ و دیاردەیەکی زۆر کوشندەیە پێویستە بەهەموو لایەک هەوڵی لەنابردنی بدرێت، بەڵام ڕاستییەکی تریش هەیە، کە بۆتە هۆی ئەو دیاردەیە، پێویستە فەرامۆش نەکرێت. ئەویش لایەنی دارایی وگوزەرانە، کە بۆتە هۆی هەرە سەرەکی ئەم ڕووداوانە. جا ئەگەر بهاتایە دینارێکی جاران دوو پاوەندی بکردایە، نەک دۆلارێک ( شەست حەفتا (دیناری بکردایەو لەهەمان کاتدا مانگانەی مووچەخۆرێک (دوو سەد هەزار) دینارە، هەموو کەسیش دەزانێ، کە ئەو پارەیە چی و چەند ئەکات، خۆ ئەگەر وانەبووایە، پارە نرخی جارانی هەبووایەو نرخی کەلوپەل و خواردەمەنی هەرزان بووایە، ئەوا لەو بڕوایەدا بووم، بە پێچەوانەوە خەڵکی، لەدەرەوە بەرەو کوردستان دەگەڕانەوە.

---

[٣١] گۆڤاری مەڵبەند، ژمارە ٤٧، حوزەیرانی ١٩٩٤، گۆڤارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی گشتییە، لیژنەی ڕۆشنبیری کوردی لە لەندەن دەریدەکات.

هۆی‌تریش مەترسی هێرشی عێراق‌و دووبارەبوونەوەی تراژیدیاکانە، بەڕای من ئەمانە هۆیە زۆر سەرەکییەکانن .

جـا، بـۆیە دەبێـت بیرێکـی جـدی‌و زانیـارانە لە چارەسـەر بکـرێتەوە. بەراستیش یاسا بۆ ئەو دیاردانەیە، کە لە کۆمەڵگـادا سـەرهەڵدەدەن، جـا، ئیتـر چاک بێت یاخود خراپ، بۆ خەڵک بێت، یان دژی خەڵـک بێـت. بـۆ نمـوونە دانانی یاسای ژمارە (٦٨٨)ی نەتەوە یەککگرتووەکان، ئەو بارە نالەبارەی کـورد بـوو، کەدونیـای هەژان و پێویسـتی بەو داڕشـتنە دەکـرد. بەگشـتی وای بـۆ دەچم، کەسەرجەم خاڵەکانی بانگەوازەکە لەگەڵ سوودیشی، شتی تـازە بـابەت نییە، بۆ نموونە کاتی خۆی، کە ویسترا یەککگرتنی حیزبەکانی عێـراق دروسـت ببێت، لایەنێک لەو لایەنانە مەرجەکانی، یەکبوونی دەزگاکانی شۆڕش بوو، واتە یەکبوونی مەکتەب سیاسییەکان‌و داراییەکان‌و عەسکەری راگەیاندن. ئێستا هەر ئەو خەڵکانە لەشـوێنێکی فراوانتـرو لەنـاو جەمـاوەرێکی بەرفراوانتـر، شـارەزاتر پەیوەندی نـاوەوەو دەرەوەو زۆرتـرو پەل‌و پـۆ هاویشـتن، کەچـی کارەکـانی هەربەباشی نارۆن‌و وەک پێویست ناکرێن. کەواتە خەڵکانی شـارەزاو لێـزان بە تێڕوانینێکـی قـووڵەوە هەڵوێسـتێکی ژیـرانە وەردەگـرن، بـکەونە داڕشـتنی بیروبۆچوونی کاریگەر بۆ ئەوەی لەو نارۆشنبیرییە قورتـاربن، کەئێسـتا هەیە لە رووی یاسا نەچەسپاندن‌و ناتەبایی.

بە ئومێـــــــــــــــــــدی خۆشـــــــــــــــــــگوزەرانی خەڵکـــــــــــــــــــانی بە ورەو کـــــــــــــــــــۆڵنەدەر.

## (١٥)

# ئەو نامانەی تا ئێستاش گوڵاویان لێئەچۆڕی[٣٢]

# نامەی نەوشیروان موستەفا بۆ ئازادی کاک مستەفا

ئەو رۆژگارانە رۆییشتنو ناگەڕێنەوە. رۆژانێکی پڕ لە بەڵێنو ئاشنایەتیو بەتەنگەوە هاتنی یەکترو فریاکەوتنو هاوکاریو یارمەتیدان. هەموو ئەمانەو خەسڵەتە جوانەکانی کوردەواریی، کە وەک پەلکەزێڕینەی پاش بارانی بە هاری ئەم کوردستانە تێکەڵ بە یەکتر ئەبوون. چەندە لێیان وردبیتەوە، هێندە جوانتر خۆیان ئەنوێنن. ئەم نامەیە، کە نزیکەی چواردە ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، کاک نەوشیروان مستەفا لە سلێمانییەوە ناردویەتی بۆ ئازادی کاک موستەفا، کە برادەرێکی خۆیەتیو ئەو ساڵانەو لە دوای هەڵبژاردنی یەکەم پارلەمان لە نامەیەکدا لە (لەندەن)ەوە چەند پێشنیازێکی لە رێی نامەکەوە بۆ کاک نەوشیروان نووسیوە.

کاک نەوشیروانیش لەم نامەیەدا بۆی نووسیوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی :


[٣٢] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٦٩، ساڵی حەوتەم ٢٠٠٦.

برای بەڕێزم کاک ئازاد.. سڵاوێکی گەرم، هیـوادارم هەمیشە خۆت و تاکۆ و دایکی منداڵان بە خۆشـی بـژین. زۆر سوپاست ئەکەم بۆ نامەکەتو ئەو هەموو بڕوایەی داوتە بە من. بێگومان مـن هەرچـیم پـێ بکـرێ بـۆ خزمەتـی گەلەکەم درێغی نـاکەم، بەڵام لام وایە قۆنـاغی ئێمەمانـان بەسـەرچووە. ئێسـتە کـاتی ئەوە هـاتووە خەڵکیتـر بێـتە پێشەوە. بە تەمام پاشماوەی ژیـانم بـۆ نووسـین تەرخـان بـکەم، نەک بـۆ حیزبـایەتیو حـوکمڕانی، کە لام وایە لەو ڕێگەیەوە ئەتوانم باشتر خزمەتی مـیللەتەکەم بـکەم، لەگەڵ زەوقو جۆری ژیانی خۆیشم ئەگونجێ.

سڵاوم هەیە بۆ برادەرانی ئەوێو هەر بژین بە خۆشی.

ئیمزا

هەولێرنامەی کتێب



سلێمانی
٥/٨/٩٩٢

بۆ برای بەڕێزم کاک ئازاد

سڵاوێکی گەرم

هیوادارم هەمیشە [illegible] لە خۆشی دابی.

[illegible]

سڵاوم [illegible]

[illegible] خۆشی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## (١٦)

# ئۆفیسەکەی گۆڤاری سلێمانی دوکانی بەکرو دوو قاڵب سابون[٣٣]

لێتان ناشارینەوە، کە تا ئێستا چەند کەسێکی تر لە نوسەران لەم ژوورەدا، کە کاک ئازاد ناوی لێناوە (ئۆفیس) سەردانیان کردووین‌و بەلایانەوە سەیر بووە لەم ژوورەدا بە سێ چوار کەس لە نووسەرو تایپێست‌و نەخشەساز، مانگانەو بەشێوەیەکی رێکوپێک گۆڤاری سلێمانی درێژە پێدەدەین، ئەم گۆڤارەش بە لای خوێنەرانی خۆیەوە بووە بەخاوەن دەنگ‌و رەنگ‌و ناوو ناوەڕۆکێکی پەسەند. بەلام، ئێمە هەموو سەیرو تێبینییەکانی ئەوانمان رێزلێناوەو نەمانکردووە بەخەمێکی خۆمان. بەلام ئەمجارە بەرامبەر نووسەر ئازادی کاک مستەفا سەرەڕای بەرگری لەئۆفیسەکەمان، کە ناکاتە نیوەی عەشق‌و خۆشەویستی ئێمە پاڵپشتی‌و بەپیرەوەچوونی گۆڤارەکەمان بەلای خوێنەرانەوە. ناچاربووین، کە ئەم راوبۆچوونانەی بگەیەنین بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان.

( گ . س ):

کاتێک گۆڤاری سلێمانی مانگانە ولەکاتی خۆیدا ئەگاتە بەردەستی خوێنەران بەو هەموو جوانی‌و رازاوەییەوە، ئەگەر لەوکاتەدا هەر خەم‌و پەژارەیەکی ئەم دونیایە لای خوێنەر کۆمەڵ بووبێت، لە دوو توێی لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا کەم ئەبێتەوە، یان بەو هەموو بیرەوەرییە مێژووییەی ئەم شارە

---

[٣٣] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٧٥، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦.

ئەڕەوێتەوە، بەتایبەتی لای ئەو کەسانەی، کەساڵانێکی زۆر لەم شارەدا ژیابن‌و ژیانیان پڕاوپڕ بێ لە هەموو ئەو بیرەوەرییانە. بە خوێندنەوەی گۆڤارەکە هەمووو گەرماییەکی خەماوی لەشت بەپەرداخە شەربەتێکی مێوژی خالس سارد ئەبێتەوە. بە تایبەتی ئەو هەموو نامە جوانانەی لە گۆشەی (ئەو نامانەی گوڵاویان لێئەچۆڕێ، ئەو ئارشیفانەی ئەلبومەکانی هاوڵاتیان.. بەو نووسینانەی، کەسەردەمانێکی کۆن‌و رابردووی ئەم شارە نوێ ئەکەنەوە) ..

ئەم هەموو تاموچێژەی کە لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە ئەیدەن بەخوێنەری شارو بگرە بەشارەکانی تری کوردستانیش وا لەو کەسانە ئەکەن کە بەشداری لەخوێندنەوەی گۆڤارەکەدا بکەن، کە ساڵانێکی رابردووی کۆنی شار لەگەڵ ئەمرۆی سلێمانیدا بەیەک ئەگەیەنێتەوە، راتئەکێشێت کەدەست لە گۆڤارەکە هەڵنەگریت تا ئەگەیتە دواڵاپەڕەو بگرە دوابەرگەکەشی، کە رازاوەییەی ئەم گۆڤارە بەئەرک‌و ماندووبوونی سەرنووسەرو دەستەی نووسەران‌و دەستە هونەرییەکەی هاتۆتە دی. لەجیاتی جارێک هەزارجار دەستیان خۆشبێت. بەندە کە ساڵانێکە ژمارەبێری ئەم گۆڤارە دانسقەیە ناکەم. زۆر بە داخەوە لەم رۆژانەدا بەئیشێک چووم بۆ لای سەرنوسەرەکەی مامۆستا محمد نوری تۆفیق. رۆژەکەی باران‌و تۆف بوو، کاتیش، سەعات دەوروبەری سێی پاشنیوەڕۆ بوو.. باوەڕ بکەن هەر سەرسام بووم ، کاتێ لەدایەرەی ئاوەکەو لەبەشی هەرە دواوە سەرم کرد بەژووری ئۆفیسەکەدا، کە ژوورێکی هەروا (3*5،3م٢) ئەبێ یان نا. ئەبینم برای سەرنوسەر لەسەر کورسییەک بەرامبەر مێزێکی پەڕپووت کەچەند مەلەفێکی کاغەزی زەردو ووێنەی کۆن وشتی عەنتیکەو کۆن، کە سڵاوم لێکردو لە بەرم هەستاو سەیرێکی کتێبخانەو تاقوپەنجەرەکانی ژوورەکەم کرد پڕن لەگۆڤارو کتێب‌و شتومەکی‌تر. ئەبینم لەبەرامبەردا دوو کۆمپیوتەر لەسەر دوو مێزەکە بەیەکترەوە نووساون‌و پڕن لەئەوراق وێنە، لەملاشەوە کورسییەکی سێ نەفەری کۆن دانراوە جانازانم بۆ

هەموو نامەی کتێب

میوانـان بـوون، یـان بـۆ فەرمـانبەرانی گۆڤـارەکە بـوون، چـونکە لەو کـاتەدا فەرمانبەران دەوامیان تەواو ببـوو رۆییشـتبوونەوە، کە لە سەرنووسـەرم پرسـی چەند کەسێکن؟ گوتی تەنیا سێ کەسین. ژنێکو دوو کوڕو چەند نووسەرێکو یەک دوو پەیامنێریشمان هەن، کە رۆژانە سەعاتێک، ئەگەر جێیـان هەبـێ لەم ژوورەدان، کەزۆرجار لەبەر بێ جێگایی نایەنە ئێرە تەنیا نوسینەکانیان دائەنـێن. لەو ماوە کەمەدا کە سەرنوسەر خەریکی کارەکانی خۆی بوو، هەرسەرسام بووم کە چۆن لەوبینا گەورەیەی شـارەوانی سـلێمانیدا، کە ئەم گۆڤـارە خزمەتێکـی زۆری بۆ کردوونو بگرە بۆی بـۆتە شـایەتێکی حاشـا هەڵنەگـر، کە مێـژووی شارەکەی بەو پڕلەسەروەرییە بۆ بووە بەکارێکی مێژوویـیو رۆشـنبیریو بـۆی بووە بە ناوێک، کەئەبێت هەموو ئەنـدامانی ئەنجـومەنی شـارەوانی بەتـایبەتیو هەموو کارمەندانی ئەو شارەوانییە گەورەیەش بەگشتی شـانازی بەم گۆڤـارەوە بکەن .

ئایا ئەبێ سەرۆکی شارەوانیو ئەو خوشکو برایانەی ئەنـدامی ئەنجـومەن ئەم تەنیا ژوورە چەپەک و پەڕپووتەی ئەم گۆڤارەیـان دیبـێ، کە مـن دڵنیـام هەرهەموویان لێی رازینو حەز بە پێشکەوتنی ئەکەن، کە ئەم پرسیارەم لەسـەر نووسەر کـرد، کە ئایـا سـەرۆکی شـارەوانیو بەڕێزانـی ئەنـدامانی ئەنجـومەنی شارەوانی ئەم ئۆفیسەی گۆڤارەکەیان دیوە؟ ئەو وتی:

"ـ چەند جارێک حاکم قادر سەردانی کردووینو چەند ئەندامێکی شـارەوانیش ژوورەکەیان دیوە".

وتیشی:

"ـ وام بیستووە، کە لە چەند مانگی داهاتوودا لەو بینایەی شارەوانی لە بەشـی هونەریدا شـوێنێکمان ئەدەنـێ. بـۆ ئـێمە وەک گۆڤـارەکەو بـۆ هەفتەنـامەی سلێمانی نوێ. ئەو ساتە رەنگە ئێمە دوو ژوورمان بۆ تەرخان بـکەن، بەوەش تێبینیەکانی ئەمڕۆی تۆ لەوانەیە وەڵام بدرێنەوە".

هەواڵنامەی کتێب

وتم :

"ـ با بزانین "!

کە هەر بەتەنیا لەو ژوورە تاریک وبێ کارەباو لەسەر مێزە پەڕپوتەکەی خۆی خەریکی کارەکانی خۆی بوو، کە بۆم دەرکەوت رۆژانە لە سەعات یەکەوە تا چواری ئێواران بە تەنیا دەمێنێتەوە، هەروەک پێشی ووتم کارمەندەکانی، کەچەند کەسێک تا دەوامی خۆیان کار ئەکەن .

سەرنووسەر وتی: "ـ ئەو شتە چی بوو، کە لێرەدا بیرت کەوتۆتەوە؟"

وتم :

"ـ ئەوە مەسەلەیەکی ئێستگەی رادیۆی دەنگی کوردستان بوو لە شاخ.. لەگفتوگۆکەی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەفدێکی حکومەت هاتبوون بۆ سەرکردایەتی وتبوویان حەز دەکەین بیناکەی رادیۆکەتان ببینین. کاتێ چووبوونە ناو ئەو ئەشکەوتەوەو چەند ئامێرێکی کۆنو پەککەوتەیان لەوێدا بینیبوو، کە چەند گەنجێکی پێشمەرگە هەڵیان ئەسوڕاند. یەکێکیان وتبووی: ئەوە بە راستە ئەمەیە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان؟ ئەوانیش وەڵامیان دابۆوە ئەرێ وەڵلا تەنیا ئەمە هەموو رادیۆکەمانە. وتبوویان ئێوە بەم چەند ئامێرە شڕو پەککەوتەیەوە ئاوهاتان لە میللەتی عێراق کردووە، کە زۆر بە ئارەزووو حەزەوە گوێ لە ئێوە بگرن وژیانی خۆیشیان بخەنە خەتەرەوە، کەچی ئێمە بەم هەموو ئامێرە مۆدیلو رادیۆو تەلەفیزیۆنەوە رێ لە گوێگرتنی ئەم رادیۆ پەڕپوتەی ئێوە لەم ئەشکەوتەدا بگرن کە رۆژانە لەلایەن دەزگا بەرپرسەکانی ئێمەوە بەرنامەکانی تۆمار دەکرێو سەدان کەس پارەی لەسەر وەرئەگرێ. لە دواییدا، کە خواحافیزیم لە (ئۆفیس)و سەرنوسەرەکەی کرد بەڵێنمدا ئەم شتەی لەسەر بنووسم".

سەرنووسەیش وتی :

"ـ پێویست ناکاتو با چۆن فێرکراوین، خۆمان لێنەگۆڕێت، گرنگ ئیشکردنو عەشقی گۆڤارەکەیە نەک ئۆفیسو شوێنو جێگا".

بەڵام، کە من هەر سوور بووم لە سەر دەربڕینی ئەم تێبینییانەم. مامۆستا حەمە نوری هەر ئەوەندەی گوت: "ـ قەیناکە ئەینووسیت، بەڵام بنووسە (دووکانی بەکرو دووقاڵب سابوون".(منیش ئەم ناونیشانەم لە لا جوانو پەسەندبوو، بۆیە هەرواشمکرد، کە وتم :

"ـ بەڵام دەبێ بڵاوبکرێتەوە".

ئەو گوتی :

"ـ بزانین چۆن ئەبێ".

منیش وتم:

"- نابێ دوکانی بەکرو دوو قاڵب سابوون هەروا بمێنێتەوە ".

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# (١٧)

# خۆزگەی ئەم جارە[٣٤]

له راستیدا له یادم نییه چ رۆژنامەیەک بوو، کاتی خۆی ستوونێکی هەبوو له ژێر ناونیشانی (خۆزگە)، کە هەرجارەو له سەر بابەتێک دەدوا، کەپێویستییەکانی رۆژانەی خەڵکی بوون. وەک: خۆزگە کۆڵانەکان قیرتاو بکرایە، نرخی شتومەک هەرزان بوایە، ئاو، کارەبا، هاتوچۆ، قوتابخانە .. هتد، منیش ئەوخۆزگانەم بەلاوە زۆر ناخۆش بوو، چونکە دەکرا هەرهەمووی چاک بکرێتو ببێت. خۆزگە. بۆ شتێکی ئەستەم دەبێت، نەک بۆ ئەو شتە ئاسانانە .

دەکرا بڵێت: خۆزگە کورد رزگاری ببوایە. یان کورد نوێنەرێکی لەووڵاتە یەکگرتووەکان هەبوایە.. هتد .لەبەر ئەوە شتێکم نووسی لەژێر ناونیشانی (تۆوی خۆزگە دەسووتێنم)، باس لەوە دەکەم ئەگەر بە باشی لە بیرم مابێت دەڵێم پێویست ناکات خۆزگە بۆ ئەو شتانە بخوازم، دیارە ئەوە گوناهی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە بوو. نووسراوە، کە ئەچووە بەردەم هاوڕێو مامۆستای خۆشەویستم مەحمودی مەلا عیزەت، کە بەڕێوەبەری ئامادەیی بازرگانی بوو دەبوایە مامۆستا سەیری نووسراوەکانی بکردایەو لەهەموو روویەکەوە لێی رازی بوایە .چاوەڕوانم کرد لە لای مامۆستاوە دەرنەچوو.

پرسیارم لە مامۆستا جەمال فەتاح کرد، کە ئەو کاتە یاریدەدەری بوو. وتی:

"ـ مامۆستا مەحمود لەسەر نووسینەکەی تۆ تووڕەبووە. چای بە دەستەوە بووە، کە خوێندوویەتییەوە. لە تووڕەبووندا چاکەی کردووە بە سەر نووسینەکەدا ".

---

[٣٤] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٩٠٢، ساڵی هەژدەهەم، ٢١-٦-٢٠٠٩.

ئای، کە دونیایەکی سەیرە، کە ئێستا منم دەڵێم خۆزگە لە بێدەسەڵاتیدا پەنای بۆ دەبەم، زۆرم وتو پەیوەندیم کرد، کەچی گوێم لێناگیرێت! ئەوەتا سەیری شار دەکەم نەک من هەمووومان ئەوەندەی پڕوپاگەندەی ئاسیا سێڵو چای ئەحمەدیو LG کۆمپانیاکانیترو هونەرمەندەکانو هەموو شتەکانی تر خۆزگە بەقەدەر ئەوە ئیشارەتەکانی هاتوچۆ دابنرایە .

خۆ ئەگەر دەزگای هاتوچۆ بڵێت داراییمان نییە! کە وا بزانم لەرووی داراییەوە خراپ نین. دەکرێت لە زۆر، زۆرو لە کەمیش کەم. ئەو بێ لەوەی سیمایەکی شارستانییە، یارمەتیدەرێکی باشیش دەبێت بۆ خەڵکی. پاشان مەرجیش نییە لێخورین بۆ کەسانی شارەزا بێت کە لەم وڵاتەدا بژین. دیارە خەڵکی دەرەوەش دێنەئەم شارە. لەم رووەوە کارمەندانی هاتوچۆ زۆر لە من زیاتر دەزانن، ئەی بۆ ناکرێت، خۆزگە بمزانیایە، خۆزگە بیانکردایە. وە نەبێت خۆم هاوبەشی چاوپێکەوتنو کۆبوونەوەکانم نەکردبێت. چاوەڕوانی خۆزگەکانی ئێمە لەبەرێوەبەرێتی هاتوچۆ.

# (١٨)

# قسە هەزارەو دووانی بە کارە[٣٥]

هەمیشە وتراوە تێگەییشتن لە پرسیار نیوەی وەڵامی راستە، گرنگترین گرفت لە لای پزیشک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەک دەست نیشانکردنی هۆکەیەتی، لەلای میکانیکی ئۆتۆمبیل یاخود هەرکارێکی ئەندازیاری، ئەمانەو زۆر شتی دی، کە گرنگ دەست نیشانکردنو دۆزینەوەی هۆکارەکەی بێت، پاشان زۆر بە ئاسانیو بەباشی کاری چاکبوونەوەی بۆ دەکرێت، ئێستا بۆ ئەم کاتەی ئێمە نەک پەیوەندیدارەکان بەکارە پێویستەکانەوە کە پێویستە ئەنجام بدرێن ئێستا هەر هەموو تاکێک دەیزانێتو داوا دەکات، پێویستییەکان زۆرن، جاری وا هەیە باس لەوە دەکرێت، کە هەموو میللەتێک ئەمەی بەسەرهاتووەو کاتی دەوێت، بەڵێ وایە، میللەتانی پێشکەوتووی دونیا هیچ کەرەستەو زانیارییەکی ئەوتۆیان نەبووە، بەهەوڵو دڵسۆزیو بیرکردنەوەی پیرۆزی خۆیان، دەست نیشانی هۆکانیان کردووەو چارەسەری گونجاویشیان بۆ دۆزیوەتەوەو بەکاریان هێناوە، بۆیە گەییشتونەتە ئەو ئاستە. بەڵام، بۆ ئێمە پێویستمان بە هەوڵدان نییە بۆ رێگە دۆزینەوەی چارەسەر، چونکە ئێمە هەموو شتەکانی ئەوانمان لەبەردەستدایەو دەتوانین زۆر بەئاسانی پێمان بگات، دونیا بەهۆی ئینتەرنێتەوە ئەوەندە بچووک بۆتەوە، پاشان چ لەناوەوەو چ لە دەرەوە کادێری باشمان هەیە، پارە هەیە، پشتگری جیهانی هەیە، لێرە کۆمپانیا بیانییەکان ئامادەباشییان هەیە بۆ کارکردن، کەواتە هەموو کەرەستەکان ئامادەیە، تەنها کەسانی لێوەشاوەیان دەوێت، کە بیخاتە گەڕ. ئا لێرەدا

[٣٥] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٤٩٦، پێنج شەممە، ١٤-٢-٢٠٠٨.

هەوالنامەی کتێب

دەمەوێت بڵێم هەرچی ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن. هتد، هەمانە ڕۆژانە پڕبکرێتەوەو باس بکات لە پێداویستیو هۆکاری هەموو شتەکان، بەوە ناکات، کە بەردی بناغەی تۆڕێکی ئاو کارەباو شەقامەکانو کشتوکاڵو پیشەسازیو مووچەی خەڵکی هەتا هەتایی دابمەزرێتو بەزووترین کات بەرهەمەکەی دیاربێت. واتە با کردارەکان خۆیان قسە بکەن، نەک هەر بووترێتو بنوسرێت، ئەو کاتەی ئاوی دوکانو دەربەندیخان بەباشی بگاتە شوێنی پێویست، ئیتر پێویست بە هیچ جۆرە ستاییشێک ناکات، ئەی کە گوزەرانی خەڵک چاکبوو، ئیتر هەموو تاکێک هەست بە چێژی ژیانی دەکات، کەواتە دەڵێم: قسە هەزارەو دووانی بەکارە، هەرچی کارێکی پێویست بکرێتو پیادەبکرێت ئیتر خۆی لە لای خەڵکی جێگای رازیبوونی خۆی دەکاتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

(١٩)

# کاری پێویست[٣٦]

بێ گومانم لەوەی یەکە یەکەی میللەتەکەم دەزانێت مێژووە ستەمدیدەکەی چییەو چی بەسەر هاتووەو چی بە خۆیو خاکو مێژووو جوگرافیاو کەلەپوورو ئەدەبیاتی.. هتد کراوە. دیارە دۆستەکانیش بە هەمان شێوە بڕێک لە مێژوومان دەزانن. دەتوانم بڵێم دوژمنەکانمان زۆر زیاتر دەزانن بەوەی خۆیان لەگەڵیان کردووین. دەستوخەتی خۆیانە. لەوەش زیاتر دەزانن، کە دوارۆژی داهاتووش چ جۆرە پلانێکی کوشندەمان بۆ مین ڕێژ دەکەن، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە ببینە ئەو پارە چەورەی، کە سکی برسی چاوچنۆکیان بە ئێمە تێر بکەن. لە ڕابردوودا تەنها لەڕێگەی گەورەکانمانەوە بەهۆی جێگاو مەکانیانەوە دەتوانرا پەیوەندیو نزیکبوونەوە هەبێت لەگەڵ دۆستو دوژمنو میللەتانو حوکمڕانانی دونیادا، ئەویش زۆر بەکەمی، ئەمڕۆ دونیا گۆڕاوە، دیواری سنورەکان رووخاون، لەلایەکەوە بە هۆی ئینتەرنێتەوە، کە دونیای بە یەکەوە گرێداوە لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو کۆچەوە، کە بەرەو هەندەران دەکرێ، لە لایەکی ترەوە بەرژەوەندییەکانی دونیا ئێمەشی گرتۆتەوە، کە دیارە ئەمە لە سەروو هەمووانەوەیە. هەریەک لەمانە کاریگەری خۆی هەیە بۆ ئێستای میللەتی کورد. جا چۆن دەتوانن بەکاریان بهێنن‌و سوودی زۆرو بە پەلەی لێوەربگرین .

هەمیشە دۆستو دوژمنی کورد دووخاڵیان باس دەکرد. دیارە، هەریەکەیان بە مەبەستێک. بەڵام، لەم دوو خاڵەدا ڕێکبوون: یەکەم: دەیانووت

---

[٣٦] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٠٢١، یەک شەممە، ١٦-٧-٢٠٠٦.

وڵاتی کورد لە دەریاوە نزیک نییە، بۆیە ناتوانن لە ڕێگەی خۆتانەوە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دونیادا بکەن. بە تایبەتی بازرگانی. ئەوە لە سەردەمی خۆیدا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، چونکە هیچ تفاقێکی پێشکەوتووی ئەوتۆ نەبوو بۆ بازرگانی. بە تایبەتی لەرووی مادیییەوە ئەو ڕێگایە چ لە رووی هەرزانیو گرانییەوە، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. بەڵام، ئێستا بە هۆی هێڵی ئاسمانیو زەوییەوە کاریگەرییەکەی کەمتر بۆتەوە. دووەم: هەمیشە ئەم خاڵەشیان دووبارەکردۆتەوە، کە گوایە ئێمە نەگەییشتووینەتە ئەوەی بتوانین خۆمان بەڕێوە بەرین لە رووی حوکمڕانییەوە. دیارە حوکمڕانی لە هەموو رووییەکەوە، چ ناوخۆییو چ پەیوەندییەکانی دەرەوە. ئەویش لە هەموو رووییەکەوە. دیارە ئەم دوو خاڵە، کە زۆر بە زەقی باسی لێدەکرا ئەوەش زۆر وا نییە. ئەگەر بهاتایە ئێمەش بکەوتینایە بازنەی بەرژەوەندییە جیهانییەکانەوە، ئەوەش پرسێک نەبوو باسی لێوەبکەن، ئەوەتا ئەمڕۆ لە ناو بازنەی بەرژەوەندییەکانداین. ئەی ئێمە چۆن خۆمان بسەلمێنین؟ وەک وتم خاڵی یەکەم ئەو گرنگییەی نەماوە. هاتووەتە سەر ئەوەی خاڵی دووەم بسەلمێنین.

لەگەڵ ئەو هەموو بەسەرهاتەی بەسەرماندا هات، چ لە ناوخۆ چ لەدەرەوە، بە نەداریو نەزانی لە بەڕێوەبردندا، گەمارۆدانی بازرگانیو هەموو شتەکانی دیکە، نەبوونی پارە، وڵاتێکی وێران، بە یەکدادانی خۆمان، بەکنەکردن لە دوورو نزیکی ئەم پارچەیەی کوردستانەوە کار گەییشتە ئەوە بە یەکدادان لەگەڵ بەشەکانیتری کوردستاندا رووبدات. ئێستا وردە وردە تاریکییەکانی بەرەو رووناکی مل دەنێت. بەڵام زۆر سستە، ئەگەر وڵاتانیتر کاری یەک رۆژ بە مانگێک بکەن گرنگ نییە پێویستە ئێمە کاری یەک مانگ بە سەعاتێ بکەین، چونکە زۆر دواکەوتووین لەژیاندا، کەچی دەبێت بە پێچەوانەوە .

سەرکردەکانی کورد هیچ پێویستیان نییە بە دوای زانیاریدا بگەڕێن بۆ وڵات بەڕێوەبردن، نموونەو مەعلوماتێکی بەرفراوان هەیە. لە ڕووی کادێریشەوە لەو بڕوایەدام، کە زۆر زۆرە، تەنها ئەوەندە ماوە شێوەی داڕشتنەکەو دانانی کادرەکان‌و بەدواداچوونیان بۆ بکرێت .

دەتوانم بڵێم لە ڕووی گەندەڵیشەوە، ئەوەتا لە وڵاتە گەورەو پێشکەوتووەکانیشدا گەندەڵی هەیە، ئەو ڕێگا چارەسەرکردنەی، کە لە وڵاتە گەورەکاندا دەکرێت. دەکرێت بەو شێوەیە بێت. من دەزانم ئەم میللەتەش پێویستی بەخەڵکانی خاوەن هەڵوێست‌و دڵسۆزو بە ئەمەک‌و ئازاو ڕابردوو پاک هەیە، نەک بە پێچەوانەوە. من لەو بڕوایەشدام خراپەکارەکان زۆر زۆر کەمترن لەباشەکان. بەڵام، هەمیشە خراپەکان زۆر دیارترو بەرچاون. ئەگەر بێت‌و بە بێبەزەیی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەستێکی بەپەلەی بەسەردا بێت‌و هەتا زووە بکەوینە خۆمان، کە زۆر ئاسانە، ئەوا دەتوانین ئەم خاڵەی دووەم بۆ دۆست‌و دوژمن بسەلمێنین. ئەوەتا ئێمە لەچوارچێوەی عێراقدا بە هۆی ئەو بەڕێزانەی لەحوکمڕانی عێراقدا بەشداریی ئەکەن پایەیەکی ڕێزدارمان دەستەبەر کردووە، سەلماندمان، کە نەک تەنها ئێمە دەتوانین خۆمان بەڕێوەبەرین، بەڵکو دەتوانین عێراقیش بەڕێوەبەرین. سەرەڕای ئەو هەموو دوژمنایەتی‌و ڕقوکینەیەی کەبەرامبەر بە کورد دەکرێت، دەیان هەزار بەربەست دەخەنە ڕێگامان، کورد توانی بیسەلمێنێت سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم‌و زۆرەی، کە لێی کراوە، کورد بڕوای بەیەکسانی‌و دیموکراسی زیاتر هەیە، دەشزانرێ کە لە دونیای دەرەوەدا چ پاڵپشتییەکمان لێدەکرێت. ئەم هەلە زێڕینە لەدەست نەدرێ‌و کاری خێراتری بۆ بکرێت مێژوومان گەشەدارتر دەبێت .

هەوالنامەی کیبی

هەواڵنامەی کتێب

## (٢٠)

# هەڵوێستێک لەسەر داوای چاک کردنی مووچە[٣٧]

ماوەیەکە باس لە چاککردنی مووچە دەکرێت. ئەم باسە وەک ویژدانو بەتەنگەوەهاتنەوەی بژێویی هاوڵاتیانەوە، بیرێکی زۆر پیرۆزە. هەر کەسێک، یان هەر لایەنێک پشتگیریی لێ بکات، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی بەتەنگەوەهاتنی باری ژیانو گوزەرانی هاوڵاتییەو بڕوابوونە بە یەکسانی کۆمەڵایەتی. داواکە خۆی لە خۆیدا لە خزمەتی تاک بە تاکی کۆمەڵدایە، لە ڕێگەی ئەمجۆرە بیرکردنەوە وداواکارییانەوەدەتوانرێت بە میللەت رابگەیەنرێ، چەند بەپەرۆشیتو دڵسۆزیتو ئاگاداری هەموو پێداویستیو ئازارەکانی ئەوانیت، ئەوسا بڕوا بوونەکان بەدەست دەکەوێتو دەردەکەوێت لە نێوان دەسەڵاتو میللەتدا. دیارە ئەم داوایە وەک پرۆژەیاسایەک، دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت لە نێو پەرلەماندا و پشتگیری بۆ بەدەستبهێنرێت، پاشان بۆ ئەنجومەنی وەزیران .. هتد .

ئەو فلتەرانەی، کە پێیدا تێپەڕ دەبێت. خۆیان لە مووچە باڵاکاندان، ئەم پرۆژەیەش داوای ئەوە دەکات، کە مووچە باڵاکان نزم بکرێنەوە. مووچە نزمەکانیش بەرزبکرێنەوە. من لێرەدا بە داوای لێبووردنەوە دەڵێم، ئەگەرچی کەس زاتی ئەوەی نییە بڵێت، نابێ مووچەکەمان دابەزێنرێت. بەڵام، بەشێوەیەک لەشێوەکان بەکردەوە کار بۆ ئەوە دەکرێت، کە ئەو پرۆژەیە سەرنەگرێت. لەبەرئەوە، ئەو پرۆژەیە بەو شێوەیەو بەوداوایە سەرکەوتنی زۆری لێ بەدی ناکرێت؟ بە بڕوای من واز لەو مووچە دابەزینە بهێنرێت چاکتروایە

---

[٣٧] ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە ٥٦٤، سێ شەممە، ١٢-١-٢٠١٠.

داواکە وابکرێت، کە هەڵسن بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕو یاساییانە لەسەر بژێوی تـاک، بەوەی بزانرێـت بەمـووچە یـاخود دەسـکەوتی رۆژانە، یـاخود مانگـانە دەتوانێت ژیانی سادە بەسەر ببـات. دیـارە تـاک دەبێـت بە خێـزان، پاشـان تەمەن‌و زۆریی‌و کەمیی‌و پیرو پەککەوتوو لە شاردا، لە لادێکاندا، پێویستییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی دیـکە، کـارکردن بە مـووچەی کەم، چەنـد کەس ئیش دەکات، کرێـی خـانوو زۆرو کەم‌و سـەرماو گەرمـا، بەسـەرهاتی کتـوپڕو لەناکاو، وەک لافاو، تا لە هەمـوو   ئەم شـێوانەدا. زۆر شـتی دیـکە. دەبێـت رەچـاوی ئەوە بکرێـت، کە ئەو هـێڵەی بۆبژێـوی دانـراوە لەوە زیـاتر نەیەتە خوارەوە .

دانانی ئەم یاسایە چڕوپڕییەکی زۆری دەوێت‌و هەروا ئاسـان نیـیە! بەڵام خۆشبەختانە بۆ ئەمـڕۆی ئـێمە بەدەسـتهێنانی ئەو زانیـارانە زۆر ئەسـتەم نیـیە. دەتوانرێت زۆر بەئاسانی لە وڵاتانی دەرەوە بەدەستبکەوێت، جـا ئەوە لە رێـی دەوڵەتەکـانەوە بێـت، یـاخود لە رێـی کـوردانی هانـدەرانەوە بێـت، مـن زۆر لەوبڕوایەدام کوردانی دەرەوە بە بـێ هـیچ دوودڵـییەکـ‌و بە بـێ بەرامـبەر تـا رادەیەک هەڵوێستیان دەبێت کارەکان ئاسان دەکەن، چ بە هاتنەوەی خۆیـان چ بەزانیارییەکی باش رەنگە زۆریان لەو بوارەدا کاربکەن‌و زانیارییەکی باشـیان هەبێت، ئەگەر لێرە ماوەیان بـدەن کـارەکە بە ئەنجـام بگەیەنـن. هەرچەنـدە هەمووومـان چـاک دەزانـین دەسـەڵات وحکـومەت زۆرچـاک لە هەمـوو وردەکارییەکان زۆر بە وردی دەزانن. لە کۆتاییدا واز لە دابەزینی مووچەی باڵا بهێنن، چونکە نابێـت، رێـگەی دووەم بگـرنەبەر بەرهەمـی زۆرتـرو خێراتـری لێدەکەوێتەوە. ئەمکارە هەتا سەعاتێک زووتر بکرێـت‌و ئاوڕێـک لەو ژیانەیـان بدرێتەوە چاکترە، نەک بەیەک ساڵ‌و دوو ساڵ‌و بگرە زیاتر بکرێت .

هەوالنامەی کتیب

## (٢١)

# پرچی ئایشێ‌و فاتمەی سەر شاری سلێمانی[٣٨]

لەم رۆژانەدا..دەم دەمەی ئێوارەیەکی هەینی، لەسەر بەرزاییەکی شاخی گۆیژە، کە بە سەر شاردا دەیڕوانی، بە دوو قۆڵی لەگەڵ برادەرێک نیگای شارمان دەکرد. دیارە ئەو رۆژە باران باری بوو .پێش ئەوکاتە دونیا رازاوە بوو. سەوزایی ئاودامانی هەموو شوێنێکی گرتبۆوە، خۆر وردە وردە بەرەو ئاوابوون دەچوو، خەڵکانێکی زۆریش رژابوونە ئەو ناوەوە، ڕەنگەکان بەیەکدا چووبوون، جوانییەکی بێوێنەی لەخۆگرتبوو، دوکەڵی گۆشت برژاندنیش جێگای خۆی کردبۆوە، لەناو ئەو تابلۆ جوانانەدا، سەرەڕای ئەوەی هێمنی وەک ئارامییەک تیشک وچاوی ئاو دەدا، هەرلەم کاتەدا بوو، بۆ دوورتر ئەمڕوانی بینیم، دوو دوکەڵ. یەکێک بەلای دەستی چەپداو ئەویتر بەلای راستدا. هەردووکیان خۆیان درێژکردبۆوە، لەدیمەندا جوانبوون، وەکو پرچی ئایشێ وفاتمە ئەهاتنە بەرچاوم. هەر لەو کاتەدا بوو، لە دیمەنەکە خۆم رزگارکرد، کەوتمە بیرکردنەوەی ئەوەی وتم: ئای ئەو ناوچانەی دەکەونە ژێر باڵی ئەو دوکەڵانەوە ئەبێت چییان بەسەر بێت! ئەی ئەوانەی هەناسە بە مرۆڤ‌و ئاژەڵ‌و رووەک ئەدەن. تەم هەموو ئاسمانی داگرتووە. هەموو ساتێک ئەم زووخاوە ئەکەن بە مێشک‌و گەرووماندا. یەکێکیان ئەو دووکەڵەیە، کە لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارەوە دێت .ئەویتریان سوتانی ئەو خۆڵ‌و خاشاک‌و پیسیەیە، کە لە شار کۆدەکرێتەوەو لە تانجەرۆ فڕێ دەدرێو دەسوتێنرێ.

تۆ بڵێی بیر لەچارەسەرکردنی ئەم دیاردە نابەجێیە نەکرێتەوە!

---

[٣٨] رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە ٤٣٦٢، ١٧-٦-٢٠٠٨.

هەواڵنامەی کتێب

(٢٢)

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ناوشاری سلێمانی[٣٩]

من لەلای خۆمەوە سوپاس‌و پێزانینی خۆمتان بەهەموو کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکەتان پێشکەش دەکەم، بۆ ئەو هەموو ماندووبوونەی، کە بەردەوام لەئەستۆتاندایە. سوپاس پێزانین بۆ بانگهێشتکردنی ئاسایی بۆ کۆڕو سیمینارەکانتان بۆ ئالۆگۆڕکردنی بیروڕا سەبارەت بە هاتوچۆ. ئێوەش دەتانتوانی وەک هەموو فەرمانگەکانی‌تر ئەم کارە نەکەن‌و خۆتان چیتان کردووە دەیکەن بیکەن. لە هەموو دونیادا سیستمی هاتوچۆ، دەتوانم بڵێم، یەک سیستمە .خۆ ئەگەر وا نەبوایە، هەرکەسێک بۆ وڵاتێکی‌تر بچوایە، نەیدەتوانی ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت، چونکە جیاوازی هەیە. لێخوڕین پەیوەندییەکی زۆری بەو کەسانەوە هەیە، کە ئۆتۆمبیل لێدەخوڕن. ئەگەر بێت‌و یاساکان، ئیشارەت‌و لاییتەکان، پێچکردنەوە، هەموو ئەو شتانە پەیڕەو نەکرێت، ناتوانین ئۆتۆمبیل لێبخوڕین‌و مۆڵەتدانیش قورس دەبێت .ئەوەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە سەر شانی پۆلیسی هاتوچۆو فەرمانگەی هاتوچۆ. ئەوەش بەوەی لەسەر شەقام‌و کوچەو کۆڵان‌و ڕێگا گشتییەکان بەشێوەیەکی دیار ڕێنمایی‌و تابلۆ دابنرێت‌و لێپێچینەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بکرێت، کە سەرپێچی دەکەن .

---

[٣٩] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٢٩٩، ساڵی شانزەهەم، چوارشەممە، ٢٠-٦-٢٠٠٧.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی، کە تا چ رادەیەک هێزی پارەو کادیرو سەلیقەو میدیا لە لایەن وەزارەتو بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆوە دەستەبەر دەکرێت لەپێناو ئەو کارانەدا. هەرچەندە هەموو شارەکان لە ژێر دەسەڵاتی یەک حکومەتدایە، کەچی لە رووی داراییەوە جیاوازی لە نێوان شارێکەوە بۆ شارێکیتر دەبینرێت، ئەویش حوکمڕانی هەرێمی کوردستانە. ئەگەر ئەو جیاوازییە لە رووی یاساییەوە دەبێت؟ پێویستە ئەوە بە روونکردنەوە لە لایەن پۆلیسی هاتوچۆوە رابگەیەنرێت، بۆ ئەوەی ئەو گلەییو گازندەیە نەمێنێت، کە لای هاوڵاتیان قەتیس بووە. ئەگەر رۆژێک بە چاوی دڵسۆزییەوە، لە شەقامی مەولەوییەوە بەرەو بەردەرکی سەرا، مزگەوتی گەورە، شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ، ئەسحابەسپی، شەقامی کاوە، بەرخانەقا، گوزەر بکەیت، ئینجا تێدەگەیت هاتوچۆ چۆنە چییە؟ لەلایەکیترەوە، عەرەبانە، رژانی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان-زۆری منداڵان بەسەر ئەو چوارتاییانەوە، کە بە ناو ئۆتۆمبیلەکاندا دەڕۆن. لەگەڵ دیاردەی پاسکیل، ماتۆرسکیل. ئەمانەش خۆی لە خۆیدا ئەوەندەیتر شەقامەکانیان جەنجاڵکردووە. جا نازانم چیتر لەو واقیعەدا گوزەر دەکات؟ ئەگەر ئەم شتانە لە دەسەڵاتی حکومەتدا نییە. پێمان بڵێن، با هەمووومان کۆببینەوەو بەماڵو منداڵەوە بچینە سەر شاخی ئەزمەڕو گۆیژە تا لە خوا بپاڕێینەوە ئەمانەمان بۆ چاکبکات.

## (٢٣)

# چەند دێڕێکی ژانگرتوو[٤٠]

تا دوێنێ لە بریی باوەشی گەرمی دەستگیران، دەستلەملانی تفەنگ‌و سەنگەر بوون. شەوی زستان ، گەرمای هاوین، سێڵاوی بەهار، لەگەڵ برسێتی، تینوێتی‌و بۆنی ئارەقەی چەند مانگە، چەندین شەوو ڕۆژی ئاوهایان بە کۆڵەوە بوو. شەو باشترین کاتیان بوو بۆ دەستوەشاندن، نزیکی ڕۆژهەڵاتیش، خۆحەشاردان لەبن دەوەن‌و ناو ئەشکەوت وتاشەبەردا، چەندین بەستەڵۆکی لەبن نەهاتووی زستان بەهیلاکی‌و گیانی پێشمەرگە شکێنران. لە دوژمنانی ڕێبازی کورد بە دەستی قارەمانێتی ئەوان چەندین خرانە چاڵەوە، هەموو ئەو هەوڵ‌و هیمەتە بۆ ئەوە بوو، کە چیتر نەهێڵرێت ئاسۆی هیوا بخرێتە گۆمەوە، بۆ ئەوە بوو بەدوژمن بوترێت، هەرچەندە کەمین بەڵام کۆیلەیی قبوڵ ناکەین .

هەوڵدان بۆ ئەوە بوو، کە ئەو ڕاستییانە بگەیەنرێتە ڕەش‌و ڕووتی میللەتەکەمان، پێیان بگوترێت ئەم تۆپەڵە تاریکانەتان بۆ بکەینە چراخانی ڕۆژگاری هێمن، لەو ڕۆژانەدا لەو ڕۆژە پڕ ئەستەمانەدا لە ئەشکەوتەکانەوە، خوێنی ئەوان ڕێچکەی دەبەست، ڕێچکە بەرەو لووتکە، بەرەو یا بەرەو پێدەشت، بەرەو گوندو ڕێگەو بان‌و بەرەو شارەکان! قوربانی درا، خەرمانەی شەهیدبوون دابەسترا، هەڵەبجە شەهیدکرا، ئەنفالی بەدفەساڵ سازدراو ڕاپەڕین‌و لافاوی ئازادی بە خوێنی لاوەکان ئاودرا .بەڵام ئەمڕۆ، ئەمڕۆ دیوارەکانی

---

[٤٠] گۆڤاری مەڵبەند، ژمارە ٧١، مایسی ١٩٩٦، گۆڤارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی گشتییە، لیژنەی ڕۆشنبیری کوردی لە لەندەن دەریدەکات.

نێوانمان رووخان، سنوورەکان نەمان، ئەمڕۆ ژیانمان پێکەوەیە، شاراوە پەردەی لەسەر هەڵماڵراوە، واقیع وەک ئالایەو لەهەموو لایەکەوە دەبینرێت، ئەمڕۆکە:"کوانێ ئەو هەموو بەڵێنانەی داتان؟" دەنگی پرسیارەو"کوا ململانێ لە پێناوی یەکبوون، لە پێناوی تەبایی، لە پێناوی نەهێشتنی برسێتیو لە پێناوی پێشکەوتنو ژیانی ئاسوودە، هاوارن" هاواری رەوان، "کوا نان، کوا ئاو، کوا کارەبا، کوا نەخۆشخانە.. داوان، داوای رۆژانەی ئەوخەڵکە بێدەرەتانەن ."

بە ئاشکرا، بێ ترس هاوار دەکرێت، ئەگەر ئەتانەوێت پێشڕەو بن، گەر دەتانەوێت یادی چاکەتان بکرێت، گەر دەتانەوێت خەڵک خۆشی بوێن، گەر ئەتانەوێتو دەتانەوێت، ئەبێ پێشڕەوی بەرزکردنەوەی هەموو ئەرکێکی چاک بنو لە چاڵنەری سەرجەمی گەندەڵکارییەک بن. پێشڕەوی راستەقینە، دەبێ چاکترین بێ، پاکترین بێ، بەتواناترین بێ، شارەزاترین بێ، دڵسۆزترین بێ، خۆشەویسترینو بێ فیزترین بێ. تەنیا بە هەوڵی ئەو شێوە کەسانە، ئەتوانرێت بیر لە یاسایەکی گونجاوو لەبار بکرێتەوە، تەنیا بە هەبوونی ئەو جۆرە کەسانە، ئەتوانرێت وێرانە خاک بکرێتە کورلاندە بەهەشت ئاساکە .

هەموو راستییەک ئاساییە، هەر خێرخوازییەک ئاساییە، هەر ویستێکی پاک، تەبایی ویستنو ئاشتیخوازی ئاساییە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆکە لە کوردستانی باشوردا هەیە نائاساییە، نائاساییە چونکە چۆکی بە هەنگاوەکانی ژیان داداوە، بیرکردنەوەی خێرخوازی قفڵ داوە، نائاساییە چونکە لە گۆمی مەنگ دەچێت، نائاسودەیی تێدا دەژێت، ئاگری شەڕ، خوێننەمانی هەمووانی تێدا هەڵدەبێتو مێژووی چاوەڕوانکراوی تێدا ون دەبێت. ئەم برینەی ئەمڕۆ، ئەم تاعونە رەشەی ئێستا، ئەم دەردە نادیارو نەهاتە، تەنها بە چەسپاندنی یاسا، یاسایەکی شارستانی چارەسەر دەکرێت، چەسپاندنی یاساش، لە قازانجی خەڵکەکەیە بە گشتی لەزەرەری میللەت نەویستانە بە تایبەتی.

## (٢٤)

# جوانیی سلێمانی[٤١]

هەڵوێستی دوژمنکارانەی دوژمنانی گەلی کورد، گەواهین بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان، سلێمانی هەمیشە خاوەن هەڵوێستی بەرەنگاربونەوەی مەردایەتی بووە، لەخۆڕا ناونەنراوە "شاری هەڵمەت و قوربانی"، لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی سەختدا لەگەڵ دوژمندا پێویستی بە گیانفیداکاری و خوێنبەخشین بووە.

لەکاتی هێوربوونەوەشدا خاوەنی هەڵوێست وبیرکردنەوە و خۆپێگەیاندنی زانستی و ڕۆشنبیری بووە، لەکاتی دژواریشدا ئەو لایەنانەی فەرامۆش نەکردووە، هەربۆیە لەم بوارەشدا ناونیشانی شاری ڕۆشنبیریی و پێشکەوتنی بەرکەوتووە وئەمەشیان هەر لەخۆڕا نەبووە... مێژوو ئەمەی سەلماندووە.

ئەوەتا ئێستا، کات کاتی پیادەکردنی بەدیموکراسیکردنە.. لەڕێگەی خۆپیشاندان و دیالۆگ و لێتێگەییشتنەوە... بەتایبەتی لەناو ماڵی خۆماندا دەبینین چۆن خۆڕسکانە بەبێ ئەوەی قوتابخانەیەک هەبووبێت فێرمان بکات، ئەوتا پرنسیپەکانی دیموکراسی پەیڕەو دەکات و کاری پێدەکات، ڕەنگە بپرسین و بڵێین چۆن؟

هەنگاوی یەکەم، پێویستمان بەدان بەخۆدا گرتن هەیە، لەڕێگای ناوحیزب و دامودەزگاکانی ناو دەسەڵاتەوە نارەزاییەکان ووتراوە، پاشان بۆسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ودواتریش لە "تف"ەکانەوە، ئینجا کەوتە ناو جەماوەرەوە، کۆبوونەوە و سیمیناری زۆری لێدروست بوو، باس و خواستی زۆری لێوەکرا، دیارە ئەمانە بەگشتی هەڵوێستی جیاجیای لێکەوتەوە، زۆرێک

---

[٤١] ڕۆژنامەی ڕۆژنامە.. ژمارە "٦٢٦" ڕۆژی سێشەممە.. ٢٠١١/٠٣/٢٢.

لەمانە هەڵوێستی ئازایانە و دڵسۆزانەی لەسەرکارە دژوارەکان کە بەداهاتووی گەلەوە پەیوەست بوون لێدەرکەوت، پێداگری مەزن کرا، بەوەی کە دەبێت شەڕی ناوخۆ بوەستێنرێت، میللەت بە گشتی بەنێر و مێیەوە، بەرۆشنبیر و پێشمەرگە و سیاسییەوە داوایان ئەوەبوو، بەڕێپێوان بچنە لای دەسەڵاتداران، کارگەییشتە ئەوەی پەرلمانتاران مانگرتنیان ئەنجامدا، لەناو تەلاری پەرلەماندا!!! میللەت بەیەک دەنگ هاواری کرد.." شەڕمان ناوێت"، ڕشتنی یەک دڵۆپ خوێن لەناو خۆماندا ئازارمان دەدات، بەڵام بۆ بەرگری لەخۆمان بەرامبەر دوژمن بێباکین لەخوێنبەخشین، پاش ئەم داوایەش ئیتر کاتی داواکردنی مافە. ئەوەتا خەڵکی ڕژاونەتە سەرجادە و شەقامەکان، شەو وڕۆژ هاواردەکەن مافمان دەوێت، ئەمانە تەنها بە پێکهاتەیەکی جەماوەر تایبەت نین، لەمنداڵێکی ساواوە تا ئەندازیارێک لەرۆشنبیرێکەوە تا بێ سەوادێک لە ئیماندارێکەوە تا بێ ئیمانێک لە پێشمەرگەیەکەوە تا دوکاندارێک، لە مامۆستایەکەوە تا فەڕاشێک، لە دکتۆرێکەوە تا نەخۆشێک.. هتد، دانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی گرتۆتەوە، ناوەوە و دەرەوەی وولاتی تەنیوە. ئەوانەی ناو شاری سلێمانی لەبەردەرکی سەرا کۆبوونەتەوە بێگوێدانە کات و سروشت داواکانیان.. بە قسە .. بە هۆنراوە .. بە زۆر شێوازی دی.. دەڵێنەوە، داوای ماف و ئاشتی و یەکسانی و تەبایی .. هتد، دەکەن. وێڕای شەهیدبوونی "٨- هەشت" ڕۆڵەی ئەم میللەتە و برینداربوونی "٢٠٠- دووسەد کەس"، کەچی خێزانەکانیان پەنا دەبەنە بەر یاسا و لەخوای گەورە دەپاڕێنەوە خوێنی هیچ ڕۆڵەیەکی کورد نەڕژێت و بیر لە تۆڵە ناکەنەوە بەدەستی خۆیان، جوانی ئەم هەڵوێستە بەچی دەپێورێت، با لێی بگەڕێین بۆ دوایی. بڕوانە ئەم دیمەنە جوانانە، ئەو خەڵکە بەڕەنگە جیاوازەکانیانەوە لەبەردەرکی سەرا شەو وڕۆژ بەسەر دەبەن، کورد ووتەنی، نێوان بەردەرکی سەرا و مەڵبەندی ڕێکخستنی"ی.ن.ک"، دوو بست لەیەکتری دوورن، هەریەکەی بەجۆرێک ووتار و بۆچوونەکانیان بەخەڵک ڕادەگەیەنن،

هەواڵنامەی کتێب

کەچی لەنێوانی ئەو دوو بستەدا کەس بیر لەوە ناکاتەوە هەڵکوتێتە سەر لاکەی تر و شەڕو پێکدادان دروست بکات. لەوەش جوانتر کاتێک هەریەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوماڵ وکار و گەڕەک و بازاڕ، کەس نابینرێت بەیەکدا هەڵپرژێت و گرژی و پێکدادان دروست ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنێکی گشتی نەسوتێنرا، دوکانێک.. فەرمانگەیەک.. بارەگایەکی حیزبی، لەلایەن خەڵکەوە تالان نەکرا.. هتد. ئەمانە هەمووی وێنەی جوانن لە سلێمانی، ئەی ئەمەش وێنەیەکی جوانی رۆشنبیری و کوردایەتی نییە..؟

لێرەدا پێویستە دەسەلات و حیزب بەچاوێکی تیژ و بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە سەیری هەموو شتە جوانەکان بکات و باوەشێکی پڕ لەهیوا لەبەردەم میللەتێکی ئاوها ڕەسەندا والابکات. لەرۆژانی سەخت و دژواردا بە کالا و پێتاوەوە بەسەر ومالی خۆی لە پێناو داواکانی خۆی بێباکانە خەباتی کردووە، ئێستاش بەمشێوەیە هەڵوێست دەنوێنێت، هەردەسەلات و حیزبێک خاوەنی ئەم کەرەستە جوانە بێت، هەرگیز ڕوو لەنشێوی ناکات و دیارە پێچەوانەکەشی ڕوو لە چ چارەنوسێک دەنێت، پێویستە هەموو کەسێک ، پێش ئەوەی خەڵک بناسێت دەبێت خۆی بناسێت، ئێمەش وەک میللەت ، پێویستە لەپێشدا خۆمان بناسین، کورد وەک "کەلەپچە" وایە، تاپاڵەپەستۆی لەسەر زیادبکەیت توندتر دەبێت، پێچەوانەکەشی لەگەلا بکەیت دڵسۆزترو پشت وپەنا قایمتر دەبێت، هەڵوێستی توند بەرامبەر دوژمن گەورەییە، جێبەجێکردنی داواکانی یەکتریش گەورەترە. ئەگەر ناحەزان لەهەوڵی ئەوەدا بن، نێوانی سلێمانی و شارەکانی تر بەتایبەتی شاری هەولێری خۆشەویست بشێوێنن، ئەوا خەونێکی نەزۆکە، بەرلەوان، دوژمنە سەرسەختەکانی کورد، هەوڵی زۆریان دا بۆیان نەکرا، لەکاتی شەڕی ناوخۆدا ویستیان بەسەر دوو هەرێمدا دابەشمان بکەن، بەزەبری چەک خەڵکی هەولێر لە سلێمانی نیشتەجێ بوو، هەروەها سلێمانیش لە هەولێر، تەنها ئەو کاتانە بەس بوو، هەموو لایەکمان زانیمان چەندە ڕێز

هەواڵنامەی کتێب

لەیەکتری دەگرین خۆشەویستیمان بۆ یەکتر چۆنە؟ بـڕوا نـاکەم ئەو ژیـانە پـڕ لەخۆشەویستییەی کە لەنێوانـدا هەبـووە و دەبێـت بەچەنـد قسـەیەک و چەنـد نوسێنێکی بێپیز لەبار بچێت، کورد ناوچەگەرێتی تێپەڕانـدووە، ئێسـتا لەهەوڵـی یەکپارچەیی"کوردستان- کوردلاند" دان، دوژمنەکان بـاس لەو هەولانە دەکەن، هەڵوێستی سلێمانی خۆی لە هەڵوێستی کورددا دەبینێتەوە، بەهـیچ شـێوەیەک لە هەڵوێستی هەولێر و ناوچەکـانی تـری کوردسـتان- کوردلانـد جیانـابێتەوە، دەسەلاتیش هەرچییەک بکات، هەر شکست دەهێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

# (٢٥)

# ناوچەی ناوزەنگ لە گۆڤاری ناوزەنگ دا[٤٢]



[٤٢] گۆڤاری ناوزەنگ، ژمارە ١، ساڵ ٢٠١١، گۆڤارێکی گشتییە، مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی (ی. ن. ک) دەریدەکات.

وێڕای دەستخۆشیکەرییەکی زۆر گەرم، بە ئومێدم سەرکەوتووبن.
هەڵبژاردنی ئەو ناوچە پیرۆزە لە رووی شوێن‌و ناوەکەیەوە.. لە لایەکی‌تر ئەوشوێنە زۆر پیرۆزو مەزنە .

کاتێک ئەو شوێنە بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی نوێ دەستنیشانکراوە، حکومەتی عێراق لەوپەڕی بالآدەستی‌و دڕندەییدا بووە. بۆ ئەوکوردیش، ئەوکات نەک ماف وەرگرتن، بەڵکو تروسکایی ژیانی ئاسایی نەدەبینرا، بەرژەوەندی وڵاتانی دونیا لەوەگەورەتر بوو، کە چاوپۆشی لە کارە نەگریس‌و نامرۆییەکانی بەعس بکەن. هەر بۆیە، کاتێک سەرکردایەتیی شۆڕش لەناوزەنگەوە سەرپەرشتی شۆڕشیان ئەکرد، ئەو شوێنە بووە ناوچەیەکی ئازادو سەربەست‌و سەربڵند. هەر بۆیە چەند جارێکیش بە فڕۆکە بۆردومانی کرد .لە هەمان کاتدا، هێزێکی سەربازیی بەرفرەوانیشی بۆ پێکهێنا. بەڵام، بە هیمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەڵکی ناوچەکە بەرگریی باشیان کردو لووتی حکومەت‌و هێزە زەبەلاحەکەیان شکاند.
لە هەمان کاتدا کەش‌وهەوای ناوچەکە یاریدەدەری هێزی پێشمەرگە بوو. لەوناوچەیەدا بەفرێکی باش باریبوو. هەر بۆیە، بە (جەنەراڵی بەفر) ناوبرا. واتە، لە ناو هەموو خۆڕاگری‌و بەگژداچوونەوەیەکیشدا، بەفر کاریگەریی لەسەر ئەنجامی شەڕەکان هەبوو .ئەمە وای لە دوژمن گەیاند، کە ئەو ناوچەیە خۆی‌و ئەو پێشمەرگەو خەڵکانە هەروا بە ئاسانی ناتوانن بەسەریاندا زاڵ بن. دیارە بەپێچەوانەوە. کەواتە ئەبێت کورد زۆر شانازی بکات بە ناوزەنگەوە. لەم رۆژەدا شانازییەکە ئەوەیە، کە پێویستە بە هەموو لایەک ئەو بیرەوەرییانە بە خۆشی‌و ناخۆشییەوە هەمووی تۆمار بکرێت‌و بچێتە مێژووی کوردەوە. بەوپەڕی شانازییەوە بدرێتە نەوەکانی داهاتوو .

پاش ئەوەی ساڵی ١٩٨٢ لە زیندانی رژێم ئازاد بووم، چەند رۆژێکی کەمی پێچوو، جارێکی‌تر بۆم هاتنەوە بۆ ئەوەی بمگرنەوە. لەبەر ئەوە زۆر

بە پەلە رووم لەشاخ کرد. کاتێک گەیشتمە ناوزەنگ، لە راستیدا جلو بەرگی ئەوتۆم پێ نەبوو. بۆیە زۆر پێویستم بە قەمسەڵەیەک هەبوو. بـەڵام دەسـتم نەکەوت. ئەمەم لەگەڵ هاوڕێی بەڕێز کاک قادری حـاجی عـەلـی باسـکرد. ئەویش قەمسەڵەکەی خۆی پێدام. ئەوەندەی پێنەچوو، رۆژێک شەهید ئـازاد هەورامی هات بۆ لام. لە مەقەر کەوتینە قسەکردن لەسەر ئەو باسانەی ئەو کات ئەبوو بکرایە. دانیشتنێکی خۆش بوو، چونکە تەنها هەردووکمان بووین. بەر لەوەی بڕوات، وتی :

"ـ کاکە، شتێک هەیە ئەمـەوێ پێـت بڵـێم. قـادری حـاجی عـەلی ئەچێتـە خوارەوە بۆ جەولە. ئینجا کاک قادر پێویستی بە قەمسەڵەکە هەیە، خۆی لـە رووی نەهاتووە پێت بڵێت"!

منیش وتم بەسەر چاو. هیوای سەرکەوتنم بۆ خواستن .

لە ناوزەنگ دەستکەوتنی گۆشتو حەمام زۆر دەگمەن بوو. تامی خـۆی هەبوو. رۆژێکیان لەگەڵ هەردوو هاوڕێی خۆشیەویسـتم کـاک شـێخ کـاملی کۆمەڵایەتیو هاوڕێ جەباری مەکتەب عەسکەری، چووین بۆ قاسـمە ڕەش. بینیمان وا مەڕێک سەربڕاوەو خەڵک ئەیکڕێ .ئێمەش کیلۆیـەکمان کـڕی. پاشان هاتینەوە بۆ مەقەرەکەی خـۆم. سـەیرمکرد حـەمام داخـراوە. گۆشـت خرایە سەر ئاگر. حەمامیش هەیە. هاوڕێ جەبار گـوێی لـە رادیـۆ ئـەگرت. شەڕی ئێرانو عێراقە. شەڕ گەرمـە. بـاش لـە یـادم نییـە. وابـزانم گرتنـی (موحەممەڕە ) بوو. عێراق تێیدا شکاوە. چەند هـەزار کەسـێکیش بـە دیـل گیراون .هاورێ جەبار بـە پێکەنیـە خۆشـەکەی خـۆی، پێئەکـەنیو زەوقـی هەبوو .وتم:

"ـ هاوڕێ، زۆر کەیف خۆشی "!

وتی:

"ـ بەڵێ، ئەی ئێوە نازانن، ئێمە لە چ سەڵتەنەتێکداین؟"

هەواڵنامەی کتێب

وتم :

"ـ سەڵتەنەتی چی؟"

وتی:

"ـ کاکە، گۆشت لە سەر ئاگرە، حەمام داگیرساوە، عێراق روو لە شکانە، بەرگەی دوو شتیتری وا ناگرێو ئەڕوخێ، ئەی ئیتر لەم سەڵتەنەتە زیاتر چیتان ئەوێ؟ "

هەر ساڵی ١٩٨٢ بوو .راپەڕین سەری هەڵدا بوو. لە رانییەوە گەیشتبووە سلێمانی. کاتێکمان زانی دەنگوباس هات، کە شەهید قاسملۆ بەرەو ناوزەنگ دێت. بەڵێ وابوو. گەییشت. لە مەقەری (مام جەلال)ەوە دەنگێک بەرزبۆوە، لەتەقاندنەوەی قومبەلە ئەچوو. ئێمەش هەموو بە راکردن بەرەو رووی چووین. لەراستیدا وامانئەزانی ئەوە قومبەلەیەو کارەساتی لێئەبێتەوە. بەلام، خۆشبەختانە، پێشمەرگەکان بە دەنگی بەرز هاواریان کرد :

"ـ هیچ نییە، تەنها ئەوەبوو، بوتڵی غازی بچووکمان هەبوو، ئەو کات بۆ چا لێنانو چێشت گەرمکردنەوە لە ناو تونی حەمامدا بووەو بە هۆی ئاگرەکەوە تەقیوەتەوەو ئەو دەنگەی لێ درووست بووە ".

پاش رۆیشتنەوەی د .قاسملۆ، دەنگو باسو مقۆمقۆو گفتوگۆ کەوتە ناومانەوە. لەبەر ئەوە کاک نەوشیروان لە ناوەندی کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی سازکرد، بەئامادەبوونی مەلا بەختیارو فەرەیدون عەبدولقادرو هەموو کادێرە پێشکەوتووەکان. کاک نەوشیروان وتی :

" ـ لەو کاتەوەی قاسملۆ هاتووە، مقۆمقۆو گفتوگۆ کەوتۆتە ناوتانەوە. لەبەر ئەوە باسی ئەکەین. لە سەر تەختە رەشەکە نووسی: (گفتوگۆ). ئەگەر لەگەڵ حکومەت گفتوگۆ بکەین، بۆچی بیکەینو چۆن بیکەین؟ ئەگەر گفتوگۆ نەکەین، بۆچی نەیکەینو ئەی لە بریی ئەمەدا چی بکەین؟

ئەوەندەی من لە بیرم بێت، بەو دوو ئاڕاستەیە بوو. پاشان زۆر بە تێرو تەسەلی باسی لێوە کرا .هەموو لایەک قسە خۆی کرد.

لە کۆتاییدا کاک شێخ عەلی (خولە کەشکۆڵ) بە پێکەنینەوە وتی :

" ـ کاکە، ئەگەر گفتوگۆش نەبوو، هەوڵ بدەن شەڕ وەستانێک دروست بکەن، چونکە بە راستی ئێمە لە جەماوەرەوە دوورین، هیچ نەبێ، با کەمێک لێیان نزیک ببینەوەو لە نزیکەوە بۆچوونەکانمان بگەیەنینە خەڵکی ".

پاشان هەر بە پێکەنینەوە وتی :

" ـ ئێمەش خەریکە رۆیشتنمان بەسەر جادەی قیردا لەبیر ئەچێتەوە ".

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# (٢٦)

# لە ناخەوە

هەڵوێست گیان ..وەرە، دەستی منو دامانی تۆ. چەند وشەیەک هەیە با بیانچووێنم بە گوێتدا .نەکەیت لێم هەڵەکەیتو بە هەڵدێرمدا ببەیت، چونکە ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە بە هەموو لایەک تەگبیر بکەین. تۆ ئەو گۆڤارەیت لە ناو زەلکاوو گێژاوی ئەم جیهانەدا سەرت هەڵداوەو بۆ میللەتێک دەنووسیت، ئەوەتەی هەیە لەژێر باری ستەمو ئازارو ژاندا ئەناڵێنێ، هەموو دەوڵەتانی ئەم دونیایە پێیان چاک نییە لەژێر ئەم ئەشکەنجەیەدا ڕزگاری بێت، لەبەر ئەوەی وا دانراوە، بە ڕزگار بوونمان پارەو پوولو خۆشیی ئەوان لە دەست دەچێ. بیرت نەچێت، تۆ بۆ ئەو میللەتە دەنووسیت. هەر لە ئێستاوە، ئەگەر دەزانیت ناتوانیت تۆزێ لەو ئازارو ژانە هەڵگریتو کارێک بکەیت، هەر لێرەوە بکوژێرەوە. ئەگەر دەزانیت وشەو باسەکان خزمەت بەمیللەت ناکا، جێگایان مەکەرەوە. ئەگەر دەزانیت ئەو هۆنراوانە بڵاوناکەنەوە، کە پەتی سێدارەیان بۆ هەڵخراوە، حیکایەتی شیرینو فەرهاد زیندوو دەکەنەوە، پشکۆی سووریان پێوە نیێ. ئەگەر وشەکان تینوێتیی منداڵە ئاوارەکانی چۆڵو بیابانەکان ناشکێنێ، لە قوریانخە .ئەگەر دەزانی ژانی ئەو دایکە ناشکێنێ، کە لە ناو زیلی ڕاگواستندا منداڵی دەبێ،با کەس نەیبیستێ.. نامانەوێ. ئەگەر دەزانی لە بنی دەهۆڵی دڕاو دەدەن پەنجەکانیان، بشکێنن. ئەگەر دەزانی دەیانەوێت ئاگری بەیەکاچوونمان خۆشکەن، دەنگیان ببڕە. ئەگەر دەزانیت ناتوانن دادگای گەل بۆ زیندووو مردوو دابنێت، بە بێ بەزەیی لە سەر ڕاستی، ئێسکو پروسکیان تێکبشکێنن. هەر لە ئێستاوە حەبی خەو

هەیـە بیخـۆ، تازەمـانێکی دیکـە. ئەگـەر دەزانیـت ئاگـاداری پـیلان‌و داوو زەردەخەنەی درۆی دونیا نین پێیان، بڵێ بەداخەوە نامەکەتان نەخوێندرایەوە. ئەگەر دەزانیت ئاگاداری خەباتی نەپساوی ئێستاو رابردووی شۆڕشگێڕان نین، پێیان بڵێ بە دوای سەرچاوەدا بگەڕێن .ئەگەر دەزانیت تـەنها قسـەی زلـی لەباردایە، بڵێ وا چاکترە دەمت داخەی .ئەگەر دەزانیـت لـە خـۆی بـەولاوە کەسی بەدڵ نییە، پێیان بڵێ ترسنۆکی خۆپەرست. بەم جۆرە نەتەمەنت درێژ دەبێت‌و نە دەتوانیت بەردەوامی بە بـەری خـەباتی نەتەوایـەتیت لـە پێنـاو نیشتمانەکەتدا بدەیت. لە یادت نەچێ، ئەمڕۆ ئەوڕۆژەیە، کە کۆمەک بکەین. ئەمڕۆ ئەو رۆژەیـە لـە سـێ پارچـەی کوردسـتاندا کڵپـەی ئـاگری شـۆڕش خۆشکراوە. با نەترسانە بڵێین: ئـەی ئـەو کەسـانەی بـەزۆرخۆتان ئالاندۆتـە خەبات، دەست هەڵگرن، بۆ خاوەنە راستییەکانیان، ئەوان خۆیان دەزانن تامی ژان‌و ئازارو چەوسانەوە چییە. پێیان بڵێن، بـا دەسـت هـەڵگرن لـەوەی شا دەماری خوێنی شۆڕش با بەستەبێ بە رژێمە سەرکوتکارەکانی کورد .

هەڵوێست گیان ..ئـەمجارە دەیڵێمـەوە: نەکـەی بـە هەڵەمـدا بـەریت، چونکە گریـانی مـن بـۆ ئـەو رەش و رووتانەیـە، کـە سـووتەمەنیی هـەموو شۆڕشێکی ئازادی خوازن لە دونیا .ئەوانە هێزی لـەبن نـەهاتووی خـەباتو شۆڕشـن. ئـەوەتا لەبوونیانـەوە تـا سـەرکەوتنیان چـۆک دانـادەن‌و چۆکیـان بەدوژمن داداوە. هەرئەوانن خوێنیان لا هەرزانـە. هـەر ئـەوانن بـە راسـتی دەستیان تفەنگدایەو جێگای خواردن‌و خەوتنیان سەنگەرە. ئەوانـەن لەگـەڵ خاک‌و میللەتدا درۆ ناکەن. بە خوێنی خۆیان ئاگری شۆڕش خۆش ئەکـەن. تۆش لەم دوورەوە، لە شەقامی پان‌و بەرینی ئـەورووپاوە، هەڵوێسـت.. گیـان تەنها ئەو راستیانە بە خۆمان، بە هەموو خەڵکی دونیا بگەیەنە .

## (٢٧)

# ڕوونکردنەوەی مەسەلەیەک وەک حەقیقەتێک

کاتێک دەبینین کەسێک داهێنانێک دەکات، مانای ئەوەیە ئەو کەسە بواری بیرکردنەوەی بۆ ڕەخساوەو توانیوێتی بەرهەمێکی نوێ پێشکەش بە میللەتەکەی خۆی بکات. بەڵام کاتێک بیرۆکەیەک لە لایەن کەسێکەوە باس دەکرێتو کەسی دووەم هەلی بۆ دەرەخسێت ئەو بیرۆکەیە بکاتە پرۆژەی ماستەر نامەیەکو لەبواری زانستیدا بڕوانامەیەکی پێ وەربگرێت، ئەوا پێویستە، کەم تا زۆر، دوورو نزیک، بەراشکاوانە سەرچاوەی بیرۆکەکەو ئەو کەسەی دەستگیرۆیی کردووە، ناو بهێنرێت .

وێرای پیرۆزبایی گەرمم لە بەڕێز ساماڵ جەلال عومەر، کە ماستەری لەبواری (کارئەندامزانی- لەتۆوی برۆکلی)دا هێناوە . لێرەدا دەمەوێت خاڵێک روونبکەمەوە، دەربارەی ئەوەی بەڕێزیان هێمای داوە بەوەی گوایە، من تەنها (تۆوی برۆکلی)م داوەتێ، ئەویش جۆرێکە لە جۆرەکانی برۆکلی. لە راستیدا من لەوەوبەر بەرێزیم هەر نەناسیوە. پاش ئەوەی ماستەرنامەکەی بەدەست هێناوە، ئەوجا زانیومە، کە بەڕێزیان ناوی (ساماڵە) .

لە راستیدا ساڵی(١٩٩٤- ١٩٩٥) هەندێ تۆوی (برۆکلی)م لە وڵاتی بریتانیاوە بۆ کوردستان هێنا. وەک تاقیکردنەوە، هەموویانم لە باخەکەی مالی خۆمدا رواند. خۆشبەختانە، هاتە بەرهەم . پاشان تۆوەکەو بەرهەمەکەم هەڵگرتو بردم بۆ زانکۆی سلێمانی بۆ لای هەردوو بەڕێزان دکتۆر لاوچاک حسام الدینو مامۆستا نەوبەش عوسمان. داوای ئەوەم لێکردن پێکەوە هەوڵ بدەین جۆری تازەی ئەم تۆوە بهێنینە وڵاتەوە. دەبوایە بمانزانیایە، کە مەرج

نییە هەموو جۆرە تۆوێک سەرکەوتوو دەبێـت لە چاندنیـدا. کاتێـک بەرهەمـی (برۆکلی)یەکەم دانێ، زۆر دڵخۆش بوون.چونکە بۆیـان دەرکەوت، کە تـۆوی برۆکلی دەکرێت لە(کوردلاند )دا بەرهەم بهێنرێت، ئەمە ئەوە دەسـەلمێنێت، کە بۆ یەکەمجار من لە کوردلاند (تـۆوی برۆکلـی)م بەرهەمهێنـاوە. لێـرەوە تەنها من ئەوەندە خۆشحاڵ دەبووم، کەئەو بەرێزەی ماسـتەرنامەکەی هێنـابوو ئامـاژەی بە هەمـوو لایەنەکـانی ئەو کـارە بـدایەو هەر کەسـە حەقـی خـۆی وەربگرتـایە. سـەبارەت بەم نووسـینە، بە دوو دۆکۆمێنـت دەتـوانن زانیـاری زیاترتان دەستبکەوێت .

هەواڵنامەی کتێب

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی کشتوکاڵ

## کاریگەری کات وبارودۆخی چاندن و قرتاندنی لوتکە و بەکارهێنانی**IAA** و تۆخمی بوژۆن لە سەرگەشە کردن و بەرهەمی هەندێ چەشنی بروکۆلی (***Brassica oleracea*** **var. Italica Plenck**) لە پارێزگای سلێمانی

تێزێکە پێشکەش بە
کۆلێژی کشتوکاڵ - زانکۆی سلێمانی کراوە
وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەست هێنانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە
لە( باخداری – کارنەندامزانی سەوزە ) دا

لەلایەن
**سامال جلال عمر**
بەکالۆریۆس – باخداری 1976
ماستەر- کارنەندامزانی رووەک 1998

بە سەرپەرشتی
**پ.د. کریم صالح عبدول**

صفر / 1431　　بەفرانبار / 2709　　کانونی دووەم/ 2010

هەواڵنامەی کتێب

Kurdistan Regional Government –Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani
College of Agriculture

# EFFECTS OF PLANTING DATES, APICAL REMOVAL, IAA APPLICATION, BORON FERTILIZER AND GROWING CONDITIONS ON THE GROWTH AND YIELD OF SOME CULTIVARS OF BROCCOLI

## ( *Brassica oleracea* var. Italica Plenck )

## IN SULAIMANI GOVERNORATE

هەواڵنامەی کتێب

A DISSERTATION
SUBMITTED TO THE COLLEGE OF AGRICULTURE –
UNIVERSITY OF SULAIMANI IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE
REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF Ph.D. IN HORTICULTURE
(VEGETABLE PHYSIOLOGY)

BY

**Samal Jalal Omar**
B.Sc. in Horticulture 1976
M.Sc. in Plant Physiology 1998

SUPERVISED BY
**Professor Dr. Karim Salih Abdul**

January/ 2010 Bafranbar / 2709 Safar/ 1431

(٢٨)

# قل كردلاندا ولا تقول كردستان

## خالد القشطيني

قيل لي إن ما أكتبه في هذه الصحيفة يلقي شعبية وإستحسانا خاصا في كردستان العراق. وهذا ما حدا بالزميل ستران عبدالله رئيس تحرير صحيفة ((آسو)) الكردية الى تكليفي بكتابة مقالات خاصة بقراء صحيفته الموقرة ((آسو)). ولكنني مع الأسف كنت قد ألبت إخواننا الأكراد علي ً ً قبل سنوات وأثرت غيظهم ضدي بإنتقادهم على التركيز على تبني اللغة الكردية نظرا ً لإعتقادي بأنها ستعرقل نهوضهم وتزيد من مشاكلهم الدراسية والإبداعية. تصوروا إنني قلت ذلك من باب التعصب للعروبة وللغة العربية. يظهر أنهم لم يطلعوا على ما قلته في هذا الصدد. ولكن بعضهم على ما يبدوا تقلبوا كلامي وأخذوه تماما مأخذ الجد. سعوا الآن الى تبين اللغة الإنكليزية وإستعمالها بالمثابة اللغة الثانية لكردستان، وحشر اللغة العربية الى المرتبة الثالثة. لا أريد أن أدخل في هذه المناقشة والمنافسة بين اللغة العربية، لغة القرآن الكريم واللغة الإنكليزية، لغة الخواجة وليم شكسبير، أو كما كان يسميه أستاذنا الراحل صفاء خلوصي رحمه الله بالشيخ زبير، على إعتبار أنه كان أديبا ً عربيا ً إنتزعه الإنكليز منا.

الحقيقة أن بين شكسبير والشيخ زبير تقاربا كبيرا هو الذي أغرى أستاذنا صفاء خلوصي على هذا الطرح، وما لم يتقدم أخواننا الأكراد بشيء مشابه لذلک، مثلا كاكا شكبير، أو شكسبي آغا، فإن تبنيهم للغة الإنكليزية لن يقنع أحدا. نريد منهم أن يثبتوا للعالم أن هملت واحدا من شبان قلعةذزة، أو أن ماكبث كان من آغاوات شقلاوة وتآمر على شيخ حاجي عمران وقتله، فأطلق السكان إسمه على الناحية تخليدا لذكراه. ومن حكايته هذه إستوحى كاكا شكسبير مسرحيته الخالدة التي هربها الى إنكلترا في القرن السادس عشر ونشرها هناک خوفا ً من سرقة الك ًتاب ً العرب لها وإدعائهم بها. وهذا الحديث يجرني الى نقطة أخرى. طالما سيفضل أخواننا الأكراد، العفو أخواننا الكورد، ترجيح اللغة الإنكليزية على اللغة العربية، فأنا أعتقد أن الأجدى لهم أولا ً أن يغيروا إسمهم الفدرالي. فكردستان إسم شرقي يضعهم في مصاف باكستان وأفغانستان و تركمانستان وبلوجستان ونحو ذلک من الكستانات المتخلفة. عليهم أن يبادروا فوراً الى إقتباس إسم حضاري غربي يضعهم في أطار الحضارة الأوروبية، مثلا ً يقولون كوردلاندا ً على غرار سوتزرلاندا فنلاندا وبولاندا وهولاندا. وهذه تحويلة مهمة. فربما نجد عن قريب أن تركيا ستدخل الإتحاد الأوروبي عضوا ً فيه. وإذا ما تم ذلک فالمنطق يقتضي أن تلحق كوردلاندا تركيا في عضوية الإتحاد الأوروبي. وأعتقد أن الأوروبيين سيكونون أكثر حماسا ً لضم كورلاندا الى إتحادهم. فالأكراد لم يقوموا بإبادة الأرمن. بل بالعكس هم الذين تعرضوا للإبادة على يد عرب صدام حسين.

هەوراماني دێنێ

# خالید قشتینیو مەسەلەی کوردلاند

## وەڵامێکی لەبیرنەکراو

خالد قشتینی لە نووسینێکیدا باس لە زاراوەی کوردلانـد دەکـات..مـن دەمەوێت سەبارەت بە راکانی ئەو بەم جۆرە بدوێم .

کە خودای پەروەردگار لە مـاوەی شـەش رۆژو شـەودا لە ڕێـی نەفخـی سـورەوە ئاسـمانو زەوی دروسـتکرد، بیـری لەوە کردبـووە، کە نـاوی هەر پارچەیەک بە جیاواز لە پارچەکەیتر بنێت. تەنانەت ئەگەر بە درێژایی مێژووش چاوەڕوان بکرێت، ئەمەشی تەنها لەبەر ئەوە کردووە، کە خۆی چـاک مرۆڤـی ناسـیوە. لەبەرئەوەی دروسـتکاری خـۆیەتی. هەر لە سـەرەتاوە دەیزانـی چاوچنۆکیی مرۆڤ لەوە فراوانترە تەنها بە پارچەکەی خۆی قایل بێـتو ڕێـگە بدات مرۆڤەکانیتریش ئەو ئازادییەیان لێ زەوت نەکرێـت. دەیزانـی رۆژێـک دێت، جەنابی [خالید قەشتینی] گاڵتە بە کولتورو خـاکو ئـاوی نەتەوەکـانیتر دەکات. ئەگەر بە وردی سەیری مێژووی پێکهاتووی خاکو نەتەوەکەی خۆی بکردایە، نەیدەتوانی ئاوا بەرانبەر بەنەتەوەی کوردو خاکی کوردلاند، [بـێ....] بکات، ئەو پیاوە لەناوعەرەبدا بە قەڵەمێکی کراوە ناسراوە، هەروەکـو خۆیشـی ئاماژەی پێداوە کوردیش نووسینەکانی دەخوێننەوە، ئیتر بـۆچی ئـاوا لەخـۆی بایی دەبێتو دەکەوێتە ئامۆژگاری، ئێمەی لەبیـر دەچێـتەوە، ئەو زمـانەی ئەو ئاخـاوتنی پێـدەکاتو پێـی دەنوسـێت، هێشـتا نەیتوانیـوە، ئەم پیتـانە (پ..ژ..چ..گ..ڤ P-ZH-V-CH – )، کە لە پێکهاتەی هەردوو زمانی کوردیو ئینگلیزیدا هەن، چارەسەر بکات، دێت وەسـفی زمـانی قورئـانم بـۆ دەکات، دیارە ئاگاشی لەوە نیـیە، کە لە سـەرەتادا قورئـان بە زمـانی ئـارامی

(تدوین)کراوە، پاشان لە لایەن کەسانی وەکو (فەراهیدی)یەوە سەروبۆر بۆ زمانی عەرەبی دانراوەو لەسەر ئەو بناغەیە لە سەدەکانی (چوار- پێنج) بە دواوە، عەرەبی لەسەر رێنووسی نوێ دارێژراوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە کتێبی (تأریخ القرآن، لە نووسینی THEODOR NULDKE ) .بۆ ئەم روونکردنەوەیە، دیارە خالیدو نووسەرانیتری عەرەب، لەبەر شۆفێنییەتی خۆیان، ئاگایان لەوەنییە، کە ماف نادرێت بەڵکو دەسێنرێت، جەنابیان لەبری ئەوەی دێن رەخنە ئاراستەی نەتەوەیەکی داماوی وەک کورد بکەن‌و ئیرەیی بەوە بەرن، کە ئێمە مافی رەوای خۆمانە چ ناوێک (کوردلاند)، یاخود مەبەستی ئێمە چییە، لە ناوەکەی خۆمان بنێین‌و پێویست ناکات ئەو ورێنەکانی لەسەر ئێمە خاڵی بکاتەوە .

ئەوەی گەشتێک بە ناوچەی کوردستانی باشووردا بکات، بۆی روون‌دەبێتەوە، ئەگەر بهاتبایەو رژێمە سەرکوتکارە یەک لە دوای یەکەکانی دەسەلاتدارانی عیراق نەبوونایە، زۆر بە جوانی دەمانتوانی خاکی ولاتەکەمان لەمەی ئێستا هەیە بەرەوپێشتر ببردایە. کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، مافی ژیانی هەیە لە ژێر رکێفی شۆفێنییەتی عەرەبدا. لێرەدا ئێمە دەڵێین مافی خۆمانە چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین‌و ولاتی کوردلاند بکەینە سنووری نێوانمان، چونکە هەمووان دەزانن، کە پێش ئێمەش چەندان ولات‌و نەتەوەیتر هەن، کە بە بێ گەڕانەوە بۆ لایەنی‌تر ناوی ولاتەکەیان گۆڕیوەو پرسیشیان بە کەس نەکردووە. ئایا بۆچی ئێوە بۆتان هەبێت، بیستو سێ دەوڵەتی عەرەبی ئایدیۆلۆجیا جیاوازو هەر دەوڵەتەی نۆکەری ولاتێکی گەورەی دونیایە، کە تەنها خودای گەورە دەیزانێت بە چەند زمانی بیانی دەئاخەفن؟ تۆش بە مجۆرە بێباکانە هێرش دەکەیتە سەر کوردو بە رەوای نابینیت، تەنها ناوێکیش، کە کەس بۆی نییە، لێپێچینەوەی لەسەر بکات. دەبوایە ئەوەت لە بەرچاو بگرتایە، کە ئادەی بزانین رۆژێک لە رۆژان کورد

هەوالنامەو کتێب

هاتبێت پارچەیەک لە خاکەکەی ئێوەی بە موڵکی خۆی زانیبێت، کردوتانە بە فەرتەنە. ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان، بیرت لەوە نەکردۆتەوە، کە یاریکردن بە هەستو سۆزی نەتەوەیەک پەتەکەی کورتە؟ جەنابتان بە کام بیرو فەلسەفەوە، بە کام فەیلەسوفو بیریارەوە شانازی دەکەن؟ کەسێکی ناوداری وەکو شاعیری گەورەی ئینگلیز (شکسپیر)، بخەنە بۆتەقەی مشتومڕە بێ پێزەکەتانەوە. پاشان ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە، کە دەروازەیەک بۆ خۆمان دیاری بکەین، تا بتوانین لەو ڕێیەوە، ئازادییەکی زیاتری بۆ نەتەوەکەمان پێ بە دەست بهێنین، یاخود هەر، کە ناوی ئازادیو مافی نەتەوەیی هاتە گۆڕێ، ئیتر ئێوەی عەرەب، ناوی کوردلاند، کە ئەمجارەش دەیڵێمەوە بە ڕەوا دەزانم بۆ ناسنامەی وڵاتەکەم، ترسی ئەوەتان لێدەنیشێت، کاروانی پێشکەوتن داتان پۆشێتو بیری تەسکی کۆنەپەرستی ئایینی خۆتان ئەو نەتەوە کۆیلەو ژێر دەستانەتان،

لێ ڕاپەڕێنێت. پاشان ئێمە بە دوای ئەوەدا وێڵ نین. هەتا خۆمان بە کەسیتردا هەڵواسین. ئەگەر ئێوە وازمان لێبێنن، ئێمە خۆمان دەتوانین چارەنوسی خۆمان دیاری بکەین، یاخود دەتانەوێ، ئەو تۆڵەیەی، کە لە ڕۆژئاواتان بۆ ناکرێتەوە، ئێمەی پێ لە ناو بەرن. لەمەشدا ئێمە نایەین داوا لە ئێوە بکەین تاداواکارییەکانمان پەسەند بکەن، بەڵکو هەوڵدەدەین بە هەموو دونیای ڕابگەیەنین، کە ناوی (کوردلاند- KURDLAND )، لە ئەمڕۆی ئێمەدا باشترە لە وشەی (کوردستان)، کە هەڵبەت تۆ بەوەش قاڵس دەبیت .

نابێت ئەوەشت لە بیر بچێت، کە ئێمەی کورد کەسانی وامان تێدایە، کە زمانی عەرەبییەکەی تۆ. لە تۆ باشتر دەزانێت، هەر لەبەر ئەوە، ئاساییە زمانێک، یاخود چەند زمانێکیتری جگە لە عەرەبی(تورکی، ئەڵمانی، فارسی.. هتد) هەڵبژێرین. ئەمەش تەنها بۆ ناسینی زیاتری کولتوری ئەو زمانانەیەو هیچیتر، چونکە لەزمانی عەرەبی تێر بووین، دەزانین بایی چەندە.

لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیاو شۆڕشی زانیارییەدا ئاساییە کارێکی لەوجۆرە بکرێت. دوا ئاماژەشم ئەوەیە، کە بەڕێزتان دەبوایە لە بریی ئەوەی ئەمجۆرە هەنگاوانەتان بەدڵ بوایەو بۆ نەتەوەکەت روون بکردایەتەوە، کە ئاساییە کارێکی لەو جۆرە بکرێت، نەوەکو هەڵچوونەکانت بە وتارێکی رەقی تەنز ئامێز پڕ لەتوانجو لوغز بکەیتە دیاری بۆ ئەم نەتەوەیە.

هەر لەم سۆنگەیەوە بەباشی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە بەپێی ئەم لیستەی خوارەوە ناوی ئەو ووڵات و نەتەوانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گۆڕاون ئاشنا بکەم: ناوی ئەو ووڵاتانەی کە لە کاتی جیاوازدا، هەروەها بەهۆی جیاوازەوە، ناوەکانیان گۆڕاوە:

١. هۆڵەندای نوێ ... ئوستralia {پێش دۆزینەوەی بریتانیا.}
٢. رۆژهەڵاتی پاکستان { رۆژهەڵاتی بەنگال}.. بەنگلادیش ١٩٧١.
٣. بیلاروسیا { روسیای سپی}... بیلاروس ١٩٩١.
٤. هیندۆراسی بریتانی ... بلیز {١٩٧٣}.
٥. داهۆمی ... بنین {١٩٧٥}.
٦. بیشوانالاند... بۆتسوانا {١٩٦٦}.
٧. ڤۆڵتای سەروو... بۆرکینا فاسۆ {١٩٨٤}ز.
٨. کۆماری خەمیر... کەمپۆتشیا{ ١٩٧٥}... کەمبۆدیا { ١٩٩١}.
٩. ئوبانگی شەرعی... کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست {١٩٥٨}، ئیمپراتۆریەتی
١٠. ئەفریقیای ناوەڕاست {١٩٧٦}، کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست { ١٩٧٩}.
١١. غەرناتەی نوێ... کۆڵۆمبیا { ١٨١٩}.
١٢. کۆنگۆی ناوەڕاست... کۆماری کۆنگۆ.
١٣. کۆنگۆی بەلجیکی... کۆماری کۆنگۆ {١٩٦٠}، کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ{ ١٩٦٤}, زائییر{ ١٩٧١}، کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ { ١٩٩٧}.
١٤. بۆهیمیا... چیکۆسلۆڤاکیا{ ١٩١٨}، کۆماری چیک{ ١٩٩٣}.
١٥. سۆماڵی فرەنسی ... هەرێمی غفارۆ عیسییەکان {١٩٦٧}، جیبۆتی { ١٩٧٧}.
١٦. تەیموری پورتوگالی... رۆژهەڵاتی{ ١٩٧٥}،تەیموری لیتشی (٢٠٠٢ ).

١٧. گینیای ئیسپانی ... گینیای ئیستیوائی { ١٩٦٨ }.

١٨. حەبەشە ... ئەسیوبیا.

١٩. گۆڵد کۆست .. غانا { ١٩٥٧ }.

٢٠. گینیای پورتوگالی ..، گینیای بیساو { ١٩٧٩ }.

٢١. گینیای بریتانی ... گینیا { ١٩٦٦ }.

٢٢. هیندی رۆژهەڵاتی هۆڵەندی ... ئەندەنوسیا { ١٩٤٥}.

٢٣. وڵاتی فارس ... ئێران { ١٩٣٥}.

٢٤. دەوڵەتی ئێرلەندی ئازاد ... کۆماری ئێرلەندا { ١٩٣٧ }.

٢٥. میرنشینی رۆژهەڵاتی ئوردون ... ئوردون { ١٩٤٦}.

٢٦. دورگەکانی جێلبیرت ... کیریباتی { ١٩٧٩}.

٢٧. باسوتولاند ... لیسۆتۆ{ ١٩٦٦}.

٢٨. نیسالاند ... مالاوی { ١٩٦٤}.

٢٩. سودانی فرەنسی ... مالی { ١٩٦٠ }.

٣٠. ئیسپانیای نوێ ... مەکسیک { ١٨٢١}.

٣١. ئەفریقیای باشوری خۆرئاوا... نامیبیا { ١٩٩٠}.

٣٢. ساموای رۆژئاوا... ساموا{ ١٩٩٧}.

٣٣. کۆماری فیدرالی یوغسلافیا... صربیا و مۆنینیگرۆ{ ٢٠٠٣}.

٣٤. تیماسیک ... سەنگافورە

٣٥. سیلان ... سیریلانکا{ ١٩٧٢}.

٣٦. گینیای هۆڵەندی ... سوریناm { ١٩٧٥}.

٣٧. سیام ... تایلاند{ ١٩٤٩}.

٣٨. تۆگۆلاندی فرەنسی ... تۆگۆ{ ١٩٦٠}.

٣٩. دورگەکانی ئەلیس ... تۆڤالۆ{١٩٧٨}.

٤٠. هیبرایدی نوێ ... ڤانواتو { ١٩٨٠}.

٤١. بیابانی ئیسپانی... بیابانی رۆژئاوایی.مەملەکەتی صرب و کروات و سلۆڤینییەکان یوکسلافیا { ١٩٢٩ }.

٤٢. رۆدیسیای باکور... زامبیا {١٩٦٤}.

٤٣. ڕۆدیسیای...باشور...ڕۆدیسیا{١٩٦٥}...ڕۆدیسیای زیمبابۆی{١٩٧٩}... زیمبـابۆی {١٩٨٠}.

نەتەوایەتییە لاوەکییەکان

١. دەوڵەتی ئازادی ئۆرەنج... دەوڵەتی ئازاد{١٩٩٥}.

٢. ناتال ... کوازولو ناتال {١٩٩٤}.

٣. باکوری ترانسڤال...پارێزگای باکور { ١٩٩٥}... لیمپۆپۆ{ ٢٠٠٣}.

٤. باشوری ترانسڤال... مبومالانجا{١٩٩٥}.

٥. چیەلی ... خبی {١٩٢٨}.

٦. پۆندیشیری ... پەندەشیری {٢٠٠٦}.

٧. بۆرینۆی باکور ... ساباه {١٩٦٣}.

٨. سنوری باکوری ڕۆژئاوا ... خەیبەر پاختونخوا {٢٠١٠}.

٩. ڤان دیمین لاند ... تاسمانیا { ١٨٥٦}.

هەواڵنامەی کتێب

## (٢٩)

# السليمانية واحد ، إثنين، ثلاثة، اربعة..[٤٣]

كان اليابانيون يجلبون النماذج الغربية ويحاولون تقليدها، وهكذا تطوروا، وكان تقليدهم كثيرا ما يتقدم على النموذج الحقيقي... وأخذوا من الحضارة الغربية ما ينسجم مجتمعهم.

حيث تطورت التكنولوجيا بشكل هائل عندهم مع الحفاظ على العلاقات الإجتماعة اليابانية الأصيلة، رغم التغيير الكبير في البنية الفوقية، واليوم إذ يفرض مفهوم العولمة هيبته على العالم محولا العالم الى القرية الصغيرة ... علينا نحن الكرد الإستفادة من ضيق المسافات و سعة الفرص وذلک عن طريق تطبيق الأساليب والنظم العلمية المتقدمة التي توصلت إليها الدول الغربية والعالم المتقدم، شرط أن لا تخالف ثوابتنا المقدسة وقيمنا القومية، كما من الضروري الإنتباه الى أن لا نجعل وطننا حقلا لتجارب فاشلة لا تناسب نحن الكرد.

السيد آزاد کاک مصطفى واحد من أبناء كوردستان العائد من أوروبا حمل معه مثل الكثيرين أفكارا وتصورات من أجل خدمة كوردستان (كوردلاند) وهو الآن عضو مكتب العلاقات الخارجية للإتحاد الوطني الكوردستاني..جاء السيد آزاد بفكرة الترقيم .. وحول ترقيم المدن والقصبات يقول السيد آزاد:

---

[٤٣] جريدة الإتحاد، العدد ٣٥٣، السنة الثامنة، الجمعة، ١٤-١-٢٠٠٠.

-أن فكرتي هذه ليست إبداعا ً أو إبتكارا ً أو إكتشافا ً جديدا ً، إنما هي إجراء متبع في العالم المتقدم والمتحضر ، فحين يعود الرجل الى عائلته يجب أن يحمل معه هدية جميلة ، وأنا أ َر َد َت ً أن أحمل هذه الهدية الى وطني حال عودتي، وقد تغير الصراع في العالم ، فتحو ً ل ً الحرب من الساحات القتال الى الميادين العلمية، حيث إستطاعت اليابان أن تنتصر على أمريكا في المجال الصناعي دون أن تنتج الصواريخ ، فقد لفت إنتباهي مسألة الترقيم حيث فيها تسهيل لأمور الناس وهي محاولة في طريق الحضارة.. وعند عودتي الى السليمانية في عام ١٩٩٤ مكان السيد نوروز مديرا ً لبلدية السليمانية، طرحت عليه الفكرة ، فإستساغها وإقترحت تشكيل لجنة في هذا الإتجاه ، رغم إنني لا أعرف المسائل العلمية فيها إلا أنني كنت قد إستدعيت الكثير حول مسألة الترقيم، سألت الكثيرين بهذا الخصوص ، كما كنت أ ُلاحظ كل صغيرة وكبيرة لأتمكن من تنفيذ الفكرة عند عودتي والتحدث عنها، تشكلت اللجنة وتم تقسيم خريطة السليمانية الى أربع مناطق وتم ترقيم كل منطقة بـ (١-٢-٣-٤) ، وداخل كل منطقة كانت هناك الأحياء وحددت أبعاد كل منها وبقيت ً أسماء الأحياء القديمة كما هي مثل (جولەکان – سەرشقام – مەڵکەندی – چوارباغ)، وتم تثبيتها داخل الخريطة وبعد ذلك تم إختيار بعض الأسماء بالتنسيق مع السادة (نوری وەشتی و حسن حسێن) وآخرين للشوارع الرئيسية كما حضر رؤساء الدوائر الرئيسية في المدينة مثل: دائرة الأحصاء والمرور ودائرة التسجيل العقاري والكهرباء والماء... كما تم ترقيم هذه الشوارع،

هەواڵنامەی عێنێر

مثلاً : الشارع رقم واحد والأحياء تبدأ من (١٠١) أما (١٠٢) فهو حي ً آخر وهكذا... مثلا ً عندما تقول المقاطعة الثانية أي(٢٠١-٢٠٣-٢٠٤ ) وهكذا لكل حي رقمه ثم يتغير بعض الأسماء الشاذة مثل(ئەمنە سورەکە – دارە سوتاوەکە – زیلە سوتاوەکە)، أما الأسماء التراثية للأحياء القديمة فهي تبقى على حالها.. لقد تم إنتهاء من عدة مراحل تخطيطية عام ١٩٩٥، وتمت موافقة المجلس البلدي عليها .. بعد ذلک سافرت وعدت، وكانت المسألة قد توقفت العمل بها، إتصلت بأخوة المسؤولين لكنهم كانوا يقولون بأن تنفيذها يحتاج الى تمويل ضخم وماشابه ذلک وبعد مجيء الأستاذ (نوشيروان مصطفى) فاتحته، ففاتح بدوره السيد حاكم قادر محافظ السليمانية، وأكد على أهمية النظام الترقيم فتم العمل بها.

*ومتى تم العمل الفعلي على أرض الواقع؟

- بدأنا مع السيد آسو إسماعيل مدير البلدية والأستاذ سرور المدير الفني وإخترنا لون لوحات الترقيم وهو اللون البرتقالي ويكتب عليها باللون الأبيض ثم تحديد أبعادها أيضا ً.. كما تمت تسمية الأزقة، وأود أن أوضح بأنه لكل زقاق إسمه... ربما تتكرر الأسماء أيضا ً في المقاطعات الأخرى ويعتبر الترقيم بمثابة عنوان أيضا ً، وهو مسألة حضارية. تخلصنا من التقاليد القديمة في مسألة العنوان مثل بيت فلان، يقع قرب دائرة الفلانية حيث سيكون بإستطاعة المواطن العثور على أي بيت أو عنوان بواسطة هذا الترقيم...مثلا ً سيكون عنوان( السليمانية - رقم ٤ - حي آزاد- زقاق آشتي- ٢٣) في الوقت الحاضر هناك عدة

هەواڵنامەی کتێب

ترقيمات، مثلاً : ترقيم دائرة التسجيل العقاري، ترقيم البلدية، ترقيم دائرة الأحصاء والكهرباء والماء والتلفونات الخ.

هناك عدة ترقيمات لبيت أو عقار واحد فإذا تم تنفيذ هذا المشروع فسوف نستغني عن كل الأرقام الأخرى، وقد تمت المباشرة بالعمل في١٣/ ١١/ ١٩٩٩، من محلة (آشتي- عقاري سابقاً) وفق النظم العلمية المتبعة في العالم وسوف يتم طبع هذا الترقيم في كراس يستطيع كل مواطن الإستفادة منه ويمكن بواسطة هذا الترقيم وإستخدام الكراس أن يعرف المرء موقعه في مدينة السليمانية، أن فوائد هذا الترقيم كثيرة جداً ويشمل عدة مجالات حيوية.

هەواڵنامەی کتێب

## (٣٠)

# قاورمەی گۆشت[٤٤]

میللەتانی دونیا هەریەکەیان بەپێی زەوق و ئارەزووی خۆیان کۆمەڵێ شتی نەریتییان هەیە کە تایبەتە بەخۆیان، وەک: جلوبەرگ- یادی نەتەوەیی- ئایینی- کۆمەڵایەتی- ژنهێنان وخواردەمەنی... تاد.

جاری واهەیە مەرج نییە لەهەندێ شتی نەرێتیدا میللەتەکە وەک یەک وابێ.. زۆرجار لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر شتەکان جیاوازن، بەهەرحاڵ من لێرەدا ئەمەوێت باس لەدروستکردنی خواردنێک بکەم کە پێی ئەوترێ "قاورمەی گۆشت"، هەروەکو دەزانین، قاورمەیەکی تریش هەیە لە نۆک دروستدەکرێت، ئەمەی دووەم، بەسەرپێییەوە لەگەڵ کەوەر وپیاز وئاڵەتدا ئەخورێ، بەڵام قاورمەی گۆشت جیاوازە. من بۆخۆم نەوسنم.. دیارە جیاوازی هەیە لەنێوان نەوسن و چڵێسدا. نەوسن حەزی لەخواردنی خۆش وڕازاوە وناوازەیە.. بەڵام چڵێس گوێ ناداتێ هەموو شتێک ئەخوات.. بێگوێدانە "تام، ڕەنگ، بۆن"، ڕەنگە شتیتریش زۆربن بتوانێت بیخوات کە نەوسن لەوانەیە هەر گوێشی پێنەدات.

---

[٤٤] گۆڤاری سلێمانی، ژمارە١٢٧، کانونی دووەمی ٢٠١٢، ل١٨-١٩.

هەربۆیە لەماڵی خۆماندا بـەووردی چـاودێری دروسـتکردنی قاورمـەی گۆشتم کردووە، لەڕاستیدا زۆر ئاگـاداری ئـەوەنیم کـە ئایـا لـەناو میللـەتانی تریشدا قاورمەی گۆشت هەیە یان..نا، بەهەرحاڵ، ئێمە باس لـە خواردنێـک ئەکەین کە هەمووومان پێی ئاشناین.

سـەردەمانی زوو کەشـوهەوا وەک ئێسـتا نـەبوو، وەرزی زسـتان زۆر ساردبووە، گوێسوانەکان چلورە ئاسا بەدرێژییەکی زۆر ئەیبەسـت، هـاتوچۆ زۆر کەمئەبۆوە، بەتایبەتی نێوان لادێ وشار، بەهۆی نەبوونی ئامێری هـەڵگرتنی خواردن وەک سەلاجە، بیر لـەڕێگا چارەیـەک کراوەتـەوە کـە بتوانێـت لـەو وەرزەدا خواردن هەڵگرن.. بەتایبەتی گۆشت.

لەلایەکی تریشەوە سەربڕینی مەڕوماڵات بەهۆی نەبوونی ئالیکی تەواو بۆیان کەم ئەبۆوە، بەرلەهاتنی وەرزی زستان خـەڵکی ئەکەوتنـە هـەڵگرتنی زەخیرە، یەکێک لەو خواردنانە "گۆشتی قاورەمە"بوو.

قاورمـەی گۆشـت بەشـێوەیەکی تایبـەت دروسـتئەکرێ وهەڵئـەگیرێ، پاشان بەشێوەیەکی جیاواز بەکارئەهێنرێ و ئەخورێت.

من هەموو ساڵێک بەحەسرەتەوە چـاوەڕوانی ئـەو ڕۆژەم ئـەکرد.. کـە قاورمەی گۆشتی تێدا ئەکرێت. هەرخێزانە و بەپێی توانای خۆی ئەو کـارەی ئەنجام ئەدا، ئەمە بەگۆشتی دابەسـتە ئـەکرا، دابەسـتە مەبەسـت لـەوە ئـەو مـەڕ و ماڵاتانـەی بـۆ ئـەو مەبەسـتە دائـەنرا.. ئەبوایـە لەشـوێنێکدا یـان تەویلەیەکـدا ببەسـترایەتەوە تاکـاتی سـەربڕینەکەی ئـەهات، ئـالیکی زۆر و

هەمەجۆرەی پێئەدرا وکەمتر ئازادئەکرا و ئەچووە دەرەوە، ئەبوایە پێش ئەوەی بۆ سەربڕین ئامادەبکرێت چەند ژەمێک خوێی بدرایەتێ بۆئەوەی تامی گۆشتەکەی خۆشتر بێت.

لەبەرئەوەی باوکم خانی هەبوو.. خانەکەی غەفورئاغا بەکرێ بەدەست باوکمەوە بوو.. باوک هەڵدەسا بەکڕینی چەند سەر بەرخ و کار وگوێرەکە، بۆ بزنیش.. باوکم زیاتر بزنی مەرەزەی بەلاوە پەسەندبوو، لەقەبارەدا گەورەتربوو مووەکەی درێژبوو، لەوەش ئەچوو گۆشتەکەی لەچاو بزنەکانی تردا خۆشتربوبێت. ئەمانە هەمووی لەناو خانەکەدا بەخێوئەکران، هەمو جۆرە ئالیکێکی پێئەدرا، وەک کەلادار- توێکڵە شوتی- کاڵەک و هەموو میوەکانی تر، ئەمە بێجگەلە کا وجۆ، ئەو جۆرە ئالیکە تاموچێژێکی تایبەت ئەدات بە گۆشتەکە، ئەمە ئەکرا تا ئەوکاتەی بۆ سەربڕین ئامادە ئەکرا، بەهەمان شێوە قەسابەکانیش کۆمەڵێ مەڕومالاتیان دائەبەست.. ئەوان بۆ سەربڕین وفرۆشتن.. کاتێک ئەبران بۆ سەربڕین بەرخ ئەبوو بە شەک- کار ئەبووە بزن- گوێرەکە ئەبووە پارێن. وەک ووتم ئەو رۆژەم زۆر لاخۆشبوو، ئەو رۆژەی کە قەساب ئەهات و ئەکەوتە سەربڕین، "مقەلێ- شیش" بۆ لێدانی جگەر ودڵ و گورچیلە، خێزان و خزمان هەموو لە ماڵێکدا بەیەکدا دێن، ئیتر ئەکەوتنە برژاندن، بۆ ئێوارە.." کاک ئیسماعیل- ی قەساب" بەخۆی و چەقۆی تیژکراوییەوە بەمەسەکەی" مەسە: ئەو پارچە ئاسنەیە کە بۆ چەقۆ تیژکردنەوە دروستکراوە". "کاک ئیسماعیلی کۆچکردوو"لەسەرەوەی ژوورەکە دائەنیشت، سفرەیەکی گەورەی لەبەردەمدایە و کەلاکەکان لەلایەکییەوە

هەلدراونەتەوە وتەختەیەکی سەرگۆشتیش بۆئەوەی گۆشتەکانی لەسەر چاک بکات، مقەڵییەکە پڕە لە خەڵووز.. باوکم لەولاوە ئێمەش بەدەوریدا، دیارە پارچە پارچەکردنی گۆشتەکە ئەبێت قەساب لەم کاتەدا لێزان بێت، هەموومان ئازاد بووین لەوەی بەدڵی خۆمان چ جۆرێکمان پێخۆشە.. ئەوە بکەین بەشیشەوە..ئەبرژێت و ئەخورێت..گەورە و بچوک شیشی بەدەستەوەیە..شەڕی فڕکان فڕکانی گۆشت لەنێوانماندا نەما..باوکی کۆچکردووم لەهەموومان زیاتر حەزی لەم بەزمەبوو..بەتایبەتی کە قەرەباڵغی خۆمان وخزمان، ئەوەی لێرەدا زۆر زەرەرمەندبوو، خوالێخۆشبووی دایکم بوو، لەهەمان کاتیشدا دڵخۆشبوو.. ئەو شەوەی ئەخایاند..تا تەواو ئەبوو، ئەو گۆشتە پلپلکراوانە..هەموو خوێیەکی باشی پێوەئەکرا ئەخرایە سەر پلاوپاڵێو، ئەمە لەلاسکی درخەت دروستکرابوو، خوێ و هەڵخستنی گۆشتەکە ئەبووە هۆی ئەوەی تامی خوێ و گۆشتەکە تێکەڵ بن، خوێش بۆ زیاتر بەرگەگرتن لەخراپبوون.. لەهەمان کاتدا ئاو لەناو گۆشتەکەدا نەئەما..ئەوەش بوو کاتێک کە سوور ئەکرایەوە..زیاتر یارمەتی ئەدا، بۆ بەیانی زوو تەشتێکی گەورەی بریقەداری مس ئەخرایە سەر ئاگر.. دایکیشم بەجلی کوردییەوە.. سەرپۆشێکی پاکی سپی.. قۆڵەکانی لێهەڵماڵیبوو، لەپێشدا دووگە پلپلکراوەکە سوورئەکرایەوە..تا ئەگەییشتە ئەوەی چوراپی تێدا نەئەما وئەوەی ئەمایەوە پێئەوترا "چزڵیک"، ئەوەش لەپاشدا لەگەڵ هەویردا تێکەڵ ئەکرا و کولێرەی لێدروستئەکرا.. پێی ئەوترا کولێرە بە چزڵیک، ئەویش تامێکی خۆش و تایبەتی هەبوو، پاشان پلە گۆشتەکان لەناو رۆناوی دوگەکەوە سوورئەکرایەوە، پەیتا پەیتا بە کەوگیر ئەخولێنرایەوە، بەڵام ئەبوایە ئاگرەکەی کزبووایە،

هەولێرنامەی کتێب

لەبەرئەوە تەنها دیوی دەرەوەی گۆشتەکە ئەو کزییەی بەرئەکەوت ئەمەش زۆری پێئەچوو، بەڵام سووربوونەوەکە ئەچووە ناوەوەی گۆشتەکە.

لەپاشدا بۆ دڵنیایی پلێک لەتئەکرا بۆئەوەی سەیری ناوەوەی بکرێت سوورایی تێدا نەبێت، چونکە ئەگەر سوورایی تێدا بمایە لەداهاتوودا ئەبووە هۆی خراپبوونی.. پاش ئەوەی کە ئەم کارە تەواو ئەبوو.. گۆشتەکە ئەکرایە ناو گۆزە و دیزەوە، دیارە ئەو گۆزەیەش لە گڵدراوستکرابوو، بە دیزاینی خۆی و لە ڕووی جوانی وکارئاسانی بۆ هەڵگرتنی.

پاشان ڕۆنەکە ئەکرا بەسەریدا تا گۆشتەکە بەتەواوی نقوم ئەبوو دیارە لەلایەک سوورکردنەوە و خوییەکی باش پاشان داپۆشینی بەڕۆن ئەمانە هەموو یارمەتیدەربوو بۆ پاراستنی گۆشتەکە لەخراپبوونی، هەربۆیە ئەتوانرا بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە. بەمە لەڕۆژانی سەختی زستاندا بەپێی پێویست لێی دەرئەهێنرا و بۆ ناو چێشت و لێی ئەخورا، لەڕاستیدا تاموچێژێکی تایبەتی خۆی هەبوو، دیارە ئێستا زۆر کەمبۆتەوە.. بەڵام ئەگەر بکرێت قاورمەی گۆشت، وەک هەموو شتەکانی تر بکرێت بۆ فرۆشتن.. ڕەنگە باش بێت.

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## (٣١)

## ئازادی کاک مستەفا وای بۆ دەنوسێت..

نەوشیروان مستەفا ئەمین..

وەرەوە

ئەی ئەو کەسەی ئەتپەرستین و لێمان دووری

تۆ خودا نیت

پێغەمبەریش نیت

لەهەر شوێنێک بیت

پەیامەکەتمان بۆ بنێریت

تۆ ڕابەریت

تۆ سوارەی ناو سەنگەر boooyt

تۆ بێباک و خۆشەویست بوویت

هەواڵنامەی کتێب

تۆ ڕابەری خەباتمان بوویت

خەباتی دوور..

دڵت ئێستا چۆن ئەهێنێ

ئەم هەمووانە بەجێهێڵی

جێهێشتنت..

ڕەوە ئاسکی لاوانی

شارەکەتی بەرەو لای

تۆ هێناوە

دە-وەرەوە.. دە-وەرەوە

وەرەوە

منداڵەکان

ڕۆشنبیر و

هەواڵنامەی کتێب

خوێنگەرمەکان

ئەوانەی پەروەردەی تۆن

هەموو ئێستا بێ نەوان

بێ ڕابەرن

دە-وەرەوە.. دە-وەرەوە

تۆ نازانیت

کۆڵانەکانی.. ئەم شارە

شەقامەکان.. گەڕەکەکان

قوتابخانە و مزگەوتەکان

ماڵ بەماڵی هەژارەکان

بێپشتیوان و برسییەکان

داوات ئەکەن

هەواڵنامەی کتێب

## دە-وەررەوە.. دە-وەرەوە

تۆ سەروەر و ڕابەرمان بە

وەکو جاران

ئەمجارەیان

ئاهەکانمان .. زۆر گەورەیە

زامەکانمان بەسوێیە

بەبێ تۆیە

تۆ نازانیت شیوی قازی

بەرگی پرسەی بۆ پۆشیوی

تۆ نازانیت.. ئا ئەم شارە؟

بە نەبوونت.. چەند غەمبارە!

دە-وەرەوە.. دە-وەرەوە

هەواڵنامەی کتێب

با ئەمجارە ئاهونزولەی

ئەم وڵاتە، بەسەر تۆدا نەتلێتەوە

دە-وەرەوە.. دە-وەرەوە

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# زمانی زارەکی و زمانی نوسین[٤٥]

بۆ ئەوەی زمان رایبگەیەنێت کە تێبگەین زمانی مرۆ چییە؟ دەکرێت پێش هەموو شتێک ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکەین لێتوێژینەوە بۆ بکەین. خەڵکی پێش ئەوەی بنوسن و بخوێننەوە قسە بە چی دەکەن.. زۆر هەن لە جیهاندا نە خوێندنەوەیان ڕاست و ڕەوانە و نە نوسینیشیان تەندروستە.. میللەتان زۆرن.. قسەشیان هەیە، کەچی خاوەنی سیستمی نوسین نین! پەیڕەوکردنی فەلسەفەی نوسین ئەو مانایە بە نوسینەکە دەبەخشێت کە کردەییانە، کاریگەری ئەرێنی لەسەر پرسە ناوەڕۆکدارەکەی نوسین بەجێ بهێڵێت، نوسین خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی پەیام گەیاندنە بۆ ئاوەزی خەڵک، ئەو خەڵکەی تامەزۆری نوسین هەمان چێژی بابەتییانەی لا دروست دەکات.. ئاماژە بۆ نوسینێک.باسکردنی ئەو نوسینە لەسەر ڕاوەستانی مانای گرنگی نوسینەکە دەردەخات، چییە وا لە نوسەرێک دەکات، بایەخی نوسینەکەی پێگەی دیار و پێوەری باڵای بۆ بەرهەم بهێنێت، تەنها گرێی نوسین دەتوانێت ناواخنی بەپێزیی نوسینەکە بکاتە ئاماژەی لەسەر وەستان بۆ نوسینەکە بیرۆکەیەک لەناو خودی نوسینەکەدا ئاوێتەیەکی فرە ڕەهەند حەشار دەدات.. هەر ناخی نوسینە دەرهێنەر ڕام دەکات و فیلمێک دەکاتە بەرهەمێکی شانۆیی- ڕووداوێک دەژێنێتەوە و کارەکتەرێک دەناسێنێت و زەمەنێک داگیر دەکات و شوێنێک دەکاتە گۆڕەپانی جوڵاو.. بیرەوەری و دەرخستەی خەسڵەت و خەیاڵی ئەدەبی و گێڕانەوە، هەموو پێکەوە لە گۆکردنی نوسیندا وێڵاشی داخراو شەق پێدەبەن و بەرە و زیندووڕاگیریی لەهەوای پڕ ئاواتی سات

[٤٥] أندريه مارتينة، وظيفة الالسن وديناميتها، ترجمة: نادر سراج، المنظمة العربية للترجمة ، الطبعة الأولى، بيروت- لبنان، ٢٠٠٩، ص١٦٨-١٦٩.

لەدوای ساتدا بەرزەفڕ و گەشاوە دەبن.. ئەم بیرەوەرییانە زادەی ئەو کرکاندنە پڕ مانایانەن کە نوسەر بە خواستێکی گەورەوە بەرهەمی هێناون. بۆیە پەیامەکەی ئەم دەتگەیەنێتە ئەو مانایەی زمان بە ئامادەبوونی خودی خۆی کرکاندوونی، چونکە هەتا کرکاندن نەگوزەرێت، نوسین بەرهەم نایەت، خوێندنەوە ڕوونادات، ئەمە ئەو وزە و توانایەیە کە زاری ئامادە بەمەبەستی دەرچوون لە گیری و لەناخدا هێشتنەوە بەرهەمی هێناوە.. فراوانکاری تێپەڕێنەری قسە و تۆمارکارییە شیکەرەوەی ورد دەخاتە بەردەم توانای دابڕینی بیر و چارەسەری کەڵێنی بێ قسەیی پڕ دەکاتەوە ، لەبەردەم تەلەفزیۆنێکدا ڕابمێنە، چەندە حەقیقەتت بۆ دەهێنێت نازانی کەچی چەندە ناڕاستی بدرکێنێت، خۆت لەخۆتدا دەهەژیت، بەڵام وەرە بۆ نوسینێک، ئەو ڕاستییەت پیشان دەدات، کە بەڕاستی دیوی شاراوەی حەقیقەتە و نیعمەتێکی جیاکراوەی بەرهەمی تێگەییشتنە، ئەم خواستە لەم چەند گرتە ڤیدیۆ نوسراوەدا بەرجەستە دەبن.

هەواڵنامەی کتێب

پوختەی زمانی هەر نوسینێک بەدەربڕینێکەوە پەیوەستە حەقیقەتێکی ڕەها لە پشتیەوە ئاوازێکی سەرنج ڕاکێش دەچڕێنێتە ناو گوێی خوێنەر .. نوسین لە دەمی خۆیدا هەم کاریگەرە و هەم بێمانا، زۆرینەی خەڵکی لەبەر بێمانایی نوسین سستی خوێندنەوەیان بەیان دەکەن، چەندانیش هەن لەبەر پڕمانایی نوسین باوەشی پێدا دەکەن و چەمکی نوێی لێ چەکەرە پێدەککەن، لەم نوسینانەدا ڕێژەی گۆکردنی خەڵک سەرسامترین پێوەر لای نوسەر دەخولقێنێت، تەنها ئەمەشە بەهاداری نوسینەکە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و نەمری تۆمار دەکات.

(٣٢)

# چڵێک لە ژیانی مالیکی کاک مستەفا



## .١

ئای لەو ساتە وەختەدا کە چاوی بەدونیا هەڵهێنا..!؟ ئەبێ بابە و دایە چ هەستێکیان لا دروست بووبێ .. بە تایبەتی دایکم؟ نۆبەرەی یەکەم منداڵ..کەڕ.. نیمچە لاڵ و گۆج، دایک لەتەمەنێکی منداڵیدا ، نەخوێندەوار..بەبێ هیچ پاڵپشت و یارمەتییەک، ئەبێ چۆن خواردنی دابێتێ..!؟ چۆن پاکی کردبێتەوە..!؟ چۆن لەئازار و داواکانی تێگەییشتبێ..!؟ ئەبێ چۆن فێری گاگۆڵکێ و دارە دارەی کردبێ..!؟ هەمانە شتی تریش زۆرن.. بەهەر حاڵ ئەم ئەرکە گەلێک گران بووە، ئازارێکی دەرونی زۆری دایە و بابەی داوە. کە گەورەبووم، دایکم جاربەجارێک بەدەم فرمێسک ڕژانەوە، هەندێ شتی دەربارەی مالیکی برام بۆ ئەگێڕامەوە..

هەوراتامەی کتێب

## .٢

کاتێک تەمەنم چووە پێشەوە و هەستم بە دەوروبەری خۆم دەکرد، مالیک لەهەڕەتی کارکردنیا بوو.. بۆیە بابە و دایە زۆر پێ دڵخۆش بوون.. خۆشەویستییەکی بێ سنوریان بۆ ماندووبوونەکانی هەبوو.. ناڕەحەتییەکانی ڕابردوویان لەبیر چووبۆوە. لەخانەکەی باوکمدا ڕۆژانە.. فەردەیەک جۆی ئەکڕی و بەجام دەیفرۆشتەوە بە کاروانچییەکان بۆ ئالیکی ووڵاخەکانیان.. وێڕای ئەوەش یارمەتی بابەی ئەدا لە وەرگرتنی کرێ ووڵاخ و بە ووردی چاودێری کەلوپەلی کاروانچییان بە تایبەتی و هەموو ناو خانەکەی بە گشتی ئەکرد.. جارجارەش هەڕەشە و ڕێنمایی ئەو کەسانەی ئەکرد کە سەرپێچییان ئەکرد، هەموو

لەزمانەکەی ئەگەییشتن.. هەر لەبەیانی زوووەوە هەتا ئێوارانێکی درەنگ ئەمە کاری رۆژانەی بوو.. هەمیشە لەو کاتانەدا لەناو تەپوتۆزدا بوو.. لەپاشدا خۆی پاکوخاوێن ئەکردەوە.. سیمایەکی جوانی هەبوو ئەمجارە بەرەو ناو بازاڕ ئەڕۆییشت بۆ چاوپێکەوتنی خەڵک و گفتوگۆی لەگەڵ ئەکردن و باسی سیاسەت و دەنگوباسی ئەو رۆژە.. پاشان بەرەو کتێبخانەکان بۆ بینینی رۆژنامە و گۆڤارەکان هەرچ شتێک سەرنجی رابکێشایە پیشانی دەوروبەرەکەی ئەدا و باس و خواستی لەسەر ئەکرد، هەندێ کەسیش هەر بۆ ئەوەی تورەی بکەن دژی بیروبۆچوونەکانی ئەوەستانەوە.

دیارە زۆبەری ئەو کەسانەش خوێندەواربوون... ئەمیش گاڵتەی بە عەقڵی ئەوان ئەکرد پێی ئەوتن ئێوە هیچ نازانن..مالیک بڕوای زۆری بە چینی کرێکاران هەبوو.. هەزارانی زۆر خۆشئەویست، هەر بۆیە بڕوای تەواوی بە حیزبی شیوعی هەبوو.. بۆیان گێرامەوە رۆژێک چەند سیخوڕێک دوای ئەکەون، هەستیان کردووە کە نوسراوی قەدەغەکراوی پێیە.. لەپڕ لەناو بازاڕدا پەلاماری ئەدەن و زۆر بە ووردی ئەپیشکنن، بەڵام هیچ نادۆزینەوە، سیخوڕەکان کۆمەڵێک جوێنی ناشیرینی پێ ئەدەن و پێی ئەڵێن.. ئێمە دڵنیاین کە شتی پێیە.. بەڵام ئێستا هیچ نەدۆزییەوە. لەپاشدا کە سیخوڕەکان ئەڕۆن.. مالیک بە پێکەنینێکی گاڵتەجارییەوە ئەڵێت: ئەوانە هیچ نازانن من بەهێزم! چوکلێتە نامەم پێ بوو..خێرا قووتمدا..خەڵکەکەش دەستخۆشی لێ ئەکەن و مالیک لای خەڵکی خۆشەویست ئەبێ.

**٣.**

بەهۆی فرۆشتنی موڵکی خانەکەی باوکییەوە.. مالیک و باوکم کاریان نامێنێت، سەرگەردانی و بێکاری ڕوو لەهەڵکشان ئەکات، باوک بۆ بژێوی ژیان ڕوو لە ناوچەی ڕانیە ئەکات و مالیکیش  لە ناوگەڕەک لە عەقاری سەرقاڵی دوکانێکی عەتاری ئەبێت. دیارە مالیک خوێندەوار بوو بە نوسین و خوێندنەوە و حیساباتیشەوە.. ئەوانەی کاتی خۆی لەگەڵ مالیک ماندوو بووبوون بە فێرکردنی نوسین و خوێندنەوە بە هەر هەمووی ناکاتە (١٥-٢٠) سەعات، بەڵام ئافەرین مالیک تۆ ئەوە تێپەڕ کەیت  وەک کۆلکە خوێنەوارێک  نەبیت و دەفتەری قەرزت هەبێت و ناوی کەسەکان بە ڕوونی بنوسیت و فلس و دینارەکانیش جیابکەیتەوە.. ئینجا ئەو کەسە هەرچی ببردایە زۆر بەڕوونی بڕی قەرزەکە و ناوی کابرای قەرزاری  لە دەفتەرەکەیدا تۆمار ئەکرد.. پاشان کەسەکە ئەهات بۆ ئەوەی قەرزەکە بداتەوە، هەمووی بۆ کۆئەکردەوە و پیشانی ئەدا و ئەویش چەندی لەقەرزەکە بدایەتەوە بۆی ئەنوسی و لێی دەرئەکرد..دیارە نوسینی هەموو ئەو شتانەی کڕیارەکە ئەیکڕی، ئەمیش بەجوانی و ڕێکوپێکی هەمووی ئەنوسی.. بەهەمان شێوە لە دوای نیوەڕۆوە دوکانی دائەخست و بەرەو ناو بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستی ناو دوکان و گەڕان بەناو خەڵکا و قسە و باسی هەواڵی ناو ڕۆژنامەکان و دەنگو باسی سیاسی.. پاشان پێداویستییەکانی ناو دوکانی ئەخستە ناو عەرەبانەیەکەوە و بەرەو دوکان خۆیشی پێشی ئەکەوت. لەو باوەڕەدان ڕۆژێک هەبووبێ کابرای عەرەبانە لەلایەن مالیکەوە هەستی بەغەدر کردبێ..؟ دەنگ بەرزکردنەوەیەک لە نێوانیاندا ڕوویدا بێ..! بۆ ڕۆژێک کەسێک هاتووە بڵێ مالیک شتی لێکڕیوم و پارەکەی نەداومێ..؟ ئەی کەسێک هەبێت منداڵ یاخود گەورە.. ووتبێتی مالیک زیادی لەسەر نوسیووم..؟ نێر و مێ هەرکەسێ شتی لێکڕیبێ زۆر بە خۆشییەوە پێشوازی لێکردوووە، هەموو کەسیش خۆشی وویستووە.

هەواڵنامەی کتێب

ئافەرین مالیک سەرەتا بە نوسین و خوێندنەوە دەستت پێکرد.. پاشان ئیشکردن و نان پەیداکردن...ئینجا بە وورەیەکی بەرزەوە یەخەی سیاسەت بگریت و رایوەشێنیت و داوای لەناوبردنی چەوسێنەرەوان بکەیت و ئاواتت ئەوەبوو ژیان پڕ بێت لە ئاشتی.. ئەوەندە بەگەرموگوڕی سیاسەتت گرتبووە ئامێز تاوای لێهات حوکمی سەردەمی زوڵمو زۆرداری، توشی گرتنی کردیت و راپێچی زیندانیان کردیت بۆ ژێر زەمینەکان و داوایان لێکردیت دان بنێیت بە کارو کردەوەکانتدا.. هەڕەشەی سەربڕینیان لێئەکردیت..هەروەک خۆت ئەتگێڕایەوە..لێیان قەدەغەکردیت ببیتە خاوەنی پاسپۆرت و چوونە دەرەوەت بۆ هاندەران قەدەغە کراو بووە یەکێک لەکارە دزێوەکانی رژێمی دیکتاتۆری.. هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو، رژێم حیسابی کەسێکی کاراو دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بوو، وایان دەزانی تۆ کارێکتەری تێکشکاندنی بڕواکانی ئەوانیت و شکستەکانی ئەوان بە تورەکردنی ئەوان دەخەملا.

.٤

بەهۆی شکانی قاچتەوە لە جێگادا کەوتیت.. کاتێک هاوڕێکانت سەردانیان ئەکردیت.. بەهەمان شێوە باسی سیاسەت و باسکردنی بیرەوەرییەکانت بۆ ئەوان ئەگێڕایەوە.. ئای کاکە مالیک قەدەر غەدرێکی هێجگار گەورەی لێکردیت.. ئەوە تۆبوویت گوێت لەکەسێک نەبوو بڵێت مالیک خۆشم ئەوێیت.. یاخود تۆ بەکەسێک بڵێیت خۆشم ئەوێیت.. نامەیەک نەبوو دڵت فێنک بکاتەوە.. ئەڵقەی هاوسەرگیریت نەکردە پەنجەکانت.. ئاخر تۆش وەک هەموو کەسێکی تر هەموو هۆش و نەستت پڕ بوو لە خۆشەویستی..ئاخر ئەمە غەدرێکی گەلێک گرانە ، خۆزگە باوەشت بە کەسێکا بکردایە و بەهێزی باوەشەکەت خۆشەویستی خۆتت بۆ

دەرببڕیایە، ئالەو کاتەدا کە دوا هەناسەت دا و ماڵئاواییت لێکردین.. کوێرایيم دایە بەندە لە حزورتدا نەبوو.. تا بە چاوە پڕ فرمێسکەکانەوە پێت بڵێم ماڵئاوا کاکە مالیکی گەورە. ئەوەتا قەڵەمەکەم لە فرمێسکەکانم ئەپارێتەوە ئەڵێت: کەمێک بوەستە و بوارم بدە تا نوسینەکەم تەواو بکەم.. فرمێسک ئەفەرموێ کاکە ئەوە هەست و هۆش و پاڵەپەستۆی ئازارەکانی کاکە مالیکە هەروا بە ئاسانی ناوەستێتەوە.. دە تۆش سەرێک هەڵبڕە.. قەڵەم..! سەیری چاوەکانم بکە بزانە چ زووخاوێک سێلاو ئەکات بە ڕووتدا..

لەکاتی ماڵئاواییەکەتدا هەموو ڕەنگەکان پەشۆکان و بەیەکدا ئەهاتن، ئەچوون بە چرپە ئەیانووت چی قەوماوە..!؟ لەپڕ لەناو هەموویاندا ڕەنگی سوور بەدەنگێکی پڕ بە شکۆ و سەروەرییەوە دڕی بە ڕەنگەکانی تر دا.. هاتە پێشەوە.. ووتی ڕاستە ڕەنگی سووری من ڕەنگی خوێنی شەهیدە بۆتە سونبولێک بۆ ئەو پیرۆزییە لە (شیعر.. نوسین.. هێما) کاندا.. ئەوە ڕەنگی منە سەرقافڵەی پیرۆزییەکانە.. کەسێکی وەک کاکە مالیک هەمیشە ڕەنگی سووری خۆشەویستووە، ئەو ڕەنگەی مژدەی ئازادی ئەبەخشێ.. مالیکی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ ڕۆڵەی دڵسۆزی سلێمانی لە کاتی ماڵئاواییەکەدا دۆستان و ناسیاوان و خۆشەویستانی، دڵسۆزانە بەڕێیانکرد و بە چەپکە سۆزی وەفا و پێزانینەوە ئامادەی پرسەکە بوون.

ئەوەی ڕاستی بێ مالیک تەنها کوڕی بنەماڵەکەی ئێمە نەبوو.. بەڵکو کوڕی گەلەکەی بوو.. یادت بە خێر بێت کوڕە شوڕشگێڕی شارەکەم.

تێبینی/ ئەم خۆشەویستییە، لەبەرئەوە نییە، برامە، ئەمانە سەرووەریی مالیک خۆیەتی...

# (٣٣)

# شکۆفەی بیرەوەری سەردەمی منداڵیم

پەیڤێک بۆ مامۆستا فەریدون عەلی ئەمین[٤٦] ـی هەمیشە زیندوو لەلام



[٤٦] گۆڤاری سلێمانی ژمارە ١٣٢، حوزەیرانی ٢٠١٢.

مرۆڤ کاتێک ئاوارە ئەبێت یاخود تەنهایی بەرۆکی ئەگرێت ئەکەوێتە شەنوکەوی مێژووی خۆی، دیارە شتی جوان هەیە کە بەسەری ئەکەیتەوە.. ئاسوودەییەک بەرۆحت ئەدا،هەندێ جاریش خەم و ڕامان ئەتگرێت و وات لێ ئەکات خەم بە خەم راو بکەیت.. ئەبێ ئەم خەمانە بەکۆمەڵ چی لێ بکەیت؟ هەر لای خۆت ئەبێ؟ یان بوترێ یان بنوسرێ؟ بۆ ئێستای من، ئەبێ هەردووکیان بکرێت، ئەی باشە شتە جوانەکان؟ ئەمەیان نەک بوترێ و بنوسرێ.. پێویستە بکرێ بەوانە و فیلم.. بۆ نەوەکان بوترێتەوە و پەخش بکرێ.. بۆ ئەوەی شتە جوانەکان لەگەشە کردن و پەرەسەندنا بن، بۆ ئەوەی لە دواییدا، هەموومان پێکەوە جوان بین. خۆشبەختانە ئەو پۆلەی من لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، مامۆستا (فەرەیدون) سەرپەرشتکاری بوو، بێ لەوەی وانەی پێ ئەوتینەوە ئەو پۆلەی ئێمە، لەکۆی پۆلەکانی تر زۆر جیاواز بوو.

لەو پۆلەدا وێنە هەڵواسراوە و لە ژێر وێنەکەدا هۆنراوەی مامۆستا خۆیەتی، پیانۆ دانراوە، سندوقێک دروستکراوە، شاشەی هەیە، دوو دار لە سەر و خوارییەوە کاغەزی تێوە پێچراوە، وێنەی وەک کارتۆن دروست کراوە بۆ بینینی وێنەکان.. بە دارەکانی سەر و خواری پێ ئەکرا، ئەوە وەک فیلمی کارتۆن وابوو.. بە سوچی دیوارەکاندا، تورەکەیەک هەڵمات بە هەموو جۆرێکییەوە، لەولا ترەوە دار و هەلوک دانراوە... مامۆستا فەرەیدون، تابڵێی قۆز! ڕێکپۆش و جوانپۆش پاک و تەمیز لەکاتی وانە وتنەوەدا، زۆر پەرۆش و قسەزان، لەکاتی گاڵتە و گەپدا هاوڕێییانە، قسەی خۆشی گاڵتە بەیەکتر کردن، وشەی جوان... هەڵوێستی جوامێرانە.

هەواڵنامەی دیلێنێر

ئێمەی منداڵ هەڵوێستی جوامێرانەی چی بوو.. ئەیوت: کاتێک قسە ئەکەیت، ئەبێ شەرم نەکەیت و ئازایانە قسە بکەیت، ئەم هەموو شتە جوانە بەیەکەوە، خۆشەویستییەکی مەزنی لامان دروستکردبوو، سەیربووون وای کردبوو، ئێمە وەک قوتابی لێی نەئەترساین، بەڵکو خۆشمان ئەویست، هەرچی ئەوت گوێڕایەڵی ببووین... پۆلەکانی تر وانەبوون،ئەوە هەڵمات، چ قودرەتێک بوو، هەڵماتێک بە قوتابییەک بگیرایە، کەچی ئەوەتا لای ئێمە دانراوە، زۆرجار مامۆستا خۆی، تیلی بەرامبەرێنی لەگەڵ ئەکردین..ئەوە داروهەلوک. ئەیبردینە حەوشە.. یاری لەگەڵ ئەکردین، بازبازێن، بەڵام ئەبوایە ئەم شتانەمان بەبێ ترس بکردایە،سەیربوو.. جاری واهەبوو قوتابییەکی ئەخستەسەر پیانۆکە، ئەیوت: پیانۆ لێبدە.. لەولاوە بە چرپە، پێیئەوتین: هەمووتان بڵێن، ئەرەوەڵڵا .. شکاندی،وا ئەکرا، قوتابییەکە ئەترسا و ئەگریا، مامۆستا ئەچووە لایەوە پێی ئەوت: بۆچی ئەگری؟ بۆچی ئەترسی؟ قوتابییەکە بەدەم هەنسکەوە ئەیوت: ئەوە نییە، ئەڵێن: شکاندوومە، مامۆستا بەدەنگێکی نیانەوە ئەیوت سەیرکە بزانە شکاوە.. ئەویش ئەیوت: نەء.. مامۆستا ئەیوت: دە تۆش بەدەنگی زوڵاڵ وەک من چاوەکانت بسڕەوە، سنگت بەرزکەوە و بڵێ: نەخێر.. وا نییە من نەمشکاندووە، قوتابییەکە کە ئەمەی ئەکرد.. مامۆستا و ئێمە پێکەوە، هەڵئەستاینە سەرپێ و چەپڵەمان بۆ لێئەدا.

ئەوەی لەبیرم مابێ، لە وێنەکان.. کە هۆنراوەی لەسەر بوو، وێنە منداڵێکی چاوشینی بەروانکە لەمل، بوتڵی شیر لەسەر سنگی دانرابوو، نوسرابوو:

وەیش وەیش

چاوشین گیان، ڕوومەت ئاڵینی کاڵ جوان

هەواڵنامەی کتێب

قژ زەرد

شیرت لەبن باڵایە

بڕواناکەم باشم نوسیبێ

وێنەکەی تر ماسی زەردی ئاڵتونی لەناو شوشەیەک ئاوخرابوو.. نوسرابوو:

ماسی سور بەرگەردن زەرد.... تاد.

زۆرجار، مامۆستا فەتاح ئاغاش ئەهات بۆ لای، لەڕاستیدا.. کاک فەتاحیش هەروەک مامۆستا، قۆز و ڕێکپۆش و جوانپۆش دیاربوو، ئەو کاتە ئەم مامۆستایانە باسی سیاسەتیان ئەکرد، دەرکەوت، مامۆستا فەرەیدون لەڕێگەی خوێندنەوە، خزمەت خزمەتی میللەت و گەلەکەی ئەکرد.. کاک فەتاحیش ، لەرێگەی خەبات و پێشمەرگایەتیدا.. خزمەتی بەگەل و نیشتمان کرد.

ئەم وێنانە هەموو جوانن.. پیرۆزن.. گەورەن.. بۆ زیاتر چاویان لێنەکەین؟

لەپۆلەکانی سەرووتر، رۆژێک مامۆستا فەرەیدون، وانەی پێئەوتینەوە، مامۆستا نەجمەدین مەلا هات بۆ لای.. لەنێو دەرگای پۆلەکەدا .. قسەیان ئەکرد.. ئەو هاتن و قسە کردنانە ئەوەندەی نەئەخایاند، لەبەر وانە وتنەوەکان پاشان کە مامۆستا نەجمەدین ڕۆیی.. نوقڵێکی دا بەمامۆستا فەرەیدون.. مامۆستا هاتە ناوەڕاستی پۆلەکەوە.. نوقڵەکەی بەدەستەوە بوو، بەزەردەخەنەیەکەوە، سەیری هەمووماني کرد.. وتی ئێستا ئێمە زۆرین، مامۆستا، تەنها ئەم نوقڵەی بەمن داوە.. ئێستا پێتان ئەڵێم بە پێکەنینەوە لەهەمان کاتدا بەجوڵەوە وتی :

ئەم شانم کرد.. ئەو شانم

نوقڵێ.. کـــەوتە گیرفانم

خستمە دەمم.. قرتــــانم

ئێمەش هەموو بەخۆشحاڵی و پێکەنینەوە، چەپڵەمان بۆ لێدا. هەمیشە مامۆستا کە داوای ئەوەی لێئەکردین، کە جوان دابنیشین.. ئەبوایە هەموو بەدەنگێکی بەڕێز و توندوتۆڵەوە بمان وتایە: ئێمە وەک شێر دانیشتووین.. هەمیشە.. حەزم ئەکرد سنگ بەرز بین و خەڵکی خۆمان خۆش بوێت..

سڵاو لەگیانی پاکت.. مامۆستا بەڕێزەکەم.. سڵاو لەهەموو ئەو مامۆستایانەی، وەک بەڕێزتان... نیشتمانپەروەر و سەر بڵندن.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## (٣٤)

# هەر جارە و باسێک

## ئێمەو هاندەران

بێگومان هاندەران، خۆی لەخۆیدا، باسێکی تایبەتە، باس و لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی ئەوێت.. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە، دەسپێکردنە لەو خاڵەوە کە واقیعی ئێستا بۆمانی دەرئەخا.. خەڵکێکی زۆر و لەهەموو لایەکەوە وە لەهەموو جۆرێک .. رووی کردۆتە دەرەوەی وڵات.. هەر یەکەش لەرێگا و شوێنێکی تایبەتەوە هاتووە.. ئەمەوێت بەو پرسیارە دەستپێبکەم: بە چ شێوەیەک و کام رێگا نزیکتر و ئاسانتر و بەکەڵکترە بۆ ئەوەی بتوانرێت سودێک بە مەسەلە گشتییەکە بگەیەنێت؟ لەبەرئەوەی مەسەلەی چینایەتی هەیە.. دەبێ مەسەلەی بیرکردنەوەش جیاواز بێت.. ئەم جیاوازییە، کوشندە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە ... ئەمانگەیەنێتە ئەنجام. بەمەرجێک مەبەستەکان شتی کاڵاو و دەستکرد و شتی بەکرێگیراوی تێدا نەبێ.. ئەگەر بەشێوەی یەکبوون و ململانێیەکی سروشتی و واقیعی خۆی بێت.. ئەنجامێکی پڕ لەبەروبوومان ئەداتێ. دیارە لێرەدا .. دووشت روومان تێدەکات ئەویش ، گشتی و تایبەتێتییە.

مەسەلە گشتییەکە هەمووەمان دەگرێتەوە.. ئەمجا لەناویدا تایبەتییەکەیە، هەردووکیان لەیەک دانەبڕاون.. هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، بەڵام ناکرێت یەک چارەسەر بۆ هەردووکیان دابنێین، ئەمجا لەناو تایبەتەکانیشدا ئەوانیش هەریەکە چارەسەرێکی تایبەتی خۆی دەوێت.. ئەمڕۆ سەبارەت بە هەریەکەمان.. لەم وڵاتانەدا ڕووبەڕووی واقیعی تازەتر و پێشکەوتووتر بووین، ئەمڕۆ شتی زۆرتر زۆرتر دەبینین.. ڕۆژانە واقعی بەرزتر بە ڕشووماندا ئەپڕژێ و ئەمان هەژێنێ.. ئەوەشمان لەبیرناچێت، ئێمە لەواقیعی خۆماندا وەک هەنگاو پێشکەوتنی ژیان بەشێوەیەکی سروشتی پێدا تێپەرنەبووین.. بۆیە بەلامانەوە گرانترە و زۆر بەرگەی ناگرین..

جالێرەدا بالەڕێگەی نوسینەوە ، هەموو لایەک دەنگی خۆمان بدرکێنین... بەبێ و سێ و دوو بەبێ ئەوەی سڵ بکەینەوە.. بڵێین ئەم باس و بۆچوونانەمان دەبێت چ سودێک ببەخشێ،یان بەکوێمان دەگەیەنێ؟ من وائەزانم هەموو شتێک بە دووان لەسەری بەبێ نیازی خراپ، ئەنجامێکی بەکەڵک دەبێتە کۆتاییەکەی.. ئێمە ئەگەر بتوانین، تەنها ئەوەندەی لەم وڵاتانەداین.. دەنگی خۆمان بەخەڵک و لێپرسراوان و پارت و ڕێکخراوەکانینا بگەیەنین.. چ لە ڕێگای ڕۆژنامە- TV- ڕاپۆرت نوسین، بە کۆمەڵ یاخود بە ئاوێتە بوون لەگەڵیاندا.. وابزانم کارێکی گەلێک پیرۆز دەبێت.. ئەمە وەکو لایەنە گشتییەکە، لایەنی تایبەتیش ئەوەیە.. بتوانین هەرکەسە بەپێی بۆچوون و ڕوانگەی خۆی ئەو واقیعەی ئێستا تێیدا دەژی، بیرکردنەوەی بەرامبەر بەم واقیعەو بۆچوونی بەرامبەر بەناوەوەی وڵات، هەست و سۆز ی دابڕانی لەخزم و کەسوکار و خاک وڵات، یان ئەو چیرۆکە واقیعییانەی کە بەسەریدا تێپەڕیوە.. لە دەرچوونییەوە تا گەییشتنی.. هەروەها لێرەش ،

هەوالنامەی کێبر

وائەزانم ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەدەبێکی تایبەت بەخۆیەتی.. یان وەک ژیانی ئۆردوگاکان، یان زیندان یان هەڵاتن.

ڕەنگە هەندێ ڕووینەیەت، یاخود نەیەوێت بەو شێوە ساکارە بنوسێت کە خۆی پێی ئەنوسێت.. بەڵام من ئەڵێم: ئەمڕۆ ئێمە زیاتر پێویستمان بە ناوەڕۆک هەیە، نەک ڕازاندنەوە، واتە شێوە.. زۆر هەیە شتی بەکەڵکی پێیە.. وەک و بیرو بەسەرهات، دەتوانێت.. بەدەم بیگێڕێتەوە، بەڵام سڵ دەکاتەوە، ئەوەش لەبەرئەو قسە و قسەڵۆکەی کە لەناویدا هەیە، ڕاستە ئەگەر هەردووکی تێدا بێت، زیاتر پایەبەرزتر ئەبێت وەک نوسین، بەڵام با سڵ نەکەینەوە .. شتەکانمان لەناخماندا زیندەبەچاڵ نەکەین، هەر لەو نامانەی کە لەنێوان دوو دڵداردا، یان باوک و کوڕ یان باوک و کچ، یان دوو هاوڕێدا لەدیوی ناوەوە و دەرەوەدا.. هتد. ئەوانە خۆی لەخۆیدا، ئەدەبێکی ڕەسەنی بێ ڕتووشە، جا با بەشێکی گۆڤاری مەڵبەند، بکەین بە نوسین سەبارەت بە وباس و بابەتانە و یادەکانمان بەفیڕۆ نەڕوات.

دیارە تا لەنێوان ئێمەدا ئەو دیوارە دەستکردانە هەبێت.. هەرگیز لەیەک ناگەین و بواری لەیەکتر نەگەییشتن بەووشە و کرداری خۆمان دەتوانین گۆڕبەگۆڕیان بکەین، ئەمجا دەنگمان دەبێتە یەک دەنگ.

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## (٣٥)

# ئەو کاتەی کارەساتی بۆمبی ناپاڵمم بینی!![٤٧]

بەیاننامەی ١١ی ئادار ئاهێکی حەوانەوەی بە شۆڕش و گەلی کورد لەباشوری کوردستان دا، سەرکردە و پێشمەرگەی لەنزیکەوە بەیەکتر ئاشنا کرد، هەڵسوکەوتەکان لەبەرچاو بوو.. رۆشنایی دا بەچاکک و خراپ. وێڕای ئەوە.. ئەدەب و رۆشنبیری و هونەر.. لەگۆمی قەتیسماو هاتە جولاندن، هەنگاوێکی زێڕینی نا.. کرانەوە سەریهەڵدا... ریزەکانی گەل و حیزبەکان لەتەباییدا بوون... بەهەر حاڵ دڵخۆشکەرە بوو، وێڕای ئەوەش هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا بوون.. ئاخۆ شەڕ دەبێتەوە یان نا؟ واتە ئاسودە نەبوون؛ بەلام ئەوانەی لەسەرەوە باسمکردن.. جێگەی دڵخۆشی بوون، کەچی سەد مەخابن .. پاش چوار ساڵەکە.. ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد ڕوویدا.. شەڕ دەستی پێکردەوە، ئەمجارەیان زۆربەی میللەت بە ماڵو منداڵەوە ڕووی لە شاخ کرد.. سەیر لەوەدا بوو ، کەشوهەوایەکی سەیر لەئارادا بوو.. باران بواری نەدەدا و ئاسمان چاوی لێکنەدەنا.. پەیتا پەیتا باران دەباری.. شوێنی حەوانەوە و نانخواردن زۆر زەحمەت ببوو.. ماراسۆنێکی سەیر بوو! من خۆم پاش ماوەیەک لەسەرکردایەتییەوە گواسترامەوە بۆ هەڵەبجە.. بەپێ بەرەو هەڵەبجە بەڕێکەوتم.. ئێوارەی رۆژی "١٩٧٤/٤/٢٣" گەییشتینە رەواندوز،

---

[٤٧] پەیامی ئەیلول، ژمارە ٣٧، کانونی دووەم ٢٠١٥.

هەواڵنامەی کتێب

کاتێکمان زانی فڕۆکە هات.. لەڕاستیدا هیلاکیی ڕێگا و نەزانیمان.. لەبەر فڕۆکە.. لەبەرئەوەی نەماندی بوو.. چ دڕندەیەکە، دەتوانم بڵێم: گاڵتەمان پێیدەهات.. گوێمان نەدایە پاش ئەوەی گەییشتینە شاری قەڵادزێ.. من بۆ خۆم ئەوە یەکەمجارم بوو، ئەو ناوچەیە ببینم.. شەو لە چێشتخانەیەک نانمان ئەخوارد، جارێکی دی ،فڕۆکە هاتەوە.. بەهەمان شێوە گوێمان پێنەدا.. بۆ بەیانی واتە ڕێکەوتی "١٩٧٤/٤/٢٤" چووینە ناو شار، بینیم هەموو خوێندکارانی زانکۆ لەوێن، ئەو خەڵکەی تریش زۆربەی "سیڤیل"بوون، دەوری کاتژمێر "١٠:٣٠"ی سەرلەبەیانی بوو.. نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی، بینیم دوو فڕۆکە بە بێدەنگیی.. موشەک بەردەدەنەوە.. لەڕاستیدا من تەنها لە فیلمدا بینیومە، فڕۆکە ئاوها موشەک بەربداتەوە.. بۆ ئەو شوێنەی لەجەنگدایە.. نەک لەشوێنێکی وەک قەڵادزێ، کە هەموو قوتابی و خەڵکی ئاسایی بوون، هەر بۆیە لە زەمینەوە ، یەک گوللەش نەنرا بە فڕۆکەکەوە، منیش ڕووم کردە هاوڕێکەم و پێم وت: سەیرکە ئەوە موشەک فڕێدەدا.. ئەویش بەدەنگێکی بەرز و بەترسەوە هاواری دەکرد، کوڕە هەستە ڕاکەین.. ئەوەی تەنیشتم" فازیل"ی ئامۆزام بوو، لەڕاستیدا بەبێ بیرکردنەوە ... تەنها خۆ کردە.. خۆم بە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا کرد.. واتە نەچوومە سەرشۆستە.. ئەگەر لەوێ بووینایە، هەر دەڕابەی دوکانەکان دەیکوشتین.. ئا لەوکاتەدا ، کە تەقییەوە .. دونیا ڕووخا.. هەرچی شت هەبوو، چوو بە ئاسماندا.. زەمین لەژێرمدا رایدەژەنیم، دەنگی مرۆڤ .. دەنگی وڵاخ.. چاو، چاوی نەدەبینی، شوێنەکەم خراپ بوو، من لەسەر سوچی بانەکەدا بووم.. ئەوەی لەوێ بووبێ، دەزانێ.. ئەوە شوێنە لەناو بازنەی بۆردوومانەکەدا بوو.. بەهەرحاڵ خۆم بەخۆمم وت: ئەمە دوارۆژی ژیانتە ئازاد.. پاش هێوربوونەوە ... هەستاینەوە، هەریەک بەلایەکدا ڕۆییشتین، ڕووم لەناوچەیەک کرد، لەڕێگا

هەواڵنامەی کتێب

بریندارێکی زۆر هەبوو، لەناویاندا، هاوڕێی ئازیزم کاک"فریاد"ی هونەرمەند.. بریندار بوو، شێخ حوسێنی هونەرمەند"خودا لێیخۆش بێت"ئەوەندەی بۆم کرا .. کردم. شتێک هەیە حەز دەکەم باسی بکەم.. ئەویش ئەوەبوو، ئەوە یەکەمجارە .. ناپاڵم دەبینم و بیستوومە کە ئەمە چەکی قەدەغەکراوە.. ئەوەتا کە دەبینم کە نەتەقیوەتەوە... لەبەر دەستمدایە.. بینیشم للەتەقینەوەدا .. چ کارەساتێکی ناوەتەوە.. منیش سەیرمکرد، درێژییەکەی چەند مەترێکە و ئەستوریشی لەباوەش گەورەتر بوو، دیارە لەبنەوە .. زۆر ڕقم لێیبوو، هەندێ توانجی بازاڕیم لێدا، بەوەیشی کە دروستیکردووە، ئەوەشی کە بەکاریدەهێنێ، ویستم .. شەقێکی پڕ بەدڵی خۆمی لێبدەم.. بەڵام نەموێرا... وتم : نەوەکو بتەقێتەوە، بۆیە شەقەکەم بەدڵی خۆم نەبوو.. ئینجا تفێکیشم لێکرد و بەبریندارەکانەوە ڕۆییشتم، ئای! چ قەسابخانەیەکم بینی، هەموو بریندار و خوێنی لەبەریان دەڕۆییشت..بەبێ ئەوەی شتێک هەبێ ، پێی بوترێ تەندروستی... بینیم کەسێک بە ئاماژەی دەستی بانگم دەکات. دەم و چاوی هەموو خوێن بوو.. کاکە موەفەقی عەلی کچەی هاوڕێم لەولاوە، خوالێخۆش بوو، کاکە زاهیری حاجی ئەحمەد و لەگەڵچ ئەویشدا بینیم، کاکە سۆرانی حەمەی سەڵتە.. شەهید بووە، وردەووردە.. ناوی شەهیدەکان دەگات... ئازاد حوسێن، قوتابی زانکۆ و هونەرمەند حەمەساڵح سام سام.. ئەمانە وەک مشتێکە لەخەرمانێک.. ئەوەندەی بزانم"١٢٠کەس" شەهید بووبوون، کە هەموویان خەڵکی خوێندکار و "سیڤیل" بوون، بەهۆی خەستی ئەو بریندارانەوە.. بڕیارمدا لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە و ئەو خەڵکەدا بیانگەیەنینە دیوی ئێران.. ڕێگاکە زۆر سەخت بوو، لەسەر کێویش هێشتا ساردە.. وردە وردە بەفر دەتوایەوە، ئەگەر بمەوێ باسی گەییشتنی ئەو بریندارانە بکەم، زۆری دەوێت..دڵی دەوێت باسی ئەو دیمەنانە بکات..چۆن لە ڕێگاکان لەملاو ئەولایەوە.. بەبریندارى کەوتبوون.

هەواڵنامەی کتێب

گەییشتنە ئێران و ناوچەی سەردەشت، ئەوەی بریندار نەبوو، لەگەڵ ئێمە، هەمووومانیان خستە ناو زیلێکەوە.. بردیانینە بەردەم نانەواخانەیەک.. هەرکەسە چەند نانێکی پێدرا.. خەڵکی ئەو شارەش هەموو بەچاوی پڕ فرمێسکەوە بەغەمبارییەوە لەئێمەیان دەڕوانی.. لەگەڵ ئەو هەموو ترسەی کە لەرژێمی شایان هەبوو، بەڵام زۆریان کرد بۆمان.. پاشان بردیانین بۆ نزیک دێی هەڵشۆ.. چۆڵ بوو.. چەند کەسێکی لێبوو، برسیم بوو، جگە لەنان و پیاز و ئاو.. هیچی تری لێنەبوو، کەسێک پێ وتم: کەسێک هەیە لەژوورەکە کەوتووە، کەچووم سەیرم کرد کاکە ئەمیر ڕەئوف سەیدەلیە، کوڕی گەڕەک.. ئای لەو کوڕە قۆزە نازدارە لێرە کەوتووە! پاش چاکی و چۆنی، پێم وت: کاکە چی دەڵێیت بۆت دەکەم، وتی: بمنێرە بۆ ئەودیو، پێم وت: کاکە ئەمیر بەم بریندارییە سەختەوە، چۆن بۆ ئەو دیوت بنێرم، زۆر زەحمەتە.. وتم: من دەچمەوە بۆ ناو قەڵادزێ، لەڕاستیدا خەڵک نەیدەوێرا بچێتەوە بۆ ناو شار.. ئەوە دوا دیدارم بوو لەگەڵ کاکە ئەمیر ڕەئوف، تومەس کاکە ئەمیر حەبی شەکرەی لە قەڵادزێ لێ بەجێماوە.. پێویستی بەخوێنی خۆشم بووایە، ئەمگەیاندە دەستی. بەداخەوە کاتێک گەییشتمە ناوشار بینیم، زۆربەی ژنانی سلێمانی لێیە، زۆریانم دەناسی ئەوەندەی بۆم کرا..دەنگوباسی هەموو لایەکم پێڕاگەیاندن، بەڕاستی دیمەنەکان دڵتەزێن بوون..!

بەڵێ ئازیزان.. ئەمە ناسینی من و ناپاڵمی نارەسەن و درەندە... کەبەسەر کورددا دەبارێندرا.. ئەگەر بێتو ئەمجۆرە کارەساتانە بکرێنە فیلم، لەو بڕوایەدام وانەیەکی باش دەبێت بۆ هەموو لایەک، چونکە دەنگی دونیا لەئاستماندا، بە باسکردنیش نەبوو، نەک بەکردەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## (٣٦)

# ئەمە دوو نمونەی.. وانەبەخشن...[٤٨]

## باوک وکوڕێک و گوێدرێژێک

بەبیرم دێ ئەم چیرۆکەمان وەک وانە دەخوێند، هەر لەوکاتەوە بەلامەوە پەسەند بوو، بۆیە ئێستا لەبیرم ماوە.

باوک وکوڕێک و گوێدرێژێک بەڕێگادا ئەڕۆن، سەرەتا گوێدرێژ لەپێشەوە ئەڕوات و باوک و کوڕ بەدوایدا، خەڵکێک بەلایاندا تێئەپەڕن.. بەگاڵتەجاڕییەوە پێیان ئەڵێن: سەیرری ئەو دوانە بکەن چەند بێئەقڵن، خۆیان بەپێ و گوێدرێژ بە بەتاڵی، باوک ئەڵێ : کوڕم تۆ بڕۆ سواری گوێدرێژەکە ببە، با ئیتر خەڵکیی، وانەڵێن، کوڕ وا ئەکات، پاشان خەڵکی تر ئەبینن، ئەمجارەیان ئەڵێن: تۆ سەیرکە، ئەو کوڕە چەند بێتەربییەتە، خۆی سوار بووە و باوکی بەپێ، ئەمجارەیان باوک ئەڵێ: کوڕم دابەزە. با من سواربم، هەروا ئەکەن.. ئەمجارەش کۆمەڵێ خەڵکی تر ئەبینن، ئەمجارەیان ئەڵێن: تۆ سەیرکە ئەو پیاوە چەند بێهۆشە، خۆی سواربووە و کوڕەکەی بەپێ.. ئەمجارەیان باوک ئەڵێ: کوڕم دەتۆش سواربە. واتە هەردووکیان سواری گوێدرێژەکە ئەبن، ئەمجارەیان کۆمەڵێ خەڵکی تر ئەڵێن: سەیری ئەو دوانەکە

---

[٤٨] گۆڤاری سلێمانی ژمارە ١٣٧، تشرینی دووەم ٢٠١٢.

خودا ناناسن، بزانە چۆن ئەو دووانە ئەو گوێدرێژە ئەچەوسێننەوە، ئەمجارەیان باوک ئەڵێت: کوڕم با دابەزین، بەهەردووکیان گوێدرێژەکە ئەکەنە کۆڵی خۆیان، خۆ ئەمجارە هەربەجارێک بێ لەتیر توانج بەڵکو کەوتنە قاقای پێکەنین، هەردووکیان خرانە خانەی کەر و نەزان.

ئەم چیرۆکە ئەوەمان پێئەڵێت: خەڵکیی لەهیچ رازی نین، وا بڕوات ناتوانین هیچ شتێک بکەین، بۆیە پێویستە ئەم شەڕی رازی و ناڕازییە، بکەین، تا ئەوکاتنەی دەمی هەموو ناڕازییەکی بێئاگا دەمکوت ئەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# (٣٧)

# مەلا تۆفیقی بێچاو[٤٩]



هەواڵنامەی کتێب

[٤٩] گۆڤاری بانە ڕۆژ، ژمارە ١١٥، ئایاری ٢٠١٥.

کاتێک خاوەن موڵکێک یان جوتیارێک دەمی گاسن و پاچ و خاکەناز وبێڵ، ئەنێتە ناو چەشنەی زەوییەکەوە و ئەکەوێتە کێڵان و بژارکردن و هەموو ماندوویێتی خۆی تێدا بەکارئەهێنێت، هەڵبەت بۆئەوەیە کەئەزانێت لە پاشدا بەرووبوومی ئەبێت و بەرهەمی باشی ئەبێت، خۆئەگەر وانەبێت.. ئەو هەموو ماندووبوونەی تێدا بەکارناهێنێت و خەوی بژێویی ژیانیش ئەینێتە گۆڕەوە. ئێستاش کەباس لەبەرهەم و هەڵوێستی پڕ لەجوامێرانەی خوالێخۆش بوو مەلا تۆفیق ئەکەین، دیارە ئەهێنێ و بەرهەمی جوان و بەهەڵوێستی هەیە.. دیارە بێ لەبەرهەمەکانی، شتی جوانی تریشی هەیە. ئەمانە هەموو ئەو بەرهەمە جوانانەیە.. کە ئەکرێ خەڵکانی تر سوودی لێوەرگرنەوە و چاو لە شتەکانی وەرگیرێت، پیاوێک لەسەرەتادا ڕۆشنایی دونیا جوان ببینێت! بەڵام قەدەر وای لێبکات ئەو جوانییەی لێبسێنرێتەوە، بەڵام ئەم پیاوە کۆڵنەدات و شەڕی تاریکی و ڕووناکی بکات، بەشێوەیەکی تر بەرێگایەکی جیاواز، ئەم یاخود ئەم هەڵوێستانەی ئەم پیاوە وامان فێرکات، تووشی خەم ڕامان و چۆک دادان نەبین.. مەلا تۆفیق ساڵی "١٩٣٠- لەبیستی ڕەجەب"ی ئەو ساڵەدا، لەدایک ئەبێت، تاقانایە، بێ هیچ کەموکوڕییەکی جەستەیی، بەڵام سەد مەخابن.. توشی نەخۆشی گرانەتا ئەبێت،بۆ ئەو سەردەمە ئەو جۆرە نەخۆشییانە بەهۆی نەبوونی پزیشک و داو ودەرمان، زۆر کەس توشی نەهامەتی ئەبوو، زۆریش لەو نەخۆشییانە ئەبوونە هۆی مردن، دیارە ئەوەش ..... بۆ سەردەمی خۆی، نەخۆشییەکە ئەبێتە هۆی سکچوون و ڕەوانی، هەر بۆیە لەتەمەنی "١٣"ساڵیدا دووچاری نابینا بوون ئەبێت.. ئەبێ ئەم تووشبوونەشی تووشیی چ شۆکێکی کردبێت، ڕەنگ بوو ئەگەر هەر لە زکماکییەوە نابینا بووایە، ئەوەندە قورس نەدەبوو، هەروەک وتیشم: تۆ وەرە بینینەکانت هەبێ، لەپڕ ببەهۆی نەخۆشییەوە، هەموویت لێ بسڕێتەوە پاش"٨"ساڵ لە نابیناییبوون، لەتەمەنی

هەواڵنامەی کتێب

"**٢١**"ساڵیدا دەست ئەکات بەشیعر نوسین، بەهۆی ئەو ڕێگایەوە بۆچوونەکان و هەستەکانی لەهەموو بوارەکاندا ئەخستە ناو چوارچێوەی شیعرەکانییەوە. من بۆخۆم شتێک بەکارهێنانی نوسینی نابینایانم بینیوە کە مەلا تۆفیق بەکاریئەهێنا، وەک سندوقێک وابوو، کون کون.. لەسەر کارتۆن، ئەم دەستەکانی پێدا ئەهێنا و ئەیخوێندەوە.. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر شتی بنوسییایە، ئەو کونەی ئەکرد... بریا ئەو دەزگایە ئێستا بەردەست بکەوتایە. ئێمە هەموو پێمان ئەوت: خاڵە، خاڵە کە هۆنراوەیەکی هەبووایە، بۆ منی ئەخوێندەوە... وابزانم لەبەرئەوە ئەیزانی منیش تۆزێک حەز لەو بابەتە ئەدەبییانە ئەکەم، دیارە ئەو.. هەمووی لەبەر بۆ ئەخوێندمەوە، لەخوێندنەوەدا.. بەپێوە ئەوەستا و گاڵۆکەکەی بەدەستەوە ئەگرت و چاوەکانی ئەهێنا و ئەبرد.. کاتێکیش کە ئەیخوێندەوە، لە کوێدا پێویستی بەهەڵچوون بکردایە لەشیعرەکەدا،گۆچانەکەی توند ئەدا بە زەوییەکەدا..کاتێکیش سۆزی تێدا بووایە بەنەرمی دەستی بەگۆچانەکەدا ئەهێنا و سۆز و خۆشەویستی ئەدا بەو ڕستەیە.. ئەوە لەڕووی ئەدەبییەوە، خاڵە سەرقاڵە.. ئەوەیی بۆی کرابێ و باوەڕی پێی بووبێ، بەوجۆرە لەقاڵبی شیعر.. ئەی ئەم پیاوە بۆ بژێوی ژیانی چیبکات؟ ئەو سەردەمە هەموو کەس لەپرسە و بۆنەکاندا نەیئەخوێند،، ئەبوایە لەوتنەوەی قورئاندا ، هەم لێزان بێت، هەم دەنگی خۆش بێت، ئەم پیاوە لەگەڵ چەند زاتێکی تری نابینادا..ناودار و دیار بوون، وەک خوالێخۆشبووی مەلا گورون.. مەلا حەسەن.. ئەوە تا بەشێکی گرنگ نان پەیدا کردنیان بوو، بۆ مێژووش، ئەمانە لەڕووی نیشتمانپەروەرییەوە، لەریزی پێشەوە بوون. لەگەڵ ئەمانەشدا لەنێوانی خۆیاندا، وردە کاسبیشیان ئەکرد.. وەکو کڕنی موڵک و ماڵ.. توانی بوویان نەوەیەک ماڵ و منداڵ بۆ خۆیان دابین بکەن، ژیانیان خۆش بوو، دەستیان پان نەدەکردەوە.. ئەو هەموو هەڵوێستە جوانانەن وەرە بیگرە چوارچێوە،

هەواڵنامەی کتێب

بزانە گەورەیی و مەزنی لەتابلۆیەکی جواندا چیت نیشان دەدات.. ڕاستە خاڵە، مەلا بوو، نوێژی ئەکرد، بەڵام لەبیروباوەڕدا هاوسۆز و خەم و نەهامەتی هەژاران و کرێکاران بوو.. بۆیە زۆرجار لەوبارەیەشەوە گفتوگۆی چڕوپڕی ئەکرد، هەمیشە گوێی لەڕادیۆ ئەگرت، لەگەڵ ئەو کەسانەدا قسەی ئەکرد، بە بیروباوەڕییەوە پەیوەند بوون. ڕۆژێک پێم وت: خاڵە من بۆچوونێکم هەیە.. بزانم تۆ ئەڵێی چی؟ چونکە ئەم بۆچوونە پشتگیری ئایینی ئەوێت..

## وتی چییە؟

وتم بۆ نەیەیت مردوی خۆمان هەموو شتەکانی وەک خۆی لەگەڵ بکەینەوە واتە شتن و کفن و ناشتنی، بەڵام پێش ئەوە بەخاکی بسپێرین کیسەیەکی نایلۆنی بۆ رووتکەین.. بەزنجیرێک نایلۆن کۆی بکەینەوە ئینجا بەخاکی بسپێرین، ئەمە سوودی زۆر دەبێت، حەلایەک ژینگە خاوێ، خاوێن ئەبێت، دوو: ئەگەر هاتوو پاش چەند ساڵێک گومان هەیە ئەو مردووە کوژراوە ئەزیەت دراوە،ئەتوانین دەریبهێنینەوە پشکنین لەسەر بکرێت، ئەشتوانی پاش چەند ساڵێک دوور ئێسک و پروسکی بە تەواوەتی هەر لەناو کیسەکەدا بە بچووک لە قەبارە لە شوێنێکی گەلێک بچوکەوە دانیشتووە وناوی مردووەکەی لەسەر بنوسرێتەوە، ئەوە بۆ کەسانێک یاخود بنەماڵەیەکە بیانەوێت مردووەکانیان هەر لەیاد بێت. وتی زۆر جوانە وتم من هەوڵ ئەدەم ئەمە لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەری خۆم باس بکەم، بەپێکەنینەوە، وتی: ئەگەر نەشکرا، من خۆم وەسیەت ئەکەم بەو جۆرە بمنێژن... تەنها ئەم هۆنراوەیە، ئەخەمە بەرچاوتان.. بەناونیشانی (تاوانباری) بەر لەساڵی "١٩٧٠"لە ڕێگەی ڕادیۆی شۆڕشەوە باس لە سوتانی دوو دێ ئەکات بە ناوەکانی " دەکان و سۆریاوە"، هەر بەگوێ لێبوونی هەواڵەکە لە ڕابردووە، دیارە خاڵە پاش

کینگڵ خواردنێکی زۆر رۆژێک بانگی کردم هەروەکو لەوە وپێش باسمکرد کە چۆن هۆنراوەی ئەخوێندەوە، ئەمجارەیان زۆر بەحەماس بوو.. لەڕاستیدا کاری کردە سەر منیش، هەربۆیە ئێستاش زۆربەی ئەم شیعرەم لەبەرە..

خاڵە لەرۆژی "٢٠٠١/٠١/٠٣" کۆچ ئەکات و لەگردی سەیوان بەخاک ئەسپێردرێ.

## (تاوانباری)

دەروون و دڵ بۆتە کوورە

پڕ لەگڕ و پشکۆی سوورە

ساتێ سەدجار هاوار ئەکا

هەست و ویژدان ئازار ئەدا

بەبیستنی هێرش بردن

بۆ دەکان و سۆریای مەزن

هەست وبیرم ئەجووڵێنێ

کۆرپەی دڵم ئەگرێنێ

سوپا وجاشی تازە گیراو

بەتانک و تۆپ نایاب هەنگاو

هەواڵنامەی کتێب

هەتا چوونە شاری زاخۆ

دێهات کەسی تیابێ ئاخۆ

لەشانزەی نۆ بەرەبەیان

روویان کردە ناو دێی دەکان

لولەی شەست تیریان تێکردن

تا هەموویان بەدیل بردن

گریە وشین و هاوار و ڕۆ

بۆ وازهێنان نەبوونە هۆ

لەو ئەشکەوتەی خۆیان خستن

مەنجەنیقیان بۆ داخستن

پیر و لاو و دایک فوزەنگ

کە ئاگر جێی پێکردن تەنگ

بەشێنەیی سوتان بەجووت

هەتا بوونە خەڵوزی ڕووت

هەواڵنامەی کتێب

شەست وحەوت کەس بەپێی هەواڵ

ژن و پیاو و ساوای لێو ئاڵ

لەو ئەشکەوتەی تیا سوتێنران

بۆ چرووکیان گەییە ئاسمان

زەردەخەنەی مونافیقی

بەو کەلانەی کە ئەتەقی

لەسەر لێوی پاسەوانان

دیار لەجێی پەستی و گریان

ئینجا نۆرەی دێی ئەولایە

کەناوی خۆشی سۆریایە

بە سوپا و جاش دەوریان تەنین

بە هاواریشیان پێئەکەنین

ئا لەو گوندە خنجیلانە

کە نزیکی دێی دەکانە

هەواڵنامەی کتێب

سی وهەشتیان لێ بەدیل گیران

جۆرێکی تر سزایان دان

بەدارکاری و جنێو و شەق

بەفەرمانی جاشی عەفلەق

لووت و پەنجە و گوێیان بڕین

بۆ دوو پارچە خشڵی زێڕین

بە تفەنگ و دۆشکە و شەستیر

ڕشتیان خوێنی لاوان و پیر

دوای بێدەنگی چوونە ناویان

پێیان ئەنایە سەرچاویان

ئەوەی نەختێ گیانی تیابوو

دەم بەهاوار و نزا بوو

"کەریم" جەحیش کە پێی زانی

بەکردەوەی نا ئینسانی

هەولێرنامەی کتێب

نیشتە سەریان بە پەلەپەل

خوێنی ڕشتن بەبێ ئەجەل

ئەو دوو گوندە سوتان نەمان

شریتی وا لەسینەما

هێشتا کاری پێنەماوە

چونکە لەسەر خاک و ئاوە

هەردەم بەچەشنە سزایە

داگیرکەران دێنە کایە

کوشتنی کورد بەمجۆرەیە

لەناوچوونمان بەنۆرەیە

باشبزانە بەعس فاشست

زۆر نزیکە بێنی نوشووست

لەعێراقی پان و بەرین

جێی نەمێنێ کە تیای بژین

هەواڵنامەی کتێب

دیارە گەلی کوردی ئازا

بەچارەنوسی خۆی ئەگا

ئەوسا جاش و ئێوەی گلاو

بەجووت ئەبنە پۆڕی خوراو

بەدەستی ئێمەی داخ لەدڵ

کە لەم ڕێیە بوونە چقڵ

بەهاوکاری برای عەرەب

پێشێل ئەکرێت هەر بەغەزەب

ت. بێ چاو

مەلا تۆفیق

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

ساڵی **١٩٧٤** تەوێڵە: وێنەکە لەلای ڕاستەوە:
رزگار حەمدی بەگ - ئازادی کاک مستەفا - ئەنوەر عەزیز
جەمال حسێن(جەماله درێژ )- خواڵێخۆشبوو خەسرەو پاشا - بەرزان عومەر

لەندەن / ساڵی ١٩٨٦

دەستەی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی

" مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد"

لەلای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان

١: کەمال میراودەلی

٢: وشیار عەبدوەلڕەحمان سیوەیلی

٣: مامۆستا کەمال مەحمود

٤: سورەییا خان

٥: ئازادی کاک مستەفا

٦: خوالێخۆشبوو: دکتۆر شیرکۆ فەتحوڵلا



دانیشتووەکان:

عومەر بازرە ــــ دکتۆر شەفیق قەزاز ــــ موزەفەر شافیعی ــــ تاکۆ ئازاد کاک مستەفا

هەواڵنامەی کتێب


# کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی

## کوردستان ناوپردان ١٩٧٠/٠٧/١٥



لەلای ڕاستەوە: ئازادی کاک مستەفا ـــ مامۆستا محمد حسن ـــ شێخ مەنسوری حەفید

د. کوردۆ عەلی ـــ سەرکەو تۆفیق ـــ کمال حسن چاومار



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

# پێڕستی باسەکان


| زنجیرە | سەرباس | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | (١) هەڵوێستەیەک بۆ هەڵوێستێک | ٩ |
| ٢ | (٢) شیزۆفرینیای نوسین: کورتە پێشەکییەک بۆ چاپی دووەم | ١١ |
| ٣ | (٣) لەبری پێشەکی<br>عەتا قەرەداغی نوسیویەتی | ١٧ |
| ٤ | (٤) لەبری نوسەر | ٢١ |
| ٥ | (٥) سۆزێکی تر<br>دایکی میهرەبان و ئازام | ٢٣ |
| ٦ | بەشی یەکەم / بیرەوەری و سەروەری | ٢٧ |
| ٧ | (٦) شەهید مولازم عەبدوڵڵا شێخ مەحمود:<br>ناسراو بە مولازم (عەبە ڕەش) | ٢٩ |
| ٨ | (٧) حەمەی سەی عەلی حافظ | ٣٧ |
| ٩ | (٨) ئەنوەری مەجید سوڵتان | ٤٣ |
| ١٠ | *ڕوونکردنەوەیەک / لەلایەن بنەماڵەی ئەنوەری مەجید سوڵتانەوە | |
| ١١ | (٩) تایەری عەلی والی بەگ | ٥١ |
| ١٢ | (١٠) شەهید شوان (شامیل) | ٥٧ |
| ١٣ | (١١) دوو ڕووداوی لەیەکچووی خەمناک | ٦٣ |
| ١٤ | (١٢) مەحمودی مەلا عیززەت | ٦٩ |
| ١٥ | (١٣) لەڕوانگەی بیلبیلەکانەوە | ٧٣ |
| ١٦ | (١٤) پەیڤێک بۆ حەمەجەزای هونەرمەندی پێشمەرگە | ٧٩ |
| ١٧ | بەشی دووەم / چیرۆک | ٨٣ |
| ١٨ | (١٥) هەواڵەکانی هەموو ڕۆژەی شار | ٨٥ |
| ١٩ | (١٦) عەشقی حەمە شوان | ٩٣ |
| ٢٠ | (١٧) عشق الراعي ... قصة، ترجمة: محمود عبدالرزاق | ١٠٣ |
| ٢١ | (١٨) نهێنی دوا نامە | ١٢٣ |
| ٢٢ | (١٩) ناخم جێمناهێڵێ | ١٣٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | بەشی سێیەم<br>بیروبۆچوون | ١٤٣ |
| ٢٤ | (٢٠) لەزاری کەرکوکەوە | ١٤٥ |
| ٢٥ | (٢١) کەرکوک لەڕوانگەی هاوپەیمانانەوە | ١٤٩ |
| ٢٦ | (٢٢) خانەقین و بۆچوونەکەی چەرچل | ١٥٣ |
| ٢٧ | (٢٣) تورکیا.. وانەیەک بۆ لە خۆتێگەییشتن | ١٥٧ |
| ٢٨ | (٢٤) با لە ئێستاوە لە ئامادەباشیدا بین | ١٦١ |
| ٢٩ | (٢٥) تا کەی.. ئەم هەرێمە وابێت!؟ | ١٦٥ |
| ٣٠ | (٢٦) زەنگێکی ترسناک | ١٦٧ |
| ٣١ | (٢٧) چەند وشەیەکی قەتیسماو لە گەرووی شارەوە | ١٦٩ |
| ٣٢ | (٢٨) با منیش ئەم خەنجەرە ..لە کا بدەم | ١٧٥ |
| ٣٣ | (٢٩) کورتە پێداچوونەوەیەک | ١٧٩ |
| ٣٤ | (٣٠) هەندێ لە بزوتنەوە نیشتمانی و ڕوووناکبیرییەکانی سەردەمانێکی شار | ١٨٣ |
| ٣٥ | (٣١) پیاوێکی خەڵکی ئەم شارە چەند پێشنیارێکی هەیە | ١٩١ |
| ٣٦ | (٣٢) بەڕێز .. سەرنوسەری گۆڤاری سلێمانی | ١٩٧ |
| ٣٧ | (٣٣) تیشکێک لەسەر بانگەوازێ | ١٩٩ |
| ٣٨ | (٣٤) ئەو نامانەی تا ئێستا گوڵاویان لێ ئەچۆڕێ | ٢٠١ |
| ٣٩ | ئۆفیسەکەی گۆڤاری سلێمانی و دوکانی بەکر و دوو قاڵب سابون | ٢٠٥ |
| ٤٠ | (٣٥) خۆزگەی ئەمجارە | ٢١١ |
| ٤١ | (٣٦) قسە هەزارە .. دووانی بەکارە | ٢١٣ |
| ٤٢ | (٣٧) کاری پێویست | ٢١٥ |
| ٤٣ | (٣٨) هەلوێستێک لەسەر داوای چاککردنی موچە | ٢١٩ |
| ٤٤ | (٣٩) پرچی ئایشێ و فاتمەی سەر شاری سلێمانی | ٢٢١ |
| ٤٥ | (٤٠) نامەیەکی کراوە: بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ناوشاری سلێمانی | ٢٢٣ |
| ٤٦ | (٤١) چەند دێڕێکی ژانگرتوو | ٢٢٥ |
| ٤٧ | (٤٢) جوانی سلێمانی | ٢٢٧ |
| ٤٨ | (٤٣) ناوچەی ناوزەنگ لە گۆڤاری ناوزەنگدا | ٢٣١ |
| ٤٩ | (٤٤) لەناخەوە | ٢٣٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٠ | (٤٥) ڕوونکردنەوەی مەسەلەیەک وەک حەقیقەتێک | ٢٣٩ |
| ٥١ | (٤٦) قل کوردلاندا ولا تقل کردستان | ٢٤٣ |
| ٥٢ | خالید قەشتینی و مەسەلەی کوردلاند | ٢٤٥ |
| ٥٣ | (٤٧) السليمانية: واحد، إثنين، ثلاثة، أربعة | ٢٥١ |
| ٥٤ | (٤٨) قاورمەی گۆشت | ٢٥٥ |
| ٥٥ | (٤٩) وەرەوە | ٢٦١ |
| ٥٦ | (٥٠) زمانی زارەکی | ٢٦٧ |
| ٥٧ | (٥١) چڵێک لە ژیانی مالیکی کاک مستەفا | ٢٦٩ |
| ٥٨ | (٥٢) شکۆفەی بیرەوەری سەردەمی منداڵیم | ٢٧٥ |

پەیڤێک بۆ مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین

| | | |
|---|---|---|
| ٥٩ | (٥٣) هەرجارەی باسێک .. ئێمە و هاندەران | ٢٨١ |
| ٦٠ | (٥٤) ئەو کاتەی کارەساتی بۆمبی ناپاڵم بینی!! | ٢٨٥ |
| ٦١ | (٥٥) دوو نمونەی وانەبەخش | ٢٨٩ |
| ٦٢ | (٥٦) مەلا تۆفیقی بێچاو | ٢٩١ |


عەوالەمی کتێب

هەواڵنامەی کتێب